# ئۆتېللو

ولیام شێکسپیر

# ئۆتێللۆ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

دکتۆر سەلاح بابان

پێداچوونەوەی:

کەمال مەحموود فەرەج

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ولیام شێکسپیر
ئۆتێللۆ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: دکتۆر سەلاح بابان
پێداچوونەوەی: کەمال مەحموود فەرەج
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٧٢
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٤٩ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: زیاد تاریق
ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

ژینک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-40-9

# وتەی وەرگێڕ

شانۆگەریی "ئۆتێللۆ"، کە بە عەرەبی کراوە بە "عوطەیل"، لە تراجیدییە هەرە بەناوبانگەکانی شێکسپیرە و یەکێکە لەو چوار شانۆگەرییانەی کە پێیان دەڵێن "چوار تراجیدییە مەزنەکانی شێکسپیر" کە جگە لە ئۆتێللۆ، شا لییر و هاملێت و مەکبێس دەگرێتەوە. هەندێک ڕۆشنبیر "ڕۆمیۆ و جولیەت"یش بە یەکێک لە تراجیدییە مەزنەکانی دادەنێن و پێیان دەڵێن "پێنج تراجیدییە مەزنەکانی شێکسپیر".

بۆ یەکەمین جار، ئۆتێللۆ، ساڵی ١٦٠٤، لە کاتی ژیانی نووسەرەکەیدا، لە لەندەن، لە بەردەمی شا "جێمس"ی یەکەم، تەمسیل کراوە. لەوساوە، بە گەلێک زمان، لە شانۆ هەرە بەناوبانگەکانی جیهان، بگرە بەردەوام، پیشان دراوە.

***

ئەمە، دواهەمین تراجیدییە لە "پێنج تراجیدییە مەزنەکانی شێکسپیر" کە من وەری بگێڕم بۆ کوردی و بڵاو کرابێتەوە. لەپێش ئەمەیاندا؛ ساڵی٢٠٠٧، "مەکبێس" و ٢٠٠٩، "هاملێت"، و ٢٠١٠، "ڕۆمیۆ و جولیەت" و ٢٠١١ "شا لییەر" بڵاو کراونەوە.

لەبەرئەوەی، جگە لە زمانی ئینگلیزی، من عەرەبی و "ڕووسی"یش دەزانم، ئەم بەرهەمەم، وەکو ئەوانی ترم، بەراورد کردووە لەگەڵ وەرگێڕانی عەرەبی و "ڕووسی"یەکانیدا. لەو وەرگێڕانە، بێگومان، زۆر سوودم وەرگرتووە. بەڵام "هەڵە"شم تیایاندا دۆزیوەتەوە. شتێکی ئاسان نییە پیاو بتوانێت کارێکی ئاوا بکات بەبێ ئەوەی هیچ هەڵە و کەموکورتیی تێدا هەبێت. لەم بەرهەمەی منیشدا، بێگومان، هەر دەبێت هەندێک لەو جۆرە هەڵانە هەبن کە من خۆم نەمبینیون. لەبەر ئەوە زۆرم پێ خۆش دەبێت ڕەخنەی خوێنەری بەڕێزم پێ بگات. بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرم بۆ جاری داهاتووم.

وەرگێڕانی "ئۆتێللۆ"، بەم جۆرەی کە لە بەردەستاندایە، یانزە مانگێکی بەدەستمەوە خایاندووە. هەمدیسانەوە، وەکو جارانی پێشوو، کە بە مەکبێس و

هاملێت و "رۆمیۆ و جولیەت" و "شا لیەر"ەوە خەریک بووم، بە درێژاییی کارکردنەکەم، مامۆستا (کەمال مەحموود فەرەج) یارمەتیی داوم، بەتایبەتی لە زمانە کوردییەکەیدا؛ وەک مامۆستایەکی دڵسۆز، دێر بە دێر، چەند جارێک هەمووی خوێندووەتەوە و بەراوردی کردووە لەگەڵ ئینگلیزییە رەسەنەکەی و وەرگێڕانە عەرەبییەکانیاندا. لە زۆر جێگەدا رەخنەی لێ گرتووە و زۆریشمان پێکەوە چاک کردووەتەوە. پێویستە دان بەو راستییەشدا بهێنم کە لە چەند جێگەیەکدا، هەندێک دێر هەن، کە هەر داڕشتنی مامۆستا کەمال خۆیەتی. ئەمە ئەرکێکی ئاسان نییە. بێگومان، زۆر زۆر سوپاسی دەکەم.

لەم کارەم و لە کارەکانی پێشوومدا، سوودێکی زۆرم لە چەند فەرهەنگێکی کوردی وەرگرتووە، کە بە پێویستی دەزانم، سوپاسی دانەرەکانیان بکەم. بە تایبەتی سوپاسی مامۆستا شەفیق قەزاز دەکەم بۆ فەرهەنگی "شارەزوور" و مامۆستا شەوکەت مەلا ئیسماعیل بۆ فەرهەنگی "مامۆستا" و دکتۆر رەشید قەرەداغی بۆ فەرهەنگی "ئازادی". بەڕاستی کارێکی گرینگ و گەلێک باشیان کردووە لە پێناوی زمان و ئەدەبی کوردیدا.

شێکسپیر بەشی زۆری "ئۆتێللۆ"ی، وەکو شانۆگەرییەکانی تری، بە شیعر نووسیوە. منیش، بەپێی توانام، هەوڵم داوە کە دەستەواژەکانم هۆنینەوە و سەروایان بدەمێ.

ئومێدم وایە ئەم بەرهەمەم، سوودێکی هەبێت بۆ بزووتنەوەی هونەر و رۆشنبیری لە کوردستاندا و هەروەها بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانە و ئەدەبی کوردی. هیوادارێشم کە خوێنەری بەڕێز پەسندی بکات.

دکتۆر سەلاح بابان،
بێرمنگهام، بەریتانیا
نیسانی ٢٠١٢

E-mail: sbaban2000@yahoo.co.uk

# لەبارەی شێکسپیرەوە

هەرچەندە گەلی ئینگلیزی شاعیری باشی زۆرە، بەڵام ولیام شێکسپیر، بەبڕوای زۆر کەس، لە شیعردا، بالای لە هەموویان بەرزتر و بەناوبانگترە. سەرەڕای ئەوەی کە شێکسپیر شاعیر بووە؛ شانۆگەریی نووسیوە و ئەکتەریش بووە. هەروەها بەڕێوەبەری تیپێکی شانۆگەری بووە و خاوەند بەشێکیش بووە لە شانۆی " گلۆب Globe"، کە یەکێک بووە و ئێستاش یەکێکە لە شانۆ هەرە باش و بەناوبانگەکانی لەندەن.

***

شێکسپیر، لە نیسانی ساڵی ١٥٦٤دا، لە شاری ستراتفورد، لەدایک بووە. ستراتفورد، شارێکی پچووکە لەسەر رووباری "ئەیڤۆن Avon". نزیکەی سەدوپەنجا کیلۆمەترێک لە باکوری رۆژهەلاتی لەندەنەوەیە. رۆژی لەدایکبوونی بەتەواوی کەس نایزانێت. بەڵام، دەزانین کە لە ٢٦ی نیسانی ساڵی ١٥٦٤دا، لە کڵێسەی ستراتفورد، ناوی بە مەسیحی تۆمار کراوە (تەعمید کراوە). ئەوسا، نەریت وابووە کە سێ رۆژ دوای لەدایکبوون منداڵ لە کڵێسەدا تۆمار بکرێت. لەبەر ئەوە بە لای زۆرەوە لە ٢٣ی نیسانی ساڵی ١٥٦٤دا لەدایک بووە. وا ڕێک کەوت کە هەر لەو رۆژەشدا، لە یادی رۆژی لەدایکبوونیدا، لە ساڵی ١٦١٦ دا، لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا، بمرێت و لەو کڵێسەیەشدا، لەوەی کە بە منداڵی ناوی بە مەسیحی تۆمارکرابوو، دوای ٥٢ ساڵ بنێژرێت.

ولیام، کوڕە گەورەی "جۆن شێکسپیر" بووە. دوو خوشکی هەبووە لە خۆی گەورەتر، سێ برا و دوو خوشکیش، لە خۆی منداڵتر. "جۆن"ی باوکی، بە پیشە، دەستکێش دروو بووە. بەڵام، لە هەمان کاتدا کشتوکاڵی کردووە و بازرگانیشی لە خوری و پێستەدا کردووە. جارجار، لە گەنم و جۆشدا.

جۆن، نە لە دەوڵەمەندەکان و نە لە هەژارەکان بووە؛ لە چینی ناوەند بووە. بەڵام

ژنەکەی، کە ناوی "مێری"بووە، لە بنەماڵەیەکی خاوەند زەویوزار بووە؛ جۆن، کاتی خۆی لەوان زەویی بەکرێ گرتووە بۆ کشتوکاڵکردن. سەرەڕای ئەوانە، جۆن، چالاکییەکی زۆریشی لە کار و کردەوەی کۆمەڵگاییدا هەبووە، تا هەڵبژێرراوە بە سەرۆکی شارەوانیی"میر Mayer" ی شاری ستراتفۆرد. بۆ کاتێکیش هەڵبژێرراوە ببێت بە دادوەری ئاشتیی شارەکە.

***

یەکێک لە خوێندنگا[١] هەرە باشەکانی ئەوسای ئینگلتەرە، لە شاری ستراتفورد بووە. ئەو خوێندنگایە، بۆ منداڵانی کاربەدەستە بەرزەکانی شارەکە، بە خۆڕایی بووە. ولیام شێکسپیر، زۆر لەوە دەچێت، لەوێ خوێندبێتی. چونکە لەو خوێندنگایەدا، بایەخیان زۆر بە زمان و ئەدەبی گریکی و لاتینی دەدا. "شێکسپیر"یش بە نووسینەکانیدا دیارە کە "پلینی و ئۆڤید و سێنێکا و هۆمیرۆس و پلووتارخ"ی خوێندبێتەوە و کاریان تێ کردبێت[٢].

ستراتفورد، هەرچەندە، وەکو باسمان کرد، شارێکی گەورە نەبووە و ئێستاش گەورە

---

١. خوێندنگا؛ مەکتەب، قوتابخانە.

٢. پلینی، ئۆڤید، سێنێکا، هۆمیرۆس، پلووتارخ: سەیری پەراوێزی لاپەڕەی دوای ئەمە بکە.

– پلینی (Gaius Plinius 62-113) (Pliny): نووسەرێکی بەناوبانگی رۆمانییە. هەر لە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە تراجیدیی نووسیوە.

– ئۆڤید (Ovid) (Publius Ovidius Naso 43BC-43AD): شاعیرێکی رۆمانییە، تراجیدی (میدیا) یەکێکە لە بەناوبانگەکانی.

– سێنێکا (Seneca) (Lucius Annaeus 4BC-65AD): نووسەر و رامیار و فەیلەسووفێکی رۆمانییە. لە ئیسپانیادا لەدایک بووە، مامۆستای نیرۆن بووە. نیرۆن لە دواییدا کە دەبێت بە قەیسەری رۆما، چەند کەسێک، بۆ ئەوەی رۆما لە دەست ئەو نیرۆنە ستەمکارە، رزگار بکەن، پیلانێک دادەنێن بۆ کوشتنی. کە نیرۆن پێی دەزانێت، بۆی دەرکەوت کە یەکێک لەو پیلانگێڕانە "سێنێکا"یە. بەڵام لەبەرئەوەی سێنێکا کاتی خۆی مامۆستای بووە، حەزی نەدەکرد لە خاچی بدات. لەبەر ئەوە رێی دایە کە بەدەستی خۆی، خۆی بکوژێت. ئەویش ناچار دەبێت خۆی دەکوژێت.

– هۆمیرۆس (Homer): شاعیرێکی یۆنانیی زۆر کۆنە. لە سەدەی هەشتەمی پێش زایندا، ژیاوە. داستانی "ئیلیادە Iliad" کە باسی جەنگی تەروادە دەکات و "ئۆدیسەی Odyssey "، کە باسی گەشتەکانی شای "ئیتاکا Ithaca " دەکات، لە نووسینە بەناوبانگەکانێتی.

– پلووتارخ (Plutarch 46-120): مێژوونووس و فەیلەسووفێکی یۆنانییە.

نییە، بەڵام لەوە دەچێت و دوور نییە بە هۆی ئەو خوێندنگایەی کە باسی کرا، بایەخیان زۆر بە هونەر و شانۆگەری دابوو‌بێت؛ هەر لەوساوە شانۆی باشی تێدا هەبووە و شێکسپیر کاتی خۆی پێش چوارسەد ساڵ زیاتر، لە یەکێکیاندا کاری کردووە.

***

نزیکەی ساڵی ١٥٧٧، جۆن، باوکی ولیام شێکسپیر، لە بازرگانییەکەیدا نابووت دەبێت. بە ناچاری هەر چییەکی دەبێت دەیفرۆشێت یان دەیدات بە رەهن. لەبەر ئەوە پارەی نابێت کوڕەکەی بنێرێت بۆ زانکۆ بۆ ئەوەی خوێندنەکەی تەواو بکات.

ساڵی ١٥٨٢، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، شێکسپیر ژن دەهێنێت. ژنەکەی کە ناوی "ئان هاتەوەی" دەبێت، هەشت ساڵ لە خۆی گەورەتر دەبێت. کاتی مارەکردن، سکی سێ مانگان دەبێت بە یەکەم منداڵی شێکسپیر. دوای شەش مانگ کچێکیان دەبێت ناوی دەنێن "سوزان". ساڵی ١٥٨٥ ژنەکەی، کوڕ و کچێکی بە سکێک دەبێت. کوڕەکە ناودەنێن "هامنێت" و کچەکە "جوودێت". لەبەرئەوەی شێکسپیر کەم پارەی دەبێت، بە ناچاری، خۆی و ژن وماڵەکەی لەگەڵ ماڵی دایک و باوکی خۆیدا دەژیان.

لە ساڵی ١٥٨٦ دا، باوکی بێ ئیش دەمێنێتەوە. بە هۆی ئەو شانۆیەی کە لە شاری "ستراتفورد"دا هەبووە، ساڵی سێ چوار جار، لە لەندەنەوە تیپی شانۆگەری دەهات و لەوێ تەمسیلیان پێشکێش دەکرد.

هەر لەو ساڵەدا، شێکسپیر توانی، لەگەڵ یەکێک لەو تیپانەدا، ئیشێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئیتر لەوەوە وردە بە وردە ئیشی بەرەو باشی دەڕوات. لە دواییدا لەگەڵ یەکێک لەو تیپانەدا دەچێت بۆ لەندەن. بۆئەوەی لەوێ، لە شانۆکانیدا ئیش بکات و شانۆگەرییان بۆ بنووسێت. تا بەرەو ساڵی ١٥٩٢، پێی دەکرێت ئەوەندە پارە کۆ بکاتەوە، کە باوکی خۆی لە نابووتی ڕزگار بکات.

ساڵی ١٥٩٦ "هامنێت"، ئەو تاکە کوڕەی کە هەیبوو، نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت. بۆ ساڵی دوایی شێکسپیر، شانۆگەریی "شا جۆن" دەنووسێت. لەوێدا، باسی پەژارەی یەکێک دەکات کە جەرگی بە مردنی ڕۆڵەکەی سووتاوە. ئینجا لە زمانی ئەوەوە، شێکسپیر، باسی سوێداری دڵی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

پەژارە، ژووری
ڕۆڵەکەی منی داگیر کردووە؛

له نوێنەکەیدا، لەوێ خەوتووە.
دەڕۆم بۆ هەرچ کوێ؛ بۆ سەرەوە بێت،
یان بۆ خوارەوە، لەگەڵمدا دێت[1] .
دیمەنی شیرینی
ئەو، لە روو دەکات[2].
وتەکانی ئەو، دووبارە دەکات.
هەموو ئەندامە جوانەکانی ئەو،
دەهێنێتەوە بەر دیدەی بیرم؛
لە خۆی، پەیکەری
ئەو، دروست دەکات،
جلوبەرگەکەی دەکاتە بەری.
کەوابێت بۆنەم هەیە ئەگەر من،
شەیدای سوێداری و پەژارەی خۆم بم.

بۆ ساڵی ١٥٩٢ شێکسپیر دەبێت بە شاعیر و ئەکتەرێکی تەواو بەناوبانگ. لەو کاتەدا سەرلەنوێ لە لەندەن تاعوون بڵاو دەبێتەوە. بۆ ئەوەی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە کەم بکرێتەوە یان کۆنترۆڵ بکرێت، بۆ دوو ساڵ هەموو شانۆکانی لەندەن دادەخرێن. لەو دوو ساڵەدا شێکسپیر، دوو چیرۆکی درێژ بە شیعر دەنووسێت؛

– ڤینۆس و ئەدۆنیس "Venus and Adonis"
– ئەو زۆرداریيەی کە لە نامووسی لوکرێشیا کرا "The rape of Lucrece"[3]

***

١. مەبەستی لە پەژارەیە.
٢. ئەو؛ مەبەستی لە رۆڵەکەی خۆیەتی.
٣. تارکوین، کوڕی حەوتەمین شای رۆما دەبێت، لە سەدەی شەشەم پێش لەدایکبوونی مەسیح، شەوێک بە دزییەوە دەڕوات بۆ ژووری نووستنی لوکرێشیا ("لوکریس"یشی پێ دەڵێن)، ژنی ئامۆزاکەی خۆی و دەستدرێژی لە نامووسی دەکات. لوکرێشیا، پێش ئەوەی، لە داخا خۆی بکوژێت، بە مێردەکەی و باوکی خۆی دەڵێت. ئەم رووداوە جەنگێکی گەورە دەنێتەوە لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی شادا. گەلەکە، سوود لەو ئاژاوەیە وەردەگرێت و ڕادەپەڕێت دژی ڕێژیمی شا. شا، ڕادەکات. ئیتر گەلەکە، خۆی پەرلەمانێک هەڵدەبژێرێت، حوکمی وڵاتەکە بکات. ئیتر بەم جۆرە، ئەو رووداوە دەبێت بەهۆی دامەزراندنی یەکەم ڕژێمی کۆماری لە ڕۆمادا.

کـە شـانۆکـان، لە سـاڵی ١٥٩٤ دا، دەکـرێنەوە، شـێکسـپیـر، دەبێت بە یەکـێک لە خاوەندەکانی تیپێک بە ناوی "چێمبەرلەین". لە ماوەی چوار یان پێنج ساڵی دواییدا، شێکسپیر فریا دەکەوێت ئەم هەموو شتە، بۆ تیپەکەی خۆیان، بنووسێت:

– بازرگانی ڤێنیس"The merchant of Venice

– خەونی شەوێک لە ناوەڕاستی هاویندا " Midsummer Nights Dream"

– ژنە شادمانەکانی وندزەر "The merry wives of Windsor"

– هەرا و هوریایەکی زۆر لەبارەی هیچ "Much ado about nothing"

– وەک چۆن پێت خۆشە "As you like it"

– "ریچارد"ی دووەم "Richard the second"

– "هێنری"ی چوارەم "Henry the fourth"

– رۆمیۆ و جولیەت "Romeo and Juliet"

لە ساڵی ١٥٩٩دا تیپی "چێمبەرلەین" شانۆیەکی تایبەت بۆ خۆی دروست دەکات لەسەر کەناری رووباری تێمس لە لەندەن. بە ناوی شانۆی " گڵۆب". ئەو شانۆیە، ئەوەندە گەورە بووە؛ سێ هەزار کەسی گرتووە. ئینجا، خوێنەری بەڕێز، بزانە تا چ رادەیەک، هەر لەوساوە، شانۆگەری لە ئینگلتەرەدا باوی هەبووە. شابانوو "ئەلیزابێس" یەکێک بووە لەوانەی کە حەزیان لە شانۆ کردووە و بەشێکی زۆری لە شانۆگەرییەکانی شێکسپیر بینیبوو. لە ساڵی ١٦٠٣ دا، کە ئەلیزابێس دەمرێت، "جێمس"ی یەکەم جێگەی دەگرێت. جێمس، لەویش زیاتر حەزی لە هونەر دەکرد؛ هونەرمەندەکانی، بە تایبەتی شێکسپیر، زۆر لە خۆی نزیک کردبووەوە. تا داوای لە تیپی "چێمبەرلەین" کرد کە ناوی تیپەکەی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بە تیپی "شا". ئەوانیش، بێگومان، پێیان خۆش دەبێت؛ ئیتر بە پێی ئارەزووی شا، ناوی تیپەکەی خۆیان گۆڕی. زۆر جار شا، بانگی دەکردن کە لە کۆشکەکەی خۆیدا تەمسیل بکەن.

***

لە ساڵی ١٦١١دا لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا شێکسپیر واز لە شانۆگەری دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی "ستراتفورد". لەو کاتەدا شێکسپیر خاوەن سامانێکی زۆر دەبێت. ئەو خانووەی تیایدا دەژیا لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیدا بە تایبەتی بۆ خۆیانی دروست کردبوو.

له شانۆی " گلۆب"، "فلێچەر"ی هاورێی جێگاکەی دەگرێت بۆ بەڕێوەبردنی شانۆ و تیپەکە. چیرۆکی "هێنریی هەشتەم" کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٦١٣دا تەمسیل کرا لە شانۆی " گلۆب"، زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە خۆی و "فلێچەر" پێکەوە نووسیبێتیان.

لە کاتی یەکەم تەمسیلکردنی ئەم چیرۆکە، شانۆکە گڕ دەگرێت. سەرتاپا هەمووی دەسووتێت. بەڵام خۆشبەختانە کەس ئازاری پێ ناگات. هەر وا بەو سووتاوییە دەمێنێتەوە تا دوای ٣٨٤ ساڵ، لە ساڵی ١٩٩٧دا سەرلەنوێ بینا دەکرێتەوە. ئێستا، دیسانەوە، یەکێکە لە شانۆ هەرە باش و بەناوبانگەکانی لەندەن.

ساڵی ١٦٠٧ "سووزان"ی کچی، شوو دەکات بە پزیشکێک بە ناوی "جۆن هۆڵ". خانووەکەیان هێشتا لە ستراتفورد ماوە و بە یەکێک لە میراتییەکانی شێکسپیر دادەنرێت. لە ساڵی ١٦١٦دا، چەند مانگێک لە دوای شووکردنی "جوودێت"ی کچی، شێکسپیر دەمرێت.

زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە دواهەمین شیعری شێکسپیر، ئەمە بووبێت، ئەمەی کە لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسراوە:

هەر لە ڕێی مەسیح، دۆستە باشەکان،
نەکەن دەستکاری ئەم خۆڵەم بکەن.
ڕەحمەت بێ لەوەی کە ئاگاداریی
جێ و بەردەکانی گۆڕەکەم دەبێت.
وە هەزار لەعنەت
لەوەی دەستکاری
ئێسک و پرووسکی من لێرە دەکات.

***

کەس بە تەواوی هۆی مردنەکەی نازانێت. بەڵام، بنەماڵەی شێکسپیر، هیچیان زۆر نەژیاون؛ هەر سێ براکەی، کە لە خۆی گەنجتر بوون لە پێش خۆیدا مردوون: "گلبێرت" بە ٤٦ ساڵی، "ریچارد" بە ٣٩ ساڵی، "ئێدمەند" بە ٢٧ ساڵی.

شێکسپیر، لە پێش مردنی، هەموو موڵک و سامانەکانی خۆی دەکات بە وەقف بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بیانفرۆشێت و هەر بە ناوی بنەماڵەکەی خۆیەوە، بۆ

نەوەکانی، بمێننەوە. بەڵام، "ئەلیزابێس" کە تاقانە کچی "سووزان"ی کچی دەبێت، بە داخەوە لە ساڵی ١٦٧٠دا بەبێ مناڵ دەمرێت. "جوودێت"ی کچی، سێ مناڵی دەبێت، هەرسێکیان بە گەنجی دەمرن. لەبەر ئەوە لە بنەماڵەی ولیام شێکسپیر، کەس نەمایەوە لەو سامانانە سوود وەربگرێت.

***

جگە لە نووسینەکانی تری، شێکسپیر سی و هەشت شانۆگەریی نووسیوە. هەژدەیان، لە کاتی ژیانیدا بڵاو کراونەتەوە. لە ساڵی ١٦٢٣ دا، حەوت ساڵ لەدوای مردنی، دوو لە دۆستە نزیکەکانی، هەموو شانۆگەرییەکانی ئەویان لە یەک کتێبدا بڵاو کردووەتەوە. پێش ئەوەش، بە چەند مانگێک، لە هەمان ساڵدا، لەو کڵێسەیەی کە تێیدا نێژراوە پەیکەرێکی بۆ دروست دەکرێت.

# چیرۆکی ئۆتێللۆ زۆر بەکورتی

شانۆی ئەم چیرۆکە، شاری "ڤێنێس" و دوورگەی "قوبروس"ە. ڤێنێس، شارێکی جوانە لەسەر کەناری دەریای ئەدریاتیک. پایەتەختی ناوچەی "ڤێنێسیا"یە لە "ئیتالیا"ی ئێستادا. ڤێنێسیا، بۆ نزیکەی ٣٥٠ ساڵ، لە سەدەی سیانزەوە تا سەدەی شانزە، دەوڵەتێکی دەوڵەمەند و زۆر پێشکەوتوو بووە. بەتایبەتی لە هونەر و زانستی و بازرگانیدا. پەیڕەوەکەی، کۆماری بووە و تا رادەیەکیش دیموکراتی بووە. یەکێک بووە لە دەوڵەتە هەرە دەسەڵاتدارەکانی ئەوسای ئەوروپا، بە تایبەتی لە هێزی دەریاییدا؛ دەستی گرتبوو بەسەر زۆربەی ناوچە و دوورگەکانی رۆئاوای دەریای ناوەندیدا؛ وەکو قوبروس و رۆدێس و کریت و زۆر ناوچەی تر.

ئۆتێللۆ، بە نەژاد، "موور" بووە. واتە خەڵکی باکوری ئەفەریقا بووە. رەنگی پێستەکەی رەش بووە. لە بنەماڵەی خانەدانان بووە؛ باوکی "میر"ی ناوچەیەک بووە لەو ناوانەدا. بەمنداڵی بە دیلی گیراوە و وەکو بەندەیەک لە بازاڕدا فرۆشراوە. دیارە یەکێک کڕیوێتی و هێناوێتی بۆ ڤێنێس و لە دواییدا بە جۆرێک ئازاد کراوە. بەو جۆرە بووە بە یەکێک لە هاووڵاتییەکانی. کە گەورە دەبێت، دەبێت بە ژەنەڕاڵێکی گەلێک ئازا و سەرکەوتوو.

دیوکی (میری) ڤێنێسیا، کە دەبیستێت ئوسمانییەکان سوپایەکی دەریایی گەورەیان ئامادە کردووە بۆ داگیرکردنی قوبروس، بەشوێن "ئۆتێللۆ"دا، دەنێرێت و لێی دەخوازێت کە سەرۆکایەتێتی سوپاکانیان بکات. ئۆتێللۆ، زوو داخوازەکەی قبووڵ دەکات و خۆی ئامادە دەکات بچێت بۆ جەنگ. ئەفسەرێکی گەنج هەڵدەبژێرێت ببێت بە یاریدەدەر و جێگری. ناوی کاسیۆ دەبێت، خەڵکی فلۆرێنس دەبێت. ئەو هەڵبژاردنەی، ئیاگۆ، زۆر تووڕە دەکات. چونکە ئیاگۆ، خۆی بە ئەفسەرێکی کۆنتر و بەتواناتر و پسپۆڕتر دەزانی. لەبەر ئەوە سوێند دەخوات کە تۆڵەی ئەوە، لە ئۆتێللۆ، بسەنێتەوە.

برابانتیۆ، یەکێک دەبێت لە خانەدانە دەوڵەمەندە ناسراوەکانی ڤێنێسیا، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری وڵاتەکە دەبێت، دۆستی ئۆتێللۆ دەبێت. ئۆتێللۆ، زوو زوو دەچوو بۆ ماڵەکەی بۆ سەردانی. ئەو "برابانتیۆ"یە کچێکی گەنجی زۆر جوانی دەبێت. ناوی دێزدیمۆنا دەبێت. ئەو کچە، هەمیشە پێی خۆش دەبێت گوێ لە ئۆتێللۆ بگرێت کە باسی ژیانی سەختی رابووردووی خۆی بۆ برابانتیۆی باوکی دەگێڕاوە. باسی دەکرد کە بگرە هەموو ژیانی خۆی لە مەیدانی جەنگ بردووەتە سەر؛ چەند جار کەوتووەتە ناو دەمی مەرگەوە و توانیوێتی خۆی رزگار بکات.

دێزدیمۆنا، هەرچەند زیاتر گوێی لەو وتانەی ئۆتێللۆ دەبوو، زۆرتر بەزەیی پێدا دەهاتەوە زۆرتر خۆشی دەویست. تا ئەوەندەی خۆش دەوێت کە بە دزی باوکییەوە شووی پێ بکات. ئەمە دەبێت بە هۆی ئەوەی کە رۆدێریگۆ، ببێت بە دوژمنی. چونکە رۆدێریگۆ، دەمێک بوو شەیدای ئەو کچە بوو و دەیویست بیکات بە هاوسەری خۆی.

ئیاگۆ، پیاوێکی شەیتانی مەراییکەری زۆر بێ ویژدان و زیانبەخش دەبێت؛ شەیدای ئازاردان و تۆڵەکردنەوە دەبێت؛ وای لە ئۆتێللۆ دەکرد کە وابزانێت ژنەکەی حەزی لە کاسسیۆ کردووە و لەگەڵیدا خیانەتی لێ دەکات. لە دواییدا ئۆتێللۆ بڕوای پێ دەکات و ژنەکەی خۆی دەکوژێت. دوای ئەوەی دەیکوژێت، بۆی دەردەکەوێت کە ئیاگۆ هەڵی دەخەڵەتاند و بوختانی بە دێزدیمۆنا دەکرد. ئیتر ویژدانی ناچاری دەکات خۆی بکوژێت.

# ئوتېللو

لیستەی کەسایەتییەکان:

| | |
|---|---|
| میری ڤێنێس (Duke) | |
| برابانتیۆ (Brabantio) | یەکێکە لە خانەدانەکانی ڤێنێس و باوکی "دێزدێمۆنا"یە |
| گراتیانۆ (Gratiano) | برای "برابانتیۆ"یە |
| لودۆڤیکۆ (Lodovico) | "خزمی برابانتیۆ"یە |
| ئۆتێللۆ (Othello) | موور، ژەنەڕاڵێکی ڤێنێسی رەشە. نەژادی ئەفەریقییە. |
| کاسسیۆ (Cassio) | یاریدەدەری "ئۆتێللۆ"یە |
| ئیاگۆ (Iago) | ئاڵاهەڵگری "ئۆتێللۆ"یە |
| رۆدێریگۆ (Roderigo) | خانەدانێکی گەنجی "ڤێنێس"ییە. حەزی لە دێزدێمۆنا کردووە. |
| گاڵتەچی | نۆکەرێکی "ئۆتێللۆ"یە |
| دێزدێمۆنا (Desdemona) | کچی "برابانتیۆ"یە و ژنی "ئۆتێللۆ"یە |
| ئەمیلیا (Emilia) | ژنی "ئیاگۆ"یە |
| بیانکۆ (Bianco) | بانوویاری " کاسسیۆ"یە |

پەردەی یەکەم

## دیمەنی ١,١

### ڕۆدێریگۆ و ئیاگۆ دەردەکەون

ڕۆدێریگۆ لە بنەماڵەیەکی خانەدان و دەوڵەمەند دەبێت. دێزدێمۆنای زۆر خۆش دەوێت و دەیخواست کە شووی پێ بکات. ئا لەو کاتەدا، دێزدێمۆنا، بە دزی باوکییەوە شوو بە ئۆتێللۆ دەکات. ئیاگۆ، ئاگاداری ئەو شووکردنە بوو. بەڵام بە "ڕۆدێریگۆ"ی نەگوتبوو. لەبەر ئەوە لۆمەی دەکات. ڕۆدێریگۆ، پیاوێکی زۆر دانا نەبوو؛ ئیاگۆ، بە ئاسانی هەردەم هەڵی دەخەڵەتاند و بەکاری دەهێنا بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی خۆی. دوای ئەوەی ئیاگۆ ئەو شووکردنەی بۆ دەگێڕێتەوە، بەو شەوە درەنگە پێکەوە دەچنە سەر ماڵی باوکی دێزدێمۆنا بۆ ئەوەی رایبگەیێنن کە کچەکەی ماڵی باوکی خۆی بەجێ هێشتووە و چووە بۆ لای ئۆتێللۆ. لە پێشا برابانتیۆ، بڕوایان پێ ناکات و لێیان تووڕە دەبێت. بەڵام لە دواییدا کە بۆی دەردەکەوێت ئەمە ڕاستە، ناچار دەبێت بەو شەوە درەنگە بچێت بە شوێن کچەکەی خۆیدا بگەڕێت.

ڕۆدێریگۆ:

وسبە، پێم مەڵێ، ئەمەت دەزانی!\
ئەتۆ، بە ڕاستی من دەتۆرێنی.\
ئیاگۆ، جزدان و گشت پارەکانی\
منت هەمیشە، لە ژێر دەست بووە،\
وەک خاوەنیان بی[1]!

ئیاگۆ:

سوێندت بۆ دەخۆم، خۆ من بە خوێنی\
مەسیح، بەڵام تۆ، گوێ لە من ناگری.

---

١. گلەیی لە ئیاگۆ دەکات؛ پێی دەڵێت من ئەم هەموو بڕوایەم بە تۆ هەیە، تا جزدان و پارەکانیشم داناوە لەژێر دەستی تۆدا، کەچی تۆ ئەمەت دەزانی و پێت نەدەگوتم.

گەر لە خەویشدا، لە شتی ئاوا،
بیربکەمەوە، ئەمن شایانی
ئاژرت دەبووم[١].

ڕۆدێریگۆ:

تۆ خۆت پێت گوتم رقت لێیەتی.

ئیاگۆ:

ڕەببی ریسوا بم، ئەگەر وا نەبێ.
سێ خانەدانی شارەکە، هەر سێ،
کڵاوەکانی خۆیان هەڵبڕی[٢]
بۆ داخوازێکی گەلێک تایبەتی؛
کە من بکات بە یاریدەدەری.
بەخوا، من نرخی خۆم باش دەزانم؛
ئا لەو پایەیە، کەمتر ناهێنم[٣].
بەڵام ئەو، چونکە[٤]
گەلێک سەربەرزی و پیلانەکانی
خۆیی خۆش دەوێت،
بە وتەی ڤاڵا و بێ واتە و زلی
بارکراو بە زۆر
زاراوەی جەنگ و ڕەنج و جوامێری[٥]،

---

١. ئاژڕ؛ رق، رق لێبوون.

٢. کڵاوەکانی خۆیان بۆ ئۆتێللۆ هەڵبڕی. کڵاو هەڵبڕین، هێمای ڕێزگرتنە.

٣. لەو پایەیە؛ لە پایەی "یاریدەدەری"ی سەرۆک سوپا.

٤. ئەو؛ مەبەستی لە "ئۆتێللۆ"یە.

٥. ڤاڵا؛ پووت، بۆش. زاراوە (Jargon)؛ ئەو جۆرە وتە یاخۆ دەربڕینە تایبەتییانەی کە پێوەندییان بە جۆرە پیشەیەکەوە یان زانستییەکەوە هەیە. وەکو سەربازی، پزیشکی، ئەندازیاری، بازرگانی...

لە ئەنجامدا گشت داخوازەکانی
ناوەندیارانی منی گوزێر کرد[١]؛
گوتی تازە من ، ئاخر ئەفسەری
خۆمم هەڵبژارد.
جا کێی هەڵبژارد؟
بەخوا، کەودەنێک[٢].
ژمارەزانێکی"فلۆرێنس"ییە[٣].
پیاوێکە ناوی ١,١,٢٠
مایکڵ "کاسسیۆ"یە
بە ژنی جوانی ناسیاوەکانی،
گەردوون غەزەبی خۆی لێ گرتووە[٤]
تا ئێستا هەرگیز قەت تابوورێکی
نەبردووەتە جەنگ؛
لە تەشی رێسێک، زۆرتر نازانێت[٥]
لەبارەی جەنگ و سەرداریی لەشکر؛
هەر لە کتێبدا،
مەگەر تۆزێکی خوێندبێتەوە.
وەکو "شاری"یە پایە بەرزەکان[٦]؛

١. ناوەندیار؛ واستە، ئەو کەسەی واستەت بۆ دەکات. گوزێرکردن؛ فەرامۆشکردن، گوێنەدان، ئیهمالکردن.
٢. کەودەن؛ گەلحۆ، ریژگاو. پیاوێکی کەودەنی هەڵبژاردووە ببێت بە یاریدەدەری.
٣. ژمارەزان؛ دەزانێت بخوێنێتەوە و بژمێرێت. بەڵام لە جەنگ، سەری دەرناچێت. چونکە قەت نەیکردووە.
فلۆرێنس؛ پایەتەختی ناوچەی "تەسکۆنی"یە لە ئیتاڵیا. "فلۆرێنس"ییە؛ بێگانەیە، خەڵکی ڤێنێس نییە.
٤. هەمیشە حەز لە ژنی خەڵکی تر دەکات. بەو جۆرە گەردوون غەزەبی خۆی لێ گرتووە.
٥. تەشی رێس؛ ئەو ژنانەی کە بە تەشی خوری دەرێسن.
٦. شاری؛ مەدەنی. ئەو کەسەی کە لە سوپادا نییە.

لە چەنەبازی
بەولاوە، لە جەنگ شتێک نازانن.
سەربازێتییەکەی، هەر "بیردۆزی"یە[١]؛
پسپۆڕی نییە لە مەیدانی جەنگ.
بەڵام، سەروەرم، ئەوی هەڵبژارد!
منیش، ئەوەی کە بە چاوەکانی
خۆی لە مەیدانی جەنگ لە ڕۆدێس و
قوبروس و گەلێک خاکانی تری
فەلە و کافردا، جوامێری منی
زۆر جار بینیوە[٢]،
تەنیا کردمی دەی خوا ئاریم بێت [٣]
بە یاوەر یاخود ئاڵا هەڵگری[٤]

ڕۆدێریگۆ:

ئاڵا هەڵگری؟
بە گەردوون گەلێک پێم خۆشتر دەبوو
گەر ببوویتایە بە هەڵواسەری[٥].

ئیاگۆ:

ئاخ، چارەسەری
نییە. ئا ئەمە، تەنیا لەعنەتی
سەربازێتییە[٦]؛

---

١. بیردۆزی؛ نەزەریە (Theory). هەر لە کتێبدا بەشێوەیەکی بیردۆزی لەبارەی جەنگەوە دەزانێت؛ هیچ وەرزشتی نەبووە لە مەیدانی جەنگی ڕاستیدا.

٢. فەلە؛ مەسیحی. لە سوپای "ڤینێس"یدا، لە ڕۆدێس و قوبروس، لە دژی فەلە و کافردا جەنگی کردووە.

٣. ئاری؛ یاریدەدەر. خوا یاریدەدەرم بێت.

٤. ئاڵاهەڵگر؛ ئەوە نزمترین پایەی ئەفسەرە.

٥. هەڵواسەر؛ ئەو کەسەی پیاو لەسێدارە دەدات.

٦. سەربازێتی (ئەسکەری)، هەر وایە؛ هەموو شتێک تێیدا، بە واستەیە.

بەپێی ناسیاوی و نامە نووسین و
ناوەندیاری پیاو،
بڵندکردنی پێ دەبەخشرێت.
نەک بە پێی توانای یاخود کۆنێتی[١]؛
کە جێگر، جێگەی سەرۆکی دەگرێت.
ئێستا سەروەرم، تۆ خۆت دادوەری
بکە و پێم بڵێ؛
ئاخر ئەم "موور"ەم، بۆچی خۆش بوێت؟[٢]
ڕۆدێریگۆ:
گەر من لە باتیی
تۆ دەبووم، هەرگیز، دوای نەدەکەوتم.
ئیاگۆ:
ئاخر، سەروەرم، ئارامت هەبێت؛
من دوای دەکەوم
تاکو مەبەستی خۆمم دەستگیر بێت.
نە گشتمان دەبێت ببین بە سەرۆک
نە گشت سەرۆکێک
دەست و پێوەندی، زۆر بە دڵسۆزی
جێ پێی هەڵدەگرێت.
سەیربکەیت، دەبینی گەلێک نۆکەری
دڵسۆز لە جۆری مل و ئەژنۆ کەچ،
بە پەرۆشەوە شەیدای کۆیلەیی وپێ لستنەوەن.
ژیانی خۆیان وا بەسەردەبەن،

---

١. کۆنێتی؛ لە سوپادا، ئەو سەربازەی خزمەتی زۆرترە (کۆنترە) پایەی بەرزترە لەوەی کە لە خۆی تازەترە. کە کۆنەکە بڵند دەکرێت، تازەکە جێگەی دەگرێت.

٢. موور؛ واتە خەڵکی باکوری ئەفریقیا. لێرەدا مەبەستی لە "ئۆتێللۆ"یە. چونکە نەژادی ئۆتێللۆ، مەراکیشییە.

هەر وەکو کەری خاوەنەکانی
خۆیانن ئاوان.
بۆ هیچیش! تەنیا، سکیان تێرببێ.
کە پیریش دەبن، دەکرێنە دەرێ.
ئەمن دارکاری
دڵپاکی ئاوا بێ مێشک دەکەم.
نۆکەری کەش هەن،
زۆر بە دڵسۆز و ئیشکەر و وریا، ١,١,٥٠
خۆیان دەنوێنن،
بەڵام لە دڵی خۆیاندا، هەردەم،
لە بەرژەوەندیی خۆیان، هەر خۆیان،
بیر دەکەنەوە؛
بە چالاکێتیی کارکردنێکی
نایاب پیشانی خاوەنیان دەدەن،
تاکو گیرفانی خۆیان پڕ دەکەن.
دوای ئەوە ئیتر تەنیا خزمەتی
داخوازەکانی دەروونیان دەکەن.
بەخوا، ئەم جۆرە، ئا ئەم کەسانە،
زیندوون و گیانی نەبەزیان هەیە.
من خۆم بە یەکێک لەوان دادەنێم.
چونکە، سەروەرم، هەندەی گومانی
تیا نییە دڵم، کە "رۆدێریگۆ"یت،
لە جێی "موور"ەکە ئەگەر بوومایە،
منیش ئەوساکە، ئەم "ئیاگۆ"یەی
ئێستا نەدەبووم[١].

١. مەبەستی ئەوەیە بڵێت، هیچ گومانێکم نییە؛ ئەگەر من، ئەو بوومایە ("موور"ەکە بوومایە)، منیش وەکو ئەو، دوای بەرژەوەندیی خۆم دەکەوتم. ئەوسا ئیاگۆ نەدەبووم (وەکو "ئیاگۆ"ی ئێستا بیرم نەدەکردەوە).

که دوای دەکەوم،
دوای بەرژوەندی خۆم من دەکەوم.
گەردوون گەواهە،
نە لەبەر ئەرکم، نە خۆشەویستی؛
بۆ مەبەستێکی
تایبەت بەم جۆرە، من خۆم دەنووێنم؛
چونکە گەر شێوەی
دەرەوەی کار و کردەوەکانم،
تەبابن لەگەڵ ئەوانەی لەناو
دەروونی خۆمدا، من دەیانبینم،
دوای ئەوە زۆرم من پێ نەدەچوو[١]،
پێش ئەوەی جەرگم، بۆ داڵ و هەڵۆ،
دابنێم لەسەر ناوبەری دەستم[٢].
رۆدێریگۆ:
ئای کە بەختێکی نایابی هەیە
ئەم لێو ئەستوورە[٣]،
ئەگەر بتوانێت وا بەردەوام بێت.
ئیاگۆ:
باوکی بانگ بکە، با لەخەو هەڵسێت.
سرەوتی، تاڵ و ژەهراوی بکە[٤]،
شەرمەزاری بکە، لە سەر جادە و رێ،

١. دوای ئەوە؛ دوای ئەو تەبابوونە. دوای ئەوەی، ئەوەی کە لە دەروونمدایە، ئاشکرا دەبێت.
٢. ئەگەر ئەوەی لە دڵمدا بیری لێ دەکەمەوە، پێمەوە دەربکەوتایە، ئەوە، وەکو جەرگی خۆم، لەسەر بەری دەستم دابنێم بۆ هەڵۆ دەنووکی لێ بدات. واتە؛ دەکوژرام.
٣. مەبەستی لە "ئۆتێللۆ"یە. ئۆتێللۆ، ئەفریقییە، رەشە، لێوەکانی ئەستوورن. لایان وایە ئێستا ئۆتێللۆ، لەگەڵ یارەکەیدا، لە جێگەدا، کاتێکی خۆش رادەبوارێت.
٤. سرەوت؛ راحەت، حەسانەوە.

کەسوکارەکەی، شێت و هاربکە؛
هەرچەندە لەناو
کەشی بەردار و بەپیتدا دەژی[1]، ١,١,٧٠
مێش و مەگەزی بۆ تێ بەربدە.
هەرچەندە ئێستا شادمانە ژینی،
فرەجۆر زیزی تۆ بۆ هەڵبدە[2]،
بەڵکو تامەکەی بۆ تێک بدەیت و
ڕەنگە جوانەکەی کاڵ بکەیتەوە[3] (لەو کاتەدا دەگەنە بەر ماڵی باوکی دێزدێمۆنا)
ڕۆدێریگۆ:
ئەوەتا ئەمە ماڵی باوکێتی.
وا بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکەم.
ئیاگۆ:
دەی بە دەنگێکی ناساز و سامناک،
وەک لە ناکاودا،
لەناو شارێکی قەرەباڵغدا،
ببینیت سەرجەم هەموو شارەکە
گڕی گرتووە.
ڕۆدێریگۆ:
هێی، برابانتیۆ، سنیۆر، گوێ بگرە!
ئیاگۆ:
دە هەڵسە لەخەو، هێی برابانتیۆ!
ماڵەکەتان دز، هاتووەتە سەری!

---

١. کەش؛ ئاووهەوا، کژ، وەرز. ئەو، ئۆتێللۆ، ئێستا کاتی خۆش لەگەڵ دێزدێمۆنا ڕادەبوارێت. پێویستە تۆ لێی تێک بدەیت.
٢. فرە جۆر؛ زۆر جۆر.
زیز؛ ئیزعاج، بێزاری.
٣. تام و ڕەنگی ئەو شادمانییە.

هەڵسە سەیرێکیماڵەکەت بکە،
کوانێ کچەکەت، کیسی پارەکەت؟
دز هاتووەتە سەر خۆت و ماڵەکەت.
برابانتیۆ:
پێم ناڵێن ئەرێ ئەم قیژەقیژە،
چییە و چی بووە؟
رۆدێریگۆ:
سنیۆر، پێم بڵێ؛
ماڵ و مناڵت، هەموو لە ماڵن؟
ئیاگۆ:
گشت دەرگاکانی ماڵەکەت ئایا، قفڵ دراون؟
برابانتیۆ:
بۆچی، لەبەرچی، ئەمە دەپرسی؟
ئیاگۆ:
بەو خوایە، سنیۆر، دزییان لێ کردووی؛
دەک شەرمەزاربن.
گەورەم، رۆبەکەت، بکەرە بەرت؛
جەرگیان بریت و نیوەی ژیانی
خۆتت لە کیس چوو.
ئا لەم کاتەدا، لەم خولەکەدا؛
بەرانێکی رەش، رەشێکی زۆر پیر،
بە لەشی رەشی،
بەرخە سپییەکەی تۆی داپۆشیوە.
دەی زەنگ لێبدە، هاووڵاتییە
نووستووەکانتان با گشت راپەڕن.
ئەگینا شەیتان دەتکات بە باپیر[١].

١. شەیتان؛ مەبەستی لە "ئۆتێللۆ"یە. بەدکار، هەمیشە بە رەش وەسف دەکرێت. بەڵام ئۆتێللۆ بەڕاستی رەشە و گوایە شەیتانیش رەشە.

پێت ده‌ڵێم، هه‌ڵسه.

براباتنیۆ:

ئه‌رێ چی بووه، ئایا شێت بوون؟

رۆدێریگۆ :

سه‌روه‌رم، ده‌نگم ده‌ناسیته‌وه؟

براباتنیۆ:

نا، ئه‌رێ تۆ کێیت؟

رۆدێریگۆ:

سه‌روه‌رم، ناوم "رۆدێریگۆ"یه

براباتنیۆ:

به‌خێر نه‌هاتی!
چه‌ند جار پێم گوتی؛
نه‌سوورێیته‌وه له ده‌وروبه‌ری
ده‌رگاکانمان دا.
خۆ تۆ، راسته‌وخۆ و ته‌واو به روونی،
گوێت لێم بوو چیم گوت؛
من قه‌ت کچه‌که‌ی خۆم ناده‌م به تۆ.
هه‌م دیسانه‌وه،
به خواردن و مه‌ی، خۆت شێت کردووه[١] ،
به مه‌به‌ستێکی به‌دنیازه‌وه، ١,١,١٠٠
هاتوویت ئاسووده‌ی ئێمه تێکبده‌ی.

رۆدێریگۆ:

گه‌وره‌م، سه‌روه‌رم،.....

براباتنیۆ:

به‌ڵام تۆ ده‌بێت گومانت نه‌بێت
که جۆش و وزه و پله‌وپایه‌که‌م،

---

١. مه‌به‌ستی ئه‌وه‌یه بڵێت؛ تۆ سه‌رخۆشیت.

هەندە توانایان هەیە لە ناودا،
بەمە، ژیانت تفتوتاڵ بکەن[1].

رۆدێریگۆ:

گەورەی بەڕێزم، ئارامت هەبێت.

برابانتیۆ:

ئاخر تۆ بۆچی،
باسی دزێتی و دزم بۆ دەکەی؟
ئەمە "ڤێنێس"ە؛
ماڵەکەی من خۆ لە دەشتدا نییە.

رۆدێریگۆ:

ئەی "برابانتیۆ"ی بەڕێز و سەنگین،
من بە گیانێکی پاک و سادەوە،
گەورەم، هاتمە خزمەتتانەوە.

ئیاگۆ:

بە برینەکانی حەزرەتی عیسا،
ئەتۆ یەکێکی
لەو جۆرەی ئەرکی ئاینیی و دنیا،
بەرانبەر خودا، ناهێنێتە دی،
ئەگەر فەرمانی شەیتانی بۆ بێت[2].
هەر لەبەرئەوەی کە ئێمە هاتووین
خزمەتت بکەین، ئێمە بە پیاوی
نزم دادەنێیت.
دەهێڵیت ئەسپی بەربەری سواری

١. بەمە؛ بەم کردەوەیەت.
٢. ئەگەر لە شەیتانەوە، فەرمانت بۆ بێت، تۆ گوێ لەو دەگریت و ئەرکی دنیا و ئاینی خۆت، بەرانبەر خوا، ناهێنیتە دی.

کچەکەت بێت و [1]
ڕۆڵەزاکانت، بحیلێنن و ئامۆزاکانیان[2]
ئەسپی "ڕێسیس"بن؟
برابانتیۆ:
تۆ کێیت، داماوی زمان شڕ؟ ناکەس!
ئیاگۆ:
تەنیا کەسێکم، هاتووم پێت بڵێم[3]؛
کە کچەکەت و "موور"ەکە، ئێستا
بوون بە یەک ئاژەڵ، بە دوو پشتەوە.
برابانتیۆ:
ئای کە ناکەسی.
ئیاگۆ:
تۆ سیناتۆری[4].
برابانتیۆ:
من تۆ دەناسم، ها، ڕۆدێریگۆ،
تۆ بەرپرسیاری ئا ئەمە دەبی.
ڕۆدێریگۆ:
من بەرپرسیاری گشت شتێک دەبم.
بەڵام سەروەرم،
تکات لێ دەکەم گوێ لە من بگری؛
گەر ئاگاداری و بە ڕەزامەندیی

١. ئەسپی بەربەری؛ جۆرە ئەسپێکی ڕەسەنە. بەربەرییەکانی باکوری ئەفریقیا پەروەردەیان دەکەن. لێرەدا دیسان مەبەستی لە "ئۆتێللۆ"یە.
٢. ئەسپ، دەحیلێنێت و کەر، دەزەڕێت.
٣. ئیاگۆ نایەوێت برابانتیۆ، بزانێت کێیە؛ نەوەک بەوە تووشی کێشەیەک ببێت.
٤. تۆ سیناتۆری؛ تۆ پایە بەرزیت، پێویستە ڕێزی خۆت بگریت.
ئەنجومەنێک لە ٢٥ ئەندام پێکهاتبوو. بە کاروباری ڤێنێس، هەڵدەستا. برابانتیۆ پایەیەکی بەرزی هەیە؛ سیناتۆرە. واتە یەکێکە لە ئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنە.

تۆ، خۆت، سەروەرم–
من وادەزانم کە دەبێت وابێت[1]
کچە جوانەکەت بەم نیوەشەوە،
بە تەنیا لەگەڵ
ئێشکگرێکی، گەندوول لێخوڕدا[2]،
نە هیچ زیاترە نە هیچ کەمترە،
لە نۆکەرێکی بەکرێگیراو،
گەشتی کردووە و چووەتە باوەشی
دڕی ئەو "موور"ە ئاڵۆشاوییە
گەر ئاگات لێیە و بە رەزامەندیی
خۆت بۆ لای چووە
ئەوساکە ئێمە، بە هەڵەدا چووین و
زۆر جەسارەتمان دژت کردووە.
ببوورە لێمان.
بەڵام ئەگەر تۆ ئاگات لێی نییە،
ئەوسا رەوشتم، پێم دەڵێت، بەگم،
تووڕەبوونەکەت لێمان، شتێکی
رەوا و راست نییە.
قەت وا نەزانی کە من لە دژی
رەوشتی جوان و رای خانەدانی،
بێم گاڵتە لەگەڵ پایەی بەڕێزی،
جەنابت بکەم.
کچەکەت ئەگەر
– دیسان پێت دەڵێم–
بێ رەزامەندیی جەنابتان چووە،

١. من وادەزانم، کە دەبێت تۆ ئاگەدار بیت و بە رەزامەندیی خۆت لە ماڵ دەرچووبیت.
٢. گەندوول؛ جۆرە بەلەمێکی باریک و درێژە. لە شاری ڤینێس لە باتیی گالیسکە (عەرەبانە) بەکار دەهێنرێت.

یاخیبوونێکی بەد و کرێتی[١]
دژت کردووە؛
ئەرک و جوانێتی و زیرەکی و بەختی
خۆی بەستووەتەوە بە "رەوەند"ێکی[٢]
بێگانە و سووک و هەلپەرستەوە[٣].
راستەوخۆ برۆ،
سەیربکە بزانە ئایا خاتوونە،
لە ژووری نوێنی
خۆیەتی یان هەر لە ماڵەوەیە؟
ئەوسا تۆ یاسا و هێزی "دادوەری"م
بەگ، تێ بەربدە. لەسەر ئەوەی من،
ئاوا، بەم جۆرە، بەهەڵەم بردی.

برابانتیۆ:
چرا هەڵبکەن. ئەرێ مۆمێکم
توخوا بدەرێ!
هەموو بەردەستە و نۆکەرەکانم،
بانگ بکەن با بێن.
ئەم رووداوە زۆر لەو خەوەم دەچێت؛
بە بڕواکردن
پێی، تەواو دڵم سڕ و پەست دەبێت[٤].
دە کوا، چرایەک، دەڵێم چرایەک! (دەڕوات)

ئیاگۆ: (روو دەکاتە رۆدێریگۆ)
دەی خوات لەگەڵ بێت،
من، بڕۆم دەبێت، بەجێت بهێڵم.

---

١. کرێت؛ ناشیرین.
٢. رەوەند؛ کۆچکەر، ئەو کەسەی نیشتەجێی نییە. ئۆتێللۆ، سەربازە هەر رۆژی لە لایەکدایە.
٣. هەلپەرست؛ ئینتهازی.
٤. دیارە لەم زووانەدا، خەوێکی ئاوا ناخۆشی بینیوە.

نە لێم دەگونجێت، نە لە پایەم دێت،
پێشکێش بکرێم[١] .
گەر هات و ئێستا بمێنمەوە،
ئەوسا من دژی "موور"ەکە دەبم[٢].
چونکە دەزانم،
ئێستاکە دیوک، ئیشی پێیەتی،
هەرچەند بە تاڵی و بە تووڕەییەوە،
ئەو سەرزەنشتی بکات ناتوانێت،
بەبێ مەترسی،
لە ئیش و کاری دووری بخاتەوە[٣]؛
ئەو بە ئەرکێکی گرینگ بۆ جەنگی
قوبروس دەینێرێت، ئەوەی ئەوەتا
هەڵگیرساوە و کەس نییە کە توانای ١,١,١٥٠
ئەوی هەبێت تا، جێگەکەی بگرێت.
جا لەبەر ئەوە،
هەرچەندە هەندەی
ئازاری دۆزەخ، رقم لێیەتی،
لەبەر خاتری ژیانی ئێستام،
زۆر بە پێویست و بە راست دەزانم
کە من ئاماژە و ئاڵای ئەڤینمی
بۆ هەڵبواسم.
کە خۆی، بەڕاستی، هەر ئاماژەیە[٤].

١. پێشکێش بکرێم؛ لە دادگادا وەکو گەواهێک (شاهیدێک) پێشکێش بکرێم، دژی ئۆتێللۆ.

٢. چونکە ئەگەر من لەگەڵ ئێوەدا بمێنمەوە، ئەوساکە دەبێت لە دژی ئۆتێللۆ، گەواهی بدەم.

٣. دیوک، ئیشی بە ئۆتێللۆ هەیە؛ بە سەرۆکایەتیی لەشکرێکەوە دەینێرێت بۆ جەنگی قوبروس. لەبەر ئەوە هەر چییەک بکات، ناتوانێت لە ئیشەکەی دووری بخاتەوە. لەبەر ئەوە هەموو شتێکی لێ قبووڵ دەکات.

٤. خۆی؛ مەبەستی لە ئاماژەیە. ئەو ئاماژەیە، تەنیا هەر ئاماژەیە؛ ئەڤینی (خۆشەویستی) راستی نییە. لەبەرئەوەی ئەم ژیانەی ئێستام لەسەر ئەو راوەستاوە، ناچارم مەرایی بکەم.

تاکو کۆمەڵەی پشکنیارەکان[1]،
بەبێ هیچ گومان، بیدۆزنەوە؛
تۆ بۆ مەیخانەی "سەگیتاری"یان[2]
بەرە، ئەو لەوێ
دەبێت و منیش لەگەڵی دەبم.
ئەسپەردەی خوابی. (ئیاگۆ دەڕوات)

برابانتیۆ:

(ڕۆبەکەی لەبەردەکات و لەگەڵ چەند نۆکەرێکدا بە چراوە دەردەچن بە شوێن دێزدێمۆنا بگەڕێن)

راستە، ڕۆیشتووە.
ئای چ کارێکی بەدی کردووە.
ماوەی ژیانی ریسواکراوم، ١,١,١٦٠
ئیتر پەژارە و تاڵی دەچێژم.
دە ڕۆدێریگۆ، "دێزدێمۆنا" ت تۆ
لەکوێدا بینی؟
– ئاخ، کچی بەدبەخت!–
لەگەڵ "موور"ەکە؟ گوتت لەگەڵی؟
– هەیە بیەوێت باوک بێت دوای ئەمە!–
ئەتۆ چۆن زانیت کچەکەی منە؟
– خیانەتێکی ئاوای کردووە،
لە رادەی بیر و وێناکردنی
من، تێپەڕ بووە.–
ئەو چی پێ گوتی؟
– "مۆم"ی تر بێنە،

١. پشکنیار؛ ئەوەی بەشوێن کەسێکدا یان شتێکدا دەگەڕێت. مەبەستی لەوانەیە کە بەو شەوە دەرچوون بە شوێن دێزدێمۆنا و "ئۆتێللۆ"دا بگەڕێن.
٢. سەگیتاری؛ ناوی خان (ئوتێل) و مەیخانەکەیە.

گشت خزمەکانی من هەڵبستێنە.-
وەکو بزانی، شووی پێ کردووە؟
ڕۆدێریگۆ:
ئا، من بەڕاستی، لەو باوەڕەدام.
برابانتیۆ:
ئاخ، گەردوون، گەردوون،
چۆن چووە دەرێ؟
خیانەتی خوێن، ئای کە گرانی!
ئیتر، باوکەکان،
ئا لەم کاتەوە، هەرگیز بڕواتان
نەبێت بە دڵی کچی خۆتان، یان
لە چی مێشکیان، بیر دەکاتەوە.
بڵێیت ئا ئەمە، گۆی ئەفسوون نەبێت[١]
کە کار دەکاتە سەر ڕەوتی کچان؟
لەبارەی شتی وات، ڕۆدێریگۆ،
نەخوێندووەتەوە.
ڕۆدێریگۆ:
بەڵێ، سەروەرم، خوێندوومەتەوە.
برابانتیۆ:
براکەم بانگ بکە – (ڕوو دەکاتە ڕۆدێریگۆ)
کاتی خۆی خۆزگە، شووی دەکرد بە تۆ-
بەم لاوە یەکێک با بڕوا، و یەکێک
بەرەو ئەوێوە-
ئەرێ دەزانی لەکوێ دەتوانین
خۆی و "موور"ەکە بدۆزینەوە؟

١. گۆ؛ توانا، دەسەڵات. گۆی ئەفسوون؛ دەسەڵاتی جادوو، سحربازی.

ڕۆدێریگۆ:

من وابزانم، دەتوانم بۆتی
بدۆزمەوە.
ئەگەر حەزدەکەی، چەند ئێشکگرێکی
باش هەڵبژێرە و وەرە لەگەڵم.

برابانتیۆ:

تکات لێ دەکەم، پێشمان بکەوە.
دەرگای ماڵەکان، دەرگا بە دەرگا،
گشتیان لێ دەدەم.
خۆم سەرۆکداری ئا ئەمە دەکەم.
دەی چەک هەڵبگرن
چەند ئەفسەرێکی شەو هەڵبسێنن[١]
ئای، ڕۆدێریگۆ،
بەڕێز من مافی زەحمەتکێشانی
تۆ دەدەمەوە.

١. ئەفسەری شەو؛ پاسەوانی شەو.

## دیمەنی ٢,١

ئۆتێللۆ و ئیاگۆ و یاوەرەکانیان بە چراوە دەردەکەون

لە دیمەنی پێشوودا، دوای ئەوەی ئیاگۆ، رۆدێریگۆ و باوکی دێزدێمۆنا لە دژی ئۆتێللۆ دەوروژێنێت، دێت بۆ لای ئۆتێللۆ. ئەمجا ئەم دژی ئەوان، دەوروژێنێت.

ئیاگۆ:

هەرچەندە بە هۆی پیشەکەمەوە،
لە جەنگدا ئەمن، پیاوم کوشتووە.
بەڵام لە کاتی ئاشتیدا، کوشتن،
ئای کە بارێکی
گران و سەختە لەسەر دەروونم.
من بێویژدانیم
نییە، یان کەمە. هەرچەند گەرەکە
بەکارهێنانی بۆ پێشکەوتنم.
تا ئێستا نۆ جار، یان دە جار بیرم
لەوە، سەروەرم، من کردووەتەوە؛
کە کێردێک بکەم ئا بە ئێرەیدا؛[1]
بە ژێر لێواری پەراسووەکەیدا.[2]

ئۆتێللۆ:

باشترە وەک خۆی بمێنێتەوە.

ئیاگۆ:

ئا، بەڵام، ئەو زۆر

---

١. مەبەستی لە "رۆدێریگۆ"یە.

٢. لێوار؛ قەراغ . ئاماژەی لێواری پەراسووی خوارەوەی خۆی دەکات.

چەنەبازێتی دەکرد لە دژی
جەنابت و وتەی بەد و کرێتی[1]
بەکار دەهێنا.
هەرچەندە ئەمن،
گەلێک پیاوێکی سارد و هێمنم،
بەڵام بەڕاستی،
بە زۆر زمانی خۆم پێ دەگیرا. ١,٢,١٠
بەڵام، سەروەرم،
هەر بەتەواوی، مارەتان بڕی؟
چونکە تۆ دەبێت ئەمە بزانی؛
پیرەمێردەکە، ناسیاو و دۆستی
زۆرە و تەوەرەی توانا و بڵندە[2].
دەنگی دوو هەندە زیاتر لە دەنگی
دیوک بەرزترە؛
جیات دەکاتەوە لێی و گشت هێزی
یاسا لە دژت بەکار دەهێنێت،
هەر بە پێی یاسا،
جۆرەها کۆسپت لە رێ دادەنێت.

ئۆتێللۆ:

هەرچی لەدەست دێت،
با بیکات، بەخوا، گوێشی نادەمێ.
ئەو خزمەتەی من، کردوومە و دەیکەم،
بۆ دەوڵەت زاری، زاڵ دەبێت بەسەر
شکاتەکانی و بۆڵەبۆڵیدا[3].

---

١. کرێت؛ ناشیرین.
٢. تەوەرە؛ مەرکەز.
٣. شکات و بۆڵەبۆڵی برابانتیۆ.

هێشتا نازانن، کە خانەدانم.
کەی دڵنیا بووم، ١,٢,٢٠
جاڕدانی، سوودی دەبێت بۆ ئابڕووم،
رایدەگەیێنم،
کە من، بە خوێن و بوون و ژیانم،
لە بنەماڵەی شازادەکانم.
ئەوە، وا لە من دەکات بتوانم،
زۆر بە سەربەستی،
لەگەڵ بەرهەمی رەسەن بلندم،[١]
بدوێم، بێ ئەوەی کڵاو دابگرم.[٢]
ئیاگۆ، ئەتۆ، دەبێت بزانی،
گەر "دێزدێمۆنا"ی جوان و ناسکم
خۆش نەویستایە،
هەرگیز ئازادی بێ رادەی خۆمم
من بەند نەدەکرد،
ئەگەر سامانی گشت دەریاکانی
هەموو دنیاشیان، بە من بدایە.
بەڵام سەیر بکە،
ئەو چرایانەی ئەوێ، ئایا چین؟

ئیاگۆ:

ئەوانە، ئا ئەو
باوکەیە ئەوەی، هەڵیانسان لە خەو،

---

١. مەبەستی لە "دێزدێمۆنا"یە.

٢. جاران نەریت وابووە؛ ئەگەر دوو کەس لە چینی کۆمەڵگاییی جیاواز، لەگەڵ یەکتریدا بدوێن، ئەوەی چینی نزمترە، دەبوایە کڵاوەکەی دابگرێت و بەدەستەوە بیگرێت. ئۆتێللۆ، مەبەستی لەوەیە بڵێت بنەماڵەی دێزدێمۆنا، چینی کۆمەڵگاییان لە هی من بەرزتر نییە؛ منیش شازادەم و لە بنەماڵەی خانەدانەکانم.

لەگەڵ ناسیاو و خزمەکانیەتی.
باشترە بۆ تۆ، بچیتە ژوورێ.
ئۆتێللۆ:
نا، نا، من ناچم.
حەزدەکەم ئەوان، بمدۆزنەوە.
کەسایەتیم و
نازناو و گیانی خاوێن و پاکم،
بۆیان دەردەخەن کە بێ تاوانم.
ئەرێ ئەوانن؟
ئیاگۆ:
بەخوا ئەوان نین، وەکو بزانم. (کاسسیۆ و ئەفسەران، بە چراوە دەردەکەون)
ئۆتێللۆ:
نۆکەرەکانی "دیوک"ن ئایا؟
یاریدەدەری منیش ئەوەتا،
لەگەڵیاندایە!
دەک بەخێرهاتن، هاوڕێیەکانم.
هیچ هەواڵێکی تازەتان پێیە؟
کاسسیۆ:
ژەنەڕاڵ، دیوک
سڵاوت گەلێک لێ دەکا و دەڵێت،
هەر ئێستا یەکسەر،
راستەوخۆ، بچیت بۆ لای بیبینی.
ئۆتێللۆ:
چییە، چی بووە، وەکو بزانی؟
کاسسیۆ:
ئەمە، لام وایە،

به "قوبروس"ەوە پێوەندیی هەیە.

کاروبارێکی گەلێک پەلەیە. ١,٢,٤٠

لە کەشتییەکانی هێزی دەریاوە،

ئەم شەو، دوا بە دوای

یەکدا، سەروەرم،

زیاد لە دەرزەنێک پەیام هاتووە.

"سیناتۆر"ەکان، زۆریان هەڵساون[1]

لە خەو و لە لای "دیوک"دا ئێستا،

کۆبوونەتەوە.

گەلێک بە پەلە، ناردیان بە دواتدا.

کە لە ماڵەوە نەبوویت، هەر یەکسەر

سێ تاقمیان نارد، کە بەشوێن تۆدا،

بگەڕێن و زوو بتدۆزنەوە

ئۆتێللۆ:

کەوابێت باش بوو، منت دۆزییەوە.

هەر بۆ وتەیەک دەچمە ئا ئەم

ماڵە و جا یەکسەر، لەگەڵتدا دەچم.

(دەچێتە ژوورەوە بۆ لای دێزدێمۆنا، بۆ ئەوەی پێی بڵێت کە ناردوویانە بە شوێنیدا و دەبێت بڕوات)

کاسسیۆ:

ئەرێ پێم بڵێ،

ئەو، ئالاهەڵگر، بۆ لێرەدایە؟[2]

---

١. ئەنجوومەنی شارەکە لە ٢٥ راوێژکەر (سیناتۆر) پێک هاتبوو. پێکەوە حوکمی "ڤێنێس"یان دەکرد.

٢. ئالاهەڵگر؛ پایەی سەربازیی "ئیاگۆ"یە. کاسسیۆ، لێی دەپرسێت بۆچی ئۆتێللۆ، هاتووە بۆ ئێرە؟.

ئیاگۆ:

ئەمشەو، بەو خوایە، ١,٢,٥٠

ئەو کەشتییەکی داگیر کردووە[١]،

ئەگەر دەرکەوێت کە دەسکەوتێکی

یاسایی و حەقە، ئیتر ئۆتێللۆ،

هەر بە تەواوی دەوڵەمەند دەبێت.

کاسسیۆ:

من، تێناگەم لێت.

ئیاگۆ:

ژنی هێناوە.

کاسسیۆ:

بۆ کێی هێناوە؟

ئیاگۆ:

کچی ....... (ئۆتێللۆ دەردەکەوێت)

ها، کاپتن، دەڕۆیت؟

ئۆتێللۆ:

ئا، لەگەڵیدا، ئێستاکە دەچم.

کاسسیۆ:

وا کۆمەڵێکی تر بە شوێن تۆدا،

لێرە دەگەڕێت

(برابانتیۆ، رۆدێریگۆ و چەند ئەفسەرێک بە چراوە دەردەکەون)

ئیاگۆ:

ژەنەڕاڵ، ئەوە "برابانتیۆ"یە

ئاگاداربە، ها،

بە مەبەستێکی زیانبەخشەوە،

١. مەبەستی لە "دێزدێمۆنا"یە. دێزدێمۆنا، زۆر جوانە باوکیشی زۆر دەوڵەمەندە.

بۆ لای جەنابی ئێوە هاتووە.

ئۆتێللۆ:

ئەرێ، لە ئاستی خۆتان، بوەستن.

ڕۆدێریگۆ:

ئەوە، خۆیەتی، بەگ، "موور"ەکەیە.

برابانتیۆ:

دەک هەر داوەشێیت، هەی دزی ریسوا! (شمشێرەکانیان هەڵدەکێشن)

ئیاگۆ:

تۆی، ڕۆدێریگۆ؟ (شمشێرەکەی هەڵدەکێشێت)

فەرموو، سەروەرم، ئامادەم بۆ تۆ.

ئۆتێللۆ:

شمشێرە بریسک<br>دارەکانتان دەی بەرز بکەنەوە[1] .<br>با شەونم، ژەنگیان پێ هەڵنەهێنێت.<br>ئاخر سنیۆری بەڕێز، دەتوانی،<br>بە ساڵەکانت، ئەتۆ فەرمانی[2]<br>باشتر دەربکەیت<br>لە باتیی زەبری چەک و زۆرداری. ١,٢,٦٠

برابانتیۆ:

ئای، دزی نەگریس،<br>کچەکەی منت، ئایا برد بۆ کوێ؟<br>هەی خوا لێگرتوو، وا دیارە سحرت<br>تۆ لێ کردووە.<br>ئەمن لە هەموو<br>خاوەن مێشک و دانا، دەپرسم؛

---

١. بەرزکردنەوەی شمشێر ئاماژەی ئەوەیە کە خاوەنی شمشێرەکە ئاشتی دەخوازێت.

٢. بە ساڵەکانت؛ بە تەمەنی زۆرت. ئەوەی تەمەنی زۆر بێت، ڕێزی دەگیرێت.

ئاخر قەت دەبوو،
ئەگەر بە هێزی تەلیسم و جادوو،
ئەو بەند نەبوایە، کەنیشکەیەکی[1]
ئەوەندە جوان و ناسک و شادمان،
هەندە لە دژی شووکردن و شوو،
بوەستێ و گەنجی خانزادە و نازدار،
خاوەن زەویوزار، لەم گەلەی خۆمان[2]،
ڕەفزبکا و بچێت
ببێت بە قەشمەر، بە ڕاکردنی
لە ماڵی باوکی و چوونە باوەشی ١,٢,٧٠
بوونەوەرێکی ڕەشی وەکو تۆ؟
تا بیترسێنێت،
لە باتیی گەشەی شادی دڵداری.
جیهان، دادوەری من بێت گەر هات و
تۆ جادووگەری ساختەت لە دژی
گەنجێتی نەرم و ناسکی ئەوت
بە جۆرێک بەکار هیچ نەهێنابێت.
لەگەڵ دەرمان و ژەهر لەو جۆرەی
ویست لاواز دەکا و ژیری دەکوژێت.
دەبێت بیرێکی لێ بکرێتەوە؛
زۆر لەوانەیە وابێت بە ڕاستی.
لەبەر ئەوە من،
ئێستاکە بەندت دەکەم و دەتبەم
بۆ بەندیخانە، کە تاوانباری
بە ساختەچێتی و بەکارهێنانی

١. ئەو؛ دێزدێمۆنا. کەنیشکە؛ عذراء.
٢. ئەوسا خەڵکی ڤێنێس، خۆیان لە هەموو کەسێک بە بەرزتر دەزانی.

هۆنەر و کاری قەدەغەکراو.[1]
ئا دەی بیگرن.
ئەگەر بەرگری لە خۆی کرد ئەوسا، ١,٢,٨٠
بە زۆری چەکتان، ناچاری بکەن.

ئۆتێللۆ:

دەی دەستەکانی خۆتان هەردوولا؛
ئەوانەی لەسەر
من دەکەنەوە و ئەوانەی تریش،
رابوەستێنن. (روو دەکاتە برابانتیۆ)
هەرچ کاتێ دەوری من هات بۆ جەنگین
بەبێ هاندانی ئەم و ئەو دەیکەم.
بۆ کوێ دەفەرموویت بچم بەرگری
لە بێتاوانی و پاکی خۆم بکەم؟

برابانتیۆ:

بۆ بەندیخانە. تاکو کاتێکی
گونجاو بۆ یاسا رێک دەکەوێت و
دێیت لەبەردەمی دادوەر بەرگری
لە بێ تاوانی و پاکی خۆت دەکەیت.

ئۆتێللۆ:

باشە ئەگەر من،
گوێڕایەڵ بم و لەگەڵ تۆدا بێم،
ئەوساکە من چی بە دیوک بڵێم؟
چۆن رازی بکەم؟ ئەوەی ئەوەتا
پەیامبەرانی لە تەنیشتمەوەن،

---

١. ساڵی ١٥٦٣ بە فەرمانی پەرلەمان، بەکارهێنانی جادوو و ئەو جۆرە هۆنەرانە، لە بەریتانیا، قەدەغە کرا. لە کاتی شێکسپیردا، هێشتا زۆر کەس بڕوای بەوە دەکرد کە خۆشەویستی دەخرێتە دڵ بەهۆی جادووگەری و دەرمانەوە.

هاتوون بۆ ئیش و کاروبارێکی ١,٢,٩٠
گرینگی دەوڵەت،
راستەوخۆ بمبەن بۆ لای جەنابی.
ئەفسەرێک:
سنیۆری بەڕێز، راستیت پێ دەڵێت؛
دیوک، ئێستاکە،
لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەندایە،[١]
گومانم نییە،
کە ناردبێتی بەشوێن جەنابی
خانەدانیشتدا.
برابانتیۆ:
چۆن؟
ئێستاکە دیوک، بەم نیوەشەوە،
لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەندایە؟
دە بیبەن بۆ لای؛ ئەم کێشەیەی من،
خۆ کێشەیەکی وا ئاسان نییە.
جەنابی دیوک و گشت ئەندامێکی
دەوڵەت بە کێشەی خۆیی دەبینێت.
گەر بە کارێکی وا رێ بدرێت،
ئەوساکە بەندە و کافر و جەردە،
حوکممان دەکەن. (هەموویان دەڕۆن)

١. ئەنجوومەنێک بە سەرۆکایەتیی دیوک حوکمی "ڤێنێسیا"ی، دەکرد. لە ٢٥ ئەندام لە خانەدانەکانی شارەکە پێک هاتبوو. برابانتیۆ، یەکێک بوو لەو ئەندامانە.

## دیمەنی ٣,١

### دیوک و ئەندامانی ئەنجوومەن ("سیناتۆر"ەکان، یاخۆ "پیر"ەکان) لەگەڵ چەند نۆکەرێکدا دەردەکەون

دیوک لەگەڵ پیرەکاندا، بە وتوویژەوە خەریک بوون لەبارەی ئامادەبوونی سوپای ئوسمانی بۆ پەلاماردانی قوبروس. لەو کاتەدا برابانتیۆ و ئۆتێللۆ و کاسیۆ و ئیاگۆ دەگەنە لای دیوک. برابانتیۆ، باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئۆتێللۆ کچەکەی هەڵخەڵەتاندووە و فڕاندوویەتی. دوای ئەوەی دێزدیمۆنا خۆی، بۆ هەموویان ئاشکرا دەکات کە ئۆتێللۆی خۆش دەوێت و بە ئارەزووی خۆی بە پێی یاسا شووی پێ کردووە، برابانتیۆ، ئیتر هیچی بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی بە دڵێکی پەست و سوێدارەوە موبارەکباییان لێ بکات. کە رۆدێریگۆ، هیوای بە دێزدیمۆنا نامێنێت، بڕیاردەدات خۆی بکوژێت. بەڵام ئیاگۆ، بەڵێنی دەداتێ کە دێزدیمۆنای بۆ مسۆگەر بکات ئەگەر هاوکاریی لەگەڵدا بکات لە دژی ئۆتێللۆ. ئەویش بڕوای پێ دەکات.

دیوک:

ئەم هەواڵانە، لەگەڵ یەکتری–
دا، تەبا نابن، تا لە راست بچن!

یەکەم پیر[1]:

لەگەڵ یەکتری–
دا، راستە ناگونجێن؛ نامەکانی من،
دەڵێن کە گوایە سەد و حەوت کەشتین.

دیوک:

ئەوەی من دەڵێت کە سەد و چلن.

---

١. پیر؛ سیناتۆر، شێخ.

دووەم پیر:

ئەوەی من، دوو سەد.

ئا، بەڵام چونکە ژمارەکانیان،

هەر بە هەڵهێنان تەخمین کراون؛

هەر جیاوازییان لە ناودا دەبێت.

بەڵام هەموویان، بێگومان دەڵێن؛

هێزی دەریایی تورک بەرەو قوبروس

کەوتووەتە ڕێگا.

دیوک:

دوای ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە،

بۆت دەردەکەوێت؛ کە ئەوە دەشێت[١]. ١,٣,١٠

هەڵەکانیان من، دڵنیا ناکەن[٢].

پوختەی سەرەکی ڕاپۆرتەکانیان[٣]،

من دەترسێنێت؛ بڕوای پێ دەکەم.

کەشتیوان: (لە ژوورەوە دەنگی دێت)

ئەرێ خەڵکینە! ئەرێ خەڵکینە!

ئەفسەر:

پەیامبەرێکە لە کەشتییەکانی (کەشتیوانێک دێتە ژوورەوە)

خۆمانەوە هات.

دیوک:

ها، چی رووی داوە؟

کەشتیوان:

ئامادەبوونی تورکەکان تەنیا

---

١. دەشێت؛ دوور نییە و زۆر لەوانەیە هێرش بەرنە سەر قوبروس.

٢. بەوەی کە هەڵە لە ژمارەی کەشتییەکانیاندا هەیە، مانای ئەوە نییە کە ڕاپۆرتەکان ڕاست نین و من دڵنیا بم کە تورکەکان پەلاماری قوبروس نادەن.

٣. پوختەی سەرەکیی ئەو ڕاپۆرتانە ئەوەیە کە تورکەکان، بەتەمان هێرش بەرنە سەر قوبروس.

هەر بۆ "رۆدێس"ە. سنیۆر ئەنجێلۆ،
پێی گوتم ئەوە، رابگەیێنم.
دیوک:
ها تۆ، چی دەڵێیت بە ئەم گۆڕینە؟
یەکەم پیر:
قەت ناشێت وابێت؛ خەڵەتاندنە؛
بەو جۆرە ئەوان، هەوڵدەدەن ئێمە
چاو ببڕینە لایەکی هەڵە[١]
ئەگەر باش بیری لێ بکەینەوە؛
تێ دەگەین قوبروس، بۆ سوپای تورکی،
چەند گرینگترە لە دوورگەی رۆدێس.
سەرەڕای ئەوە؛ چونکە بەرگری
کەمتر کراوە،
زۆر ئاسانترە داگیرکردنی.
دەبێت بزانین؛
تورکەکان هەندە گێژ و نەزان نین،
واز لە "قوبروس"ی ئاسان بهێنن،
رێگایان بەرن
بەرەو "رۆدێس"ی پڕ لە مەترسی.
دیوک:
نا، من دڵنیام، بۆ رۆدێس ناچن. (پەیامبەرێک دەردەکەوێت)
ئەفسەر:
هەواڵی ترمان ئەوەتا بۆ دێت.
پەیامبەر:
گەورە و سەروەرە بەڕێزەکانم،
ئوسمانییەکان، کە بەڕێوە بوون

١. چاو ببڕینە ئەو لایەنە نا، کە بە راستی دوژمن بەتەمایە داگیری بکات.

بۆ دوورگەی رۆدێس،
لەگەڵ هێزێکی تری دەریایی
بەیەک گەیشتن و رێی خۆیان گۆڕی.
یەکەم پیر:
ئا،
ئەوەم هەڵهانی.
تۆ بە چەند کەشتی تەخمینیان دەکەیت؟
پەیامبەر:
دەوروبەری سی. ئێستا بەرێوەن.
مەبەستی خۆیان ناشارنەوە؛
دەگەڕێنەوە راست بەرەو قوبروس.
سنیۆر مۆنتانۆ،
نۆکەرە ئازا دڵسۆزەکەتان،
ئەرکی دڵسۆزیی بژوین و پەتی
خۆی دەردەبڕێ و
زۆر تکا دەکات بڕوای پێ بکەن.
دیوک:
کەوابێت تەواو، هیچ گومان نییە،
بۆ قوبروس دەچن.
مارکەس لووسییەس، بۆ لە شار نییە؟
یەکەم پیر:
گەورەم ئەو ئێستا، لە "فلۆرێنس"ە.
دیوک:
لە لایەنمەوە،
زوو نامەیەکی پێ بگەیێنن.
(لەو کاتەدا، برابانتیۆ و ئۆتێللۆ و کاسیۆ و رۆدێریگۆ و چەند ئەفسەرێک، دێن)

یەکەم پیر:

وا برابانتیۆ و "ئۆتێللۆ"ی جوامێر،
هاتن بۆ ئێرە.

دیوک:

"ئۆتێللۆ"ی جوامێر،
ئێستا دەستبەجێ، دەبێت بتنێرین
بۆ شەڕ لە دژی دوژمنی گشتی؛
ئوسمانییەکان. (روو دەکاتە برابانتیۆ)
من تۆم نەبینی؛ دەک بەخێرهاتی
بەگی خانەدان.
بێبەش بووین ئەمشەو
لە ئامۆژگاری و یارمەتیی ئێوە.

برابانتیۆ:

منیش بێبەش بووم
لە ئامۆژگاری و یارمەتیی ئێوە.
ببوورە بەگم، نە پایە و ئەرکم،
نە گوێ لێبوونی
شتێک لەبارەی ئەم کاروبارە،
لە نێوان نوێنی خۆم هەڵی ساندم؛
نە بە جۆرێکی تایبەت یان گشتی؛
نەتەوایەتی. چونکە لافاوی
سوێیەکی تایبەت، گشت خەفەتێکی
ترمی قووت داوە و خنکاندوویەتی.
خۆیشی، لە دڵما، هەر وەک خۆیەتی[1] .

---

١. خۆیشی؛ مەبەستی لەو غەمە تایبەتەیە. لە دڵیدا ماوەتەوە وەکو خۆی؛ نە کەم بووەتەوە نە ئاسان بووەتەوە.

دیوک:

بۆچی چی، بووە؟

برابانتیۆ:

ئاخ، ئاخ، کچەکەم!

دیوک:

ئایا، مردووە؟

برابانتیۆ:

لای من، مردووە؛ ١,٣,٦٠
بەجارێک سەریان لێ شێواندووە،
فڕاندوویانە و بە جادوو دڵی
گەندەڵ کراوە،
یان بە دەرمانی نوشتەچییەکان؛
چونکە قەت سروشت، ئاوا بەجارێک
بەهەڵە ناچێت لەناو یەکێکدا،
گەر تەواو هەستی
کوێر، یان شەل نەبێت.
قەت ئەوە ناشێت،
ئەگەر نوشتەچی دەستی تیا نەبێت.

دیوک:

لەو گەندەڵییە، ئەوەی کچتی
لە دژ سروشتی خۆی و لە دژی
جەنابی ئێوە، خەڵەتاندووە،
هەرچ کەسێک دەستی تیا هەبێت دەبێت
راستەوخۆ، بە پێی یاسای مردنهێن،
سزا بدرێت.
هەر خۆشت دەبێت

گشت وشە تاڵە سامناکەکانی[١]
بخوێنیتەوە و چۆن لێی تێدەگەیت،
شەرت بێت بەو جۆرە سزا بدرێت.
ئەگەر ئەو کەسە کوڕی خۆشم بێت.

براباتنتیۆ:
من بەسەرێکی شۆڕەوە، گەورەم،
سوپاستان دەکەم.
ئا ئەم پیاوەیە؛
ئەم "موور"ەی بۆ لای جەنابتان دیارە
ئەوا هاتووە فەرمان وەربگرێت
بۆ هێنانەدی ئەرکێکی تایبەت،
بەرانبەر دەوڵەت.

هەموویان:
ئێمە هەر گەلێک، گەلێک سوێدارین.

دیوک: (روو دەکاتە ئۆتێللۆ)
تۆ چی دەتوانیت بەم پیاوە بڵێیت؟

براباتنتیۆ:
هیچ ناڵێت بەگم؛ وایە وەک من دەڵێم.

ئۆتێللۆ: (روو دەکاتە سیناتۆرەکان)
ئەی پیرە بەرزە، پڕدەسەڵاتە بەڕێزەکانم.
سەروەرەکانم، ئەوەی کە کچی
ئەم پیاوە پیرەم من فڕاندووە،
راستە زۆر راستە؛
لە دوای هێنان و مارەکردنی،
بوو بە هاوسەرم.

١. وشە تاڵە سامناکەکانی یاسا.

تەنیا لەوەدا من تاوانبارم،
لە هیچی تر نا.
من وتە رەقم؛ وتارەکانم،
خودای بەختیاری بێبەشی کردوون
لە وشەی نەرم و ناسکی ئاشتی؛
ئەم دەستانەی من، هەر لە تەمەنی
حەوت ساڵییەوە،
هەتاکو نۆ مانگ، لەپێش ئێستامان،
هێژاترین و ئازیزترینی
کردەوەکانیان، هەر مەیدانی
جەنگین و جەنگدا بەکار دەهێنا.
من، لەبەر ئەوە، زۆر کەم دەزانم
لەبارەی دنیای مەزنتان، بدوێم.
زیاتر لەبارەی جەنگ و ناکۆکی
دواندن دەزانم.
هەر لەبەر ئەوەش، بە دواندنم،
کەمێک دەتوانم ١,٣,٩٠
لە هەڵوێستی خۆم، بکەم بەرگری.
لەگەڵ ئەوەشدا، گەر شکۆداری
بەرێزتان هەندێک بە ئارامەوە
گوێ لە من بگرێت،
بە زمان و زاری لووس نەکراوم
گشت کاروباری عەشق و دڵداریم
دەگێرمەوە؛
دەرمان و جۆری نوشتەکردنم،
چون بە تەلیسم و گۆی جادووگەری[١]

١. گۆ؛ هێز، توانا.

کچەکەی ئەمم،
بردووە و بۆچی من تاوانبارم.
برابانتیۆ:
کچێکە هەرگیز
هەندە لاسار و ڕووقایم نییە؛
تاکو بە سۆزی
ناسکی نێوان دەروون و دڵی[١]،
دیمەی شەرمنی، سوور هەڵدەگەڕێت.
ئیتر چۆن کچێک
ڕەوشتی وابێت، هەندەش جیاوازی
تەمەن و ناو و ڕەگەز و هەموو
شتێکی تری، لەگەڵدا هەبێت[٢]،
بۆی شەیدا دەبێت؟
خۆیشی کە سەیری دەکات دەتۆقێت[٣].
حوکمێکی گەلێک ١,٣,١٠٠
گۆج و ناڕەوا و شێواو و شەلە،
ئەگەر بڕیاری ئەوە بێت؛ بێگەرد[٤]،
تەواو لە دژی پێڕەوی سروشت[٥]،

---

١. سۆزی ناسک؛ عەشق و دڵداری. مەبەستی ئەوەیە بڵێت کچەکەی من، ئەوەندە شەرمنە، تەنانەت لە دڵی خۆیدا کە بیر لە دڵداری دەکاتەوە، شەرم دەیگرێت و ڕووی سوور هەڵدەگەڕێت.
٢. دێزدێمۆنا، زۆر جیاوازیی لەگەڵ "ئۆتێللۆ"دا هەیە؛ بە تەمەن زۆر لە ئۆتێللۆ، منالترە، دێزدێمۆنا ناودارە و چینی خانەدانەکانە، ئۆتێللۆ ڕەگەزی ڕەشە و چینی کۆمەڵایەتیی نزمە.
٣. خۆی؛ دێزدێمۆنا. بە قسەی برابانتیۆ، ئۆتێللۆ ئەوەندە ناشیرینە، دێزدێمۆنا کە سەیری دەکات دەتۆقێت.
٤. ئەگەر بڕیاری حوکمەکەی ئێوە، ئەوە بێت.
بێگەرد؛ بێ عەیب (Perfection). لێرەدا مەبەستی لە کچەکەی خۆیەتی. بەهیچ جۆرێک ناشێت کچەکەی من، کە مرۆڤێکی بێگەردە، بە هەڵەی ئاوادا بچی و حەز لە یەکێکی بەتەمەنی ڕەشی ناشیرینی ناخانەدانی ئاوا بکات.
٥. پێڕەو؛ قاعدە (Rule).

بە هەڵەی وادا دەچێ و دەکەوێت.
لەبەر ئەوە من،
سەرلەنوێ دیسان دووپاتی دەکەم[1]:
ئەمە، هەر دەبێت، بە جۆرێک کاری
بەدی دۆزەخیی لەدواوە هەبێت؛
بە هۆی گژوگیا و دەرمان و ژەهری
پڕ یارا و توانا[2]،
یان جادووگەری،
زاڵ بووە بەسەر خوێن و جگەری
کچەکەی مندا.
دیوک:
بە دووپاتکردن، دایناچەسپێنیت.
تەنیا بە پاژەی دروست و بەڵگەی[3]
روونی بێ گومان، دایدەچەسپێنی.
نەک بەم وتانە، کە هیچ بنجێکی
پتەویان نییە.
یەکەم پیر:
ئۆتێللۆ، تۆ خۆت، خۆت پێمان بڵێ؛
بە شێوەیەکی
چەوت و پێچاوی یان بە زۆرداری،
هیچ کاریگەری ئاوات هەبووە،
دڵ و ئەڤینی ئەم کچە گەنجە،
ژەهراوی بکەیت؟
کە وا بتوانی بەسەریا زاڵبی.

١. دووپاتکردن؛ تەئکیدکردن.
٢. یارا؛ گۆ، توانا.
٣. پاژە؛ بەڵگە، نیشانە.

ئۆتێللۆ:

تکات لێ دەکەم کە تۆ بنێری
به شوێن خانمدا له "ساگیتەری"[١]
تاکو خۆی بدوێت رووبەڕووی باوکی.
گەر تاوانباربم بە پێی وتاری و
ئەوەی کە دەیڵێت؛
نەک تەنیا پایە و ئەرکی سەربازیم
لێ بسەنەرەوە؛
لەگەڵیشیاندا، ژیان و گیانم.

دیوک:

دە دێزدێمۆنا، بهێنن بۆ لام.

ئۆتێللۆ:

ئیاگۆ، برۆ، رێیان پیشان دە،
تۆ رێگە و جێگەی ئەو باش دەزانی. (ئیاگۆ، لەگەڵ نۆکەرەکانی دیوکدا دەڕوات)
هەتاکو ئەو دێت،
وەک چۆن بۆ گەردوون،
تاوانەکانی خۆم بە دەستپاکی
ئاشکرا دەکەم، واش بە رەوانی
من پێتان دەڵێم
چۆن کەوتوومەتە داوی ئەڤینی
ئەم کچە جوانە و
چۆن ئێستا هەردووک، شەیدای یەکترین.

دیوک:

ئۆتێللۆ، بیڵێ.

ئۆتێللۆ:

باوکەکەی، منی

١. ساگیتەری؛ ناوی ئەو خان و مەیخانەیەیە (ئەو ئوتێلەیە) کە ئۆتێللۆ و دێزدێمۆنا تێیدان.

خۆش دەویست. زوو زوو،
بانگی دەکردم بێم بە میوانی
بۆ لای جەنابی. هەردەم چیرۆکی
مێژووی ژیانمی لە من دەپرسی؛
ساڵ بە ساڵ هەرچی
جەنگ و گەمارۆ و چ سەرەڕۆییم
تووش بووە بۆیم دەگێڕایەوە،
هەر لە تەمەنی کوڕێنیمەوە،
تا ئەو خولەکەی لێمی دەخوازی
بیگێڕمەوە.
تێیدا من باسی گەلێک رووداوی
پڕ لە مەترسی و نەگبەتیم دەکرد
کە تووشم بووە لەم ژیانەدا،
لەسەر وشکانی و لە دەریاکاندا.
لەو جۆرەی دەروون، پێی هەڵدەتەکێت
کە بە چاوانی خەیاڵ دەبینێت.
تەنیا هەر موویەک،
دوور بووم لە مردن،
کە کەوتمە ژێر چەپۆکی دوژمن.
جا فرۆشرام وەکو بەندەیەک.
لە دواییدا چۆن
خۆم ئازاد کرد و بۆ کوێ گەشتم کرد.
ئەوە رێی دامێ کە من لەبارەی
ئەشکەوتی گەورە و زۆر بیابانی
چۆڵ و هۆڵ بدوێم. لەبارەی کانی
بەردی قووڵ قووڵ و

چیای ئاوا بەرز، کە لووتکەکانی
دەگەنە ئاسمان. باسی گەلانی
مرۆڤ خۆرانم بۆ گێڕانەوە،
ئەوانەی گۆشتی یەکتری دەخۆن.
هەر وەها باسی
ئەو جۆرە گەلەم دەگێڕایەوە؛
ئەوانەی سەریان لە سنگیانەوە،
هەڵدەدا و دەڕوێت.
دێزدێمۆنا هەر، بە پەرۆشەوە،
گوێی لێ دەگرتم.
کاروباری ماڵ، جارجار لێمانی
دوور دەخستەوە؛ زوو بە خێرایی
دەچوو دەیکرد و دەگەڕایەوە،
بە گوێچکەیەکی گەلێک برسییەوە،
١,٣,١٥٠ چیرۆکەکانمی، هەر هەڵدەلووشی[١]
ئەمن تێبینی ئەوەم باش دەکرد.
تا بوارێکی باشم بۆ هەڵکەوت،
کە پڕ بە دڵ و جەرگەوە خواستی
سەرلەنوێ هەموو گەشتەکانمی
بە ورد و روونی بۆ بگێڕمەوە.
چونکە تا ئەوسا، بە پچڕاوی
گوێی لە هەندێکی بوو نەوەک ئاوا،
بەسەریەکەوە، هەمووی بە گشتی.
من، رەزامەندیی خۆم بۆ دەربڕی.
بە گێڕانەوەی

١. هەڵلووشین؛ خواردن یاخۆ قووتدان زۆر بەخێرایی.

کڵۆڵی و بارە گرانەکانی
کاتی منداڵیم،
زۆر جار فرمێسکم لە چاوەکانی
دەهێنایە دەر.
کە بەسەرهاتی خۆمم بە وردی
دەگێڕایەوە،
هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا و سوێ،
دڵی دەگوشی.
بە ئیمان سوێندی دەخوارد و دەیگوت؛
ئەمە بە راستی
چیرۆکێکی زۆر ١,٣,١٦٠
نامۆ و دەگمەن و سەرسوورهێنەرە.
جارێکیان دەیگوت؛
خۆزگە قەت رۆژێک ئەمەم نەدەبیست.
جارێکیان دەیگوت؛
ئاخ، خۆزگە گەردوون،
پیاوێکی ئاوای دروست دەکردم.
سوپاسی کردم.
ئەمجا لێی پرسیم، گەر ئاوەڵێکم
هەیە و دەزانم ئەوی خۆش دەوێ،
دەتوانم فێری
بکەم ئا ئاوا چیرۆکەکانم
بگێڕێتەوە؟
چونکە کەسێکی
وا، دڵ و گیانی ئەو دەباتەوە[١].
کە ئەم "پلار"ەی تێ گرتم، گوتم؛

١. وەکو بە یانەسیب بیانباتەوە و ببن بە موڵکی خۆی.

منی خۆش دەوێت لەبەر رابوردووی
پڕ لە مەترسی و گران و سەختم.
منیش زۆر ئەوم خۆش دەوێت چونکە
دڵی ناسکی بەزەیی راستی
بە ژیانی سەختی دێرینی من دا،
زۆر هاتەوە.
هەر ئەم تەلیسمەم
بەکار هێناوە و شتێکی تر نا.
ئەوا خاتوونە، بەرەو ئێرە دێت.
دە با خۆی بدوێت. (دێزدێمۆنا و ئیاگۆ و چەند نۆکەرێک دێنە ژوورەوە)

دیوک:

من وابزانم، چیرۆکەکانی،
کچی منیشیان پێ دەباتەوە.
"برابانتیۆ"ی زۆر بەڕێز و ئازیز،
ئا لەم بووژەنە تێکەڵاوە هەر
لە باشەکانی تۆ هەڵبژێرە؛[١]
ئەگەر پیاو دەسکی
شیری شکاوی، بەکار بهێنێت
هێشتا لە دەستی رووتی باشترە.

برابانتیۆ

دە با خۆی بدوێ، تکات لێ دەکەم.
گەر هات و دانی پیانا بەوەی کە
نیوەی رێگاکە، بۆ شووکردنی،
خۆی بڕیوێتی، رەببی وێرانی

---

١. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ تۆ، تازە کچەکەت لە دەست دەرچووە. هەوڵ بدە سەیری دیوە باشەکەی بکەیت و لەوە زیاتر خۆت پەست مەکە.

دامگریت ئەگەر
ئەمن، پیاوەکە، تاوانبار بکەم.
وەرە بۆ ئێرە خانمە گەنجەکە.
لەناو کۆمەڵەی
ئەم خانەدانە بەرزانە کامیان،
ئەتۆ هەست دەکەیت،
پێت خۆشە هەردەم گوێڕایەڵی بی و
ڕێزی فەرمانی هەمیشە بگری؟
دێزدێمۆنا:
باوکە شیرینە خانەدانەکەم، ۱,۳,۱۸۰
ئەمن هەست دەکەم، ئەڤین و ئەرکم
دابەش کراون. تۆ بووی ئەوەی کە
ژیانی دامێ و پەروەردەی کردم.
هەردووک؛ پەروەردە و ژیانم، بەگم،
فێریان دەکردم، چۆن ڕێزت بگرم.
هەرچ ئەرکێک بکەم، وامە لەسەرم[۱]،
چونکە من کچتم. (ئاماژەی ئۆتێللۆ دەکات)
بەڵام ئەم پیاوە، مێردمە، بەگم.
ئەوەندەی دایکم، ئەرکی ژنێتی
دەهێنایەدی، بەرامبەر بە تۆ،
کە هێژاتر بووی لای ئەو، لە باوکی،
منیش ئەوەند ئەرکی خۆم دەکەم
بۆ ئەم "موور"ەی کە
میرانی منە[۲].

---

۱. وام؛ قەرز.
۲. میرانی منە؛ مێردی منە.

برابانتیۆ:

درووودی خواتان
لێبێ، من ئیتر، هیچی تر ناڵێم. (روو دەکاتە دیوک)
فەرموو، سەروەرم، بە کاروباری ١,٣,١٩٠
دەوڵەتەوە تۆ، خۆت خەریک بکە.
خۆزگە مناڵم تەبەنا دەکرد،
هی خۆم نەدەمبوو. (روو دەکاتە ئۆتێللۆ)
ئەرێ، موور، وەرە؛ (ئاماژەی کچەکەی دەکات)
بەهەموو دڵ و جەرگەوە، ئەوە،
وا ئەدەم بە تۆ.
ئەو تازە بووە بە هاوسەری تۆ.
بەڵام بە هەموو دڵ و جەرگەوە،
نەمدەویست رۆژێک ببێت بە هی تۆ. (روو دەکاتە کچەکەی)
بە هۆی ئەم کارەی کردت، گەوهەرم،
ئای کە پێم خۆشە،
هەر جگە لە تۆ، مناڵی ترم
نییە، ئەگینا،
ئەم هەڵهاتنەت، فێری دەکردم[1]
کە ستەمکاربم؛
دەست و پێ و قاچی منداڵەکانم،
بە کۆت رابگرم. (روو دەکاتەوە دیوک)
تەواو، سەروەرم، من لێبوومەوە.

دیوک:

وابزانە تۆم. با شتێک بدوێم
لە وتەی دانا و کۆنی پڕمانا

---

١. ئەم هەڵهاتنەت؛ ئەم راکردنەت لەگەڵ "ئۆتێللۆ"دا.

که بەڵکو یەکەم
هەنگاو بێت بۆ ئەم
دوو دڵدارانە،
بەرەو بەزەیی و خۆشەویستییان؛
دەرد، کە لە رادەی چارەسەرکردن
دەرچوو، خەفەتی ئیتر بۆ مەخۆ.
ماتەمینی بۆ
ناخۆشییەکی کۆنی بەسەرچوو،
ناخۆشی تر زوو، دادەمەزرێنێت.
ئەوەی نەگبەتی لێتی دەسەنێت،
ئارام برینی
تیمار دەکات و پێی پێ دەکەنێت.
ئەو کەسەی دزیی کە لێ کراوە،
بە پێکەنینی،
لەو دزە شتێک، هەردەم، دەدزێت.
لە خۆی دەدزێت،
ئەوەی کاتی خۆی، بە غەم دەکوژێت.
برابانتیۆ:
گەورەم، گەر وابێت،
دە با تورکەکان دوورگەی "قوبروس"مان
لێ داگیر بکەن. چونکە لەکیسمان
ناچێت، گەر ئێمە
بەوە هەر تەنیا پێکەنینمان بێت.
چەند بە ئاسانی، سزا دەچێژێت،
ئەوەی کە باکی نییە و گوێکانی
وتەی دانایی

نەرم، دەیان شێلێت. بەڵام ئەوەی کە
سزا و سوێداری، هەردووک، دەچێژێ و
ئامۆژگاری پووت زوو زوو دەکرێ و
لێی دەخوازرێت ئارامی هەبێت،
دوو قات ئازاری سزا دەچێژێت.
ئا ئەم پەندانە تاڵ و شیرینن[1]؛
دوو روویان هەیە.
لە هەردوو رووەوە، هێزیان بەتینە.
بەڵام وتە هەر، تەنیا وتەیە،
قەت نەمبیستووە لە گوێچکەیەوە،
رۆژێک دوومەڵی دڵی داماوێک،
تیمار کرابێت.
ئەوا ئیتر من، بە ملکەچییەوە،
تکات لێ دەکەم بگەڕێیتەوە
بۆ کاروباری وڵاتەکەمان.

دیوک:

ئەوا تورکەکان،
بە لەشکرێکی گەورە و تواناوە،
بۆ بەرەو قوبروس کەوتوونەتە رێ.
ئۆتێللۆ، ئەتۆ، لە هەموو کەسێ
باشتر دەزانی لە توانا و هێزی
ئەو جێگەیانە.
هەرچەندە ئێمە، یەکێکی گەلێک
زیرەک و دانا و بەدەسەڵاتمان
هەیە لەوێدا،

---

١. پەند؛ وتەی دانا. پەند، دووڕووە؛ روویەکی تاڵە و روویەکی شیرین.

بەڵام رای گشتی،
کە خۆی خاوەنی راستی، فەرمانە،
بڕیاری داوە؛
سەلامەتترە گەر تۆ جێی بگری.
لەبەر ئەوە تۆ دەبێ رازی بی،
درەوشانەوەی بەختەوەری نوێت[1]،
لێڵ و تاریک و تۆزاوی بکەیت
لە پێناوی ئەم
ئەرکە سامناکە گران و سەختە.

ئۆتێللۆ:

ئاخ، راهاتنم،
پیرە سەنگینە بەڕێزەکانم،
بە کاروباری
سەختی جەنگین و رێی دڕکاوی،
دۆشەکی پۆڵا[2]،
لەسەر قەنەفەی بەرد و زیخاوی،
دەکات بە نوێنی
نەرمژ لە تووکی نەرمی مراوی[3].
من دان بەوەدا
دەنێم کە باری سەخت و دژواری،
دەگونجێت لەگەڵ
سروشتی دڕم و ئاشکرای دەکەم
کە من ئامادەم
سەرۆکداری گشت لەشکرەکانی

١. بەختەوەریی نوێت؛ مەبەستی لە ژنهێنانەکەیەتی.
٢. دۆشەکی پۆڵا؛ پیاو کە بە زرێپۆشی پۆڵاوە دەنوێت، وەکو لەسەر دۆشەکی پۆڵا نوستبێت وایە.
٣. نەرمژ؛ نەرم.

جەنابتان بکەم دژ ئۆسمانییەکان.
لەبەر ئەوە من، بە سەرکەچییەوە
دەخوازم لێتان، فەرمان دەربکەن،
کە نیشتەجێیەک ئامادەکرێت
بۆ هاوسەرەکەم.
وابێت بگونجێت لەگەڵ پەروەردەی
کچی ماڵێکی بەرز و خانەدان.
دیوک:
ئەگەر تۆ دژی ئەوەنیت بچێت
لە ماڵی باوکی خۆی جارێ بژی،
با لەوێ بژی.
برابانتیۆ:
نا، من نامەوێت.
ئۆتێللۆ:
منیش نامەوێت.
دێزدێمۆنا:
منیش نامەوێت؛ نەوەک هەر جارێک
لەبەر چاوانی دەرکەوم دڵی
پەست بێت و گیانی ئازار بچێژێت.
"دیوک"ی گەلێک شکۆدار، گەلێک
تکات لێ دەکەم،
لە پێشنیازی من تۆ گوێ بگری و
بە وەڵامێکی ناسک، یارمەتی
ساکاریم بدەی.
دیوک:
دێزدێمۆنا، دەی چیت دەوێت، بیڵێ؟

دێزدێمۆنا:

گۆژمی دەروون و زریانی بەختم،
ئاوا زوو بە زوو منیان دا بە شوو،
تا بۆ جیهانی ئاشکرا بکەم؛
خۆش مدەوێت و ئارەزوو دەکەم
بژیم لەگەڵی.
دڵم سەرانسەر بەندبووە و بووە
بەژێردەستی ئەم مێردە جوامێرەم.
وێنەی "ئۆتێللۆ"م، لە دڵیدا دی[1].
وە دڵ و گیانی خۆمم داناوە
من لە پێناوی هەموو پارێکی[2]
ئازای ئەم پیاوە.
ئاخ، لەبەر ئەوە، سەروەرەکانم[3]،
منی بەستەزمان،
بمێنمەوە و ئەو بۆ جەنگ بچێت،
دڵی هەژارم، بێبەش دەکرێت
لە مافەکانی و بەتەنیا گیانم،
ئازار دەچێژێت.
رێگام بدەنێ بچم لەگەڵی.

ئۆتێللۆ:

(روو دەکاتە پیرەکان)
دەنگتانی بدەنێ، سەروەرەکانم،
ئەوەی دەیەوێت با جێبەجێ بێت.
خوا گەواهم بێت، ئەوە ناخوازم

---

١. رووی ئۆتێللۆ چۆنە، دڵیشی ئاوایە. مونافق و دووڕوو نییە.
٢. پار؛ پارچە.
٣. سەروەرەکانم؛ مەبەستی لە پیرەکانە.

بۆ حەسانەوەی دڵی بەسۆزم،
یان
دامرکاندنی ئاڵۆشەکانم؛
گڕی پەرۆشی
گەنجی، لە ناوما کوژاوەتەوە.
ئەوە دەخوازم هەر لەبەرئەوەی
زۆر بە ئازادی داخوازی دڵی
بهێنێتە دی.
گەردوون خۆی ڕەببی یاریدەدەری
گیانی پاکتان بێت، گەر وا بزانن
من دەست دەخەمە کردەوە و کاری
گرینگی ئێوە،
هەر لەبەرئەوەی ئەو لەگەڵما بێت.
نا، نا، گەر هاتوو،
بووکەڵە کچکە باڵسووکەکانی[١]
کیوپید هاتن، بە پەڕبازییان،
بەر چاوە وریا بەتینەکانم،
بە جۆرێک بگرن، کە واز لە ئەرکی ١,٣,٢٧٠
خۆم بهێنم و دوای فەساد کەوم،
کەیبانووەکان، ئەوسا کڵاوی[٢]
جەنگینی سەرم،
بکەن بە تاوە و هەموو دوژمنە
ریسوا و ناکەس و بێ نرخەکانم،
هێرش بەرنە

١. بووکەڵە کچکە باڵسووکەکانی کیوپید؛ سێکس و دڵداری. کیۆپید؛ خواوەندی سێکس و دڵدارییە.
٢. کەیبانوو؛ ژنی ماڵ.

سەر بەناوبانگیم و بەرهەمەکانم؛
وێرانیان بکەن و لەناویان بەرن.

دیوک:

با وابێت وەک چۆن
خۆتان پێکەوە پەسەندی دەکەن؛
دەمێنێتەوە، یاخود خاتوونە،
لەگەڵت دەچێت.
بەڵام کارەکە، وا هاواری دێت؛
خێرایی دەبێت گوێڕایەڵی بێت.
تۆ، ئەمشەو دەبێت بکەویتە ڕێ.

دێزدێمۆنا:

ئەمشەو، سەروەرم؟

دیوک:

ئا، ئەمشەو، ئەمشەو.

ئۆتێللۆ:

پڕبەدڵەوە.

دیوک:

سبەی بەیانی لە سەئات نۆدا
دیسان لێرەدا، کۆدەبینەوە.
ئۆتێللۆ، ڕۆیشتیت،
ئەتۆ ئەفسەرێک بەجێ بهێڵە.
بۆئەوەی ویست و فەرمانەکانی
ئێمەت ڕاستەوخۆ پێ بگەیەنێت.
لەگەڵ زۆر شتی تری نهێنی،
کە پێوەندییان بە ئەرکەکانی،
ئێوەوە هەیە.

ئۆتێللۆ:

وەکو دەفەرموویت.
ئالا هەڵگری خۆم، کە پیاوێکی
بە ئابڕوو و گەلێک جێگەی بڕوایە،
بەجێ دەهێڵم.
تەنیا هەر ئەویش، گەورەم، دادەنێم
کە ئاگاداری ژنەکەی من بێت.

دیوک:

باشە با وابێت.
شەوی هەمووتان هێمن و باش بێت. (روو دەکاتە برابانتیۆ)
سنیۆری هێژا، بە ئازایەتی
ئەگەر جوانێتی پیاو بپێورێت،
کوڕەکەت گەلێک جوانترە لەوەی
کە پێستی رەش بێت[1].

یەکەم پیر:

ئەسپەردەی خوابی، ئەی "موور"ی ئازا. ١,٣,٢٩٠
ها، دێزدێمۆنا، باش مامەڵە بکەیت.

برابانتیۆ:

موور، سەیری بکە! وەک چۆن ناپاکی
کرد لەگەڵ باوکی، لەگەڵ تۆش دەیکات.
(هەموویان دەڕۆن. ئۆتێللۆ و ژنەکەی و ئیاگۆ دەمێننەوە)

ئۆتێللۆ:

لەسەر پاکێتی ئەم ژنەم سەرجەم
هەموو ژیانی خۆم من دادەنێم[2]

---

١. کوڕەکەت؛ مێردی کچەکەت. جاران، لە ئەوروپا، پێست رەش بە ناشیرین دادەنرا. لێرەدا، مەبەستی لەوەیە بڵێت: ئازایەتی، کوڕەکەتی ئەوەندە جوان کردووە، کەس سەیری پێستە رەشەکەی ناکات.

٢. لەسەر هەموو ژیانم گرەو دەکەم.

"ئیاگۆ"ی دڵسۆز، وا دێزدێمۆنا،
لێرە، لەگەڵتا، بەجێ دەهێڵم.
تکات لێ دەکەم، با هاوسەرەکەت
خزمەتی بکا و ئاگاداری بێت.
هەر کە هەلێکی
گونجاویش هەڵکەوت، بیهێنە، با بێت.
دەی دێزدێمۆنا، دەستتم بەرێ.
هەر یەک سەئاتی خۆشەویستیم من،
ماوەتەوە بۆ
کاری ژیان و راسپاردنم،
بەتەنیا لەگەڵ تۆ رایببوێرم.
زۆر ئاگاداری کاتمان بین دەبێت. (ئۆتێللۆ و ژنەکەی دەڕۆن)

رۆدێریگۆ:

ئیاگۆ ١,٣,٣٠٠

ئیاگۆ:

ئا، چی دەفەرمووی، هەی دڵ خانەدان؟

رۆدێریگۆ:

باشە، من چی بکەم؟ ها، تۆ دەڵێی چی؟

ئیاگۆ:

بۆ؟
تۆ، بۆخۆت بڕۆ بۆ نوێن و بنوو.

رۆدێریگۆ :

ئێستاکە دەچم،
لە رووبارێکدا خۆم دەخنکێنم.

ئیاگۆ:

گەر ئەوە بکەیت،

قەت ئیتر رۆژێک من تۆم خۆش ناوێت.
بۆ؟
گەلحۆی خانەدان!
رۆدێریگۆ:
بێ مێشکییە، پیاو بژێ و ژینی
ئازار چەشتن بێت.
لە هەمان کاتدا، وەسفەی مردنی[١]
بەدەستەوەبێ و مەرگ پزیشکی بێت.
ئیاگۆ:
شەرم و شوورەیی! ١,٣,٣١٠
بیست و هەشت ساڵە، سەیری ژیانی
سەرزەمین دەکەم.
لەوساوەی کە من، فێری جیاوازی
بووم لە نێوانی قازانج و زیان،
نەمدیوە یەکێک بزانێت زاتی
خۆیی خۆش بوێت.
پێش ئەوەی بڵێم خۆم دەخنکێنم،
بۆ خۆشەویستی مەلێکی ماڵی[٢]،
مرۆڤایەتیم لەگەڵ مەیموونێک،
دەگۆڕمەوە[٣].
رۆدێریگۆ:
ئاخر من چی بکەم گەر خۆشم بوێت؟
من دان بەوەدا

---

١. وەسفە؛ رەچەتە.
٢. مەلی ماڵی؛ مەبەستی لە کچە.
٣. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ ئۆتێللۆ لە مەیموون دەچێت بۆیە دێزدیمۆنا ئەوی خۆش دەوێت. یاخۆ مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ هەر مەیموون بۆ مەلێکی ماڵی خۆی دەخنکێنێت.

دەنێم؛ ڕێژگاوم گەر خۆشم بوێت.
بەڵام یارای وام نییە بتوانم[1]
من چارەسەری دەردی خۆم بکەم.

ئیاگۆ:

یارا؟
هەر هەنجیرێکە[2].
بەدەست خۆمانە ئەگەر ئاوابین
یان ئاوا نەبین.
ئەم لەشەی ئێمە، باخچەکەمانە.
باخەوانەکەی گۆی "هەوەس"مانە[3].
ئەگەر دڕکی تیادا بڕوێنین ١,٣,٣٢٠
یان تۆوی کاهوو؛ گیای بۆن شیرینی
تێ کەیت، جاترە و پوونگە دەڕنی[4]؛
تەنیا گیایەکی تێدا دەڕوێنی،
یاخود جۆرەها؛
بێبەر بێت بەهۆی تەمەڵیتەوە،
یاخود بەپیت بێت
بە هەوڵدانی زۆر و ئاودانی.
یارای هەوەسی ئێمە بڕیاری[5]
ئەوانە دەدات.
میلی تەرازووی ژیانمان ئەگەر

١. یارا؛ گۆ، توانا.
٢. نرخی یارا، هەر هەندەی نرخی هەنجیرێکە.
٣. هەوەس؛ ئیرادە. گۆی هەوەس؛ قوەتی ئیرادە (willpower). ئەگەر هەوەسمان بەتین بێت، هەرچییەکمان بوێت، ئەو شتە لەناو خۆماندا دەڕوێنین.
٤. جاترە و پونگە؛ ناوی دوو گیای بۆنخۆشن.
٥. یارای هەوەس؛ گۆی هەوەس؛ قوەتی ئیرادە.

تایەکی پڕ لە دانایی نەبێ و
هاوتا بێ لەگەڵ تایەکەی تری،
ئەوەی کە هەستی پڕ بەئاڵۆشی
پڕی کردووە،
ریسوایی خوێنی سروشتی ئێمە،
دەمانگەیێنێت
بە ئەنجامانی ناقۆڵا و چەپەڵ.
بەڵام دانایی-
مان ئێمە هەیە، تینی ئاڵۆشمان
سارد بکاتەوە و ئاگری جەرگمان
دابمرکێنێت. ١,٣,٣٣٠
ئەوەی پێی دەڵێیت ئەڤین، لقێکی
ئەم شتانەیە[١].

رۆدێریگۆ:
نا، هیچ وانییە.

ئیاگۆ:
ئەوە هەر تەنیا، ئاڵۆشی خوێنتە،
یارای هەوەست رێگەی داوەتێ.
دەی ببە بە پیاو.
خۆت دەخنکێنی؟
تۆ تووتکە سەگی کوێر و پشیلە،
هەر بخنکێنە!
من خۆم بە دۆستی ئەتۆ دادەنێم.
بە زنجیرێکی ئەوندە توانا،

١. خۆشەویستییەکەی تۆ، شتێکە لە بەینی ئاڵۆشی سێکسی و دانایی. ئەگەر هاوتا نەبن لەگەڵ یەکتریدا و ئاڵۆشی سێکسیت لە داناییت زیاتر بێت، ژیانت تێک دەچێت.

خۆم بە کێشەکەی تۆ بەستووەتەوە،
قەت ناپچڕێت، هەتاکو گیانم
لە لەشدا مابێت.
قەتیش من ڕۆژێک باشتر ناتوانم
سوودم بۆت هەبێت.
پارەشت نەختێک با دەست بکەوێت؛
دوای سوپاکانی دیوک بکەوە.
شێوەت بگۆڕە، بە ڕدێنێکی
قەڵبی دەستکردە[1].
وەکو پێم گوتی، لە گیرفانتدا،
با پارە هەبێت.
قەت دێزدێمۆنا، بۆ ماوەیەکی
درێژ ئەڤینی
بۆ ئا ئەو "موور"ە، نامێنێتەوە،
لە گیرفانتدا، با پارە هەبێت.
هەر خۆی تاقەتی لەو زۆر زوو دەچێت[2].
زۆر بە خێرایی کەوتە ناو داوی
خۆشەویستییەکەی، ئێستا دەبینی؛
واش بە ئاسانی لێوەی دەردەچێت.
لە گیرفانتدا، با پارەت هەبێت،
زۆر زوو "موور"ەکان،
ئارەزووی خۆیان لە شت دەگۆڕن؛
تۆ با گیرفانت، پڕبێت لە پارە.
ئەو خواردنەی کە،

---

١. ڕیشێکی دەستکردە بە ڕووتەوە بنێ بۆ ئەوەی نەناسرێیتەوە.
٢. لەو؛ لە دێزدێمۆنا.

ئێستاکە لەلای خۆش و شیرینە[١]،
لەم زووانەدا،
وەک گوژاڵک تامی تفت و تاڵ دەبێت؛
بۆ هاوسەرێکی گەنجتر دەگەڕێت.
کەی تێروپڕ بوو لە گیان و لەشی، ١,٣,٣٥٠
ئینجا تێدەگات، هەڵبژاردنی
ئەو، هەڵەیەکی چەند گەورە بووە[٢].
ئەوسا، بێگومان، رای خۆی دەگۆڕێت.
جا لەبەر ئەوە،
لە گیرفانتدا، با پارە هەبێت.
گەر هەر دەتەوێت خۆت بفەوتێنی
تۆ بە جۆرێکی ناسکتر بیکە
لەوەی هەر ئاوا خۆت بخنکێنی.
هەرچەند دەتوانیت، پارە پەیابکە.
گەر ئەو بەڵێنە لاوازەی نەریت،
فەرزی کردووە لە نێوان ئا ئەم
موور"ە ساکارە بە هەڵەچووە و
ئەم "ڤێنیس"ییە
زۆرزانە و گەلێک دنیادیدەیە[٣]،
گران دەرنەچوو بۆ مێژیی من و
گشت "هۆز"ەکانی نێوان جەهەنەم،

---

١. لەلای؛ لەلای دێزدێمۆنا.

٢. ئەو؛ ئۆتێللۆ.

٣. لە کاتی مارەبڕیندا بووک و زاوا بەڵێن بە یەکتری دەدەن کە تا هەتاهەتا یەکتریان خۆش بوێت، خیانەت لە یەکتری نەکەن. ئیاگۆ، ئەو بەڵێنە بە لاواز دەزانێت و بڕوای پێ ناکات. چونکە نەریت فەرزی کردووە و لە دڵەوە نەهاتووە.

دەبێت بە هی تۆ[١].
لەبەر ئەوە تۆ، پارە دروست بکە[٢].
خۆخنکاندنت لەبیرچێتەوە.
باشترە ئەگەر هەڵبواسرێیت
تۆ لە پێناوی ئەوەی کە ئەوت
دابین کردووە، لەوەی بێ ئەوە[٣]، ١,٣,٣٦٠
خۆت بخنکێنی.

رۆدێریگۆ:

دەتوانم پشتم بە تۆ ببەستم
لە رێی خەبات و هەوڵدانمدا
بۆ هێنانەدی ئاواتەکانم؟

ئیاگۆ:

گومانت، نەبێت، دڵنیابە لێم.
برۆ، دەی برۆ، پارە دروست بکە.
زۆر جار پێم گوتووی، وە دیسانەوە،
ئێستاکە بۆتی دووبارە دەکەم:
رقێکی زۆرم من لەو "موور"ەیە.
کێشەکەم تەنیا ئاژرە، ئاژر.
خۆ هۆیەکەی تۆ، کەمتر قووڵ نییە.

---

١. دێزدێمۆنا دەبێت بە نسیبی تۆ. "ڤێنێس"ی؛ دانیشتوانی شاری ڤێنێس. ئۆتێللۆ، بەپێی ئیاگۆ، بەدەوییەکی ساکارە، دنیای نەدیوە. بەڵام دێزدێمۆنا، وەکو هەموو "ڤێنێس"ییەکان، کچێکی زۆرزان و دنیادیدەیە. لەبەر ئەوە، ئیاگۆ بڕوا بەو بەڵێنە ناکات. مەگەر شتەکە زۆر گرانتر بێت لەوەی مێشکی خۆی و مێشکی هەموو هۆزەکانی (شەیتانەکانی) جەهەننەم لێی تێ بگەن. بەڵام ئەگەر گرانتر دەرنەچوو، ئەوساکە وا دەبێت وەکو من دەڵێم؛ ئۆتێللۆ و دێزدێمۆنا جیا دەبنەوە. چونکە جیاوازی لە نێوانیاندا زۆرە و ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر پێکەوە بژین. لە دواییدا دێزدێمۆنا، دەبێت بەنسیبی تۆ. لەبەر ئەوە پارە کۆ بکەرەوە.

٢. ئیش بکە و پارە کۆ بکەرەوە.

٣. ئەوت دابین کردووە؛ دێزدێمۆنات دەسکەوتووە و لەگەڵیدا کاتی خۆشت رابواردووە.

دەی با پێکەوە،
تۆڵەی خۆمانی لێ بسێنینەوە.
گەر تۆ بتوانی لەگەڵ هاوسەری
ئەودا، رابوێری،
تۆ دڵت بەوە دەحەسێتەوە،
منیش کەیفم دێت.
زەمانە، سکی پڕە لە شتی
سەیر و رووداوی زۆر سەرسووڕهێنەر.
زۆریان پێ ناچێت؛ دێنە دنیاوە.
دەی پارەکانت ئامادەبکە.
لەبارەی ئەمە سبەی بەیانی، ١،٣،٣٧٠
باش بە درێژی،
باسی دەکەین و پێکەوە دەدوێین.
دەی ئیتر برۆ. ئەسپەردەی خوابی

رۆدێریگۆ:

لە کوێ یەکتری، سبەی ببینین؟

ئیاگۆ:

لە ماڵی خۆمان.

رۆدێریگۆ:

زوو بەیانییەکەی، من لەلات دەبم.

ئیاگۆ:

دەی خوات لەگەڵ بێت.
ها، رۆدێریگۆ، ئەرێ گوێت لێمە؟

رۆدێریگۆ:

فەرموو، گوێم لێتە.

ئیاگۆ:

ئیتر ها، باسی خۆخنکاندن و شتی وا نەکەی.

گویّ له من دهگری؟

رۆدێریگۆ:

من رای خۆم گۆڕی.

ئیاگۆ:

دهی ئیتر برۆ، ئهسپهردهی خوابی.

جزدانهکهت با پڕبێت له پاره.

رۆدێریگۆ:

زهوییهکانی خۆم، گشت دهفرۆشم. (دهڕوات)

ئیاگۆ: (لهبهر خۆیهوه)

بهڵێ، بهم جۆره، له کهرهکانم،

پاره دهکێشم.

ئهگینا ریسوای فێربوونهکانم[١]،

دهکهم گهر کاتم،

لهگهڵ کهودهنی وا بدۆڕێنم،

جگه بۆ سوودی گیرفانهکانم.

من رقی زۆرم له "موور"هکهیه؛

دهمگۆ بڵاوه که گوایه لهگهڵ

هاوسهرهکهمدا چووهته جێگاوه.

ئهمه راسته یان

نا، من نازانم،

بهڵام به جۆرێک من خۆم دهنوێنم

ههر وهکو راست بێت.

به باش، ئهو له من بیردهکاتهوه؛

ههر لهبهر ئهوه، باشتر دهتوانم

مهبهستی دڵی

---

١. فێربوونهکانم؛ ئهو شتانهی که له ژیانمدا من فێریان بووم.

درم له دژی، بهێنمه دی.
کاسیۆ، پیاوێکی شیاو و گونجاوه؛
دەی با من ئێستا،
بیرێکی باشی لێ بکەمەوە؛
چۆن جێگەی ئەوم، دەستگیر بێت و چۆن
ئارەزووی دڵم، بهێنمه دی
به کردەیەکی ناکەسیی دووڕوو[١].
ده چۆن؟ ئاخر چۆن؟
له دوای ماوەیەک، دەبێت ئۆتێللۆ،
به جۆرێک ئاوا تێبگەیەنم؛
"کاسیۆ"ی جێگری، زیاد له ئاسایی،
مەیانه دیاره لەگەڵ هاوسەری[٢].
ئەوەنده قۆز و خوێنگەرم و شۆخه[٣]
دەشێت گومانی لێ بکرێت که
دەتوانێت دڵی ئافرەتان بەرێت.
"موور"ەکەش هەنده
دڵپاک و سروشت جوان و ئازاده،
لای وایه هەموو مرۆڤێک پاکه،
که له راستیدا، مرۆڤ وا نییه.
زۆر به ئاسانی رادەکێشرێت،
وەک کەر، له گوێوه.
ئاخ، دۆزیمەوە،

---

١. ئەم ناکەسییە دووڕووە؛ هەم جێگەی "کاسیۆ"ی پێ دەگرێت، هەم ئازاری ئۆتێللۆ و "دێزدێمۆنا"ی پێ دەدات.
٢. هاوسەری ئۆتێللۆ.
٣. مەبەستی له "کاسیۆ"یه.

ئەوەتا سکی کات پڕکراوە[١].
لە سەر دۆزەخ و شەیتانە، ئیتر،
ئەم بەچکە دێوە،
بهێننە دنیاوە[٢].

١. کات؛ زەمان. زەمانی سکی پڕە بەم پیلانەی من.
٢. دۆزەخ و شەیتان؛ ناکەسێتی. ناکەسێتی دەبێت ببێت بە مامانی لەدایکبوونی پیلانەکانم.

# پەردەی دووەم

## دیمەنی ١,٢

### مۆنتانیۆ و دوو خانەدان دەردەکەون

ئۆتێللۆ بەرێگاوە دەبێت بچێت بۆ بەرەنگاریی هێزی دەریایی ئۆسمانییەکان و بەرگریکردن لە قوبروس کە زریانێکی زۆر بە هێز هەڵدەدات. دوای ئەوەی گەلێک لە کەشتییەکانی تورکەکان نوقم دەبن، ناچار دەبن بگەڕێنەوە. پێش ئەوەی ئۆتێللۆ بگاتە قوبروس، کاسسیۆ لەوێ دەبێت. دوای ئەو دێزدێمۆنا و ئەمیلیا و ئیاگۆ و رۆدێریگۆ دەگەن. جا هەموو چاوەڕوانی گەیشتنی ئۆتێللۆ دەکەن.

کە ئۆتێللۆ دەگات و دێزدێمۆنا دەبینێت، زۆری پێ خۆش دەبێت. هەر ئەو شەوە بڕیار دەدات بیگوێزێتەوە. هەر ئەو شەوەش ئیاگۆ دەست دەکات بە جێبەجێکردنی پیلانەکانی. لە پێش هەموو شتێکدا، کاسسیۆ، دەبێت بە جۆرێک لە ئیشەکەی دەربکرێت، بۆئەوەی بەڵکو جێگەکەی ئەو بدرێت بە خۆی.

مۆنتانیۆ:

تۆ لە کەناری دەریاکەوە چی
ئەرێ دەبینی؟

یەکەم خانەدان:

هەر هیچ نابینم؛ زریان شەپۆلی
بەگوژمی سەیری ورووژاندووە.
چارۆکەیەکی کەشتی نابینم
لە نێوان بانی دەریا و ئاسماندا[١].

مۆنتانیۆ:

لام وایە زریان، لەسەر زەمیندا،
هەندە بەتین و بڵندە دەنگی؛

---

١. بانی دەریا؛ سەر ڕووی دەریا.

قەت رووی نەدواه سەنگەرەکانمان
بە زریانێکی
بەهێزتر لەمە، لەریبووبنەوە.
گەر لە "دەریا"شدا، ئاوابێت گوژمی،
کەشتییەک هەیە، جمژگەکانی[1]
بەرگەی شەپۆلی ئاوا مەزنی
بالآ شاخ بگرن؟[2]
ئایا ئەنجامی ئەمە چی دەبێت؟
دووەم خانەدان:
کەشتییەکانی تورک، هەر وێران دەبن. ٢,١,١٠
گەر رابوەستی
لەسەر کەناری دەریای کەفاوی[3]،
یەکسەر دەبینی
شەپۆلی شێتبووی، بەربووەتە گیانی[4]
هەورەکان و توند،
بە روومەتیاندا، چەپۆک دەکێشێت.
دەریای شڵەقاو، هەر لەوەدەچێت،
بە "توانا"یەکی گەورە و دڕەوە[5]،
ئاو بپرژێنێت بە رووی ئاگرینی
ورچی گچکدا و گڕ و ئاگری[6]

١. جمژگە؛ جمگە، ئەنجامە.
٢. بالآ شاخ؛ بالآی هەندەی شاخێک بەرزە.
٣. کەفاوی؛ زریان، دەریاکەی ئەوەندە شڵەقاندووە، کەفی گرتووە.
٤. شەپۆلی شێتبوو؛ شەپۆلەکان بەهۆی ئازار چەشتنیان بەدەست زریانەکەوە، شێت بوون.
٥. یارا؛ گۆ، توانا.
٦. ئاگرین؛ لە ئاگر پێکهاتووە. ورچی گچکە (The Little Bear)؛ الدب الصغیر. دوو لە ئەستێرەکانی زیاتر لەوانەی تری دەدرەوشێنەوە، پێیان دەڵێن ئێشکگری ئەستێرەی قوتبی.

ئەو دوو ئێشکگرەی
ئەستێرەی قوتبی، دابمرکێنێت.
هەرگیز قەت رۆژێک،
بەسەر دەریاوە، زریانی ئاوا
پڕگوژم و دڕم من نەبینیوە.
مۆنتانیۆ:
تورک، کەشتییەکانیان،
لە بەندەرێکدا، یان کەنداوێکدا
گەر تاکو ئێستا نەپاراستبێت،
دەبێت خنکابن؛ قەت، بە هیچ جۆرێک،
بەرگەی زریانی وا بەهێز ناگرن.
سێیەم خانەدان:
خانەدانەکان، هەواڵم پێیە؛ ٢,١,٢٠
جەنگ بڕایەوە.
زریانی سامناک، وا تورکەکانی
دیارە کوتاوە، هەرچی پیلانیان
هەبووە، گشتی لەناو براوە.
ئا، کەشتییەکی "ڤێنێس"ی خۆمان،
باش بە ڕەوانی،
کەشتییەکانیانی، بەدی کردووە؛
زۆربەی، سەرانسەر، هەر کاوڵ بووە.
مۆنتانیۆ:
چۆن؟
تۆ، بڵێیت راست بێت؟
سێیەم خانەدان:
ئەوا کەشتییەک، وەستاوە لێرە.

"ڤیرۆنا"ییەکە.[1]
میخائیل کاسسیۆی،
یاریدەدەری "موور"ی جوامێری
هێناوەتەوە.
بەڵام، ئۆتێللۆ، خۆی هێشتا لەوێ،
بەسەر "دەریا"وە، هەر ماوەتەوە؛
بە رێگاوەیە، بەرەو قوبروس دێت.

مۆنتانیۆ:
ئەوەم پێ خۆشە،
پارێزگەرێکی، هێژا و پسپۆڕە.[2]

سێیەم خانەدان:
بەڵام کاسسیۆ، خۆی،
هەرچەندە ئێمە دڵنیا دەکا،
لەبارەی هێزی شکاوی تورکی،
بەڵام دیمەنی نیگەران دیارە،
بۆ سەلامەتی موور و لە خودا،
دەپاڕێتەوە و نزای بۆ دەکا؛
گەرداوێکی زۆر بە گوژم و توانا،
جیای کردنەوە.

مۆنتانیۆ:
خوا بیپارێزێت.
من لە ژێر دەست و سەرۆکایەتی
ئەودا سەربازی و کارم کردووە.
ئای ، ئای، بەڕاستی سەرۆک سوپایە.

---

١. ڤیرۆنا؛ ناوی شارێکە لە ئیتاڵیا. ڤیرۆنی؛ واتە هی شاری ڤیرۆنا.
٢. مەبەستی لە "ئۆتێللۆ"یە.

وە سەربازێکی ئازا و وریایە.
دەی با بڕۆینە کەنار ئاوەکە.
هەم ئێمە سەیری
ئەو کەشتییەی کە هاتووە دەکەین،
هەم چاوی خۆمان
دەبڕینە دوور، راست بۆ ئەوپەڕی
دەریا، کە شینی هەوا و ئاوەکە،
دەگەنە یەکتری
تا بۆ "ئۆتێللۆ"ی جوامێر بگەڕێین.
سێیەم خانەدان:
دە دەی با بڕۆین، بچین بڕوانین. ٢,١,٤٠
هەموو خولەکێک ئێمە بە تەمای
گەیشتنی کەشتی و هەواڵی ترین. (کاسسیۆ دێت)
کاسسیۆ:
سوپاستان دەکەم هەی ئازاکانی
ئەم دوورگە جوانە جوامێرەی هەردەم
کە لایەنگری ئۆتێللۆ بووە.
خوا بیپارێزێت رەببی لە دژی
بەدکاری سروشت.
من لەگەڵیدا، پێوەندییەکانم،
لەو کاتەی دەریا سەرجەم دەکولا و
مەترسی زۆر بوو، گشتیان پچڕان.
مۆنتانیۆ:
کەشتییەکەی چۆنە، تۆکمە و قایمە؟
کاسسیۆ:
سەرانسەر گشتی

لە تەختەی پتەو دروست کراوە.
لێخوڕەکەشی
پسپۆڕە و بە باش، باش ناسراوە.
من، لەبەر ئەوە، هیوای دەروونم،
هێشتا هەناسەی کەمێک تیا ماوە؛
بە دڵم دەڵێت کە نەخنکاوە،
دەگەڕێتەوە.
(لە ژوورەوە دەنگ و هاوار دێت. چوارەم خانەدان دێتە ژوورەوە)
ئەرێ ئەو هەرا و دەنگە چییە دێت؟
چوارەم خانەدان:
شارەکە گشتی چۆڵ بووە و چووە
بۆ سەر کەناری دەریا و لەوێوە
قیژەقیژیان دێت؛
"چارۆکە دیارە، چارۆکە دیارە."
کاسسیۆ:
دەی خوایە ئەو بێت؛ سەرۆکەکەمان.
دووەم خانەدان:
ئەوەتا تۆپی دۆستایەتییان،
زرمەی لێ هەڵسا.
هیچ نەبێت کەشتیی دۆستە، نەک دوژمن[1].
کاسسیۆ:
تکات لێ دەکەم، بڕۆ بزانە
کێیە و راستیمان پێ بگەیێنە.
دووەم خانەدان:

---

۰۱ کەشتیی دۆست، کە لە شارێک نزیک دەبێتەوە، لە باتیی سەلامکردن، تۆپێک دەتەقێنێت. بۆ ئەوەی خەڵکی شارەکە بزانن کە ئەم کەشتییەی لێیانەوە دیارە، هی دوژمن نییە.

ئەوا من رۆشتم.

مۆنتانیۆ:

یاریدەدەری بەڕێز، پێم بڵێ؛
ژەنەڕاڵەکەت ژنی هێناوە؟

کاسسیۆ:

بەڵام چۆن ژنێک! ئای کە بەختیارە؛
" کەنیشکە"یەکی ئاوای هێناوە[١]؛
ئەوەندە جوانە، رادەی جوانییەتیی،
لەوەدا نییە؛ چەند فراوان بێت
مەودای خەیاڵی شاعیر، ناتوانێت
کچێکی جوانی وا دروست بکات. (دووەم خانەدان دێتە ژوورەوە)
ئەوە کێی تر گەیشت؟

دووەم خانەدان:

یەکێکە ناوی "ئیاگۆ"یە، گەیشت،
ئاڵا هەڵگری
"ژەنەڕاڵ"ە زۆر ئازاکەمانە.

کاسسیۆ:

باشە کە توانی وا خێرا بگا!
زریان و گوژمی شەپۆلی دەریا و
ناڵە و گریانی با و گێژەڵووکە و
تەلەبەردانی
نووک تیژ و لمی کۆمەڵ کۆمەڵبوو،
ئەمانە هەموو، ئەم ناکەسانە،
خۆیان راست لەژێر ئاوەکانیدا[٢]،

١. کەنیشکە؛ ئەو کچەی کە هێشتا پێوەندیی لەگەڵ پیاودا نەبووە.

٢. ئاوەکانی دەریاکە.

شاردووەتەوە تا، هێرش بەرنە
سەر ئەو تەختە بێ تاوانانەی کە
راست لەژێر بنی کەشتییەکەیدایە.
بەڵام،
لەبەرئەوەی کە، هێشتاکە هەست بە
جوانییەتی دەکەن[1]؛
وازیان لە رەوتی سروشتیی خۆیان
هێناوە تاکو، بەسەلامەتی،
ئەم دێزدێمۆنا
پیرۆزە بڕوا و بگەڕێتەوە.
مۆنتانیۆ:
بۆچی ئەو کێیە؟
کاسسیۆ:
"دێزدێمۆنا" کەی ئێستا باسم کرد،
سەرۆکی سەرۆک سوپاکانمانە.
ئۆتێللۆ ئەوی بە "ئیاگۆ"ی ئازا-
ئەوەی ئێستا گەیشت،
حەوت شەو پێش ئەوەی چاوەڕوان کرێت-
راسپارد و خۆی رۆیشت بۆ جەنگەکە.
ئەی "جۆڤ"ی مەزن، خۆت ئاگاداری[2]
ئۆتێللۆ ببە و چارۆکەکانی
بئاوسێنە بە فوو و هەناسەی
پڕ دەسەڵاتت.
هەتاکو بەڵکو ئەم کەنداوەمان

---

١. مەبەستی لە زریان و شەپۆل و گێژەڵووکە و ئەو شتانەیە؛ تاکو ئەوانیش، هەست بە جوانێتیی دێزدێمۆنا دەکەن و حەز دەکەن بیپارێزن.
٢. جۆڤ؛ جوپیتەر، گەورەی خواوەندەکانە، بەپێی ئەفسانەی رۆمانی.

بۆ پیرۆز بکا بە باڵای بەرزی
کەشتییەکەی و زوو
بگەڕێتەوە بۆ ناو باوەشی ٢,١,٨٠
دێزدێمۆنا" کەی.
سەرلەنوێ ئاگر، دابگیرسێنە
لە نێوان دڵی
کوژاومانەوە و ئاسوودە بێنە
بۆ هەموو قوبروس.
(دێزدێمۆنا و ئەمیلیا و ئیاگۆ و رۆدێریگۆ و یاوەرەکانیان دەردەکەون)
ئای، ئای، بڕوانن
گەوهەرەکانی کەشتییەکە ئەوا
هاتنە خوارەوە. (روو دەکاتە ئەوانەی لە دەوریان کۆبوونەتەوە)
دەی پیاوەکانی قوبروس، دەستبەجێ
لەسەر ئەژنۆتان، بنوشتێنەوە؛ (روو دەکاتە دێزدێمۆنا)
خاتوونەکەمان بەخێربێیتەوە.
دروودی گەردوون پاسەوانتان بێ.
دێزدێمۆنا:
گەلێک سوپاسی جەنابت دەکەم.
ئەی " کاسسیۆ"ی جوامێر
هیچ هەواڵێکی
میرانەکەی من، ئایا دەزانی
تاکو پێم بڵێیت؟
کاسسیۆ:
هێشتا جەنابی نە هاتووەتەوە.
هیچ هەواڵێکی ئەو من نازانم،
هەر جگە لەوەی کە باشە و دڵم

پێم دەڵێ، زۆری
پێ ناچێ تاکو دەگەڕێتەوە ٢,١,٩٠
دێزدێمۆنا:
بەڵام، دەترسم.....
چۆن لە یەکتری وا جیا بووینەوە؟
کاسسیۆ:
ئەم دووبەرەکییە گەورەیەی ئاوا
کەوتووەتە نێوان دەریا و ئاسماندا،
ڕێگەی ئێمەیان لە یەکتر بڕی.
(لە ژوورەوە دەنگ دێت؛ چارۆکە دیارە، چارۆکە دیارە. ئەوا زرمەی تۆپ)
گوێ بگرە دەڵێن؛ چارۆکە دیارە.
دووەم خانەدان:
ئەوا سڵاو و هێمای دۆستێتی،
بۆ شوورەکانی ئێمە دەنێرن؛
ئەمەشیان کەشتی
دۆستە، نەک دوژمن.
کاسسیۆ:
ئا بزانە کێن؟ (خانەدانەکە دەڕوات. کاسسیۆ روو دەکاتە ئیاگۆ)
ئالا هەڵگری جوامێر و ئازا،
دەک بەخێرهاتی. (ئەمجا روو دەکاتە ئەمیلیا)
خاتوونە ئەتۆش، دەک بەخێرهاتی.
"ئیاگۆ"ی هێژا، ها، تووڕە نەبی؛ (ئەمیلیا ماچ دەکات)
پەروەردەی کۆنی خۆم وام لێ دەکا[1]
ئاوا بەگەرمی، بەخێرهاتنی
هەمووتان بکەم.

---

١. تووڕە مەبە لێم کە من ئەوەندە بە گەرمی پێشوازیی ژنەکەت دەکەم. هیچ مەبەستێکی ناڕەوام، لەمەدا نییە. من وا پەروەردە کراوم.

ئیاگۆ:

گەورەی بەڕێزم، لە لێوەکانی، ٢,١,١٠٠
ئەگەر ئەوەندەی
بدایە بە تۆ، هەندەی زمانی
بە منی دەدا،
دەمێک بوو ئێستا،
تۆ لێی تێر بووبوویت.

دێزدێمۆنا:

داخی گرانم،
کوا؟
خۆ ئەو هەر نادوێت!

ئیاگۆ:

بەڕاستی گەلێک،
هەر گەلێک دەدوێت.
وە هەموو جارێک
ئەو کاتەی کە من ماندووم، دەمەوێت
سەر دابنێمەوە و خەوم لێ کەوێت.
بە مەریەم، تەنیا
هەر لەبەر دەمی، خاتوونە، تۆدا،
لە دڵی خۆیدا زمانی زۆر دووی،
دەشارێتەوە و لە دڵی خۆیدا،
دەدوێت لە دژم.

ئەمیلیا:

تۆ هیچ هۆیەکت نییە وا بڵێیت.

ئیاگۆ:

دە دەی، دەی ئێوە

کە لە دەرەوەن، لە وێنە دەچن[١].
لە ماڵیشەوە، وەک زەنگۆڵە وان.
لە چێشتخانەشدا، پشیلەی هارن،
کە "راو"یش دەکەن[٢]،
وەکو پیرۆزێک، خۆتان دەنوێنن. ٢,١,١١٠
تووڕە بکرێن، دەبن بە شەیتان.
ئەرکی خانەخوێ دەکەن بە یاری،
لە ناو "نوێن"یشدا، خانەخوێی راستین.

دێزدێمۆنا:

دەک خوا بتگرێت، کە بوختانکەری.

ئیاگۆ:

راستییەکەی دەڵێم، گەر راستی نەڵێم،
رەببی بە کافر من دابنرێم.
لە جێ هەڵدەسن، بۆ یاریکردن[٣]
بۆ کارکردنیش، بۆ جێگا دەچن.

ئەمیلیا:

من بەتەما نیم
تۆ شتی باشم لەسەر بنووسی[٤].

ئیاگۆ:

بەتەما نەبی!

دێزدێمۆنا:

ئەگەر لەبارەم،
بنووسی ئایا، تۆ چی دەنووسی؟

---

١. بە سووراو و سپیاو خۆتان دەڕازێننەوە و کەمدوون؛ وەکو وێنە وان.
٢. کە بەشوێن مێرددا دەگەڕێن.
٣. یاریکردن؛ تەمسیلکردن. خۆیان بە جۆرێک دەنوێنن، وەکو ئیش بکەن.
٤. من بەتەما نیم تۆ بەباش وەسفی من بکەیت.

ئیاگۆ:

ئاخر خاتوونی نەرم و ناسکم،
بە پرسیاری وا، شەرمەزار دەبم،
من رەخنەگرم، رەخنەگر نەبم
هیچی تر نابم.

دێزدێمۆنا:

دە هەوڵێک بدە.[1]
کەس چووە ئەرێ بۆ بەندەرەکە؟

ئیاگۆ:

خاتوونە، بەڵێ. ٢,١,١٢٠

دێزدێمۆنا:

ئەوەندە شاد نیم،
ئەوەندەی من خۆم بە شاد دەنوێنم؛
خەفەت و هەستی راستی دەروونم،
دەشارمەوە. (روو دەکاتە ئیاگۆ)
ها، لەبارەی منەوە، تۆ چی دەنووسی؟

ئیاگۆ:

ئێستا بیرێکی لێ دەکەمەوە.
بەڵام بەڕاستی، داهێنراوی
خۆم، من لە سەری
خۆم دەکەمەوە
وەک دەمووکانە لە جلی خوری؛[2]
مەژی و زۆر شتی[3]
تری لەگەڵدا، لێ دەکەمەوە.

---

١. هەوڵێک بدە وەسفی من بکەیت.
٢. ئەوەی کە من دایدەهێنم، ئەوا بەئاسانی ناتوانم لە مێشکی خۆمی (وەکو بەری درەخت) بکەمەوە.
٣. مەژی؛ مێشک.

بەڵام وا پەریی فەن و هونەرم
ڕەنجێکی زۆری کێشا و ئا ئەمەی،
لە دەم دەرپەڕی؛
ئەگەر ژنێکی جوان و دانابێت؛[١]
یان جوانی و مەژی؛
یەکەمیان، بەکار هەردەم دەهێنرێت.
ئەوەکەی تریان، بەکاری دەهێنێت[٢].

دێزدێمۆنا:

جوانت دەربڕی.
ئەی ئەگەر هات و ڕەش و دانا بێت؟[٣] ٢,١,١٣٠

ئیاگۆ:

ڕەش بێ و دانابێت،
سپییەک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە[٤]
لەگەڵ ڕەشییەکەی سەرپاک تەبا بێت.[٥]

دێزدێمۆنا:

لە خراپەوە، خراپتر دەڵێت.[٦]

---

١. وشەی (fair) بە ئینگلیزی دوو مانای هەیە؛ "جوان" و " قژ زەرد". ئیاگۆ بەمەبەستی جوان وەڵامی دەداتەوە.

٢. جوانێتی، هەر بۆ ئەوە باشە کە بەکار بهێنرێت (پیشان بدرێت). بەڵام مێشک (مەژی) ئەو جوانییە بەکار دەهێنێت بۆ سوود لێ وەرگرتن.

٣. ڕەش؛ قژ ڕەش. دێزدێمۆنا وا وەڵامی دەداتەوە وەکو ئیاگۆ مەبەستی لە قژ زەرد بووبێت. دێزدێمۆنا قژ زەردە. بەڵام ئەمیلیا، ژنەکەی ئیاگۆ، قژ ڕەشە.

٤. وشەی (وایت) بە ئینگلیزی بە دوو جۆر دەنووسرێت (white) واتە سپی. وە (wight) واتە کەس. کە دەڵێت سپییەک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، واتە کەسێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.
لێرەدا ئیاگۆ، وەکو پسپۆڕیی خۆی بنوێنێت لە بەکارهێنانی وشەی دوو مانادا وایە.

٥. سەرپاک؛ سەرجەم، بەتەواوی.

٦. لێرەدا کە دەڵێت خراپ، مەبەستی لە بەد نییە. مەبەستی لە داناییە. لە وەڵامدانێکی داناوە بۆ وەڵامێکی داناتر دەچێت. لای خۆشمان کە دەڵێن دانایەکی خراپە؛ واتە گەلێک دانایە.

ئەمیلیا:

باشە، ئەی ئەگەر
جوان و کەودەن بێت؟

ئیاگۆ:

هەتاکو ئێستا، قەت رووی نەداوە؛
ژن، جوان بووبێت و کەودەن دەرچووبێت،
چونکە کەودەنیی، هەمیشە دەبێت
بە هۆی ئەوەی کە
نەوە لە دوای خۆی بەجێ بهێڵێت.[١]

دێزدێمۆنا:

ئەمانەی دەیڵێی هەموویان وتەی
کۆن و بێ واتەن؛
مرۆڤی ریژگاو، لە مەیخانەدا،
دەخەنە خەنین.
چ وتەیەکی سووک و ناشیرین
دەڵێت بە ژنی کرێت و کەودەن؟[٢]

ئیاگۆ:

ژن نییە هەندە کرێت بێ و هەندە
گەلحۆ و کەودەن بێت، کە بەزە نەکا ٢,١,١٤٠
وەک گشت ژنێکی دڵبەر و دانا.

دێزدێمۆنا:

ئای کە نەفامی!
تۆ ستایشی کردەوە و کاری
ناقۆلا دەکەیت.

---

١. کە بێ مێشکی دەکات، سکی پڕ دەبێت و نەوە لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێت. ئەنجامی کەودەنییەکەی ئەو شتێکی باشە.

٢. کرێت؛ ناشیرین.

بەڵام ئەرێ چۆن تۆ ستایشی
ژنێک هێژابێت بەڕاستی، دەکەی؟
یەکێک وا باش بێت، تەنانەت ئاژر،
ئاژر، ئاژر خۆی[1] ،
ستایشی کا و مستەحەقی بێت؟

ئیاگۆ:

ئەو ئافرەتەی کە جوان و ناسکە
بەڵام قەت بەوە ناکات شانازی و
هەردەم زمانی، کاتی پێویستی
بەکار دەهێنێت.
بەڵام قەت دەنگی خۆی بەرز ناکا.
کەم نییە زێڕی، بەڵام قەت جلی
وا لەبەر ناکا، خۆی تیا بنوێنێت.
ئارەزووی دڵی لەناو دەروونی
خۆیدا رادەگرێت، تاکو کاتی دێت.
هەر ئەوسا دەڵێت؛
ئێستا کاتێتی.
گەر ناڕەوایی لەگەڵ بکرێ
دەتوانێت مافی خۆی بکاتەوە،
بەڵام زوو بەسەر خەفەتی دڵی
خۆیدا زاڵ دەبێ و
ئاژنینەکانی دادەمرکێنێت.
ئەو ئافرەتەی کە
هەرگیز قەت رۆژێک
هەندە دانایی زۆر لاواز نابێت،

---

١. ئاژر؛ رق، قین.

تا کلکی ماسیی سالمۆن بە سەری
کۆد لە بازاڕدا بگۆڕێتەوە.[١]
ئەو ئافرەتەی کە بیر دەکاتەوە و
نهێنی دڵی خۆی بە کەس ناڵێت،
دەبینێت کە چۆن عاشقەکانی،
بە دوایەوە دێن
بەڵام ئاوڕیان لێ ناداتەوە.
ئا ئەوە ژنە،
ئەگەر ژنی وا هەبێ و دەستکەوێت.

دێزدێمۆنا:

دەتەوێ چی بکات؟

ئیاکۆ:

شیر بە مناڵی خۆی بدا و باسی
کاروباری ماڵ بگێڕێتەوە.

دێزدێمۆنا:

چەند وەڵامێکی شەل و لاوازە!
ئەمیلیا، ئەمە، هەرچەند مێردتە،
بەڵام قەت شتی لێوە فێرنەبی،
کاسسیۆ، دەڵێیت چی، مامۆستایەکی
زۆر ناپیرۆز و بازاڕی نییە؟

کاسسیۆ:

ئەوەی کە لەناو دەروونیایەتی،
خاتوونە دەیڵێت.
لام وایە زیاتر ئەتۆ پەسەندی

١. سالمۆن جۆرە ماسییەکە. جاران بە ماسییە هەرە نایاب و گرانەکان دادەنرا. وە ناوچەی کلکەکەی بەخۆشترین پارچەی دادەنرا. کۆد بەجۆرە ماسییەکی هەرزان و ناخۆش دادەنرا و سەرەکەی بە کەڵکی هیچ نەدەهات.

وتارەکانی دەکەیت گەر باسی
سەربازی بکات.
ئیاگۆ: (لەبەر خۆیەوە)
ئای، دەستی دەگرێت؛
دە دەی، ئافەرین،
بە گوێچکەکانیدا بچرپێنە،
من بە تۆڕێکی ئەوەندە گچکە،
ئەوا مێشێکی ئەوەندە گەورە،
وەک کاسسیۆ، دەگرم.
(دەیانبینێت چەند بە روویەکی خۆشەوە لەگەڵ یەکتریدا دەدوێن و پێ دەکەنن)
دەی لە گەڵیدا، هەر پێ بکەنە،
بە رواندنی چاوی پەرۆش و
دیمەی شەیداتان،
بەندتان دەکەم و هەردووکتان دەگرم–
راستییەکەیم گوت، وایە وەک دەڵێم[1]
بەم فێڵکردنەم گەر راوت بنێم
لە یاریدەدەریی،
باشتر دەبوو بۆت سێ پەنجەکانی
خۆت هەندە زوو زوو ماچ نەکردایە[2].
(دیسانەوە دەیبینێت پەنجەکانی دەستی خۆی ماچ دەکات)
هەم دیسانەوە[3]. ٢,١,١٧٠
دیارە، باش دیارە، کە نیازی وایە
بە خانەدان و نیان لێرەدا،

١. ئەو گومانەی دەمکرد کە ئەم دووانە کەوتوونەتە ئەڤینی یەکترییەوە، راستە، وەکو من گوتم.
٢. پەنجەی دەست ماچکردن، لەلایەن خاوەن ماڵەوە، ئاماژەی پێشوازییەکی زۆر گەرموگوڕە.
٣. هەم دیسانەو پەنجەکانی خۆی ماچ دەکات.

خۆی بۆ بنوێنێت. باشە ئافەرین؛
ماچیان بکە دەی. دەی خۆت بنوێنە.
وەک دەڵێم وایە. ئای، دیسانەوە،
پەنجەکانی خۆت، بۆ لێوت دەبەی؟
خۆزگە ئەو سیانە، هەرسێکیان لوولەی
دەستوور دەبوون بۆت.[1] (دەنگی بلوێر دێت)
ئەوە بلوێری
"موور"ەکەیە من، دەیناسمەوە.

کاسسیۆ:

راستە، هی ئەوە.

دێزدێمۆنا:

با بەپیرییەوە برۆین پێشوازیی
گەرمی لێ بکەین.

کاسسیۆ:

سەیربکەن، وا هات. (ئۆتێللۆ خۆی و یاوەرەکانی دێنە ژوورەوە. دێزدێمۆنا دەبینێت)

ئۆتێللۆ:

ئای، ئای، سەربازە ناسکە جوانەکەم![2]

دیزدێمۆنا:

ئاه، خۆشەویستی دڵم، ئۆتێللۆ.

ئۆتێللۆ:

کە لەبەر چاوی خۆمدا دەتبینم،
ئەوەندەی شادی دێتە ناو دڵم
ئەوەندەش سەرم لەمە دەسوڕمێت[3].

---

١. دەستوور؛ ئێماڵە، شاف، حۆقنە.
٢. وا بە دێزدێمۆنا دەڵێت، چونکە لەگەڵ سەربازەکاندا دەیبینێت.
٣. سەری سوڕماوە چونکە بەتەما نەبوو لەوێدا بیبینێت.

ئاخ،
شادمانی گیانم.
گەر لە دوای هەموو گەرداوێکی سەخت،
هێمنی ئاوا چاوەڕوانم بێت،
ڕەببی ڕەشەبا، هەڵبدا و تینی
قەت دانەمرکێت
هەتاکو مردن لە خەو هەڵدەستێ و
کەشتی خەباتکەر، بەسەر چیای بەرز،
وەکو ئۆلیمپەس[1]،
لە دەریاکاندا،
سەردەکەوێت و دەتلێتەوە
بۆ خوارەوە تا
دەگاتە بنجی توونی جەهەنەم[2].
ئێستا باشترین کاتە کە بمرم؛
چونکە دەترسم، قەت ئیتر گیانم،
بۆی هەڵنەکەوێت،
شادمانییەکی ئاوا ببینێت،
لەم ژیانەی کە
تیای نییە کەسێک،
لە چارەنووسی شتێک بزانێت.
دێزدێمۆنا:
ڕەببی، خوانەکات.
بەڵام شەیدایی و خۆشەویستیمان،
ڕەببی خوابکات،

---

١. ئۆلیمپەس؛ ناوی شاخێکی بەرزە لە یۆنان. بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، خواوەندەکان لەوێدا دەژیان.
٢. جاران وایان دەزانی جەهەننەم لەبن زەمیندایە.

ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر
بگەشێتەوە و خونچە دەربکات.
ئۆتێللۆ:
ئامین، سەد ئامین، ڕەببی ئاوابێت. ٢,١,١٩٠
ئیتر ناتوانم
بدوێم لەبارەی شادمانیی دڵم؛
ئەوەندە زۆرە، زمان و زارم
پەکیان کەوتووە. (ماچێکی دەکات)
دەی خوایە ئەمە و (باوەشی پیادا دەکات)
ئا ئەمە بن
بە گەورەترین جیاوازی نێوان
ئەم دوو دڵەمان.
ئیاگۆ: (لەبەر خۆیەوە)
ئاوازەکانتان،
هاوسازن لەگەڵ نەوای یەکتری[١].
دە بە شەرەفم،
کلیلەکانی ئەوزارەکانتان،
خاو دەکەمەوە و ناسازیان دەکەم[٢].
ئۆتێللۆ:
دەی وەرە بڕۆین بۆ ناو قەڵاکە.
ئاخ، دۆستەکانم خۆ من هەواڵی
باشم پێ هەیە؛ وا جەنگ، کۆتایی
هات و تورکەکان هەموویان خنکان.
هاوڕێیەکانی ئەم دوورگەیەمان،

١. نەوا؛ لەحن.
٢. ئیاگۆ، لەبەر خۆیەوە، لەگەڵ ئۆتێللۆ و دێزدێمۆنا دەدوێت وەکو دوو ئاوزاری مۆسیقا بن. ئەگەر کلیلەکانی "ژێ"یەکانیان (وەتەرەکانیان) خاو بکاتەوە، ئیتر دەنگیان ناساز دەبێت.

ئایا چۆنن، چۆن؟ (ڕوو دەکاتە دێزدێمۆنا)
هەنگوینەکەم تۆ، دەبێت بزانی
کە لە قوبروسدا،
میوانێکی زۆر پەسەندکراوی؛
لە نێوانیاندا، من گەلێک دۆستی
باش و بەنرخم دۆزیوەتەوە.
ئاخ، شیرینەکەم، هەر چەنەبازی
دەکەم و باسی کەیف و شادمانی
خۆم لێرە دەکەم. (ڕوو دەکاتە ئیاگۆ)
ئەرێ ئیاگۆ، کوڕی باش بڕۆ،
بۆ سەر کەشتییەکە،
تکات لێ دەکەم،
جانتاکانمی لێوە دابگرە.
لەگەڵ خۆشتدا تۆ " کاپتن"ەکە
بهێنە و وەرە ڕاست بۆ قەڵاکە.
پیاوێکی چاکە،
هێژای سەنگینی شایەنی ڕێزە.
ئاە، دێزدێمۆنا،
من دیسانەوە، دووبارەی دەکەم؛
ئای کە پێم خۆشە،
کە لە "قوبروس"دا تۆ لەگەڵمدایت.
(هەموویان دەڕۆن هەر ئیاگۆ و ڕۆدێریگۆ دەمێننەوە)
ئیاگۆ: (ڕوو دەکاتە سەربازێک)
ڕاستەوخۆ بڕۆ
بۆ گوێی ئاوەکە و چاوەڕوانم کە. (ئینجا ڕوو دەکاتە ڕۆدێریگۆ)
وەرە بۆ ئێرە. ئەگەر تۆ ئازایت
– بیستوومە پیاوی

ساکار کە ئەڤین، دڵی دادەگرێت،
زیاد لە ئاسایی خانەدان دەبێت–
گوێ لە من بگرە؛
یاریدەدەرەکە، لەگەڵ ئێشکگری[1]
کۆشکەکە ئەمشەو پاسەوان دەبێت.
پێش ئەوە دەبێت تێت بگەیێنم،
کە دێزدێمۆنا،
هەر گەلێک گەلێک ئەوی خۆش دەوێت[2].

رۆدێریگۆ

ئەوی خۆش دەوێت؟ قەت باوەڕناکەم.

ئیاگۆ

تۆ پەنچەت لەسەر لێوت دابنێ و
گوێ لە من بگرە[3].
تۆ هەر بڕوانە،
بە چ گوژمێکی پڕ بە سۆزەوە
شەیدای ئەم "موور"ە لە پڕێکدا بوو[4].
دیارە تەنیا بۆ
خۆهەڵکێشان و چەنەبازییەکەی
کە بۆیی دەیکرد
لەبارەی توانا و زاتی بوێری.
خۆشەویستییەکەی ئایا قەت دەبێت[5]
هەر بەردەوام بێت

---

١. مەبەستی لە "کاسسیۆ"یە. کاسسیۆ، یاریدەدەری "ئۆتێللۆ"یە.
٢. ئەو؛ مەبەستی لە "کاسسیۆ"یە.
٣. وستبە و دەنگ مەکە، گوێ لە من بگرە.
٤. مەبەستی لە دێزدێمۆنایە.
٥. خۆشەویستییەکەی دێزدێمۆنا بۆ ئۆتێللۆ.

بۆ وتەی پووت و فیشاڵەکانی؟
بەردەوام نابێت، دەبێت بزانی؛
چاوی تێر دەبێت
لێی، هەر تێر دەبێت.
ئیتر دوای ئەوە، ٢,١,٢٢٠
چ شادمانییەک دەچێتە دڵی
بە سەیرکردنی شەیتانێکی وا؟[١]
کە خوێن ئاگری، نەختە بە نەختە،
بە جووتبوون لەگەڵ ئا ئەو پیرەدا[٢]،
سارددەبێتەوە یان دادەمرکێت،
بۆ ئەوەی دیسان سەرلەنوێ خوێنی
ئاگری کڵپەی لێ هەڵسێتەوە،
گەنجێکی دەوێت وەکو خۆی شۆخ بێت؛
رەوت و تەمەنی لە هی خۆی بچێت.
ئەم "موور"ە هیچ لەم
پێویستییانەی ژیانی نییە.
لەبەرئەوە، کە
هەستی ناسکی، دەبینێت گزیی[٣]
وای لێ کراوە، هەر یەکسەر، بێزی
لێ دەکاتەوە.
ئیتر زۆر رقی لێ هەڵدەستێت و
ئەڤینی بۆ ئەو، لە دڵدا دەمرێت.
بەڵام سروشتی زیندووی، دەستبەجێ،

---

١. دڵی؛ دڵی دێزدێمۆنا. شەیتانێکی وا؛ مەبەستی لە "ئۆتێللۆ"یە. رەنگی پێستی شەیتان، گوایە رەشە.

٢. بە چوونە جێگە لەگەڵ "ئۆتێللۆ"دا.

٣. هەستی ناسک؛ هەستکردن بە دڵداری. هەستی ناسکی دێزدێمۆنا.

لێی دەخوازێت و دەپاڕێتەوە،
تا ناچار دەبێت،
یەکێکی تری بۆ بدۆزێتەوە.
دە ئێستا، بەگم، گەر وا دەربچێت،
هەر واش دەردەچێت،
کێ لەو هەڵوێستە باشەدایە کە،
دڵی عاشقی، چاوی تێ بڕێت[1]،
جگە لە کاسسیۆ؟
کە ناکەسێکی زمان شیرینە و
ئاژنینی ویژدان، ڕێگەی لێ ناگرێت[2]،
کە لەبەر چاوی خەڵکدا ڕەوشتی
خۆی بە خانەدان
دەنوێنێ و پیسیی دڵی چڵێسی
ئاڵۆشاوی خۆی، دەشارێتەوە.
ئاخ، داماوێکە بۆ شانس دەگەڕێت.
گەر "شانس"یش نەبێت، دروستی دەکات.
زۆر هەلپەرستە.
ناکەسە، ڕەوتی شەیتانی هەیە.
بەڵام داخەکەم، ئا ئەم ناکەسە،
گەنجێکی جوان و قۆز و کەشخەیە.
ئەو سفەتانە، سەرنجی ژنی
پێنەگەیشتووی گەنج،
رادەکێشێ و ئەم، گشتیانی هەیە.
هەر ناکەسێکی پیسی تەواوە.
ژنەکە چاوی[3]

١. دڵی عاشقی دێزدێمۆنا.
٢. ئاژنین؛ ئاژن.
٣. ژنەکە؛ مەبەستی لە "دێزدێمۆنا"یە.

خۆی، تێ بڕیوە و بەتەمایەتی.

ڕۆدێریگۆ:

قەت باوەڕناکەم ئەوی خۆش بوێت؛
هەندە پیرۆز و ڕەوا و بێ گەردە.

ئیاگۆ:

پیرۆزە، دەڵێی؟ قسەی پووت دەکەی.
ئا ئەو بادەیەی ئەو دەیخواتەوە،
وەک گشت بادەیەک، لە ئاوی ترێ دروست کراوە.
گەر پیرۆز بوایە، هەرگیز ئەو "موور"ەی
قەت خۆش نەدەویست.
ئا، شیرینییەکی خۆشە، پیرۆزە.
ئایا نەتبینی چۆن بەری دەستی
نا بە دەستییەوە؟ دیت یان نەتبینی؟

ڕۆدێریگۆ:

ئا، من ئەوەم دی.
ئاخر پێشوازی گەرم و ڕووخۆشی
جار جار پێویستی کاری وا دەکات.

ئیاگۆ:

نا، سووکێتییە. ئا بە ئەم دەستەم[۱]؛
ئەوە پێڕست و پێشەکی کورتی
چیچەڕۆکێکی حەشەری و بیری[۲]
داوێن پیسییە.
ئەو لێوانەیان، وا لەیەکتری
نزیک بوونەوە؛ هەناسەکانیان،

---

۱. گرەو لەسەر دەستی خۆی دەکات. ئەگەر وا نەبوو، ئەم دەستەم دەبڕمەوە.

۲. چیچەڕۆک؛ چیرۆک. حەشەری؛ شەهوانی، جنسی. ئەوەی دەیبینی، تەنیا پێڕست و پێشەکیی ئەو کتێبەیە.

چوونە باوەشی یەکترییەوە.
ئاخ، ڕۆدێریگۆ، بیردەکەمەوە
لە کاروباری بەد و ئاڵۆشی؛
ئەم مەیانەیە دوولاییيەی کە
ئەمن دەیبینم، ڕێ دەکاتەوە
کە زوو، گەلێک زوو،
بگەنە لووتکەی بەرزی ئارەزوو.[1]
ئاخ، ئاخ، سەروەرم،[2]
لە "ڤێنێس"ەوە، من خۆم تۆم هێنا.
تۆ لە من دەبێت ئاخر گوێ بگری؛
ئەمشەو ئێشکگری دەمەوێت بکەیت.
خۆم فەرمانێکی وات بۆ دەردەکەم.
کاسسیۆ، نات ناسێت، ٢,١,٢٦٠
خۆشم نزیکت دەبم، دوورنابم.
بیانوویەک دەبێت بدۆزیتەوە
بە جۆرێک " کاسسیۆ"ی پێ تووڕە بکەیت؛
بە دەنگێکی بەرز بدوێی لەگەڵی
یان گاڵتە بکەی
بە دەسەڵات و توانای سەربازیی،
یاخود بەو جۆرەی
لە کاتی خۆیدا بۆت ڕێک دەکەوێت.
ڕۆدێریگۆ:
باشە، زۆر باشە.

---

١. مەبەستی لە جووتبوونەوەیە.
٢. وێنای ئەوە دەکات کە خۆی بە خەیاڵی دروستی کردووە (کە چۆن کاسسیۆ لەگەڵ دێزدێمۆنادا ڕادەبوێرێت) و ڕەشکی پێ دەبات و خەفەت دەخوات.

ئیاگۆ:

بەڵام، سەروەرم، دەبێت بزانی
کە کابرایەکی
هەڵەشەیە و زوو، هەر لە ناکاودا،
تووڕە دەبێت و دەست دەوەشێنێت؛
زۆر لەوانەشە بەداردەستەکەی
هەڵبکووتێتە سەر تۆ و لێ تبدا.
ئا بەو جۆرە تۆ دەماری بگرە.
گەر ئەوە بکات، دانیشتوانی
قوبروس بە جۆرێک دەورووژێنم؛
یاخی بن دژی و
ئاسوودە ئیتر نەگەڕێتەوە ٢,١,٢٧٠
بۆ قوبروس تاکو،
کاسسیۆ، لە جێگەی خۆی لادەبرێت.
ئا بەو جۆرە تۆ،
بەگ، بە چاودێری
خۆم و پیلانی پەسەندکراوم،
ئاواتەکانی خۆت دەستگیر دەبێت.
ئەو تەگەرەیە، بە شێوازێکی
زۆر بەسوود لەسەر ڕێ لادەبرێت[١].
بێ ئەوە، ئێمە، هیورمان نابێت
ئاواتەکانمان، بهێنینە دی.

ڕۆدێریگۆ:

من ئەوە دەکەم ئەگەر بتوانی

---

١. کاسسیۆ، تەگەرەیە لەسەر ڕێی ئیاگۆ. چونکە تا ئەو لەسەر ئیشەکەی خۆی مابێت، ئیاگۆ ناتوانێت جێگەی بگرێت. "ڕۆدێریگۆ"ش، بڕوای بەوە کردووە کە دێزدێمۆنا کاسسیۆی خۆش دەوێت، لەبەر ئەوە تاکو لەوێدا مابێت، ئیاگۆ دێزدێمۆنای دەست ناکەوێت.

بەوە، شتێکمان بۆ دابین بکەیت.

ئیاگۆ:

من ئەوە بۆ تۆ مسۆگەر دەکەم.
لە قەڵاکەدا تۆ چاوەڕوانی
من بە، ئێستا دێم
من جانتاکانی دەبێت دابگرم.[1]
دەی ئیتر بڕۆ، ئەسپەردەی خوا بی.

ڕۆدێریگۆ:

ئەسپەردەی خوا بی.

ئیاگۆ:

بەوەی کە کاسسیۆ، حەزی لێ دەکات،
من بڕوایەکی تەواوم هەیە.
بەوەی کە ئەو حەز لە کاسسیۆ دەکات،
زۆر لەوانەیە؛ زۆر بە ئاسانی،
خەڵکی دەتوانێت بڕوای پێ بکات.
هەرچەندە رقم لە موورەکەیە،
بەڵام بە راستی ئەمن دەتوانم
بڵێم مێردێکی دڵسۆزە و گەلێک
سروشت شیرین و گیان خانەدانە.
هەر ئەوە رۆژێک، بۆ دێزدێمۆنا،[2]
دادەچەسپێنێت.
ئەوەی راستی بێت
خۆ منیش ئێستا ئارەزووی دەکەم؛[3]

---

١. جانتاکانی ئۆتێللۆ.
٢. ئەوە، ئەوەی کە مێردێکی باش و گیان خانەدانە.
٣. ئارەزووی دەکەم؛ ئارەزووی دێزدێمۆنا دەکەم.

بۆ سێکسی رووت نا- هەرچەندە ئەمن،
زۆر لەوانەیە کە تاوانباری
بەزەیەکی وەک ئەمە گەورە بم-
بەڵام بەشێکی هەر لەبەرئەوەی
کە تۆڵەی خۆمی لێ بسەنمەوە.[1]
چونکە لام وایە "موور"ی بە ئاڵۆش، ٢,١,٢٩٠
نوێنەکەی منی گلاو کردووە[2]
هەرچەند کە بیری لێ دەکەمەوە
وەک بووژەنێکی تاڵ و ژەهراوی،
دەروونم دەجوێت.
هیچیش ناتوانێت گڕی ناو جەرگم،
دابمرکێنێت، تاکو ژن بە ژن،
مافی خوراومی لێ نەکەمەوە.
ئەگەر نەمتوانی، دە ئەوە شەرت بێت،
هەر کە هیچ نەبێت، من "موور" بخەمە
هەڵوێستێکی وا
غیرەت دەروونی وا داڕووشێنێت،
مێشکی بشێوێ و دانایەک نەبێت
بتوانێت دەردی چارەسەر بکات[3].
دەتوانم ئەوە بهێنمەدی،
گەر ئەم هەژارە بێنرخەی ڤێنێس[4]،

١. منیش ئارەزوو دەکەم لەگەڵ دێزدێمۆنا بڕۆمە جێگە. بەڵام هەر لەبەر سێکس نا؛ هەرچەندە ئەو بەزەیەی (گوناحەی) من دەمەوێت بیکەم لەوە کەمتر گەورە نییە. بەڵام من دەمەوێت لە مێردەکەی تۆڵەی خۆم بسەنمەوە. چونکە لام وایە ئەو ئاوای لەگەڵ ژنەکەی مندا کردووە.

٢. لەگەڵ ژنەکەمدا نوستووە.

٣. وای لێ دەکەم کە وابزانێت ژنەکەی پێوەندیی سێکسیی هەیە لەگەڵ "کاسسیۆ"دا.

٤. مەبەستی لە "رۆدێریگۆ"یە. رۆدێریگۆ خەڵکی "ڤێنێس"ە.

ئەوەی رایدەگرم،
ناهێڵم راوی خۆی وا زوو بکات[١]،
بەرگەی داخوازی پیلانەکانم
بگرێت، ئەوساکە
میخائیل کاسسیۆ، وا دەشێوێنم،
لە هاوسەنگیی خۆی دەری دەهێنم[٢]
لەلای "موور"ەکە ناوی دەشکێنم– ٢,١,٣٠٠
چونکە دەزانم؛
" کاسسیۆ"ش پێوەندی سێکسی هەبووە
لەگەڵ ئەم ژنە بێناموسەمدا–
ئاوای لێ دەکەم، سوپاسم بکات،
منی خۆش بوێ و پاداشتی ئەوەم
پێ بداتەوە،
کە من کردوومە بە کەری راستی؛
هێمنی دڵیم وروژاندووە،
مێشکم تێکداوە و شێتم کردووە. (ئاماژەی سەری خۆی دەکات)
ئا لێرەدایە، ئا بەڵام جارێ
نەختێک شێواوە[٣].
دیمەی ساکاری ناکەس نابینی،
تاکو مەبەستی نەهێنێتەدی.

---

١. وەکو چۆن سەگی راو (تانجی) لە کاتی راوکردندا رادەگرن.
٢. هاوسەنگی؛ تەوازن.
٣. پیلانەکە، لە مێشکمدایە، بەڵام جارێ بەتەواوی رێکوپێک نەکراوە.

## دیمەنی ٢,٢

نوێنەرێکی ئۆتێللۆ دێتە ژوورەوە بە بڵاونامەیەکەوە

نوێنەر:

ئۆتێللۆ، ژەنەڕاڵە خانەدانە جوامێرەکەمان، پێی خۆشە
راتان بگەیێنێت، کە ئێستا، پێش تۆزێک،
چەند هەواڵێکمان پێ گەیشت لەبارەی وێرانبوونی
هەموو کەشتییەکانی تورکەکانەوە.
بەو بۆنەیەوە، با گشت یەکێکتان، خۆی بە سەرکەوتووی
تەواو بزانێت و زۆر بە سەربەستی زەماوەند بکات؛
بە هەڵپەڕکێ بێت، یان ئاگربازی. ئیتر هەر کەسێک
بەو جۆرەی دڵی ئارەزووی دەکات و گیانی پەسەندی دەکات.
چونکە سەرەڕای ئا ئەم هەواڵە باش و شادمانە،
ئێستاکە کاتی زەماوەندەکەی ژنهێنانییەتی.
خۆی وا دەخوازێت و بە زمانی خۆی ئەمەی دەربڕی.
هەموو مەیخانە و چێشتخانەکانی شارەکە بۆتان
کراونەتەوە. راببوێرن و شادمانی خۆتان دەرببڕن
هەر لە ئێستاوە، کە سەعات پێنجە،
هەتاکو سەعات یانزەی ئێوارە.
ئیتر دوای ئەوە، چوونەدەرەوە رێی نادرێتێ.
گەردوون دروودی لە دوورگەی قوبروس
بێت و دروودی ٢,٢,١٠
دەک لە "ئۆتێللۆ"ی ژەنەڕاڵمان بێت.

## دیمەنی ٣,٢

له هۆڵێکی قەڵاکەدا، له قوبروس، ئۆتێللۆ و دێزدێمۆنا و کاسسیۆ دەردەکەون

ئیاگۆ، دەزانێت، کاسسیۆ که سەرخۆش دەبێت، زۆر دەسەڵاتی بەسەر رەوشتی خۆیەوە نابێت؛ زوو دەورووژێت و دەست دەوەشێنێت. بەو مەبەستەوە ئیاگۆ هەوڵ دەدات که سەرخۆشی بکات. بۆئەوەی بەڵکو به سەرخۆشی دەست له یەکێک بوەشێنێت و یان وشەی ناشیرین بەکار بهێنێت و ئەوە ببێت به هۆی ئەوەی له ئیشەکەی دەربکرێت و خۆی جێگەکەی بگرێت. دوای ئەوەی کاسسیۆ سەرخۆش دەکات، رۆدێریگۆی بۆ دەنێرێت که به جۆرێک شەڕی پێ بفرۆشێت. دوای ئەوەی شەڕەکە روو دەدات ئۆتێللۆ ناچار دەبێت له ئیشەکەی دەری بکات.

ئۆتێللۆ:

"مایکڵ"ی بەڕێز، تۆ ئاگاداری[١]
ئێشکگرەکان به و چاوت لێیان بێت.
ئەمشەو، ئێشکگریی خۆیان به جۆرێک
فەرامۆش نەکەن؛ رابواردن، نابێت
سەلامەتیمان، له بیرباتەوە.

کاسسیۆ:

بەگم، ئیاگۆ، پێی گوتراوە
چی بکا و چی نەکات.
لەگەڵ ئەوەشدا، بێ گومان چاوم
هەر لێیان دەبێت.

ئۆتێللۆ:

ئیاگۆ، گەلێک جێگەی باوەڕە.

---

١. مایکڵ؛ مایکڵ کاسسیۆ.

دەی، مایکڵ، شەوباش.
سبەی بەیانی، هەرچەند دەتوانی،
تۆ زووتر وەرە.
چونکە دەمەوێت لەگەڵتدا بدوێم. (روو دەکاتە دێزدێمۆنا)
وەرە گیانەکەم،
میوە، کڕراوە و جوان پێگەیشتووە.
ئامادە بووە، بۆ هەردووک ئێمە،
بو سوود و لەزەت لێ وەرگرتنی،[1]
(روو دەکاتە کاسسیۆ) ٢,٣,١٠
کاسسیۆ، شەوت باش. (ئۆتێللۆ و دێزدێمۆنا دەڕۆن. ئیاگۆ دێت)
کاسسیۆ:
دەک بەخێر هاتی. ئیاگۆ، دەبێت
بۆ سەرلێدانی ئێشکگرەکان بچین.
ئیاگۆ:
ئا، یاریدەدەر، زووە، ئێستا نا.
سەعات نەبووە هێشتاکە بە دە.
ژەنەڕاڵەکەی
ئێمە، زوو وازی لە ئێمە هێنا،
لەبەر خاتری
خۆشەویستییەکەی بۆ دێزدێمۆنا.
بەڵام گلەیی نابێت لێ بکەی.
چونکە، تا ئێستا
شەوی شادمانی بە ئاڵۆشاوی،
لەگەڵ ژنی خۆی رانەبواردووە.
ئاخ، دێزدێمۆنا، هەندە شیرینە،

١. ئەو شەوە دێزدێمۆنا دەگوێزێتەوە.

دەڵێن تاکو جۆڤ، خۆی شەیدایەتی[١].

کاسسیۆ:

ئا، ئا، بەڕاستی هەر گەلێک جوانە.

ئیاگۆ:

" گرەو"یش دەکەم کە پڕە گیانی،
ئاخ، لە گەمەی چۆن؟ ........
تۆ خۆت دەزانی!

کاسسیۆ:

بەڵێ بەڕاستی بوونەوەرێکی
گەلێک ناسک و گەش و شیرینە. ٢,٣,٢٠

ئیاگۆ:

ئای کە دوو چاوی جوانی پێوەیە،
کە سەیرت دەکات، بە چاوەکانی
وەک گوێت لە دەنگی
بلوێر بێ و گیانت، بوروورژێنێت. [٢]

کاسسیۆ:

ئا چاوەکانی، زۆر دڵفڕێنن.
بەڵام لام وایە، سادە و ساکارن[٣].

ئیاگۆ:

ئەی دواندنی،
ئایا هان نادا بە بزواندنی

---

١. ئەوەندە سێکسی و جوانە، جۆڤ (گەورەی خواوەندەکان بەپێی ئەفسانەی رۆمانی) خۆی شەیدایەتی.

٢. ئیاگۆ، ئەفسەرە، زاراوەی سەربازی لێرەدا بەکار دەهێنێت بۆ دەربڕینی هەستی دەروونی؛ لە سوپادا، بە بلوێر سەرباز بانگ دەکرێت بۆ کۆبوونەوە و وەرگرتنی ئەرک. مەبەستی ئەوەیە بڵێت چاوەکانی دێزدێمۆنا ئەوەندە سێکسین، کە سەیرت دەکەن، هەر وەکو بانگت بکەن وایە.

٣. ساکارن؛ بە جۆرێکی سادە و بێ مەبەست سەیرت دەکەن.

هەستی دڵداری؟

کاسسیۆ:

بەخوا ژنێکی جوانی بێ نەنگە.

ئیاگۆ:

ڕەببی شادمانی،

بەشی چەرچەفی نوێنەکەیان بێت.

ها، یاریدەدەر،

من مەسینەیەک شەرابم هەیە،

لە دەریشەوە،

چەند جوامێرێکی قوبروسی هەیە.

پێیان خۆش دەبێت

گەر لەگەڵیاندا، بە سەر و جامێک،

بۆ نۆشی گیانی "ئۆتێللۆ"ی سیا[1]،

ئێمە بخۆینەوە.

کاسسیۆ:

بەڕێز، ئیاگۆ، با ئەمشەو نەبێت. ٢,٣,٣٠

لە دەروونمدا، من هیچ هەوەسی

مەی خواردنەوە و سەرخۆشیم نییە.

خۆزگە دەمتوانی

من، نەریتێکی تر دابهێنم

بۆ پێشوازی و بۆ زەماوەندکردن[2].

ئیاگۆ:

ئاخر، دۆستمانن. هەر تەنیا جامێک؛

دەی من لە باتیی تۆ دەیخۆمەوە.

---

١. سیا؛ ڕەش.

٢. لە باتیی مەی خواردنەوە، خۆزگە نەریتێکی (عادەتێکی) تریان دادەهێنا.

کاسسیۆ:

تاکە یەک جامم ئەمشەو خواردەوە.

بە ئاو، ئەویشم، روون کردبووەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا،

سەیرکە چەند کاری (ئاماژەی سەری دەکات)

کردۆتە ئێرە.

گەلێک بەدبەختم؛ لاوازە لەشم،

ئاخر ناوێرم، ئەو لاوازییەم،

زۆرتر بار بکەم.

ئیاگۆ:

تۆ چۆن پیاوێکی! ٢,٣,٤٠

ئەمشەو ئاهەنگە، گەڕانە، بەزمە.

پیاوە گەنجەکان، ئارەزووی دەکەن.

کاسسیۆ:

ئەوان، کوان؟ لە کوێن؟

ئیاگۆ:

لەبەر دەرگاکەن.

دە بانگیان بکە، تکات لێ دەکەم،

بێنە ژوورەوە.

کاسسیۆ:

من بانگیان دەکەم.

بەلام ئارەزووی مەی خواردنەوە،

بەڕاستی ناکەم. (دەڕوات)

ئیاگۆ (لەبەر خۆیەوە):

ئاخ، گەر دەمتوانی تەنیا جامێکی

تری لە بادە، من دەرخوارد بدەم،

لەگەڵ ئەو جامەی کە خواردییەوە،
ئەمشەو، هەر وەکو
سەگە هارەکەی خانمە گەنجەکەم[1]،
شەڕانی دەبوو.
ئەم رۆدێریگۆ "ریژگاو"ەش ئەوەی
نەخۆشی ئەڤین، هەر بەروپشتی
بگرە کردووە؛
دیوی کرێتی خۆی، دەرخستووە[2]؛
بۆ دێزدێمۆنا و بۆ نۆشی گیانی، ٢,٣,٥٠
نیو گاڵۆن مەیی ئەمشەو خواردەوە[3].
خۆ "ئێشک گریش"ە!
من سێ قوبروسی تریش دەبینم،
هەر سێ شەڕانی و لە خۆیان بایین؛
زوو لە پێناوی پاکی داوێنیان،
کە دەخۆنەوە، دەست دەوەشێنن،
وەک هەموو خەڵکی
ئا ئەم دوورگەیە؛ زۆر جەنگاوەرن،
ئەمشەو بەڕاستی،
بە خواردنەوەی جامی پڕ لە مەی،
هەرچەندە هەر سێ، ئەمشەو
ئێشکگریشن، سەرخۆشم کردن!
ئێستاکە کاسسیۆ، دەخەمە نێوان
ئەم سەرخۆشانە و تووشی کارێکی

١. ئەگەر یەک جامی تری بخواردایەتەوە، دەمتوانی وەک سەگ بیکەم بە گژی هەموو کەسێکدا.
٢. کرێت؛ ناشیرین. ئەڤین، بەروپشتی کردووە و دیوە ناشیرینەکەی دەرخستووە.
٣. رۆدێریگۆ؛ دەبوایە نەخواتەوە چونکە ئێشکگرە. کەچی بۆ نۆشی گیانی دێزدێمۆنا، نیو گاڵۆن مەیی خواردووەتەوە.

ناڕەوای دەکەم.
(کاسـسـیـۆ و مـۆنتـانۆ و چەند خـانەدانێک، لەگـەڵ یاوەرەکانیـاندا، دێنە ژوورەوە)

ئاواتەکانم، ببن بە راستی؛
ئیتر کەشتییەکەم،
جوان بە تەوژمی ئاو و شنەی با،
بۆ ئەوێم دەبا[1].

کاسسیۆ:
بەخوا، من ئێستا جامێکیان دامێ.

مۆنتانۆ:
توخوا، هەر جامێ، جامێکی گچکە،
من، سەربازم، ها[2].

ئیاگۆ:
دەی، بادە بێنە (دەست دەکات بە گۆرانی گوتن)
با جامەکانمان لێواولێو پڕ بکەین
لە یەکتریان بدەین و زڕەی
ژیانی "رەند"یان لێوە دەربکەین[3].
سەرباز چییە بۆ؟ ئاخ، مرۆڤێکە،
ماوەی ژیانی
مرۆڤ، خۆ تەنیا هەناسەیەکە.
توخوا با سەرباز، بەر لە مردنی،
تێر بخواتەوە.
دەی کوڕە، مەیمان، مەیمان بۆ بێنە.

١. بۆ ئەوێ؛ بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانم.
٢. من چونکە سەربازم، درۆ ناکەم؛ هەر ئەم جامەش بخۆرەوە، ئیتر داوات لێ ناکەم بخۆیتەوە.
٣. رەند؛ پڕ بە ژیان و شادمان و خۆش.

کاسسیۆ:

ئای خوایە، ئای چەند
گۆرانییەکی دڵبەر و خۆشە.

ئیاگۆ:

لە ئینگلتەرە، فێری گوتنی
گۆرانی وا بووم.
کەسانی ئەوێ، زۆر دەخۆنەوە.
دانیمارکییەکان، یان ئەڵمانەکان،
یان هۆڵەندییە ورگ شۆڕەکان-
کوا مەیەکەتان- بەراوردکرێن
لەگەڵ مەی خۆرە ئینگلیزەکان،
بەخوا، هەر هیچ نین.

کاسسیۆ:

لە خواردنەوەی بادەدا بۆچی
ئینگلیز هەندە زانا و پسپۆرە؟

ئیاگۆ:

ئا دەخواتەوە، زۆر بە ئاسانی
تا دانیمارکی دەردەچێت گیانی.
دڵۆپێک ئارەق، خۆ ناکاتەوە
تا ئەڵمانییەکە، پەکی نەکەوێت.
خۆ هۆڵەندییەکە، دڵی تێکەڵدێت
پێش ئەوەی ئاخر بوتڵی بنۆشێت[1]. ٢,٣,٨٠

کاسسیۆ:

بۆ نۆشی گیانی ژەنەڕاڵەکە!

مۆنتانۆ:

من، لەگەڵتدام.

---

١. پێش ئەوەی ئینگلیزەکە دواهەمین بوتڵی بخواتەوە.

دەی یاریدەدەر، ئەوەتا منیش
لەگەڵتدا، جامێک بادە دەنۆشم.
ئیاگۆ:
ئاخ، ئینگلتەرەی شیرین، ئازیزم. (گۆرانی دەڵێت)
مەلیک ستێفان
خانەدانێکی هێژا و بەنرخ بوو،
شرواڵی بەری، بە یەک شیلنگی
ئەوسای کڕیبوو.
دەیگوت شەش پێنسیان زیاد لێ وەرگرتووم[1].
جا لەبەر ئەوە
بە بەرگدرووەکەی دەگوت دەستخەڕۆ.
ئا، ئەو کەسێکی بەرز و ناوبانگ بوو،
بەڵام تۆ کابرا،
لە چینە هەرە نزمەکانیانی.
فیزە ئەوەی کە
وڵاتەکەمان بۆ وێران دەکا. ٢,٣,٩٠
هەردەم کراسی دڕاو و کۆنە
بکەرە بەرت.
مەیی تر بێنە.
کاسسیۆ:
ئەم گۆرانییە، لەوەکەی تریش،
بەخوا، خۆشترە.
ئیاگۆ:
حەزدەکەیت دیسان گوێت لێ بێتەوە؟
کاسسیۆ:
نا؛ من لام وایە، ئەو کەسەی وا بێت،

١. شلینگێکی بەریتانیی کۆن دەیکردە ١٢ پێنس.

ئەو نرخەی نییە، کە لێرەدا بێت[1].
خوا، لەسەرەوە، باش دەمانبینێت؛
هەندێکمان گیانی، بۆ دەپارێزێت،
گیانی هەندێکیش، ئەو ناپارێزێت.

ئیاگۆ:

ئا، یاریدەدەر، وایە وەک دەڵێیت. ٢,٣,١٠٠

کاسسیۆ:

ئەمن نامەوێت هەرگیز قەت دڵی
ژەنەڕاڵ یاخود یەکێک لە چینی
ئەودا، بشکێنم.
من هیوادارم خوا بمپارێزێت[2].

ئیاگۆ:

ئا، یاریدەدەر، منیش بەتەمام.

کاسسیۆ:

ئا، باشە بەڵام،
بە روخسەتی تۆ، من پێش بکەوم.
ئا، یاریدەدەر، هەردەم پێویستە
پێش ئالاهەڵگر، بپارێزرێت[3].
بەسە، لەسەری با ئیتر نەڕۆین. (روو دەکاتە ئاسمان)
لە بەزەکانمان، خوایە ببوورە! (روو دەکاتە خەڵکەکە)

١. لێرەدا زۆر روون نییە کاسسیۆ مەبەستی لە کێیە. وا دیارە لەو کاتەی کە ئیاگۆ، گۆرانیی دەگوت هەندێ کەس گاڵتەیان پێ کردووە و پێ کەنیون. ئەوە" کاسسیۆ"ی تووڕە کردووە. بێگومان ئیاگۆ، پێی خۆشە کاسسیۆ سەرخۆش بێت، بۆ ئەوەی بەڵکو شەڕ بکات یان وتەی ناشیرین لە دەمی دەربکات و ببێت بەهۆی ئەوەی کە لە ئیشەکەی دەربکرێت.
٢. خوا، بمپارێزێت لە ئاگری جەهەننەم.
٣. لە سوپادا، یاریدەدەری ژەنەڕاڵ، پایەی لە ئالاهەڵگر بالاترە. هەمیشە دەبێت لەپێش ئالاهەڵگرەوە بێت. کاسسیۆ سەرخۆشە، لای وایە لە دنیای داهاتووشدا دەبێت هەر وا بێت.

بە کاروباری خۆمانەوە با،
خانەدانەکان، ئێمە خەریک بین.
قەت وا نەزانن، خانەدانەکان،
کە من سەرخۆشبم؛
ئا ئەمە ئالا هەڵگرەکەمە،
ئا ئەمە دەستی
راستمە و ئا ئەمە دەستی چەپمە[١].
سەرخۆش نیم ئێستا؛ زۆر بە ئاسانی
دەتوانم بەسەر پێوە بوەستم،
بەو جۆرەش بدوێم.

ئیاگۆ:
ئا، ئا، گەلێک باش[٢].

کاسسیۆ:
باشە، کەوابێت، کەس وا نازانێت
کە من سەرخۆشم. (دەڕوات)

مۆنتانۆ:
دەی ئیتر بڕۆین، خانەدانەکان،
بگەڕێینەوە بۆ شوورەکانمان،
ئێشکگری بکەین[٣].

ئیاگۆ:
ئەو برادەرەت دی ئەوەی ئێستا
رۆشت بە جێی هێشتین؟
ئای، سەربازێکە، هەر شایانێتی

١. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ ئەگەر سەرخۆش بوومایە، نەمدەزانی.
٢. ئا، گەلێک باش دەتوانیت بدوێیت. (گاڵتەی پێ دەکات)
٣. دوای ئەوەی کاسسیۆ، بە سەرخۆشی، دەڕوات، مۆنتانۆ بڕیار دەدات جێگەی بگرێت.

کە راست لە تەنیشت کەیسەرەوە خۆی[١]،
هەر بوەستێت و فەرمان دەربکات[٢].
چاکێتی و بەدیی، هەر بەتەواوی
هەندەی یەکترین[٣].
ئەوەی جێی داخە و من دەترسێنێت، ٢,٣,١٢٠
ئەو باوەڕەیە،
ئەوەی ئۆتێللۆ بە ئەمی هەیە.
زۆر لەوانەیە، رۆژێک لە کاتی،
لاوازییەکەیدا،
ئەم دوورگەیەمان بۆ هەڵتەکێنێت[٤].

مۆنتانۆ:
ئایا ئەو زۆر جار وا خۆی دەنوێنێت؟

ئیاگۆ:
ئا، هەموو جارێک، پێش ئەوەی بنوێت.
ئەگینا سەیری کاتژمێر دەکات،
هەتاکو دوو جار دەستە گچکەکەی
بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە[٥]،
گەر خواردنەوە بێشکەی نوستنی،
بۆ رانەژێنێت[٦].

١. کەیسەر؛ یۆلیەس کەیسەر. کەیسەر ناوی یەکەم دیکتاتۆر و شاهانشای رۆما بوو. دوای کوشتنی ئەو، هەرچ کەسێک بووبووایە بە شاهانشای رۆما، پێیان دەگوت کەیسەر (بە عەرەبییەکەی؛ قەیصەر). لە مێژوودا، کەیسەر، یەکێکە لە هەرە سەرۆک لەشکرە بە تواناکانی جیهان.
٢. بێگومان، ئیاگۆ، گاڵتە بە کاسسیۆ دەکات و دەیەوێت ناوی بشکێنێت.
٣. ئەوەندەی کە پیاوێکی باشە، ئەوەندەش سەربازێکی خراپە.
٤. ئەو باوەڕە، قوبرووسمان بۆ هەڵبتەکێنێت. (لە کاتی سەرخۆشیدا، دوژمنەکانمان لەوانەیە پەلامارمان بدەن)
٥. دەستە گچکەکەی کاتژمێر، بە دوازدە سەعات جارێک بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە؛ واتە نانوێت.
٦. خواردنەوە دەینوێنێت. وەکو بێشکەی بۆ رابژەنێت.

مۆنتانیۆ:

باشتر دەبوو گەر ژەنەڕاڵ لەوە،
ئاگادار بکرێت؛ دیارە نازانێت.
یاخود سروشتی باشی ناهێڵێت
جگە لە باشیی کاسسیۆ ببینێت.
چونکە ئەو سەیری
دیوی کرێتیی ناکا و نایبینێت.
ئایا راست نییە؟ (رۆدێریگۆ دەردەکەوێت)

ئیاگۆ: (لەلایەکەوە بە رۆدێریگۆ دەڵێت)
ها، رۆدێریگۆ! دەپاڕێمەوە؛
دوای یاریدەدەر،
بکەوە و برۆ ئاگاداری بە. (ئیاگۆ دەڕوات)

مۆنتانۆ:

گەلێک جێی داخە، کە "موور"ی هێژا،
جێیەکی ئاوا
گرینگ، کە دووەم جێیە لە دوای خۆی،
بدات بە یەکێک،
تۆوی لاوازی لە خوێنیدا بێت.
کردەوەیەکە، جێی شانازییە،
گەر ئەمە بە موور، خۆی بگوترێت.[١]

ئیاگۆ:

گەر ئەم دوورگەیە
جوانەشم بەخوا ئێستا بدەنێ،
من نابم بەوەی دەچێت پێی بڵێت.
خۆ ئەمن " کاسسیۆ"م گەلێک خۆش دەوێت؛

---

١. ئەوەی لەبارەی لاوازیی کاسسیۆوە بە ئۆتێللۆ بڵێت، کارێکی باش دەکات و جێی شانازییە.

هەموو شتێکی بەخوا بۆ دەکەم؛
چی هەر بۆ ناکەم،
گەر چارەسەری دەردی بەدبەختیی،
بتوانم بکەم.
(لە ژوورەوە دەنگی هاوار دێت؛ فریام بکەون، فریام بکەون)
ئەرێ گوێ بگرن! ئەو دەنگە چییە؟
(ڕۆدێریگۆ، دەردەکەوێت و کاسسیۆ بەدوایەوە ڕادەکات)
کاسسیۆ:
بێ ناموس، ناکەس!
مۆنتانۆ:
ها، یاریدەدەر، گەورەم، چی بووە؟ ٢,٣,١٤٠
کاسسیۆ:
ئا ئەم ناکەسە هاتووە فێرم
بکات؛ چۆن دەبێت،
من خۆم بنوێنم؟
من، ئەم ناکەسە، لەتوپەت دەکەم.
ڕۆدێریگۆ:
واتە، لێم دەدەی؟
کاسسیۆ:
ها، بەرەنگاریم دەکەیت سەرسەری؟ (دەست دەکات بە لێدانی ڕۆدێریگۆ)
مۆنتانۆ:
ئاخ، یاریدەدەر،
گەورەم، من گەلێک تکات لێ دەکەم،
دەست مەوەشێنە؟
کاسسیۆ:
وازم لێ بێنە، ئەگینا، بەگم،

گشت تەپڵی سەرت دادەتەپێنم،
بە مستەکۆڵە.

مۆنتانۆ:

دە بەسە، بەسە! بەگم، سەرخۆشی.

کاسسیۆ:

دەڵێیت سەرخۆشم؟ (هەڵدەکوتێتە سەری)

ئیاگۆ: (لەلایەکەوە بە رۆدێریگۆ دەڵێت)

بچۆرە دەرێ،
زەنگی وریایی لێبدە و بڵێ؛
هاوار، یاخیبوون، رووی داوە لەوێ. (رۆدێریگۆ دەڕوات) ٢,٣,١٥٠
نا، یاریدەدەر، ئاخر وا نابێ.
لەبەر خاتری خودا، سەروەرم!
هاوار، یارمەتی! مۆنتانیۆ، بەگم.
خانەدانەکە، ئاخر سەروەرم. (لەبەر خۆیەوە)
ئای، ئێشکگرێکی چاکە بەڕاستی. (زەنگی وریابوونەوە لێ دەدرێت)
شەیتان! ئاخر کێ
وا زەنگ لێ دەدات؟
شارەکە بەوە لە خەو هەڵدەستێت.

ئاخ، یاریدەدەر، بەسە، بوەستە،
بۆ خاتری خوا.
ئابڕووت، ئەگینا، تا ماویت، دەچێت. (ئۆتێللۆ، لەگەڵ چەند یاوەرێکدا، دێت)

ئۆتێللۆ:

ئەرێ ئەوە چی لێرە قەوماوە؟

مۆنتانۆ:

هێشتا هەر خوێنم لە گیان دەردەچێت،
ئەوا من دەمرم.

ئۆتێللۆ:

شەڕ بوەستێنن، یان دەتانکوژم!

ئیاگۆ:

شەڕ بوەستێنن!
ئای، یاریدەدەر!
ئای تۆش، مۆنتانۆ! خانەدانەکان!
ئایا گشت هەستی ئەرک و جێی کارتان،
ئاوا بە جارێک لەبیر چووەتەوە؟
شەڕ بوەستێنن!
ژەنەڕاڵ، ئەوا لەگەڵتان دەدوێت.
بەسە، بوەستن، شەرمتان هەبێت.

ئۆتێللۆ:

ئای، ئەمە چییە و چۆن دەستی پێ کرد؟
چییە، بووین بە تورک؟[1]
ئەوەی کە گەردوون نەیهێشت روو بدا و
رێگا و کۆلانی لە ئۆسمانی گرت[2]،
بە دەستەکانی خۆتان دەیانکەن؟
شەرمی "فەلە"تان هەبێت و ئا ئەم[3]،
ئاژاوە دڕە، زوو بوەستێنن.
ئەوەی یەکەمین، دەست بوەشێنێت،

١. تورک، بە دڕ و دواکەوتوو دادەنرا.
٢. ئوسمانی؛ سوپای ئوسمانی.
٣. فەلە؛ مەسیحی.

هەرزان ژیانی خۆی لە کیس دەچێت؛
یەک جووڵە بکات، ها، دەکوژرێت.
ئا ئەو زەنگە "ترس
هێنەرە"ش بەسە، با بێ دەنگ کرێت؛
خەڵکی دوورگەکە، بەوە دەترسێت.
چییە، چی بووە، خانەدانەکان؟
"ئیاگۆ"ی هێژا،
ئەوەی لە داخدا، لە مردوو دەچێت،
بدوێ، پێم بڵێ؛ کێ دەستی پێکرد؟
پێم بڵێ ئەگەر منت خۆش دەوێت.

ئیاگۆ:

ئەمن نازانم. هەتا پێش تۆزێک
لەگەڵ یەکتری–
دا، تەواو دۆست بوون،
لە زاوا و بووکی یەکتری دەچوون.
لەو کاتەی جلیان دادەکەنن و
دەچنە جێگا. هەر لە پڕێکدا،
وەک جووڵانەوەی ئەستێرەیەکی
ئاسمان، ئا ئاوا شێتی کردبن[1]؛
شیریان هەڵکێشا و
کەوتنە بین و گیانی یەکتری.
ناتوانم بڵێم، کامەیان دەستی
ئا بەم ئاژاوە نالەبارە کرد.
خۆزگە ئەو قاچەی کە منی هانی

١. وایان دەزانی کە جۆری سروشت و ڕەوشتی مرۆڤ، پێوەندیی هەیە بەئەستێرەکانی ئاسمانەوە و جێگەکانیان.

بۆ ئێرە کاتی
خۆی لە پێناوی جەنگی پیرۆزدا،
لەکیسم دەچوو.
ئۆتێللۆ:
چۆن دەبێت مایکڵ، ئاوا بەجارێک
خۆت بە تەواوی لەبیر چێتەوە؟
کاسسیۆ:
تکات لێ دەکەم کە لێم ببووری؛
نازانم چی بڵێم.
ئۆتێللۆ:
"مۆنتانۆ"ی هێژا، ئاخر هەمیشە
ژیر و دانا بووی.
هەموو جیهان تۆی، هەر بە گەنجێکی
رەوشت سەنگین و هێمن دەزانی.
ناوی بڵندت، لە سەر زمانی
گشت زانایەکە.
ئاخر بۆ ناوی باشت دەشکێنی و
دەیگۆڕیتەوە بە ناوی پیاوی
ئاژاوەگێڕی دوای نیوەشەوان؟
دە وەڵامێکی من بدەرەوە.
مۆنتانۆ:
"ئۆتێللۆ"ی هێژا، من بریندارم،
بریندارێکی خراپ کراوم.
ئەفسەرەکەی تۆ، ئیاگۆ، بەگم،
هەموو ئەوانەی کە من دەیزانم
دەتوانێت بۆتی بگێڕێتەوە.

ئازار ناهێڵێت بدوێم زمانی
بەستوومەتەوە. ئەمشەو، سەروەرم،
من هیچ شتێکی ناڕەوا و بەدم
نەکردووە گەر،
لەم رۆژانەدا، لەخۆ بەرگری
بە کردەیەکی بەد دانەنرێت،
کە بە گوژمەوە،
هێرش دەبرێتە سەرت و تووش دەبێت.

ئۆتێللۆ:
بە گەردوون خوێنم، ئەوا دەکوڵێ و
بەسەر رابەری سەلامەتترم–
دا، وا زاڵ دەبێت؛ ئاگری دڵم[1]
خەریکە ببێت خۆی بە رابەرم.
بە گەردوون ئەگەر من ببزوێم و ٢،٣،٢١٠
ئا ئەم دەستەی خۆم بەرز بکەمەوە،
چاکتان ناهێڵم.
ئاخر پێم بڵێن ئەم کردەوەیە
گەنیوە چۆن و کێ دەستی پێکرد.
ئەوەی تاوانبار
دەربچێت، مەرج بێت؛
گەر "هاوزا"شم بێت حاشای لێ بکەم[2].
ئێوە چی دەکەن! لەناو شارێکی
گەمارۆدراو، راست لەناو جەرگی
مەیدانی جەنگدا،

---

١. ئاگری دڵم؛ تووڕەیی دڵم.
٢. هاوزا؛ ئەوەی پێکەوە لەگەڵتدا لەدایک دەبێت (تۆم).

ئاژاوە هێشتا زاڵە و خەڵکەکە
لێواولێو دڵی
پڕە لە ترس و لە نیگەرانی!
ئاخر قەت دەشێت جەنگی تایبەتی
خۆتان بەم شەوە،
لێرەدا بکەن، کاتی ئێشکگری؟
ئەمە، شتێکی هەر تەواو سەیرە.
ئیاگۆ، بڵێ کێ دەستی پێ کرد؟
مۆنتانۆ:
ئەگەر تۆزێکیش بنوشتێیتەوە،
بە لایەکدا و تۆ راستییەکەی نەڵێی
لەبەر خاتری پایەی بەرزتری،
یان لەترساندا،
تۆ، قەت سەرباز نیت.
ئیاگۆ:
ئەوەم دەزانی. بەڵام بە راستی
پێم خۆشتر دەبوو ئەگەر زمانی
خۆم بقرتێنم، لەوەی لە دژی
کاسسیۆ، بەجۆرێ بە کاری بهێنم.
لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەتا لاسی
خۆم دەدەم راستی، هەر تەنیا راستی،
بڵێم بێ ئەوەی هیچ زیانێکی
پێ بگەیێنم.
ئەمە بوو ئەوەی رووی دا، سەروەرم؛
من و مۆنتانۆ، لەگەڵ یەکتری–
دا، دەماندوان. هەر لە پڕێکدا،

یەکێکمان بینی رادەکا و زاری
هاوار دەردەکا؛ بێن بە فریادی.
راست لە دوایەوە " کاسسیۆ"مان بینی، ٢,٣,٢٢٠
بە شمشێرێکی
هەڵکێشراوەوە، بە دواوەیەتی؛
بە نیازی ئەوەی داخوازی دڵی
بهێنێتە دی.
گەورەم، ئەم پیاوە
تەنیا ئەوەبوو، بۆ لای کاسسیۆ چوو،
کە لە جەنابی بپاڕێتەوە؛
وچان وەربگرێت.
من دوای ئەو پیاوە کەوتم ئەوەی کە
هاواری دەکرد؛ وتم، ئاخ، نەکو
بەدەنگی بەرزی- هەر ئاواش دەرچوو-
شارەکە هەموو
بخاتە ترس و نیگەرانییەوە.
لە راکردندا، ئەو پێیەکانی
خێرا و سووکتر بوون.
کە نەمگرتەوە، زوو گەڕامەوە.
چونکە،
ئا لەو کاتەدا، دەنگی لێدانی
شمشێر و کاسسیۆ و جنێوەکانی
بە دەنگێکی بەرز، دەهاتنە گوێم.
قەت نەمدەتوانی پێش ئەمشەو، جارێک
بڵێم؛ ئەو پیاوە، خۆی وا دەنوێنێت.
کەمێکم پێ چوو، کە گەڕامەوە، ٢,٣,٢٣٠

بینیم پێکەوە نووسان و باش
دەستیان کردووە
بە بڕین و لێدانی گیانی یەکتری.
هەر وەکو ئێستا، کە لە یەکتری
جیام کردنەوە.
ئیتر من لەوە زیاتر هیچ ناڵێم.
مرۆڤ، مرۆڤە. باشترینیشی،
جاربەجار گیانی خۆی لەبیر دەچێت.
هەرچەندە کاسسیۆ، هەر ئاوا کەمێک،
لەگەڵ ئەم پیاوە، ناڕەوایی کرد،
بەڵام گەلێک جار، مرۆڤی تووڕە،
لەو کەسە دەدات، کە چاکیی دەوێت.
لەگەڵ ئەوەشدا،
دڵنیام لەوەی کە کاسسیۆ، دەبێت
ریسواییەکی ئەوەندە تاڵی
ئا لەو کابرایەی رایکرد، بیستبووێت
کە نەیتوانیبێت تامی بچێژێت.

ئۆتێللۆ:

ئیاگۆ، دەزانم تۆ بە دڵسۆزی و
دەروون و دڵی پڕ لە ئەڤینت،
خوێنی کوڵاوم سارد دەکەیتەوە،
بۆ ئەوەی کاسسیۆ
بە سووکی لەمە رزگاری ببێت. (روو دەکاتە کاسسیۆ)
ئەمن تۆم گەلێک، کاسسیۆ، خۆش دەوێت،
بالام، نابیت بە
یاریدەدەری من جارێکی تر. (دێزدێمۆنا دێت)

ئێوە، سەیربکەن
چۆن خۆشەویستە ناسکۆڵەکەمتان،
لە خەو ڕاپەڕاند. (ڕوو دەکاتەوە کاسسیۆ)
نموونەیەکت لێ دروست دەکەم.[١]

دێزدێمۆنا:
ها، چی ڕووی داوە خۆشەویستەکەم؟

ئۆتێللۆ:
شیرینم، ئێستا
گشت شتێک لە جێی خۆیەتی و باشە؛
دەی بەرەو جێگا. (ڕوو دەکاتە مۆنتانۆ)
بەڕێز، لەبارەی ئازارەکانت،
خۆم نەشتەرگەری هەموویان دەکەم. (مۆنتانۆ دەبەنە دەرەوە)
ئیاگۆ، بڕۆ ئەتۆ لەسەرخۆ،
لە شارەکەدا توخوا بگەڕێ،
ئەوانەی بە هۆی ئەم ئاژاوەیە
پەست و تڕۆیە، نیگەران بوون،
هێمن بکەرەوە.
دەی دێزدێمۆنا، ئیتر ئاوایە
ژیانی سەرباز، هەر ئاواش بووە؛
لە خەوی شیرین کە ڕادەپەڕێت،
کوشتن و برین دەوریان گرتووە. (هەموویان دەڕۆن جگە لە ئیاگۆ و کاسسیۆ)

ئیاگۆ:
یاریدەدەر، ئەرێ کوێت بریندارە؟

---

١. لە پایەی یاریدەدەری، دەرت دەکەم بۆ ئەوەی ببیت بە نموونەیەک بۆ ئەفسەرەکانی تر.

کاسسیۆ:

به نەشتەرگەری، چارە ناکرێت.

ئیاگۆ:

نا، نا، چۆن دەبێت؟

کاسسیۆ:

ناوبانگی باشم، ناوبانگی باشم!
ناوبانگی باشی خۆمم لەکیس چوو،
بەشی نەمرم، دۆڕان، سەروەرم.
بەشەکەی ترم بۆ ماوەتەوە،
کە تەنیا لەشی گیانەوەرییە.[١]
ئاخر، ئیاگۆ، ناوبانگی باشم!

ئیاگۆ:

دە بە نامووسم،
من وام دەزانی تۆ برینداری.
ئەوە، گرینگە.
بەڵام ناوبانگی، هیچ نرخی نییە. ٢,٣,٢٦٠
بارێکی قورسە لەسەر گەردنی
مرۆڤ و سوودی هیچ لێ نابینێت.
زۆر جاریش دەیبێت
بێ ئەوەی هەر هیچ ئەو شایانی بێت.
واش دەیدۆڕێنێت؛
بەبێ ئەوەی ئەو موستەحەقی بێت.
تۆ هیچ ناوبانگی خۆت نادۆڕێنی
ئەگەر زاتی خۆت، ئاوا نەزانێت

١. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ بەو کارە نارەوایەی کردم ناوبانگی خۆم دۆڕان و لە مرۆڤایەتی کەوتم. ئەوەی بۆم ماوەتەوە هەر لەشەکەمە، وەکو لەشی هەموو ئاژەڵێک یان گیانلەبەرێک.

که دۆڕانوویەتی.
ڕێگەی تر زۆرە کە دیسانەوە
ژەنەڕاڵ لە خۆت رازی کەیتەوە.
تووڕە بوو، بۆیە،
تۆ لەبەر چاوی ژەنەڕاڵ کەوتی.
سزادانەکەت، رامیارگەرییە،
نەوەک ئاژری.[1]
هەر وەکو یەکێک
سەگی دڵسۆزی، دارکاری بکات،
بۆئەوەی چاوی شێر بترسێنێت.
گەر لێبووردنی تۆ لێ بخوازی،
سەرلەنوێ، ئەتۆی خۆش دەوێتەوە.

کاسسیۆ:

من بە باشتری، بەخوا دەزانم
ریسوا بکرێم لەوەی خائنی
لە سەرۆکێکی
هەندە بەڕێز و شکۆدار بکەم،
بە کاروکردەی ئەوەندە بێ نرخ؛
سەرخۆشی و ریسوا
کردنی پایەی بەرزی ئەفسەریم؛
سەرخۆش ببم و رێ بدەم زارم
ئەوەندە وتەی نزم و بێ واتەی،
لێوە دەربچێت!
لە ئاژاوەشدا، یەکەم بەشداربم!

١. رامیارگەری؛ سیاسەت. ئاژری؛ رق لێبوون. سیاسەتەکەی وایە کە هەرچ کەسێک هەڵەی ئاوا بکات، بەو جۆرە سزا بدرێ. ئەو سزادانە، رق لێبوون (ئاژری) نییە.

ئاخ،
چەند بەدنیازی!
ئاخ، ئاخ، تارمایی نادیاری بادە،
ئەگەر بێ ناوی،
من ناوت دەنێم؛ شەیتانی راستی.
ئیاگۆ:
کێ بوو ئەوەی کە،
بە شمشێرەوە، تۆ دوای کەوتبووی؟
چی لێ کردبووی؟
کاسسیۆ:
بەخوا، نازانم.
ئیاگۆ:
چۆن دەبێ، نابێت؟ ٢,٣,٢٨٠
کاسسیۆ:
من گەلێک شتم، ئاوا، لە بیرە.
ئا، بەڵام هیچیان، باش باش بە روونی،
نایەنە بیرم؛ شەڕبوو، دەزانم،
بەڵام هۆیەکەی، چی بوو؟ نازانم.
ئای ، خوایە، خوایە،
چۆن؟ من نازانم؛
مرۆڤ دوژمنی دەخاتە دەمی[١]
تا لە مێشکی ژیری بدزێت؟
ئاخر چۆن ئێمە، بە رابواردن و
کەیف و زەماوەند دەبین بە ئاژەڵ!
ئیاگۆ:
بەڵام تۆ ئێستا سەرخۆش نیت، باشی.

١. مەبەستی لە بادەیە. بادە ئەم ئاژاوەیەی دامەزران.

چۆن بوو ئاوا زوو بەریدای مەستی؟
کاسسیۆ:
شەیتانی مەستی،
جێی خۆی گۆڕییەوە، لەگەڵ شەیتانی
شەڕ و تووڕەیی؛ ئیتر عەیبێکم،
ڕێگە پیشانی عەیبەکەی ترم
دەدات، هەتاکو
هەر بە تەواوی، ریسوا ریسوابم.
ئیاگۆ:
نا، نا، ئاواش نا!
تۆ لەگەڵ خۆتدا،
گەلێک بێ رەحمی.
ئا لەم جێگەیە و کات و هەڵوێستەی،
وڵاتەکەمان کە تێیدایەتی،
پڕ بەدڵەوە، من پێم خۆش دەبوو،
ئەوەی کە رووی دا، قەت رووی نەدایە.
بەڵام، خۆ رووی دا، ئیتر لەسەرتە،
بۆ بەرژەوەندیی خۆت چارەیەکی
بۆ دابین بکەی.
کاسسیۆ:
ئا، لێی دەخوازم، کە دیسانەوە،
جێگەکەی خۆمم پێ بداتەوە؛
جا ئەو پێم دەڵێ: تۆ بادەخۆری.[1]
ئەگەر ئەوەندەی "هایدرا"ش دەمم
ئەمن هەبوایە،

---

١. بادەخۆر؛ ئارەقخۆر.

وەڵامێکی وا، گشتیان دادەخات[1].
داناش بێت ئەگەر،
دەیکات بە گەلحۆ و ئەمجاکە بە کەر.
ئای کە شتێکی سەیر و نامۆیە؛
گشت جامێک لە دوای
ئا ئەو رادەیە، لەعنەتی خوایە[2].
ناوەڕۆکەکەی، شەیتانی تیایە[3].

ئیاگۆ:

نا، نا، بادەی باش،
بوونەوەرێکی ناسک و ماڵییە،
ئەگەر بە باشی بەکاربهێنرێت؛
دەنگ هەڵمەبڕە زۆر ئاوا دژی.
یاریدەدەری باش تۆ دەزانی
کە تۆم خۆش دەوێت.

کاسیۆ:

خۆ من، بەڕێزم، دڵنیام لەوە.
ئایا سەرخۆشم؟

ئیاگۆ:

کوڕە تۆ و هەموو پیاوێکی زیندوو،
جاربەجار، نەختێک
هەر سەرخۆش دەبێت،

---

١. هایدرا؛ جۆرە گیانەوەرێکی ئەفسانەییە. بەپێی ئەفسانەی گریکی، مارێکی گەورەیە و زۆر سەری هەیە.
(ئەوەندەی سەری هەیە، بێگومان، ئەوەندەش دەمی هەیە). هەرچ سەرێکی ببڕی سەرێکی تازەی بۆ دەڕوێتەوە.
٢. لە خواردنەوەدا، پیاو نابێت لە ڕادەی خۆی دەربچێت.
٣. ناوەڕۆکەکەی؛ ناوەڕۆکی ئەو جامە بادەیەی کە زیاد لە رادەی خۆت دەیخۆیتەوە.

من فێرت دەکەم چی بکەیت دەبێت؛
ئێستا هاوسەری ژەنەڕاڵەکەی
ئێمە، لێرەدا، خۆی ژەنەڕاڵە.
بۆیە وا دەڵێم، چونکە دەبینم؛
کە هەموو بیر و ئەرک و هەبوونی
تەرخان کردووە،
بۆ پەرستنی ئا ئەو ئافرەتە و
وێناکردنی دیمەنی جوانی و
بیرکردنەوە
لە بەژن و باڵا و ئەندامەکانی.
راستەوخۆ بچۆ دەروونی خۆتی ٢,٣,٣١٠
بۆ بکەرەوە و
داوای لێ بکە یارمەتیت بدات[١]
بگەڕێیتەوە بۆ شوێنەکەی خۆت.
ژنێکی هەندە
سەخی و دڵنەرم و پیرۆزە، هەردەم،
زۆر ئامادەیە یارمەتیی خەڵکی
بدات. گەر نەیدات،
زیاتریش لەوەی کە لێی دەخوازی،
بە کەموکورتیی خۆی دەزانێت؛
دڵە نەرمۆڵەی ئازاری دەدات.
لەبارەی ئا ئەم "جم"ە شکاوەی[٢]
کە لە نێوان تۆ و مێردەکەیدا،
بپارێرەوە

١. لە دێزدێمۆنا داوا بکە.
٢. جم؛ ئەنجامە.

لێی کە بە جۆرێک، چاکی بکاتەوە.
" گرەو"یش دەکەم من بەئیمانم،
لەسەر هەر هەموو سامانەکانم،
ئەم درزەی لەناو ئەڤینتاندایە،
گەر چاک نەبووەوە و خۆی نەگرتەوە،
زۆر بەهێزتر و توندتر لە جاران،
سامانەکانم، گشت بدۆڕێنم.
کاسسیۆ:
تۆ ئامۆژگاریی باشی من دەکەی.
ئیاگۆ:
من بە سەربەستی دەیکەم و تەنیا ٢,٣,٣٢٠
هەر لە پێناوی
ئەو دڵسۆزییە و خۆشەویستییەی
لە نێوانماندا هەبووە و هەیە.
کاسسیۆ:
گومانم نییە.
سبەینێ دەچم، سەرلەبەیانی،
لە "دێزدێمۆنا"ی هێژا دەخوازم
ئاگادارم بێ و چارەسەرێکم
بۆ دابین بکا.
بەخوا، ئەگینا،
ئێستا و دوارۆژی خۆم دەدۆڕێنم.
ئیاگۆ:
تۆ ڕێی ڕەوانت گرتووە و ڕاستە،
ئەوەی پێت گوتم.
دەی یاریدەدەر، شەوباش. پێویستە

بگەڕێمەوە بۆ ئێشکگرییەکەم.

کاسسیۆ:

"ئیاگۆ"ی دڵسۆز سوپاست دەکەم. (دەڕوات)

ئیاگۆ: (لەبەر خۆیەوە)

ئیتر کێ دەڵێت کە من ناکەسی
لەگەڵدا دەکەم؛
گەر بە خۆڕایی من ئامۆژگاریی
رەوانی بکەم،
راست بم لەگەڵی و رێگای دروستی
من پیشان بدەم
کە چۆن سەرلەنوێ، موور، رێزی بگرێ؟
زۆر بە ئاسانی ئەمن دەبینم،
دڵۆڤانێکی وەک دێزدێمۆنا، ٢,٣,٣٣٠
قایل دەکرێت پاڵپشتی کارێک
بکات کە باش بێت.
لە بووژەنێکی ئەوەندە سەخی
دروست کراوە، وەکو بووژەنە[١]
سەربەستەکانی ئا ئەم سروشتە[٢].
هەر ئەو دەتوانێت، موور قایل بکات.
موور، هەندە ئەوی خۆش دەوێت هەرچی
لێ داوا بکات،
یەکسەر بۆی دەکات.

---

١. مەبەستی لە "دێزدێمۆنا"یە.

٢. بووژەن؛ مادە، عونسر. دێزدێمۆنا، لە بووژەنێکی سەخی دروست کراوە.

جاران فەیلەسووفەکان وایان دەزانی کە هەموو شتێک لەم جیهانەدا لە چوار بووژەنی سەربەست (سەربەخۆ) پێکهاتووە؛ هەوا و ئاو و خۆڵ و ئاگر. ئەو چوار بووژەنە سەخی و بژوین (پەتی)ن و دروستکەرن؛ لەوانەوە هەموو شتێکی تر پەیا بووە یاخۆ دروست کراوە.

تا ئامادەیە واز لە ئاینی
خۆی بهێنێت بۆی.
تاکو گەر "خودا"ش
لەوە گەردنی قەت ئازاد نەکات.
هەندە توند گیانی بە خۆشەویستیی
ئەو ئافرەتەوە، ئێستا نووساوە
هەر هەرچییەکی بوێت بۆی دەکات؛
ئارەزووەکانی
ئەو، بۆ ئەم گیانە لاوازەی، خودان.[1]
بۆچی ناکەسم، ئاخر کەوابێت؛
بە ئامۆژگاری و پیلانەکانم،
بۆ سوودی هەردووک[2]،
کاسسیۆ، بنێرم
بەرەو ئەو لایەی "هوو"ی لێ وەردەگرێت؟[3] ٢،٣،٣٤٠
ئەی خوای جەهەننەم، کە شەیتانەکان،[4]
کردەوە هەرە نەگریسەکانیان
دەکەن، هەمیشە، وەک من، لە پێشا،
وەکو فریشتە، خۆیان دەردەخەن.
کەی ئەم " کەودەن"ە، دەروون بژوینە[5]
داخوازییەکانی
هەڵگرت و بردی بۆ دێزدێمۆنا،

١. ئارەزووەکانی دێزدێمۆنا، بۆ گیانی لاوازی ئۆتێللۆ، وەکو خواوەند وان؛ هەرچییەک بن ئەو ئارەزووانە، ئۆتێللۆ، بۆی جێبەجێ دەکات.
٢. هەردووک؛ خۆی و کاسسیۆ.
٣. هوو؛ سوود.
٤. خوای جەهەننەم؛ زۆر روون نییە، ئایا مەبەستی لە کێیە.
٥. بژوین؛ پاک، پەتی. دەروون بژوین؛ دەروون پاک، شەریف.

بۆ ئەوەی بەختی وێرانکراوی
بۆ چاک بکاتەوە،
ئەویش بە زمان و ناوی ئەوەوە،[1]
لای موور دەستی کرد بە پاڕانەوە،
یەکسەر ئەم ژەهرە رۆدەکەم بە گوێی
ئەو "کەودەن"ەدا؛ کە دێزدێمۆنا،
گەلێک حەزدەکا،
بۆ جێگەکەی خۆی بگەڕێتەوە،
تەنیا، بۆ ئەوەی
ئارەزووی دڕ و بە بەجۆشی سێکسیی،
سارد بکاتەوە.
جا هەرچەند زیاتر هەوڵ بدات چاکە،
بۆ کاسسیۆ بکات، ئەوەندە زیاتر،
پێی نرخی دەشکێت لە دەڵی "موور"دا.
ئیتر بەو جۆرە، گشت جوانییەکی، ٢,٣,٣٥٠
ناشیرین دەکەم.
وە لە جوانێتی و پاکی دەروونی[2]،
دە ئەوە شەرت بێت، تۆڕێک دروست بکەم،
هەموویان بگرێت. (رۆدێریگۆ دێت)
ها، رۆدێریگۆ؟

رۆدێریگۆ:

لە راوکردنی ئێرەدا، ئەمن،
لەگەڵ ئەوانەی تردا، رادەکەم
وەک تانجییەکی راوکەر نا، بەلام،

---

١. ئەویش؛ "دێزدێمۆنا"ش. دێزدێمۆناش بە زمان و ناوی " کاسسیۆ"وە.
٢. پاکیی دەروونی دێزدێمۆنا.

بۆ پڕکردنی ژمارەکەیان.[١]
بگرە چەند پارەم هەبوو هەموویم،
خەرج کرد یان دۆڕان؛
لێدانی باشم من ئەمشەویش خوارد،
وە وا دەزانم، لە ئەنجامدا من،
بۆ برین و ئەرک و ئازارەکانم،
لە شارەزایی و لە هەندێ مەژی،
بەولاوە هەر هیچ، هەر هیچی ترم،
من دەست ناکەوێت.
بە لەش شکاوی،
بەڵام داناتر، دەگەڕێمەوە،
دەچم بۆ ڤێنێس.

ئیاگۆ:

ئای کە هەژارن، ٢,٣,٣٦٠
ئەو کەسانەی کە ئارامیان کەمە!
ئاخر بووە زام چاک بووبێتەوە
جگە بە ئارام؛ نەختە بە نەختە؟
وەکو دەزانی
ئێمە بە مەژی هەردەم کاردەکەین،
نەک بە تەلیسم یان بە جادووگەری.
"مەژی"یش بۆ ئەوەی کاری خۆی بکات،
کاتی زۆر دەوێت. کاروبارەکە،
بۆچی بە باشی، بەڕێوە ناچێت؟

١. ژمارەی تانجییەکان. راوچییەکان، کە دەچن بۆ راو، ژمارەیەکی زۆر لە سەگ و تانجی لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، بەڵام، هەر چەند تانجییەک بەڕاستی لە راوەکەدا بەشداری دەکەن و بەدوای نێچیرەکاندا رادەکەن. ئەوانەی تر، هەر بۆ پڕکردنەوەی ژمارەکەیان دەبەن. رۆدێریگۆ، مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ لە دواییدا من هیچم دەست ناکەوێت.

کاسسیۆ، لە تۆی دا.
ئەوە بوو بە هۆی
ئەوەی کە کاسسیۆ،
پایەی بڵندی خۆی بدۆڕێنێت.
هەرچەندە گوڵی
هەندێک کەس لەبەر[1]
رۆژدا گەلێک جوان گەش بوونەتەوە؛
ئەو میوەیەی کە زوو گۆپکە دەگرێت،
واش زوو پێ دەگات و سیس دەبێتەوە.
رازیبە و هەندێک ئارامت هەبێت.
ئای، گەردوون ئەوا، خۆ بەیانییە!
کار و رابواردن،
سەئاتی درێژ، کورت دەکەنەوە.
دەی ئیتر برۆ، بگەڕێرەوە ٢,٣,٣٧٠
بۆ جێی نوستنت.
دەی، گوتم برۆ،
لە دواییدا تۆ هەمووی دەبیستی.
دەی ئیتر برۆ. (رۆدێریگۆ دەڕوات)
دوو شت پێویستە و دەبێت بکرێن؛
ژنەکەم دەبێت،
لە دێزدێمۆنا، بچێت بخوازێت
کە ئاگاداری کاری کاسسیۆ بێت.
ئەوەی پێ دەکەم.
من خۆشم دەچم، بە لایەکەوە
موور، رادەکێشم،

١. مەبەستی لە ئۆتێللۆ و "دێزدێمۆنا"یە.

وە بۆ ئەو جێیەی دەبەم کە کاسسیۆ،
ئا لەو کاتەدا، کە لە هاوسەری
دەخوازێت و لێی دەپارێتەوە.
ئەوا رێگەکەی خۆمم دۆزییەوە.
ها، قەت نەهێڵیت نیازەکانت،
سەرنەگرن بەهۆی
کەم پەرۆشییەوە، یان ساردبوونەوە.

# پەردەی سێیەم

## دیمەنی ١, ٣

## کاسسیۆ و چەند ئاوازژەنێک دەردەکەون

کاسسیۆ:

لێرە، وەستاکان، لێرە بژەنن؛[1]
نرخی ئەرکتان جا هەرچەندێک بێ
من دەتاندەمێ؛ ئاوا شتێکی
کورت؛ تەنیا بلێن؛ ژەنەڕاڵ، ڕەببی،
بەیانییەکی، خۆش و شادمان بێ.

گاڵتەچی:

ئەرێ وەستاکان، ئامێرەکانتان،
لە ناپۆلی بوون؟
دواندن، بە لووت، لەوێوە فێربوون؟[2]

یەکەم ئاوازژەن:

گەورەم مەبەستتان چییە؟ تێناگەم!

گاڵتەچی:

ئەمانە، توخوا
لە من ببوورن، ئامێری بەفوون؟[3]

یەکەم ئاوازژەن:

---

١. بژەنن؛ ئاواز لێ بدەن. نەریتی ئەوسا وا بووە کە بۆ بەیانیی شەوی گواستنەوەی بووک، بووک و زاوا، بە ئاوازەوە پێشوازی بکرێن.

٢. ئامێرەکانتان، دەنگیان ناخۆشە. دەنگیان لە هی دانیشتوانی شاری ناپۆلی دەچێت. وەک ئەوان بە لووت دەدوێن.

٣. ئامێری بەفوو؛ ئەو ئامێرانەی کە بە فوو پیاکردن لێ دەدرێن؛ وەکو بلوێر. بە مەریەم؛ بە حەزرەتی مەریەم.

بەڵێ، بە مەریەم، سەروەرم، بەفوون.

گاڵتەچی:

بەخوا، کلک پێیان، شۆڕ دەبێتەوە[1].

یەکەم ئاوازژەن:

گەورەم، چیرۆکێک هاتەوە بیرت؟

گاڵتەچی:

بەڵێ بە مەریەم، دۆستی بەڕێزم[2].
ئا بەو ئامێرە
زۆرەی کە ناویان ئەمن دەزانم.
بەڵام وەستاکان، ها، پارەکانتان،
لێمی وەربگرن؛ ژەنەڕاڵ، هەندە
ئاوازەکانی ئێوەی خۆش دەوێت،
زۆر پێی خۆش دەبێت،
گەر بۆ خاتری عەشق و دڵداری،
قیژە هاواریان لێوە دەرنەکەن.

یەکەم ئاوازژەن:

بەڕێزم، باشە، ئیتر دەنگ ناکەن.

گاڵتەچی:

ئەگەر ئاوازی بێدەنگتان هەیە،

---

١. شێکسپیر، زۆرجار، بۆ گاڵتەکردن، وتەی دوو واتەدار بەکار دەهێنێت؛ وتەی "تەیڵ" بە ئینگلیزی، بە دوو شێواز دەنووسرێت؛ (tale) واتە چیرۆک و (tail) واتە کلک (کلکی ئاژەڵ). لە زمانی بازاڕیدا جار جار، پیاوی ئینگلیز، بۆ گاڵتە، کلک بە واتەی " کێر" بەکار دەهێنێت. بە ئینگلیزی کە دەڵێن (O, thereby hangs a tale) واتە؛ ئای بەوە، چیرۆکێک هاتەوە بیرم. یاخۆ (O, thereby hangs a tail) واتە؛ ئای بەوە کلک (کێر) شۆڕ دەبێتەوە. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ ئاوازەکەتان ئەوەندە ناخۆشە، کە پیاو گوێی لێ دەبێت تەنانەت هەوەسی سێکسیشی ئیتر نامێنێت. بەڵام، ئاوازژەنەکە، تەیڵ بە واتەی چیرۆک (tale) تێ دەگات.

٢. بەڵێ، بە مەریەم، کلک (کێر) شۆڕ دەکاتەوە.

فەرموون لێی بدەن. بەڵام، وەک دەڵێن،
ژەنەڕاڵ هەندە
حەز لە ئاواز و مۆسیقا ناکا.

یەکەم ئاوازژەن:

ئاوازی وامان، سەروەرم، نییە.[1]

گاڵتەچی:

دە دەی کەوابێت بلوێرەکانتان،
بخەنەوە ناو چارۆکەکانتان.
چونکە من دەڕۆم.
دەی ئێوەش بڕۆن. ٣,١,٢٠
لە هەواکەدا، بتوێنەوە. (دەڕۆن)

کاسسیۆ:

ئەرێ گوێت لێمە، دۆستی شیرینم؟

گاڵتەچی:

من گوێم لە دەنگی
دۆستی شیرینی تۆ نییە، بەڵام،
گوێم لە دەنگتە.

کاسسیۆ:

هونەری خۆتم بۆ پیشان مەدە.
ها، ئەم بەخشیشە زێڕە گچکەیە،
بۆ خۆتی بەرە.
ئەو ژنە ناسکەی هاتوچوو دەکا و
خزمەتی ژنی ژەنەڕاڵ دەکات،
بۆ ئێرە، کەی هات،
پێی بڵێ یەکێک، " کاسسیۆ"یە ناوی،

---

١. ئاوازی وا؛ ئاوازی بێدەنگ.

گەر خاتوونەکەی لە خەو هەڵساوە[1]،
دەخوازێت چاوی
پێ بکەوێت هەر
بۆ یەک دوو وشە. ئەوەم بۆ دەکەیت؟
گاڵتەچی:
هەڵساوە، بەڵام،
هێشتاکە لەوێ دەجووڵێتەوە[2].
کەی بەرەو ئێرە، ببزوێتەوە،
گەورەم، پێی دەڵێم.
کاسسیۆ:
تکات لێ دەکەم، دۆستە باشەکەم. (گاڵتەچی دەڕوات. ئیاگۆ دێت)
ئیاگۆ، ئەتۆ،
لە کاتێکی زۆر گونجاودا هاتیت
ئیاگۆ:
چییە تا ئێستا، نەچوویتە جێگا؟
کاسسیۆ:
نە بەخوا، چونکە،
رۆژ دەرکەوتبوو، کە جیا بووینەوە[3].
ئیاگۆ، وێرام نوێنەرێکی خۆم،
بنێرم بۆ لای خاتوونەکەی تۆ[4]،
تا لێی بخوازێ، بەڵکو بەجۆرێ
رێگە و کاتێکم بۆ دابین بکا
تا "دێزدێمۆنا"ی هێژا ببینم.

١. ئەگەر هەڵساوە؛ مەبەستی لە ژنی ژەنەڕاڵەکەیە (دێزدێمۆنا).
٢. خانم، بە سێکسکردنەوە خەریکە.
٣. تاکو رۆژ هەڵات هەر دانیشبووین؛ ئیتر نەیدەهێنا بچم بۆ جێگە.
٤. خاتوونەکەی تۆ؛ ژنەکەی تۆ (ئەمیلیا).

ئیاگۆ:

ئێستا بۆ لاتی، یەکسەر دەنێرم؛
بیر لە فێڵێکیش من دەکەمەوە
کە موور لە ڕێگەی ئێوە لابەرم.[١]
ئەوە، بۆ ئەوەی کە بە سەربەستی
لەگەڵ یەکتری بدوێن و ئیشت
جێبەجێ بکەیت.

کاسسیۆ:

بە ملکەچییەوە،
گەلێک، بۆ ئەوە، سوپاست دەکەم. (ئەمیلیا دێت)
تا "فلۆرێنس"ی وا دڵۆڤان و
باشم نەدیوە.[٢]

ئەمیلیا:

یاریدەدەری
باش، بەیانیت باش
سوێدارم گەلێک
بۆ ئەو کێشەیەی ئێوە دەیچێژن؛
گومانم نییە، هەمووی باش دەبێت.
ژەنەڕاڵەکە، خۆی و ژنەکەی
ئێستا لەبارەی کێشەکەتەوە دەدوێن.
ژنەکە، گەلێک بە پەرۆشەوە
هەوڵ دەدات لە تۆ بکات بەرگری.
"موور"یش هەر دەڵێت؛
ئەوەی ئازارت پێ گەیاندووە،
ئاخر کەسێکی

١. فێڵێک دەدۆزمەوە بۆ ئەوەی ئەو کاتەی کە تۆ لەگەڵ دێزدێمۆنا دەدوێیت، موور لەوێ نەبێت.

٢. کاسسیۆ، خۆی "فلۆرێنس"ییە (خەڵکی شاری "فلۆرێنس"ە). وا دەزانێت فلۆرێنسی لە هەموو کەسێک باشترە. بەڵام ئیاگۆ، تا لە "فلۆرێنسی"یش باشتر دێتە بەرچاوی.

زۆر بەناوبانگە و لە "قوبروس"دا زۆر
کەسوکارانی هێزداری هەیە.[1]
جا لەبەر ئەوە، ژیری و رامیاری،
پێم دەڵێن نابێت بگەڕێتەوە.
لەهەمان کاتدا، دەڵێت جەنابتی
گەلێک خۆش دەوێت؛
وە پێویست ناکات بە ناوەندیاری
لە خۆشەویستی گەرمی بەولاوە[2].
هەر کە هەلێکی گونجاو هەڵکەوێت
یەکسەر، سەرلەنوێ، دەیهێنمەوە.
کاسسیۆ:
لەگەڵ ئەوەشدا، تکات لێ دەکەم،
گەر بە گرانی
نازانی و ئەگەر ئەتۆ دەتوانی
گفتوگۆیەکی خێرا و زۆر کورتم
بۆ دابین بکە،
بە تەنیا لەگەڵ دێزدێمۆنا خۆی.
ئەمیلیا:
تکات لێ دەکەم وەرە ژوورەوە.
جێگەیەکت بۆ دەدۆزمەوە،
تێیدا بتوانی زۆر بە سەربەستی
چی لە دڵتایە رۆی بکەیتەوە.
کاسسیۆ:
وامدارت دەبم ماوەی ژیانم[3].

١. مەبەستی لە "مۆنتانۆ"یە.
٢. ناوەندیار؛ واستە. ناوەندیاری کەسمان پێویست نییە. ئێمە بە گەرمی یەکتریمان خۆش دەوێت.
٣. وامدار؛ قەرزدار.

## دیمەنی ٢ ,٣

ئۆتێللۆ و ئیاگۆ و خانەدانێک دەردەکەون

ئۆتێللۆ:

ئا ئەم نامانە، ئیاگۆ، بەرە
بیاندەرە دەست بەڕێوەبەری
کەشتییەکە و توخوا، سڵاوی منی
لەگەڵ بنێرە بۆ ئەنجوومەنی
گشتی پیرەکان.[١]
من، خۆشم دەچم بۆ پشکنینی
سەنگەرەکانمان.
کەی لێبوویتەوە، بگەڕێرەوە
بۆ لام. لێرەدا، دەمدۆزیتەوە.

ئیاگۆ:

باشە، سەروەرم. ئەوا من رۆیشتم.

ئۆتێللۆ:

خانەدانەکان، دەی فەرموون بچین
بۆ پشکنینی سەنگەرەکانمان.

خانەدان:

وەک چۆن جەنابتان، ئارەزوو دەکات.

---

١. ئەنجوومەنی پیرەکان؛ ئەنجوومەنی سیناتۆرەکان.

## دیمەنی ٣,٣

دێزدێمۆنا و کاسسیۆ و ئەمیلیا دەردەکەون

دێزدێمۆنا، کاسسیۆ دەبینێت و بەڵێنی دەداتێ کە لەگەڵ ئۆتێللۆ بدوێت و لێی داوا بکات بیگەڕێنێتەوە بۆ ئیشەکەی خۆی. ئیاگۆ بە هەموو جۆرێک هەوڵ دەدات کە ئۆتێللۆ وا لێ بکات کە وا بزانێت دێزدێمۆنای ژنی، کاسسیۆی خۆش دەوێت و بە دزییەوە خیانەتی هاوسەرێتیی لێ دەکات و لەبەرئەوەیە کە دێزدێمۆنا، لێی دەخوازێت کاسسیۆ بگەڕێنێتەوە بۆ سەر ئیشەکەی خۆی. ئیاگۆ هەموو شتێک وا ڕێک دەخات کە ئۆتێللۆ، لەدوای ماوەیەک، بەڕاستی بڕوای پێ دەکات و هیچ گومانێکی نەمێنێت. ئیتر بڕیار دەدات کاسسیۆ بکوژێت. وە لە ئیاگۆ خۆی دەخوازێت کە ئەو کارەی بۆ جێبەجێ بکات. ئەویش بەڵێنی دەداتێ کە بۆی جێبەجێ بکات.

دێزدێمۆنا:

" کاسسیۆ"ی بەڕێز، ها،
گومانت نەبێت؛
هەرچیم لەدەست بێت، من بۆتی دەکەم.

ئەمیلیا:

خاتوونەی هێژا، چارەسەرێکی
بۆ دابین بکە. هەر خۆم دەزانم
چەند ئەم کێشەیە،
مێردەکەی منی سوێدار کردووە؛
هەر وەکو کێشەی
خۆی بێت ئەوەندە، پەستی کردووە.

دێزدێمۆنا:

ئای کە دۆستێکی هێژا و دڵسۆزە!

گومانت نەبێت
کاسسیۆ، بەوەی کە
تۆ و میرانەکەم ئاشت دەکەمەوە؛
هەمدیسانەوە، وەکو جارانتان،
دەبن بە هاورێ و دۆستی یەکتری.
کاسسیۆ:
خاتوونەی هێژا،
هەرچییەک بەسەر مایکڵ " کاسسیۆ"دا،
بێت یاخود نەیێت،
هەر ئەو نۆکەرە دڵسۆزە دەبێت.
دێزدێمۆنا:
سوپاست دەکەم. من ئاگادارم ٣,٣,١٠
کە مێردەکەمت گەلێک خۆش دەوێت؛
ئاخر دەمێکە تۆ ئەو دەناسی.
گومانت نەبێت؛ هەر بۆ سەردەمێک،
هەندەی رامیاری پێویستی دەکات؛
خۆی بە تۆراو و توورە دەنوێنێت.
کاسسیۆ:
ئا، بەڵام خانم، لەوە دەترسم؛
ئەم رامیارییە، یان زۆر بکێشێت،
یان بە خواردنی
ئاودار و لاواز بەخێو بکرێت.[١]
یاخود بە جۆرێک پەرە بسەنێت
کە لە سنووری "بار"ەکە دەرچێت.[٢]
وە بە نەبوونم لەوێدا، یەکێک

١. بە خواردنی لاواز، ئەو ڕامیارییە (سیاسەتە) لاواز بکرێت.
٢. یاخۆ بە جۆرێک پەرە بسەنێت (تەتەور بکات)، کە لە مەبەستی خۆی (لە سنووری وەزعەکە) دەربچێت.

جێگەی من بگرێت.
ئەوسا ژەنەڕاڵ،
خۆشەویستیم و خزمەتەکانمی
دەترسم تەواو لەبیر بچنەوە.

دێزدێمۆنا:

لەوە مەترسە.
وا لە بەردەمی ئەمیلیا، ئێستا،
من بەڵێنێکی توندت دەدەمێ،
کە جێگەکەت بۆ
مسۆگەر بکەم.
گومانت نەبێت؛ ئەگەر پەیمانی،
دۆستایەتی، من
بدەم، چۆن دەیدەم،
ئاواش، خاڵ بە خاڵ، دەیهێنمە دی.
ئەم میرانەی من، سرەوت نابینێت[1]؛
ناهێڵم بنوێت، بێزاری دەکەم،
بە دواندن نوێنی، دەکەم بە فێرگە[2]،
مێزی خواردنی، دەکەم بە ژووری
دان بە بەزە دان[3].
کێشەکەی " کاسسیۆ"ی بۆ تێکەڵ دەکەم
لەگەڵ هەر شتێک بڵێت یان بکا.

---

١. سرەوت؛ حەسانەوە. نایەڵم مێردەکەم بحەسێتەوە هەتاکو تۆ نەگەڕێنێتەوە بۆ سەر ئیشەکەی خۆت.

٢. فێرگە؛ خوێندنگە، قوتابخانە. لەو فێرگەیەدا، فێری دەکەم کە چۆن پیاو پێویستە رەحمی هەبێت و دۆستی خۆی لە بیر نەچێتەوە.

٣. بە ئاسایی، لە کڵێسادا، ژوورێک هەیە تەرخان کراوە بۆ ئەو کەسانەی خۆیان بە تاوانبار دەزانن. لەوێدا دان بە تاوانەکەیاندا دێن و تۆبە دەکەن.

لەبەر ئەوە دەی، شادمان بەرەوە.
پارێزەرەکەت، پێی خۆشتر دەبێت[1]
بمرێت لەوەی کە،
لەم کێشەیەی تۆ، دەستەکانی خۆی بکێشێتەوە.
(لەو کاتەدا ئۆتێللۆ و ئیاگۆ دێن)
ئەمیلیا:
خاتوونە، ئەوا میرانەکەت دێت.
کاسسیۆ:
خاتوون من دەڕۆم. بە روخسەتی تۆ. ٣,٣,٣٠
دێزدێمۆنا:
نا، بۆچی، مەڕۆ.
تۆ خۆت گوێ بگرە لە دواندنم.
کاسسیۆ:
خاتوون، ئێستا نا.
من ئێستا گەلێک دڵتەنگ و پەستم،
لەو "بار"ەدا نیم،
سوود بە مەبەستی خۆم بگەیێنم.
دێزدێمۆنا:
ئارەزووی خۆتە،
ئەوەی بە باشی دەزانی بیکە. (کاسسیۆ دەڕوات. ئیاگۆ، ئەوە دەبینێت)
ئیاگۆ :
ئای، ئای. من ئەمەم، زۆر بەدڵ نییە.
ئۆتێللۆ:
ئەرێ تۆ، چیت گوت؟
ئیاگۆ:
من هیچم نەگوت. گەر وتبێتم،

١. پارێزەرەکەت؛ مەبەستی لە خۆیەتی.

گەورەم، بەڕاستی، نازانم چی بوو.

ئۆتێللۆ:

کاسسیۆ بوو یان نا، ئەوەی کە ئێستا
لە هاوسەرەکەم، جیابۆوە و زوو ڕۆیشت؟

ئیاگۆ:

سەروەرم، کاسسیۆ؟
نا، باوەڕ ناکەم. نا، نا، قەت ناشێت؛
هەر کە بتبینێت هاتیت، دەسبەجێ،
ئاوا بە وردی، وەک تاوانبارێک،
خۆی لە جەنابت، بدزێتەوە.

ئۆتێللۆ:

لام وایە ئەو بوو.

دێزدێمۆنا:

مەرحەبا، میران؟
ئێستا لێرەدا، ئەمن دەمدواند
لەگەڵ کەسێکدا،
کە نارەزاییی تۆ لەش و گیانی
پووکاندووەتەوە.

ئۆتێللۆ:

مەبەستت، کێیە؟

دێزدێمۆنا:

سەروەرم، کاسسیۆ، یاریدەدەرەکەت.
لە من دەخوازێت ئەگەر بتوانم
دڵت بەجۆرێک ساز بکەمەوە
تا، لەگەڵیدا، ئاشتت بکەمەوە.
ئەگەر نەزانم کە ئەو بەڕاستی

خوشی دەوێت و ئەوەی کە کردی
هەڵە بوو و نەوەک فڕوفێڵبازی،
من دیمەی پیاوی
راستگۆ و داوێنپاک، ناناسمەوە.[1]
تکات لێ دەکەم، رێگەی بدەرێ
بگەڕێتەوە بۆ جێگەکەی خۆی.

ئۆتێللۆ:

ئەو بوو ئەوەی کە ئێرەی بەجێ هێشت؟

دێزدێمۆنا:

ئا، بە ئیمانم،
هەندە داماوە و سوێدارە دڵی
بەشێک لە غەمی
خۆی، لەناو دڵی مندا هێشتەوە؛
تا لە گەڵیدا،
منیش بە جۆرێک ئازار بچێژم.
ئەی خۆشەویستی هێژا و بەڕێزم،
دە بانگی بکە، بگەڕێتەوە.

ئۆتێللۆ:

نا، دێزدێمۆنا، شیرین، ئێستا نا.
بۆ کاتێکی تر.

دێزدێمۆنا:

بەلام کاتێکی
کورت، خۆ درێژ نا؟

ئۆتێللۆ:

لەبەر خاتری تۆ، ئەی شیرینم،

---

١. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ ئەگەر من نەزانم کە کاسیۆ پیاوێکی باش و راستگۆیە، واتە من دیمەی پیاوی راستگۆ ناناسمەوە.

هەرچەند بتوانم،
بەڵێنم زووتر بەدی دەهێنم.
دێزدێمۆنا:
دەبێت ئەمشەو بێت، لەکاتی شێودا؟
ئۆتێللۆ:
نا، نا، ئەمشەو، نا.
دێزدێمۆنا:
سبەی کەوابێت،
لەکاتی نانی نیوەڕۆماندا؟
ئۆتێللۆ:
بۆ نانخواردنی
نیوەڕۆ سبەی، من لەماڵ نابم؛
دەچم بۆ قەڵا، کاپتنەکانم
لەوێ دەبینم.
دێزدێمۆنا:
باشە سبەی شەو.
یاخود سێشەمە، کاتی بەیانی. ٣,٣,٦٠
یان نیوەڕۆکەی، یاخود شەوەکەی،
یاخود چوارشەمە، کاتی بەیانی.
تکات لێ دەکەم کاتێک دابنێ،
بەڵام لە سێ رۆژ با زیاتر نەبێ.
ئەو بە ئیمانم، زۆر پەشیمانە.
وە ئەوەی کردی،
هەر جگە لەوەی کە ئێستا جەنگە و
لە باشەکەیان نموونە دەبێت
دروست بکرێت، بەپێی نەریتی

ئێمە، شتێکی زۆر گرینگ نییە.[1]
کەی دەتەوێ بێت؟
دە دەی ئۆتێللۆ، ئاخر پێم بڵێ.
لە دڵی خۆمدا، لە خۆم دەپرسم؛
ئەو شتە چی بێت
ئەوەی تۆ لێمی ئەگەر بخوازی و
من بۆتی نەکەم. یاخود دوودڵی
بکەم و بیری لێ بکەمەوە؟
بۆ " کێ"یشی دەکەیت! بۆ مایکڵ کاسسیۆ.
ئەوەی لەگەڵتدا، هات بۆ خوازبێنیم،
ئەوەی کە چەند جار،
چەند جار رووی داوە،
من سەرزەنشتی تۆم کردووە و ئەو،
جێی تۆی گرتووە و وەستاوە دژم.
ئێستاش ئەو دەبێت
هەندە ریسوایی و ئازار بچێژێت،
لەبەرئەوەی تۆ، بیهێنیتەوە؟[2]
بە مەریەم، زۆرم من پێ دەکرێ.....

ئۆتێللۆ:

ئیتر بەسێتی، تکات لێ دەکەم،
هەرچ کاتێک ویستی
بێت، با بفەرمووێت؛
تۆ هەرچیت بووێت، من بۆتی دەکەم.

دێزدێمۆنا:

خۆ مننەت نییە ئەوەی بۆم دەکەیت؛

---

١. ئەوەی کە کردی، شتێکی زۆر گرینگ نییە.
٢. بیهێنێتەوە بۆ سەر ئیشەکەی خۆی.

پاڕانەوەکەم، هەر وەک ئەوەیە
گەر لێت بخوازم؛
دەسکێشەکانی خۆت لەدەست بکەیت،
یان بەخۆراکی
پڕسوود، هەمیشە، سکت تێر بکەیت،
یان جلوبەرگی گەرم لەبەر بکەیت.
ئەمانە گشتی دەبێت بزانی
بۆ بەرژەوەندیی
خۆت، من دەیانکەم[1]
ئەگەر شتێکت من لێ بخوازم ۳,۳,۹۰
تەنیا بۆ ئەوەی
کە لە دڵسۆزی و ڤیانی راستی
تۆ دڵنیا بم،
ئەوسا داخوازی من زۆر سەنگین و
سامناک دەبوو بۆت، بهێنیتە دی.

ئۆتێللۆ:

هەرچی بخوازی، من بۆتی دەکەم.
لەبەر ئەوە من، تکات لێ دەکەم،
تەنیا هەر ئەمەم، توخوا بۆ بکە؛
وازم لێ بهێنە،
بەتەنیا هەر خۆم، بمێنمەوە.
هەر بۆ ماوەیەک، ماوەیەکی کەم.

---

١. دیزدیمۆنا، ژنێکی زۆر ساکار و ناسک و دڵسۆزە؛ لەو بڕوایەدایە کە ئۆتێللۆ دەبێت هەمیشە دادپەروەر بێت؛ لەگەڵ دۆست و هاوڕێیەکانی خۆیدا باش بێت و چاکەکانیانی لە بیر نەچێتەوە، بۆیە ئەوەندە لە مێردەکەی دەپاڕێتەوە کە چاکە و دڵسۆزیی " کاسسیۆ"ی لە بیر نەچێتەوە. ئەگینا لەبەر خاتری کاسسیۆ نایکات.

دێزدێمۆنا:

من و بۆت نەکەم؟
نا، چۆن بۆت ناکەم!
ئەسپەردەی خوابی، هەی میرانەکەم.

ئۆتێللۆ:

ئەسپەردەی خوابی، "دێزدێمۆنا" کەم.
هەر لێبوومەوە،
یەکسەر دێمەوە راستەوخۆ بۆ لات.

دێزدێمۆنا:

ئەمیلیا، وەرە. (روو دەکاتەوە ئۆتێللۆ)
ئەوەی دەروونت، پێت دەڵێت، بیکە.
تۆ هەرچۆنێک بی،
من گوێڕایەڵی جەنابت دەبم. (دێزدێمۆنا و ئەمیلیا، دەڕۆن)

ئۆتێللۆ:

ئاخ،
چ داماوێکی جوان و نایابی[١]،
گەر تۆم خۆش نەوێت،
رەببی ئاگری جەهەننەم بەشی
ئەم گیانەی من بێت!
بەڵام تۆم گەلێک، گەلێک خۆش دەوێت.
کەی تۆم خۆش نەوێت،
سەرلەنوێ دنیام، بە کاوڵ دەچێت.

ئیاگۆ:

گەورەی بەڕێزم، ....

ئۆتێللۆ:

ها، تۆ چیت دەویست،

١. مەبەستی لە دێزدێمۆنایە. لێرەدا، وشەی "داماو" بۆ خۆشەویستی بەکار دەهێنێت.

ئیاگۆ، بڵێیت؟
ئیاگۆ:
که خاتوونەکەی منت مارە کرد[١]،
ئەو، مایکڵ کاسسیۆ، هیچی دەزانی
لەبارەی عەشقی تۆ و خۆشەویستیت؟
ئۆتێللۆ:
ئا،
لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی.
بۆ لێم دەپرسی؟
ئیاگۆ:
بۆ ئەوەی بیری لێ نەکەمەوە.
بۆ هیچی تر نا.
ئۆتێللۆ:
لە چی، ئیاگۆ، بیر نەکەیتەوە؟
ئیاگۆ:
من نەمدەزانی، کە ئەو دەناسێت.
ئۆتێللۆ:
ئا، ئا، زۆر جاریش، ئەو ناوەندیاریی
دەکرد لە بەینی
من و
دێزدێمۆنادا.
ئیاگۆ:
ئاوا! بەڕاستی؟
ئۆتێللۆ:
بەڕاستی؟
ئا، ئا، بەڕاستی.

١. مەبەستی لە دێزدێمۆنایە.

لەوەدا، شتێک ئایا دەبینی.
بۆچی ئەو جێگەی بڕوا نییە، لات؟

ئیاگۆ:
بڕوا، سەروەرم؟

ئۆتێللۆ:
بڕوا؟ ئا، بڕوا.

ئیاگۆ:
سەروەرم، بەوەی کە من دەیبینم ......

ئۆتێللۆ:
چۆنی دەبینی؟

ئیاگۆ:
بەگی بەڕێزم، چۆنی دەبینم؟

ئۆتێللۆ:
بەگی بەڕێزم، چۆنی دەبینم!
بە گەردوون دەنگی
دەروونی خۆمم بۆ دەدەیتەوە.
وەک لە بیرتدا، ئەژدەهایەکی
ئەوەندە دڕ و روو کرێت هەبێت،
پیشان نەدرێت[1].
ئەتۆ مەبەستت لە شتێک هەیە؛
گوێم لێت بوو ئێستا،
هەر ئێستا، گوتت، "بە دڵت نییە"
ئەو کاتەی کاسسیۆ،
ژنەکەی منی بەجێهێشت و رۆیشت.
چیت بەدڵ نەبوو؟
کە پێشم گوتی "ئەو ناوەندیاری

١. ئەوەندە دڕ و ناشیرینە (روو کرێتە)، پیشان نادرێت.

دەکرد لە بەینی
من و
دێزدیمۆنادا"
بە دەنگێکی بەرز، پرسیت
"بەڕاستی؟"
رووی خۆت مۆن کرد و بەجۆرێک گرژ کرد
وەکو شتێکی
نەگریس و سامناک لەناو مێشکی
خۆتدا رابگری.
ئەگەر بەڕاستی منت خۆش دەوێت،
ئەوەی کە لەناو دەروونتدایە،
دەری بخە بۆم.

ئیاگۆ:

گەورەم، دەزانیت کە تۆم خۆش دەوێت.

ئۆتێللۆ:

ئا، وادەزانم.
وە لەبەرئەوەی کە من دەزانم
دڵی تۆ پڕە لە خۆشەویستی و
راستگۆ و رەوانی
وە وتەکانی خۆت باش دەکێشی
هەردەم پێش ئەوەی
هەناسەدانیان،
پێ بگەیێنی،
لەبەر ئەوە من، لە وچاندانی[١] ٣,٣,١٢٠

١. ئیاگۆ، کە وەڵامی ئۆتێللۆی دەدایەوە، هەموو جارێک بەئەنقەست تۆزێک دەوەستا (وچانی دەدا) و بیری دەکردەوە. بۆ ئەوەی ئۆتێللۆ وابزانێت کە بە راستی ئیاگۆ شتێک دەزانێت و بیری لێ دەکاتەوە.

تۆ، زۆر دەترسم.
چونکە شتی وا، لە ناکەسێکی
نادڵسۆزدا گەر هات و ببینی،
ئەوە،
بێگومان، فرۆفێڵێکی
زۆر ئاساییە بە پێی سروشتی
ناپاک و درۆ.
بەڵام لە پیاوی راست و رەواندا،
گەردەلوولێکە راست لە دڵییەوە
دەردەچێ ویستی[1]
ناتوانێ ئەوە، رایبوەستێنێت.

ئیاگۆ:
لەبارەی مایکڵ کاسسیۆ، دەوێرم
سوێند بخۆم بڵێم "من وا دەزانم
کە رەوا و پاکە."

ئۆتێللۆ:
منیش بەڕاستی، خۆ وا دەزانم.

ئیاگۆ:
ئاخ، پیاو پێویستە،
وا بێت وەکو چۆن
بۆت دەردەکەوێت
ئەگەر وا نەبێت، هەرگیز پیاو نییە.[2]

ئۆتێللۆ:
وایە، پیاو دەبێت،

---

١. ویست؛ ئیرادە.

٢. پیاوی راستگۆ و بەرێز، چی لە دڵیدایە ئەوە بە روویەوە دەبینیت. شت ناشارێتەوە و مونافق نییە.

وا بێت وەکو چۆن بۆت دەردەکەوێت.
ئیاگۆ:
ئاخر دە بۆیە کاسسیۆ، لام وایە،
پیاوێکی باش و پاک و راستگۆیە.
ئۆتێللۆ:
نا، من لام وایە،
ئەمە شتێکی زیاتری تیایە.
تکات لێ دەکەم، بەو جۆرە بدوێیت
لەگەڵما وەک چۆن، لە دڵی خۆتدا،
بیر دەکەیتەوە.
لە بەدترین شت بیر بکەرەوە،
وە بە بەدترین
وشە زمانت با دەری بڕێت.
ئیاگۆ:
بەگی بەڕێزم، لە من ببوورە.
هەرچەندە بە پێی پەیمانەکانم،
لەسەرمە کە من، گشت ئەرکەکانم،
بهێنمە دی،
بەڵام ناچارنیم، هەڵسم بە کارێک
کە گشت بەندەیەک، ئازادە نەیکات.
هەرچی لە دڵی
خۆمدا، من بیری لێ دەکەمەوە؟
ئەی گەر بوختان و درۆ دەربچن؟
ئەو کۆشکە کوانێ،
ئەوەی جار بە جار
شتی گەنیو و پیسی تێ نەچێت؟

ئاخر کێ دڵی هەندە بژوینە[1]
که تەنیا کەمێک،
بە بیرکردنەوەی ناپاکی، نەبێت
بە هۆی ئەوەی کە
دادگا رابگرێت، هەر لە بڕیاری
یاسایی و رەوای خۆی بیر بکاتەوە[2].

ئۆتێللۆ:

ئاخر ئیاگۆ،
تۆ بە پیلانگێڕ، تاوانبار دەبی
لە دژی هاوڕێ و دۆستی دڵسۆزت،
گەر وابزانێ[3]
هەڵە لە دژی کراوە و کەچی
تۆ گوێچکەکانی
لە بیرکردنەوە و گومانی دڵی
خۆت، بێ بەش بکەیت.

ئیاگۆ:

دەپاڕێمەوە و تکات لێ دەکەم؛
زۆر لەوانەیە
کە هەڵهێنان و گومانەکانم،
هەڵە دەربچن.
(من دان بەوەدا دەبێت بهێنم،

---

١. بژوین؛ خاوێن، پاک.

٢. هەموو راستییەکەی ناڵێت. لەبەر ئەوە دادوەرەکان سەرگەردان دەمێننەوە؛ نازانن چون بڕیارێکی یاسایی و رەوا بدەن. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ من، لە دڵی خۆمدا کەمێک گومان لە پاکێتیی کاسسیۆ دەکەم.

٣. کە دەڵێت دۆستت؛ مەبەستی لە خۆیەتی. ئەگەر تۆ وادەزانی کە هەڵە لە دژی من کراوە، پێویستە پێم بڵێی.

که سروشتێکی دەرداویم هەیە؛
هەمیشە بە شوێن هەڵە و بەدکاری
دا، من دەگەڕێم.
وە زۆرترین جار، بیر و خەیاڵم
پەیکەر و شێوەی گەندە و شێواوم[1]
بۆ دروست دەکەن؛
که لە راستیدا، هەبوونیان نییە)
لەبەر ئەوە با دانایی ژیرت،
زۆر گوێ نەداتە بە تێبینینی،
یەکێک ئەوەندە، بڕیارەکانی
ناتەواوبن و بیرو خەیاڵی
پرژ و بڵاوبن.
ئەوە باش نابێت
نە بۆ هێمنی دڵت نە بۆ خۆت.
نە لە پیاوەتی و دانایی من دێت
بیرو خەیاڵی خۆم بە تۆ بڵێم.

ئۆتێللۆ:

مەبەستت چییە؟

ئیاگۆ:

ناوی باشی پیاو، یان ژن، سەروەرم،
بەنرخترین
گەوهەرە لەناو گیانی ئێمەدا.
ئەوەی جزدانی پارەم دەدزێت،
سەرکوزەرێکی بێ نرخ دەدزێت[2]؛

---

١. گەندە؛ قەڵب.

٢. سەرکۆزەر؛ کەپەک، توێکڵی گەنم، کا. شتێکی بێ نرخ.

هی من بوو، بەڵام، ئێستا هی ئەوە.
پێش ئەوەش بەندەی
هەزاران کەس بوو.
بەڵام ئەوەی کە
ناوە باشەکەم لە من دەدزێت؛
ئەو شتە، لە من دەدزێت ئەوەی
یەک دڵۆپ ئەو پێی
دەوڵەمەند نا بێت.
بەڵام من بێ ئەو، زۆر هەژار دەبم[1].

ئۆتێللۆ:
دە بە گەردوون من،
دەتوانم بڵێم چی لە دڵتایە.

ئیاگۆ:
نا، نا، ناتوانی،
تا ئەگەر دڵم، لە دەستتدا بێت.
نە تا بەندە بێت، لە ناو سنگمدا.

ئۆتێللۆ:
هـــــا، ئاوا!

ئیاگۆ:
ئاخ، گەورەم، دەبێت تۆ ئاگاداربی
لە رەشک پێبردن.
ئەژدەهایەکی چاو سەوز و پیسە؛[2]
گاڵتە بەو گۆشتە، هەمیشە دەکات

---

١. ئەو؛ مەبەستی لە ناوی باشی خۆیەتی.

٢. رەشکبردن؛ بەخالەتبردن. رەشکبردن وەکو ئەژدەهایەک وایە؛ گۆشتی (جەرگی) ئەو کەسە دەخوات، ئەوەی کە رەشک بە خەڵک دەبات.

ئەوەی کە دەیخوات.
بەختیارە ئەوەی دەزانێت ژنی،
ناپاکیی لەگەڵ دەکات و دڵی،
ئەوی خۆش ناوێت[1].
بەڵام، ئاخ، سەد ئاخ،
ئاخ، چ کاتێکی تاڵی دۆزەخی
ناخۆش دەچێژێت
ئەوەی کە ژنی خۆی دەپەرستێت،
لە هەمان کاتدا،
گومان، دەروون و دڵی دادەگرێت.

ئۆتێللۆ:
ئاخ، چ دەردێکە!

ئیاگۆ:
هەژاری رازی، بەوەی هەیەتی[2]،
لام، دەوڵەمەندە.
وە دەوڵەمەندی بێ رادە و سنوور،
وەکو زستانی بێبەر، هەژارە،
گەر هەردەم ترسی هەژاری، دڵی
دابگرێ و گیانی نەحەسێتەوە. (روو دەکاتە ئاسمان)
خوایە تۆ گیانی تیرە و خزمانی
من بپارێزە
لە دەردی رەشک و رەشک پێبردن.

ئۆتێللۆ:
بۆ، ئاخر بۆچی؟

---

١. دڵی پیاوەکە، ژنەکەی خۆش ناوێت.
٢. هەژاری رازی؛ ئەو هەژارەی کە رازییە بەوەی کە هەیەتی.

تۆ، وا دەزانی کە من ژیانی
خۆم بە ڕەشکبردن دەبەمەسەر و
بە گومانی نوێوە، بێ پشوو سەیری[1]
گۆڕینی مانگی ئاسمانم دەکەم؟[2]
نا، جارێک ئەگەر
گومانم هەبێت بە شتێک یەکسەر،
چارەسەرێکی بۆ دابین دەکەم.
بە نێرە بزن، تۆ من دابنێ[3]،
ئەگەر هەرچ کاتێ،
مەژی و دەروونی خۆمم خەریک کرد ٣,٣,١٨٠
بە لێکدانەوە و بیرکردنەوە
لە شتی ئاوا ئاوساو و پووت[4]،
لەو جۆرەی کە تۆ، بۆت دەردەکەوێت.
من بەتەنگەوە نایەم گەر یەکێک،
بڵێت ژنەکەت جوانە، یان بڵێت؛
دڵبەرە دەنگی و زمان شیرینە،
یان باش گۆرانی
دەڵێت و زۆر جوان هەڵپەڕکێ دەکات؛
ئەو سفەتانە،
جوانن، بێگومان، جوانتری دەکات.
نە لاوازیی خۆم، ئەوەندەی موویەک
من دەترسێنێت، یاخی بێت دژم.
چونکە ئەو کاتەی هەڵی بژاردم،

١. بێ پشوو؛ بێ وچاندان، هەردەم.
٢. مانگی ئاسمان؛ مەبەستی لە دێزدێمۆنایە.
٣. نێرە بزن؛ نێرە بزن، گوێ بەوە نادات ئەگەر مێیەکەی لەگەڵ نێرێکی تردا جووت بێت.
٤. ئاوساو و پووت وەکو بڵقی ئاوی سابووناوی.

خۆ چاوی هەبوو.
نا، نا، ئیاگۆ،
گومان لە کەسێک ناکەم هەتاکو
خۆم بە چاوی خۆم، شتێک نەبینم.
کەی من بینیم و
گومانی خۆمم، تەواو داچەسپاند،
ئیتر من چیم بۆ ٣,٣,١٩٠
دەمێنێتەوە، هەر جگە لەوەی
دەستبەجێ، یەکسەر، بەبێ وچاندن،
ئەڤین و رەشکی خۆم کاول بکەم.[١]

ئیاگۆ:
ئەوە شادمانم دەکات، سەروەرم،
چونکە من، ئێستا هۆیەکی باشم
هەیە کە ئەرک و ئەڤینی دڵم،
بە ئاشکراتر، بۆ تۆ بنوێنم.
لەبەر ئەوە تۆ،
گوێ بگرە لەوەی کە من ناچارم،
بەگم، پێت بڵێم.
من جارێ باسی سەلماندن ناکەم.
تەنیا چاوێکت لە ژنەکەت بێت؛
تێبینی بکە
لەگەڵ " کاسسیۆ"دا تۆ کە دەیبینی.
بە جۆرێکی وا تۆ سەیریان بکە
نە رەشکن دیاربی، نە زۆر دڵنیا.

---

١. ناچار دەبم، بە داخێکی گەورەوە، کۆشکی پیرۆزی خۆشەویستی، ئەوەی لە خەیاڵی خۆمدا هەڵمچنیوە، کاولی بکەم پێکەوە لەگەڵ رەشکبردنم.

گەورەم نامەوێت
سروشتی سەربەست و زۆر خانەدانت،
بە هۆی پاکێتی خۆیەوە، ڕۆژێک
هەڵخەڵەتێنرێت. ئاگاداربە ها.
من لە ڕەوشتی وڵاتەکەمان
زۆر باش دەزانم؛ ژنی "ڤینێس"ی،
دەهێڵێت یەزدان،
هەموو کردەوە ناڕەواکانی[1]
ببینێت بەڵام، هەرگیز ناوێرێت
هەرە باشترین مەبەستی دڵی
بۆ مێردەکەی خۆی ئاشکرا بکات.
نەوەک بترسێت ناچار بکرێت،
وازیان لێ بێنێت[2].
بەڵام بۆ ئەوەی هەر بە نهێنی
بمێننەوە[3].

ئۆتێللۆ:

ها، وا دەڵێیت تۆ؟

ئیاگۆ:

کە شووی بە تۆ کرد،
.ناپاکی لەگەڵ باوکی خۆیدا کرد.
ئا لەو کاتەی کە دەردەکەوت گیانی
گشت دەلەرزێت و ڕوانینەکانی

---

١. کردەوە ناڕەواکانی؛ کردەوە سێکسییەکانی.

٢. واز لە کردەوەکانی بهێنێت.

٣. هەموو شتێکی ناڕەوا دەکات و دەزانێت کە خوا ئاگەدارە. بەڵام حەز ناکات مێردەکەی پێی بزانێت. لەبەر ئەوە نا کە نەوەکو ڕێگەی لێ بگرێت؛ هەر لەبەرئەوەی بە نهێنی بمێنێتەوە. چونکە سروشتی وایە حەز لە نهێنی دەکات.

تۆ، دەیترسێن، لە هەموو کاتێک
زیاتر، ئەوساکە، خۆشی دەویستن.[1]

ئۆتێللۆ:

وا بوو، وەک دەڵێیت.

ئیاگۆ:

دە نەختێک بیری لێ بکەرەوە؛
ئا بەو گەنجییەی، سەیربکە، توانی
خۆی وا بنوێنێت کە چاوەکانی
باوکی بە جارێک ئاوا کوێربکات؛
کە وا بزانێت بە جادووگەری
وات لێ کردووە[2].
بەڕاستی من خۆم بە تاوانباری
ئەمە دەزام؛
بە ملکەچییەوە، دەپاڕێمەوە
کە لێم ببووری،
کە ئەوەندە زۆر من تۆم خۆش دەوێت[3].

ئۆتێللۆ:

ئەم چاکەیەی تۆم قەت لەبیر ناچێت.

ئیاگۆ:

دەبینم ئەمە، دڵی پەست کردیت.

ئۆتێللۆ:

نا، یەک ئاستەمیش. نا یەک ئاستەمیش.

---

١. ئا لەو کاتەی کە خۆی وا دەنواند کە تۆی خۆش ناوێت لە روانینەکانی تۆ دەترسێت. لەو کاتەدا لە هەموو کاتێک زیاتر روانینەکانی تۆی خۆش دەویست.

٢. وات لێ کردووە کە حەزت لێ بکات.

٣. خۆم بە تاوانبار دەزانم کە پێم گوتیت و پەستم کردی. بەڵام چونکە من تۆم زۆر خۆش دەوێت ناتوانم پێت نەڵێم.

ئیاگۆ:

دە بە ئیمانم،
من وا دەزانم کە پەستی کردی.
زۆر هیوادارم کە تۆ بزانی،
کە لەبەرئەوەی من خۆشم دەوێیت،
ئەوەم پێ گوتی.
بەڵام، دەتبینم کە ورووژاوی،
تکات لێ دەکەم، کە وتەکانم
لە مەودای گومان
کردن بەولاوە، هیچ نەکشێنیت[1].

ئۆتێللۆ:

نا، نا.

ئیاگۆ:

سەروەرم، هات و
وتارەکانی من بکشێنیت، ٣,٣,٢٢٠
کۆتاییەکی
هەندە نەگریس و ریسوایان دەبێت،
کە قەت مەبەستم، من لێی نەبووبێت.
کاسسیۆ، دۆستێکی گەلێ بە نرخی........
گەورەم، تۆ هەندێک ورووژاو دیاری.

ئۆتێللۆ:

نا، نا، من هەندە نەورووژاوم.
من تەنیا لەوە بیردەکەمەوە
کە دێزدێمۆنا،

---

١. وەکو لاستیک، رایمەکێشە تا بیکشێنیت. ئەوەی پێم گوتیت، مەرج نییە راست بێت. تەنیا گومانێک لە دەروونمدا هەبوو و پێم گوتی. تکایە ئەوە بە ڕاست مەزانە؛ تەنیا گومانە.

بەبێ هیچ گومان، پاک و بژوینە.

ئیاگۆ:

رەببی هەر ئاوا بمێنێتەوە و
خۆشت بەو جۆرە،
هەمیشە بیری لێ بکەیتەوە.

ئۆتێللۆ:

لەگەڵ ئەوەشدا،
کە سروشت رێگەی خۆی بزر دەکا........

ئیاگۆ:

بەڵێ، وەک دەڵێیت،
ئا لێرەدایە ئاخر کێشەکە،
گەر رێم بدەیتێ و منیش بوێرم
راستەوخۆ راستی دڵم دەربڕم؛
ئاخر ئەو گەلێک
خوازبێنیکەری باشی رەفز کرد
لە تیرە و پایەی کۆمەڵگایی خۆی،
لەو جۆرەی سروشت پەسەندی دەکا و ٣,٣,٢٣٠
لێمان دەخوازێت[١]
تفوو، لە کاتی
وادا، پیاو هەردەم بۆنی گەندەڵی و
شتی نەگریس و ناڕەوا دەکات؛
ببوورە لە من، من دڵنیا نیم،
لەوەی کە دەیڵێم دروست و راستە.
بەڵام دەترسم

---

١. سروشت لێمان دەخوازێت کە ژن، شوو بکات بە پیاوێک لە چینی خۆی. بەڵام دێزدیمۆنا هەموویانی رەفز کرد.

ئارەزوو و ویستی، بکشێتەوە[1]
بەرەو بڕیار و رای رەوانتری؛
ئینجا جەنابی تۆ لەگەڵ گەنجی
وڵاتەکەی خۆی بەراورد بکا و
لە کردەوەکەی،
پەشیمانی بۆ بمێنێتەوە[2].

ئۆتێللۆ

ئەسپەردەی خوابی، ئەسپەردەی خوابی.
ئەگەر تێبینی شتی ترت کرد،
ئاگادارم بکە.
با ژنەکەی تۆ، چاوێکی لێی بێت.
ئیتر، ئیاگۆ، بەجێم بهێڵە.

ئیاگۆ

به روخسەتی تۆ، من گەورەم، دەڕۆم. (دەڕوات) ٣,٣,٢٤٠

ئۆتێللۆ

ئاخ،
بۆ ژنم هێنا؟ ئەم بوونەوەرە
دڵپاکە دیارە، بێگومان، گەلێک[3]
دەبینێت و زۆر، زۆرتر دەزانێت
لەوەی پێی گوتم. (ئیاگۆ، دەگەڕێتەوە)

ئیاگۆ:

پێم خۆشە گەورەم،
لە جەنابی تۆ، بپاڕێمەوە،

---

١. ئارەزووی سێکس و ویستی (ئیرادەی). (وەکو لاستیک) بکشێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ جێگەی ئاسایی خۆی (کەم ببێتەوە) و مێشکی بگەڕێتەوە بۆ سەری.
٢. پەشیمان بێتەوە لەوەی کە شووی بە تۆ کردووە.
٣. ئەم بوونەوەرە دڵپاکە؛ مەبەستی لە "ئیاگۆ"یە.

که ئیتر لەمە، بیرنەکەیتەوە.
وازی لێ بهێنە،
بۆ کات، خۆی بۆتان،
روون دەکاتەوە.
هەرچەند، لام وایە، باشە گەر کاسسیۆ،
بۆ جێگەکەی خۆی بگەڕێتەوە؛
بەو دەسەڵاتەی کە ئەو هەیەتی،
دەرەقەتی دێ و زیاتریش لەوە[1].
بەڵام باشترە،
گەر جارێ بیری لێ نەکەیتەوە.
چونکە بەو جۆرە، باشتر دەتوانی
تێبینی خۆی و ڕێبازەکانی
بکەیت بە وردی. تۆ جارجار سەیری
خانمەکەی خۆت بکە بزانە؛
چەند بە دڵێکی پەرێشانەوە ٣,٣,٢٥٠
لە تۆ دەخوازێت بیهێنیتەوە[2].
لەوەوە، زۆر شت، روون دەبێتەوە.
بەڵام تۆ جارێ،
لە من، تەنیا وا بیر بکەرەوە؛
رادەی خەیاڵم، لە سنووری راستی[3]،
لە ترسا، گەلێک چووەتە دەرەوە.
چونکە هۆیەکی
هێژا و بەنرخم هەیە، سەروەرم،
کە وابزانم بە هەڵە چووْوم.

١. دەرەقەتی ئیشەکەی دێت.
٢. بیهێنیتەوە؛ بیگەڕێنیتەوە بۆ سەر کارەکەی خۆی.
٣. سنووری راستی؛ سنووری حەقیقەت.

من، لەبەر ئەوە، تکات لێ دەکەم،
بە خاوێن بیری لێ بکەیتەوە.[1]

ئۆتێللۆ:

هیچ باکت نەبێت،
بە دانایی خۆم، بەڕێوە دەبەم.

ئیاگۆ:

سەرلەنوێ، گەورەم،
روخسەت لە ئێوە، دەخوازم؛ دەڕۆم.

ئۆتێللۆ:

ئەم پیاوە گەلێک دڵپاک و باشە.
گەلێک "دانا"شە. دەروون ناسیشە؛
لە سروشتی خەڵکی،
وەک پسپۆڕێکی زانا، دەزانێت.
گەر بۆم دەرکەوێت کە هەڵۆیەکی[2]
کێوییە، مەرج بێت؛ گەر "سیرمە" کانی[3]،
ژێیە بە بەنرخە ئازیزەکانی[4]
دڵی منیش بن، فیکە دەکێشم
کە خۆی هەڵبدا و بڕوات بفڕێت؛ ٣,٣,٢٦٠
ئیتر "با"یەکە بۆ هەچ کوێی دەبا،
لەوێدا، بە شوێن بەختیاری خۆیدا،
بچێت بگەڕێت.
زۆر لەوانەیە چونکە من ڕەشم

---

١. خاوێن؛ پاک. تکات لێ دەکەم تۆ جارێ، بە خاوێن (بە پاک) بیر لە دێزدیمۆنا بکەرەوە.
٢. ئەگەر دێزدیمۆنا، هەڵۆیەکی کێوی (بێ خاوەن) دەربچێت؛ من نەکات بە خاوەنی خۆی.
٣. هەڵۆ، کە فێری ڕاوکردن دەکرێت، پێیەکانی بە پەتی چەرم (سیرمە) دەبەستنەوە، بۆ ئەوەی نەتوانێت بفڕێت و نەگەڕێتەوە.
٤. ژێی دڵ؛ دەماری دڵ. ئەگەر ژێی دڵی مرۆڤ بپچڕێت، دەمرێت. لەبەر ئەوە زۆر هێژا و ئازیزن لای.

وە لە هونەری دواندنی نەرم،
لەوەی تەلیسمی، دڵ و سەرنجی
ژن رادەکێشێت، زۆر کەم دەزانم[1]
یان بەرەو دۆڵی ساڵانی پیری،
تلاومەتەوە. هەرچەندە زۆر نا[2].
رۆیشت لە کیسم چوو، خەڵەتاندمی.
تەنیا تیماری دڵم ئەوەیە
رقم لێی هەڵسێت.
دەک هەزار لەعنەت، لە ژنهێنانی
ئاوا بێت ئەگەر
بە بوونەوەری ئەوەندە ناسک [3]
بتوانین بڵێین؛
هینی خۆمانە. بەڵام ئا ئەوە،
ئارەزووی دڵی و ئاڵۆشەکانی
ئەو، نەگرێتەوە[4].
پێم خۆشتر دەبوو بۆقێک بوومایە،
لە زندانێکی شێداردا بژیم[5]
لەوەی، ناچار بم دوور خۆم رابگرم ٣,٣,٢٧٠
لەو ژنەی دڵی من دەیپەرستێت.
وە یەکێکی تر بۆ خۆیی بەرێت
بۆ ساردکردنەوەی ئاڵۆشەکانی.

---

١. فێر نەبووبووم قسەی نەرم و ناسک بکەم، لەو جۆرەی کە بە تەلیسمی، دڵی ژن بەرەو پیاو رادەکێشێت.

٢. هەرچەندە زۆر نەتلاومەتەوە و زۆر پیر نەبووم.

٣. مەبەستی لە "دێزدێمۆنا"ی ژنێتی.

٤. بەڵام ئارەزووی دڵی و ئاڵۆشی ئەو ناگرێتەوە؛ خۆی هی منە (ژنی منە) بەڵام ئارەزووی دڵی و ئاڵۆشەکانی هی من نین.

٥. شێ؛ کزر، تەڕ.

ئاخ ئەمە، دەردی پیاوی مەزنە؛
مافی تایبەتیی گەلێک کەمترە
لە پیاوی خوێڕی.
دەردی شاخ لێڕوان،
وەکو مەرگ وایە؛ دوا ئەنجاممانە.
چارەنووسێکە، لەگەڵ ئێمەدا، (دێزدێمۆنا دێت)
دێتە دنیاوە[1].
بڕوانە ئەوا خۆ دێزدێمۆنا،
بەرەو ئێرە دێت.
گەر ناپاک دەرچێت، خیانەت بکات،
واتە گەردوون خۆی
گاڵتە بە وێنەی جوانی خۆی دەکات[2].
من بڕوا بەوە، ناتوانم بکەم[3].

دێزدێمۆنا:

رۆژباش ئۆتێللۆ، خۆشەویستەکەم.
نانی نیوەڕۆ و
خانزادەکانی هەموو دوورگەکە
ئەوانەی کە خۆت بانگت کردبوون،
چاوەڕوانتن.

ئۆتێللۆ:

ئا، تاوانبارم.

---

١. پیاوی پایە مەزن، کە ژن دەهێنێت، زۆرجار ژنەکە شووی پێ دەکات، نەک لەبەرئەوەی کە پیاوەکەی خۆش دەوێت، بۆ پایە و سامانەکانی شووی پێ دەکات. لەبەر ئەوە زۆرجار، ژنەکە هەر هەلێکی بۆ هەڵکەوێت لەگەڵ گەنجێکی ساکاردا خیانەت لە مێردەکەی دەکات. ئیتر خەڵکی بەو مێردە دەڵێن؛ شاخی لێ ڕواوە.

٢. دێزدێمۆنا لە گەردوون (ئاسمان) دەچێت؛ وەکو ئەو پاک و جوانە. ئەگەر پاک دەرنەچێت و خیانەتم لێ بکات، واتە گەردوون گاڵتە بە وێنەی خۆی دەکات.

٣. قەت بڕوا بەوە ناکەم کە دێزدێمۆنا خیانەتم لێ دەکات.

دێزدێمۆنا:

بۆ وا لە سەرخۆ دەدوێیت ئایا تۆ،

نەخۆشیت یان چی؟

ئۆتێللۆ:

هەست بە ئازارێک

دەکەم لێرەمدا، لە ژێر تەوێڵم.[1]

دێزدێمۆنا:

دە بە ئیمانم، هی کەم نووستنە

چاک دەبیتەوە. دە ڕێم بدەرێ

بەمە، من بۆتی ببەستمەوە.

ئاوا لە ماوەی هەر سەئاتێکدا،

چاک دەبیتەوە.

ئۆتێللۆ:

دەستەسڕەکەت، نەختێک پچووکە.

(پاڵ بە دەستی دێزدێمۆناوە دەنێت و دەستەسڕەکە لە دەست دێزدێمۆنا دەکەوێتە خوارەوە)

وازی لێ بهێنە.

وەرە پێکەوە بچینە ژووری.

دێزدێمۆنا:

گەلێک سوێدارم

بەوەی کە سەرت ئێشێ و بیماریت. (هەردووکیان دەڕۆن)

ئەمیلیا:

شادمانم بەوەی ئەم دەستەسڕەی

ئەوم دۆزییەوە.

یەکەمین دیاری موور بوو بیداتێ،

---

١. تەوێڵ؛ ناوچەوان.

که بۆ یادگار لای خۆی دایبنێ.
چەند جار ئەم مێردە لاسارەم لێمی ٣,٣,٢٩٠
خوازتووە بچم کە بیدزم بۆی.
"هێما"یەکی هەر
زۆر خۆشەویستە لای دێزدێمۆنا.
چونکە نەیدایە[1]،
پێش ئەوەی سوێندی بۆ بخوا و بڵێت؛
هەتاکو هەتا
هەتایە، مەرج بێت؛
هەردەم لەگەڵ خۆم هەڵی بگرم و
کاتی دڵتەنگی
ماچی بکەم و بدوێم لەگەڵی.
گشت نەخشەکانی، بۆ کۆپی دەکەم[2]
لەسەر یەکێکی تر و دەیدەمێ[3].
ئینجا بۆچییەتی، هەر خوا دەزانێت!
ئەوەی بۆ دەکەم، هەر لەبەرئەوەی
خەیاڵی خاوی، پێی شادمان بکات.
بۆ هیچی تر نا. (ئیاگۆ دێت)

ئیاگۆ:

ها، چی بە تەنیا، لێرەدا دەکەیت.

ئەمیلیا:

دەنگت دەرنەچێ،

---

١. ئۆتێللۆ، نەیدا بە دێزدێمۆنا پێش ئەوەی سوێندی بۆ بخوات.

٢. بۆ ئیاگۆی کۆپی دەکەم.

٣. ئەمیلیا، حەز ناکات دەستەسڕەکە بدزێت. چونکە دەزانێت چەند ئەزیزە لەلای دێزدێمۆنا. لەبەر ئەوە بەتەما بوو هەموو نەخشەکانی لەسەر دەستەسڕێکی تر، کۆپی بکات و ئەو دەستەسڕە بدات بە "ئیاگۆی مێردی".

شتێکم لایە بۆ تۆ، دەتدەمێ.

ئیاگۆ:

شتێکت بۆ من؟

شتێکی گەلێک ئاسایە کە پیاو...

ئەمیلیا:

کە پیاو، چی؟

ئیاگۆ:

ژنێکی گەلحۆ و ریژگاوی هەبێ.

ئەمیلیا:

هەر تەنیا ئەوە؟ ها چیم دەدەیتێ

ئەگەر

ئەو دەستەسڕەی دەتویست بتدەمێ؟

ئیاگۆ:

کام دەستەسڕە؟

ئەمیلیا:

کام دەستەسڕە؟ ئەوەی یەکەم جار

موور بە دیاری دای بە دێزدێمۆنا.

ئەوەی کە چەند جار

تۆ لە منت خوازت، کە بۆت بدزم.

ئیاگۆ:

لە خۆییت دزی؟

ئەمیلیا:

نا، بە ئیمانم، لە دەستەکانی

بەربووەوە بە هۆی گوێ پێنەدانی.

منیش لێرە بووم، یەکسەر هەڵمگرت.

سەیر بکە، ئەوەتا.

ئیاگۆ:

باشە کچی باش، دەدەی بمدەرێ

ئەمیلیا:

بۆچیتە و بۆچی

بە پەرۆشەوە لێمت دەخوازی

بۆتی بدزم؟

ئیاگۆ:

بۆچی دەتەوێت ئەوە بزانی؟ (دەستەسڕەکەی لەدەست رادەکێشێت)

ئەمیلیا:

گەر بۆ ئیشێکی زۆر گرینگ نییە،

زوو بمدەرەوە.

چونکە بانووە هەژارەکەم گەر

نەیدۆزێتەوە،

هەر شێت شێت دەبێت.

ئیاگۆ:

خۆت وا لێ بکە کە هیچ نازانی.

ئیشم پێیەتی.

دەی ئیتر برۆ، بەجێ دەهێڵم. (ئەمیلیا دەڕوات)

من لە ژوورەکەی

" کاسسیۆ"دا ئەمە، بجێدەهێڵم

بە جۆرێک کە ئەو، بیدۆزێتەوە[١]. ٣,٣,٣٢٠

تا شتی سووک و ڤالای وەک هەوا[٢]،

بۆ پیاوی دڵپیس، چەسپاندنێکە،

ئەوەندەی وتە و

نووسینەکانی ئینجیل، رەوانە.

---

١. ئەو؛ کاسسیۆ.

٢. ڤالا؛ پووت، بەتاڵ.

ئەمە، سوودێکی لام وایە دەبێت.
لەوساوە ژەهرم من دەرخوارد داوە،
موور گۆڕڕاوە[١].
هەر خۆی،
بیروباوەڕی
دژوار، سروشتی، جۆرە ژەهرێکە؛
لە سەرەتاوە، تامی نەگریسی،
بگرە پیاو هەستی هەر هیچ پێ ناکات.
بەڵام، ئاستەمێک کە کاریگەری
دەکاتە سەر خوێن، هەر وەکو کانی
کبریت دەسووتێت. (ئۆتێللۆ دەبینێت زۆر تووڕە و وورووژاوە)
وەکو من گوتم[٢]
سەیری بکە هات. ئیتر نە تریاک،
نە مەریوانا، نە هیچ دەرمانێک،
لەوانەی کە ژێ، سارد دەکەنەوە[٣]،
دەتوانن خەوی شیرین، لەو جۆرەی ٣،٣،٣٣٠
کە دوێنێ خۆت پێ دەحەسانەوە،
بهێننەوە بۆ چاوەکانت.

ئۆتێللۆ:

ناپاکیم دیارە، ئاخ، لەگەڵ دەکات!

ئیاگۆ:

ئاخر ژەنەڕاڵ، بەسە وا مەڵێ.

ئۆتێللۆ:

لەبەر چاوانم، خۆت دوورخەرەوە.

---

١. ئەوەتی پێم گوتووە کە ژنەکەی لەوە دەچێت پێوەندیی سێکسیی لەگەڵ "کاسسیۆ"دا هەبێت، ئۆتێللۆ گۆڕڕاوە.
٢. وەکو من گوتم، ئەوەتا گومان گشت ژێیەکانی (ئەعسابەکانی) هەڵدەتەکێنێت.
٣. مەریوانا؛ مادەیەکە وەکو تریاک. ژێ؛ ئەعساب.

به ئەشکەنجەوە،[1]
بەم وتانەت تۆ، منت بەستەوە.
سوێند دەخۆم ئەگەر پیاو خیانەتی
راستی و نەگریسی لەگەڵ بکرێت،
باشترە لەوەی تەنیا هەر کەمێک،
بزانێ و گومان،
گشت ژێیەکانی هەڵبتەکێنێت[2].

ئیاگۆ:

ئاخر چۆن، گەورەم.

ئۆتێللۆ:

من چیم دەزانی
لەبارەی ئا ئەو کاتەی کە لێمی
جار جار دەدزی
بۆ ساردکردنەوەی ئاڵۆشەکانی؟
نە هیچم دەدی، نە من دەمزانی،
نە ئازارێکم بەوە پێ دەگەیشت.
شەوی داهاتوو، باش دەنوستم و
سەربەست بووم و زۆر
شادمان بوو دڵم.
بە لێوییەوە هیچ لە ماچەکانی
" کاسسیۆ"م نە دەدی.
ئەو کەسەی شتی لێ دزراوە،
ئەگەر پێویستی ناچاری نەکات،
هەستی پێ بکات، ٣،٣،٣٤٠
هەر وەکو هیچی لێ نەدزرابێت.

١. ئەشکەنجە، ئامێرێکی ئازار پێگەیاندنە.
٢. گشت ژێیەکانی؛ هەموو ئەعسابەکانی.

ئیاگۆ:

سوێدارم بەوەی ئەمە دەبیستم.

ئۆتێللۆ:

من بە شادمانی
دەمامەوە گەر گشت سەربازێکی،
ئۆردوگاکەمان؛
خەندەق هەڵکەن و ئەوانەی تریان،
لە لەشی جوانی لەزەتیان دەدی[1]،
بە تاکە مەرجێک؛
هەرگیز قەت رۆژێک، پێم نەدەزانی.
ئاخ، بەڵام ئێستا،
هێمنیی بیرم، هەتاکو هەتا
هەتایە ئیتر، ئەسپەردەی خوابی[2].
ئاسوودەی دڵم، تۆش بە هەتایی،
ئەسپەردەی خوابی.
ئەسپەردەی خوابن، لەشکرەکانم.
ئێوەش ئەی جەنگە مەزنەکانم،
ئەوانەی هەردەم بەرزخوازییەکانم،
دەکەن بە هێما و
ئاماژەی رەنج و چاکەکردنم[3].
ئاخ، ولاخەکان،
ئەی بلوێرە دەنگ زیق و تیژەکان،
ئەو دەهۆڵانەی کە ئازایەتی، دەخەنە گیانمان،
ئاخ، ئاخ، هەی زورنا گوێ کونکەرەکان،

---

١. لە لەشی جوانی دێزدێمۆنا.

٢. بە هەتایی ماڵئاوایی لە هێمنیی بیری خۆی دەکات.

٣. من بۆ بەرزخوازی خۆم جەنگ دەکەم. بەڵام ئەو جەنگانە دەبن بە هێمای چاکەکردنم.

ئالّای شاهانی،
وه ئەو سفەتە جوانانەی سەرباز
لە کاتی جەنگدا، پیشانی دەدا؛
فیز و شانازی، شکۆ، سەربەرزی،
زات، ئازایەتی،
من ماڵئاوایی
هەتاهەتایی لە ئێوە دەکەم.
لە ئێوەش، تۆپە دەنگ مەزنەکان،
ئێوەی بە دەنگی گڕی گەرووتان،
لاسایی دەنگی
هاوارە بەرزە سامناکەکانی
یوپیتەر دەکەن. ماڵتان ئاوابێت.[١]
ئەوا ئۆتێللۆ، واز لە مەبەستی
ژیانی سەختی و پیشەی دەهێنێت.

ئیاگۆ:

سەروەرم، ئایا، ئەوەت لێ دەشێت؟

ئۆتێللۆ:

ناکەس، لەسەرتە،
بەبێ هیچ گومان، دایبچەسپێنی
کە خۆشەویستی من سۆزانییە.
سەلماندنێکی دیار و زۆر روونم[٢]
پیشان نەدەیت، ها،
ئێستا، بەگیانی هێژای نەمرم،

١. یوپیتەر؛ گەورەی خواوەندەکانە، بەپێی ئەفسانەی رۆمانی. تۆپەکان، لاسایی دەنگی گرمەی هەور دەکەنەوە.

٢. سەلماندن؛ چەسپاندن، بورهان.

سوێندت بۆ دەخۆم،
ئەگەر بە سەگی بهاتیتایە ٣,٣,٣٦٠
ئەم دنیایەوە،
بۆت باشتر دەبوو لەوەی لە دژی
توورەیی درِی من رابوەستی.

ئیاگۆ:

گەیشتینە ئەوەش؟

ئۆتێللۆ:

پیشانم بدە، با من بیبینم
یاخود هیچ نەبێت، دایبچەسپێنە
ئاوا بە جۆرێک، بە "ئاستەم"ێکیش
شکی تیا نەبێت
ئەگینا سەد وەی لە تۆ و ژیانت.

ئیاگۆ:

گەورەی بەڕێزم.....

ئۆتێللۆ:

ئەگەر بە جۆرێک ناوی بشکێنی و
ئازار بە دڵی من بگەیێنی،
دوای ئەوە نەکەی بپاڕێیتەوە
لێم و سوێداری دڵت دەربڕی[١]؛
بەوە، تۆ رق و توورەیی سامناک
کۆدەکەیتەوە
بەسەر توورەیی و رقی سامناکی
کۆبووەوەی تردا.
رەنگە بتوانی کاری وا بکەی

١. لێم بپاڕێیتەوە و بڵێیت من پەشیمانم لەوەی کە کردم و گەلێک سوێدارم.

ئاسمان بخەیتە گریان و زەوی[1]،
سەرگەردان بکەی.
بەڵام ناتوانی تۆ هیچ شتێکی ٣,٣,٣٧٠
تری وا بکەی
لەعنەتی گەردوون، گەورەتر بکەی.

ئیاگۆ:

گەردوون، دەخیلتم!
گیانی هەژاری من بپارێزە.
ئایا تۆ پیاوی و وەک هەموو کەسێ
دڵ و دەروونی نەرم و بەسۆزی
مرۆڤییت هەیە؟
دە خوات لەگەڵ بێ[2]،
ئیشەکەمم لێ وەربگرەرەوە[3].
ئاخ، هەی کلۆڵی ریژگاوی گەلحۆ،
گوێ لە ویژدانی پاکی خۆت دەگریت[4]،
لە دواییشدا تۆ، ناکەس دەردەچیت.
ئاخ، ئاخ، هەی دنیای دڕ و دڕندە،
تێبینی ئەمە، بکە و گوێ بگرە؛
ئەوەی راستەوخۆ و راستگۆ بێت رەوتی
دژواری بەشی ژیانی دەبێت.

---

١. رەنگە بتوانیت کاری ئەوەندە بەد بکەیت، پەرییەکانی ئاسمان بخەیتە گریان و زەمین سەرگەردان بکەیت.

٢. دەی خوات لەگەڵ بێت، من ئیتر هەقم بەسەر تۆوە نییە.

٣. لە ئیشەکەم دەرم بکە.

٤. لێرەدا ئیاگۆ، بەدەنگێکی بەرز لە بەرچاوی "ئۆتێللۆ"دا لۆمەی خۆی دەکات. بەخۆی دەڵێت؛ تۆ گوێ لە ویژدانی پاکی خۆت دەگریت و دەتەوێت کاری باش بکەیت لە دواییشدا ناکەس دەردەچیت.

سوپاست دەکەم، گەلێک مەمنوونم
بۆ ئەو چاکییەی لەگەڵت کردم.
من لە ئێستاوە تاکو مردنم
قەت دۆستی خۆمم، ئیتر خۆش ناوێت؛
هەر لەبەرئەوەی کە خۆشەویستی
دوژمنایەتی، پەروەردە بکات. (هەڵدەستێت بڕوات)

ئۆتێللۆ:

نا، مەڕۆ، بۆ کوێ؟
لام وایە دەبێ، تۆ داوێنپاک بی.

ئیاگۆ:

"دانا"بم دەبێت،
چونکە دڵپاکی، ریژگاوە؛ هەردەم
بۆ دۆڕاندنم هەوڵم بۆ دەدات.

ئۆتێللۆ:

دە بەخوا دەبێت ژنەکەم پاک بێت،
یاخود پاک نەبێت.
وە مەبەستی تۆش، بژوین بیت دەبێت،
یان بژوین نەبێت.
من بورهانێکم پێویستە هەبێت.
ئەو ناوەی وەکو
دیمەی دەییانا، گەش و بژوین بوو،[١]
ئێستا بە سووتوو، رەش بووە وەکو[٢]
ئا ئەم رووەی من.
ئەگەر گوریس و کێرد و ئاگر و

١. دەییانا (Diana) خواوەندی کچێنی، بەپێی ئەفسانەی رۆمانی. بژوین؛ پاک.
٢. سووتوو؛ هێس، یان خۆڵەمێش.

ژەهر، یان ئاوی
وا هەبێت کە پیاو تێیدابخنکێت،
قەت من ئازاری وا قبووڵ ناکەم[١].
خۆزگە بە جۆرێک بۆم دادەچەسپا[٢].

ئیاگۆ:
گەورەم، دەبینم، پەژارە و سۆزت،
کەوتوونەتە تۆ و جگەرت دەخۆن.
چەند پەشیمانم، ئەمەم پێ گوتی.
بورهانت دەوێت؟

ئۆتێللۆ:
دەمەوێ و سوورم، ئەمن لەسەری.

ئیاگۆ:
بتەوێت، دەتبێت. بەڵام سەروەرم،
ئاخر چۆن، بە چی، تۆ رازی دەبی؟
وا بە جۆرێکی ناشارستانی؛
بە چاوەکانی خۆت بیانبینی،
بەسەر یەکەوەن؟

ئۆتێللۆ:
ئاخ، مەرگ. ئاخ، لەعنەت.

ئیاگۆ:
ئەوە شتێکی گرانە گەلێک،
هەڵوێستێکی وا، رێک بکەوێت تۆ،
وا بیانبینی.
کەوابێت رەببی، خوا بیانگرێت،

---

١. مەبەستی ئۆتێللۆ، لێرەدا زۆر روون نییە؛ هەڕەشە دەکات کە خۆی بکوژێت، یان ئەو کەسەی کە بووە بە هۆی ئازارکێشانی.

٢. بۆم دادەچەسپا کە دێزدێمۆنا، ناپاکیم لەگەڵدا دەکات. یاخۆ نایکات.

گەر هات و چاوێک
سەری هەردووکیان، لەسەر سەرینێک
بدۆزێتەوە[١].
جگە لەوانەی کە هی خۆیانە[٢].
ئاخر چی بڵێم؟ یان چۆنی بکەم؟
یان چۆن لە زاری خۆمی دەربڕم،
تا دڵنیابی؟ گرانە گەلێک؛
بۆت هەڵناکەوێت ئەوە ببینی،
هەتاکو ئەگەر بەئالۆشیشبن
هەندەی بزنی کێوی و شاخاوی.
یان وەکو مەیموون، گەرم و بە جۆش بن،
یاخود وەکو گورگ، بێ شوورەیی بن،
یان وەک سەرخۆشی
بێ مەژی ریژگاو، کە لە ئالۆشی
خۆیدا گڕ دەگرێت.
بەڵام من، دەڵێم؛ ئەگەر لە باتیی
ئەوەی بە چاوی خۆت بیانبینی،
بە گەواهێکی تر رازی ببی
راستەوخۆ بتبات بۆ بەر دەروازەی
رەوایی و راستی، ئەوساکە دەتبێت[٣].

ئۆتێللۆ:

باشە، هۆیەکی، زیندوو و بەتینم
تۆ، پیشان بدە،
کە ئەو ناپاکی دەکات لەگەڵم.

---

١. مەگەر خوا خۆی سزایان بدات؛ چونکە کەس ناتوانێت ئەوەت بۆ داچەسپێنێت.
٢. جگە لەو سەرینانەی کە هەریەکە لە ماڵی خۆیدا هەیەتی.
٣. ئەوساکە بورهانت دەبێت.

ئیاگۆ:

ئەمن حەز ناکەم لە بەرپرسیاری.[١]
ئا، بەڵام مادام، هەندە بە قووڵی
بە هۆی ریژگاوی
دڵپاکیمەوە و خۆشەویستییەکەم،
چوومەتە ناو ئەم
کاروبارەوە، بەردەوام دەبم؛
لەم دواییەدا،
جارێکیان لەگەڵ کاسیۆ،
نوستبووم، لە تەنیشتییەوە.
دانم دەئێشا و هەموو شەوەکە
من بە خەبەر بووم.
هەندێک لە کەسان،
ئەوەندە گیانیان لاوازە، شەوان
بەدەم خەوەوە، داخوازییەکانی
دەروونی خۆیان ئاشکرا دەکەن.
کاسیۆ، یەکێکە ئا لەو کەسانە.
کاتی نوستنی گوێم لێی بوو گوتی؛
ئاخ، دێزدێمۆنا، شیرینم، دەبێت
زۆر ئاگاداربین؛
ئەڤینی خۆمان، بشارینەوە.
ئینجا دوای ئەوە،
دەسمی گرت و دەیگوشی دەیگوت؛
"ئاخ بوونەوەری جوانی شیرینم"
ئەمجا دەستی کرد بە ماچکردنم،

١. بەرپرسیاری؛ مەسئوولیەت.

ماچکردنێکی هەندە درِ و توند،
وەکو بیەوێت
ئەو ماچانەی کە، بەسەر لێومەوە
رواون، یەک بە یەک،
هەر لە رەگەوە، هەڵیان بکێشێت.
ئینجاکە رانی خستە سەر رانم،
هەناسەی ساردی
هەر هەڵدەکێشا و ماچی دەکرم.
ئەمجا قیژانی؛
" لەعنەت لەو بەختەی
کە تۆی دا بە موور."
ئۆتێللۆ:
ئەژدەهای ناکەس!
ئیاگۆ:
نا،
ئا ئەوە تەنیا هەر خەوەکەی بوو.
ئۆتێللۆ:
ئا، بەڵام ئەوە، بیرکردنەوە و
کردەوەی کۆنی ئاشکرا دەکات.
ئیاگۆ:
گەیشتنت بە ئەو ئەنجامە، گەورەم،
زیرەکی مەژی تۆ پیشان دەدات.
ئەگەر "خەو"یش بێت، هەر کەڵکی دەبێت
بۆ چەسپاندنی بەڵگەی پچووکتر.
ئۆتێللۆ:
دە ئەوە مەرج بێت، لەت لەتی بکەم.

ئیاگۆ:

ئاخر لەسەرخۆ؛ ٣,٣,٤٣٠
ئێمە تا ئێستا، هیچمان نەدیوە.
لام وایە هێشتا،
دوور نییە کە ئەو خاوێن و پاک بێ.
تەنیا هەر ئەمەم، توخوا، پێ بڵێ؛
قەت تۆ بەدەستی ژنەکەتەوە،
دەستەسڕێکی ئاوات نەدیوە،
بە چنینی شلێک رووکەش کرابێ؟[1]

ئۆتێللۆ:

من خۆم یەکێکی ئاوام داوەتێ؛
یەکەم دیاریم بوو.

ئیاگۆ:

من ئاگاداری ئەوە نیم، بەڵام،
ئەمڕۆ، پێش تۆزێک
دەستەسڕێکی ئاوام بە دەستی
" کاسسیۆ"وە بینی؛
ریش و سمێڵی خۆی پێ دەسڕی.
گومانم نییە کە دەستەسڕی
ژنەکەی تۆیە.

ئۆتێللۆ:

ئەگەر ئەوە بێت........

ئیاگۆ:

ئەگەر ئەوە بێت، یاخود یەکێکی
تر بێ و هی ئەو بێت، وەک بەڵگەیەکی

---

١. شلێک؛ تووی کێوی. جۆرە میوەیەکی رەنگ سووری جوانە. شلێک بە دەستەسڕەکەوە چنراوە بۆ جوانکردنی.

تر، هەر دیسان دژی ژنەکەت دەدوێت.

ئۆتێللۆ:

ئاخ، ئەو بەندەیە، خۆزگە لەباتی[١] ٣,٣,٤٤٠
گیانێک، چل هەزار
گیانی جیاوازی لە لەشدا دەبوو.
یەکێک لاواز و کەمە، زۆر کەمە
بۆ رق و تۆڵەسەندنەوەی من.
ئێستا دەبینم کە ئەمە راستە.
ئیاگۆ، سەیری من بکە، ئەوا
شەیدایی درم،
بە رووی گەردوونی بەرزدا دەکێشم،
ئا لەم ئاستەدا، کۆتایی پێ هات[٢].
تۆڵە رەشەکەم،
هەڵسە و لە گەرووی جەهەننەمەوە،
وەرە دەرەوە.
ئاخ، خۆشەویستی، لە تاج و تەختی
خۆت وازبهێنە و رێگا بدە با،
ئاژری تۆڵە، داگیریان بکا[٣]
سنووری دڵم،
بە ئەرکەکانی خۆت بئاوسێ،
چونکە ئەوانە، هەر دانەیەکی[٤]
کوڵەمارێکی، زۆر ژەهراوییە[٥]

١. ئەو بەندەیە؛ زۆر روون نییە مەبەستی لە کامیانە؛ لە کاسسیۆ یان دێزدێمۆنا.

٢. شەیدایی درم، کۆتایی پێ هات.

٣. ئاژر؛ رق، تووڕەیی.

٤. ئەوانە؛ ئەو ئەرکانە؛ ئەو کارانەی کە من بەتەمام بیانهێنمە دی.

٥. ئۆتێللۆ، ئەوەندە تووڕە بووە، هەست بە دڵی یاخۆ سنگی خۆی دەکات کە ئاوساوە بە کوڵەماری زۆر ژەهراوی.

ئیاگۆ:

ئاخر، لەسەرخۆ.

ئۆتێللۆ:

ئاخ خوێن، ئاخ خوێن!

ئیاگۆ:

ئاخر، لەسەرخۆ.
لەوانەیە تۆ، بیرێکی تری
لێ بکەیتەوە و رای خۆت بگۆڕی.

ئۆتێللۆ:

نا، نا ئیاگۆ، هەرگیز نایگۆڕم.
وەکو دەریای رەش؛ تەوژمی ساردی
سەهۆڵیی هەرگیز، هەست بە داکشان و
هەڵکشانی ئاوی کەناری ناکات[١]؛
بەرەو مەڕمەڕە و دەردەنێل، هەردەم،
بێ وەستان دەڕوات[٢].
ئاواش، بەو جۆرە،
بیرکردنەوە خوێناوییەکەی من،
بە رەوتێکی زۆر گوژماوییەوە،
بەرەو مەبەستی دەروونی دەڕوات
بێ ئەوەی سەیری دوایەوە بکات.
هەرگیز، قەت رۆژێک، نانەوێمەوە
من بۆ ئەڤینی سووککەری ریسوا.
هەتاکو تۆڵە بەتواناکانم،

---

١. هەڵکشان و داکشان؛ مەد و جەزر.

٢. گوایە لەژێر ئاوی دەریای رەشدا، تەوژمی ئاوی ساردی سەهۆڵاوی هەیە، هەمیشە بەردەوام بەرەو دەریای مەڕمەڕە و تەنگاوی دەردەنێل دەچێت، بەبێ ئەوەی هەست بە "داکشان و هەڵکشان"ی ئاوی کەناری دەریاکە بکات.

سەرجەم هەموویان،
دەخوا و قووت دەدا.
(چۆک دادەدات و لەسەر ئەژنۆکانی دەوەستێت بۆ سوێندخواردن)
ئەوا من ئێستا،
ئا بەو ئاسمانە مەڕمەڕەی سەرمان،
سوێند دەخۆم ڕێزی بەڵێنەکانم،
هەر وەکو وتەی پیرۆز، من بگرم.

ئیاگۆ:

هەڵمەستەرەوە (لە تەنیشت ئۆتێللۆوە، چۆک دادەدات) ٣,٤,٤٦٠
گەواه بن ئێوە، ئەو چرایانەی،
هەتاکو هەتا هەتایە، ئاوا
بەسەرمانەوە ڕووناک دەسووتێن[١]
ئێوەش، هەمووتان، ئەو "بووژەن"انەی
کە دەوران دەوری ئێمەتان داوە[٢]،
گەواه بن هەموو؛
کە من، ئیاگۆ،
بەڵێنی داوە، کە هەموو توانای
مێشک و دەست و دڵ و دەروونی
خۆی لە پێناوی، "ئۆتێللۆ"ی غەدر
لێکراودا دانێت.
با ئەو هەر فەرمان
دەربکات؛ سۆز و پەژارەکانی
دڵم، دەستبەجێ، دەیهێننە دی.
ئەگەر خوێنیشی لەدواوە هەبێ.

١. مەبەستی لە ئەستێرەکانە.
٢. بووژەن؛ عونسر، مادە. ئەو بووژەنانەی دەوری ئێمەیان داوە، زەمین و هەوا و هەموو شتێک دەگرێتەوە.

ئۆتێللۆ:

له خۆشەویستی
تۆ، من گەرمی پێشخوازی دەکەم.
نەک بە سوپاسی بێ واتە و ڤالا[1]،
بەڵام بە گفتی
پاداشتدانەوەی بەنرخ و هێژا.
هەر یەکسەر لە دوای
ئەوەی دڵسۆزی خۆت دەچەسپێنی
"لە ماوەی هەرسێ،
تەنیا سێ رۆژدا، بێیت بە من بڵێیت؛
لەناو زیندوودا، کاسسیۆ، نەماوە."

ئیاگۆ:

تەواو دۆستەکەی من وا کوژرا[2]
جێبەجێ دەبێت، وەکو دەخوازی.
بەڵام ژیانی ئەو بپارێزە[3]

ئۆتێللۆ:

لەعنەتی لێ بێت ئەو سۆزانییە!
لەعنەتی لێ بێت دەک هەزار لەعنەت.
با جیابینەوە.
پێویستە بچم، من ناوەندیارێک بدۆزمەوە
کە یەکسەر خێرا،
ئا ئەو شەیتانە جوانە بکوژێت.
هەر لە ئێستاوە، گفتت دەدەمێ؛
یاریدەدەر و جێگرم دەبی.

---

١. ڤالا؛ بەتاڵ.
٢. مەبەستی لە کاسسیۆیە.
٣. ئەو؛ دیزدیمۆنا .

ئیاگۆ:

ماوەی ژیانم، من نۆکەرێکی
دڵسۆزت دەبم.

## دیمەنی ٣,٤

### دێزدێمۆنا و ئەمیلیا و گاڵتەچی دەردەکەون

دێزدێمۆنا:

ئەرێ دەزانی "نیشتەجێ"یەکەی
کاسسیۆ، لە کوێیە؟[١]

گاڵتەچی:

لە هەرچ کوێیەک بێت، خۆ من ناوێرم
بەکەسی بڵێم[٢].

دێزدێمۆنا

ئاخر، کابرا، بۆ؟

گاڵتەچی:

چونکە سەربازە؛
من دەکوژرێم، گەر هات و بڵێم؛
سەربازە و هێشتا
هەر درۆ دەکات.

دێزدێمۆنا:

باشە پێم بڵێ لە کوێدا دەژی؟

---

١. نیشتەجێ، واتە جێگەی نیشتنەوە یان پاڵکەوتن. لێرەدا دێزدێمۆنا، بە ئینگلیزی وشەی (Lie) بەکار دەهێنێت. ئەم وشەیە بە ئینگلیزی دوو واتەی هەیە ١- درۆ دەکات. ٢- پاڵ دەکەوێت. لە کوێ پاڵ دەکەوێت؟ واتە، لە کوێ دەژی؟.

لەبەر ئەوە "نیشتەجێ" واتە جێی "پاڵکەوتن" یاخۆ جێی "درۆکردن". دێزدێمۆنا، بێگومان، مەبەستی لە جێی پاڵکەوتنە. بەڵام گاڵتەچی، بۆ گاڵتە، بەمەبەستی جێی درۆکردن وەڵامی دەداتەوە.

٢. مەبەستی ئەوەیە، لە هەر جێگەیەکدا کاسسیۆ درۆ بکات، من ناوێرم بە کەسی بڵێم.

گاڵتەچی:

ئەگەر پێت بڵێم لە کوێدا دەژی،
واتە پێت دەڵێم، هەردەم لە کوێدا
ئەو درۆ دەکا.

دێزدێمۆنا:

ئایا دەتوانم شتێک تێبگەم
لەم وتانەی تۆ؟

گاڵتەچی:

نیشتەجێیەکەی
ئەو، من نازانم. گەر لەخۆمەوە
نیشتەجێیەکی بۆ دروست بکەم،
بڵێم لەوێدا، ٣,٤,١٠
یاخود لێرەدا، دەنیشێتەوە[١]
واتە پڕ گەرووی خۆم درۆ دەکەم.

دێزدێمۆنا:

دەتوانی بچی بۆمی بپرسی و
شتێک تێبگەیت لەوەی پێت دەڵێن؟

گاڵتەچی:

بە پرسکردن و وەڵامدانەوە،
ئەم جیهانەت بۆ سەرەوژێر دەکەم.
واتە پرسیاری خۆم دەکەم و خۆم،
وەڵامەکانیت، بۆ دەدەمەوە.

دێزدێمۆنا:

بیدۆزەرەوە.
پێی بڵێ با بێ، بۆ ئێرە، بۆ لام.
لەبارەی ئەو و داخوازییەکانی

١. وەکو لەسەرەوە باسی کرا، کە دەڵێت دەنیشێتەوە، مەبەستی لەوەیە بڵێت؛ درۆ دەکا.

لەگەڵ میرانم، قسەم کردووە
وە هیوادارم، هەمووی بە باشی،
ببڕێتەوە.
ئیاگۆ:
کردنی ئەوە، لە ڕادەی توانای
مێشکی پیاوە. من لەبەر ئەوە،
ئێستا هەوڵ دەدەم ئەوەت بۆ بکەم[١]. (دەڕوات)
دێزدێمۆنا:
ئەمیلیا، ئەرێ، دەستەسڕەکەم، ٣,٤,٢٠
لە کوێ لێ ون بوو؟
ئەمیلیا:
خاتوون، نازانم.
دێزدێمۆنا:
بڕوام پێ بکە، پێم خۆشتر دەبوو
گەر جزدانەکەم،
پڕپڕ لە لیرەی ئاڵتوون، ون دەبوو.
هەرچەندە "موور"ە خانەدانەکەم،
خاوێنە مێشکی و[٢]
ڤالایە لە گشت جۆرە گومانێک[٣]،
بەڵام، ئا ئەوە، بەسە بیخاتە[٤]
گومان و ڕەشک و بیرکردنەوە.
ئەمیلیا:
ڕەشک بە کەس نابات؟

١. هەوڵ دەدەم " کاسسیۆ"ت بۆ بدۆزمەوە.
٢. خاوێنە مێشکی؛ گومانکەر نییە.
٣. ڤالا؛ بەتاڵ.
٤. ئا ئەوە؛ ونبوونی ئەو دەستەسڕە.

دێزدێمۆنا:

کێ؟ ئەو؟

من وابزانم، تیشکی هەتاوی

ئەو شوێنەی تێیدا لەدایک بووە،

ئەو جۆرە هەستەی وشک کردووەتەوە.

ئەمیلیا:

سەیر بکە ئەوەتا بەرەو ئێرە دێت (ئۆتێللۆ دێت)

دێزدێمۆنا:

بەجێی ناهێڵم، هەتاکو کاسسیۆ،

نەهێنن بۆ لای.

چۆنی میرانم؟ ٣,٤,٣٠

ئۆتێللۆ:

خاتوونە، باشم. (لەبەر خۆیەوە)

ئای کە گرانە،

پیاو هەستی دڵی بشارێتەوە

ها، دێزدێمۆنا، ئەرێ خۆت چۆنی؟

دێزدێمۆنا:

باشم، سەروەرم.

ئۆتێللۆ:

دەستتم بدەرێ.

خاتوون، دەستێکی زۆر نەرم و لووسە!

دێزدێمۆنا:

هێشتاکە هەستی، نە بە ساڵانی

تەمەن کردووە، نە بە سوێداری.

ئۆتێللۆ:

ئەمە، ئاماژەی

بە بەر"ی و هێمای دڵی سەخییە[١].
گەرم و نەرمینە ئا ئەم دەستەی تۆ.
پێویستی دەکات بە جیابوونەوە
لە سەربەخۆیی، بە نوێژ و ڕۆژوو و
یەزدان پەرستن و سزادانی خۆ.
چونکە لێرەدا، شەیتانێکی لاو،
خۆی مەڵاس داوە و ئارەق دەردەکات[٢].
بەپێی سروشتی، تاوە نا تاوێک[٣]،
یاخیبوونی خۆی ئاشکرا دەکات.
دەستێکی گەلێک ئاشکرا و جوانە[٤].

دێزدێمۆنا:

بەبێ گومان، خۆ
شایانیەتی تۆ، ئا ئەوە بڵێیت؛
ئەو دەستە دڵی منی دا بە تۆ[٥].

ئۆتێللۆ:

دەستێکی کراوە و زۆر بەخشندەیە.
جاران بە دەستیان، دڵیان دەدایتێ،
بەڵام هی ئێستا، دەستە بەبێ دڵ[٦].

---

١. لێرەدا ئۆتێللۆ، مەبەستی باش نییە. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ نەرم و ناسکیی ژن، سەرنجی پیاو بەرەو خۆی ڕادەکێشێت. لەبەر ئەوە بەبەر (بەردار) دەبێت. ئەگەر دڵیشی سەخی بێت، واتە بە ئاسانی خۆی بە پیاو دەدات.

٢. ئەو شەیتانە لاوە، چونکە لێرەدا (لە دەستتدا) خۆی شاردووەتەوە و ئارەق دەکاتەوە، بۆیە دەستت، نەرم و لووسە.

٣. بەپێی سروشتی ئەو شەیتانە. تاوە نا تاوێک؛ زوو زوو.

٤. دەستت ئاشکرایە، ناپاکێتیی تۆ ئاشکرا دەکات.

٥. دێزدێمۆنا، بە دڵێکی پاکەوە گوێ لە وتەکانی ئۆتێللۆ دەگرێت. نازانێت کە مەبەستی باش نییە.

٦. جاران کە دەستی کچێکت بخواستایە و کچەکە کە دەستی خۆی دەدایتێ، واتە دڵی خۆیت دەداتێ. بەڵام دەستی کچانی ئێستا، هەر تەنیا دەستە، دڵی لەگەڵدا نییە.

دێزدێمۆنا:

لەبارەی ئەوە، ناتوانم بدوێم.

وەرە پێم بڵێ؛ کوا ئەو گفتەی دات؟[1]

ئۆتێللۆ:

ئەرێ گفتی چی، خۆشەویستەکەم؟

دێزدێمۆنا:

من ناردم بە شوێن " کاسسیۆ"دا کە بێت،

لەگەڵتدا بدوێت.

ئۆتێللۆ:

گەلێک شێواوم من بە ئاوێکی

بەئازار و تیژ لە لووت و چاوم

دێتە دەرەوە[2].

دەستەسڕەکەی خۆتم بدەرێ.

دێزدێمۆنا:

فەرموو، سەروەرم.

ئۆتێللۆ:

ئەوە نا، ئەوەی کە من دام بە تۆ.

دێزدێمۆنا:

پێم نییە ئێستا. ٣,٤,٥٠

ئۆتێللۆ:

پێت نییە ئێستا؟

دێزدێمۆنا:

نە بەخوا، گەورەم.

---

١. دێزدێمۆنا، هێشتا نازانێت مەبەستی ئۆتێللۆ، چییە. هەر بیر لە کێشەکەی کاسسیۆ دەکاتەوە و خواخوایەتی زوو رزگاری بێت لێی. لەبەر ئەوە دەستبەجێ لە ئۆتێللۆ دەپرسێت؛ کوانی ئەو بەڵێنەی (گفتەی) کە بە منت دا. کە کاسسیۆ بگەڕێنیتەوە بۆ سەر ئیشەکەی خۆی.

٢. ئۆتێللۆ، بەجۆرێک دەیڵێت وەکو مەبەستی لە هەڵامەتێکی زۆر بەتین بێت. "دێزدێمۆنا"ش وا لێی تێ دەگات. بەڵام ئۆتێللۆ، مەبەستی فرمێسکە.

ئۆتێللۆ:

ئەوە شتێکی هەڵە و زۆر بەدە.
ئەو دەستەسڕە، پیرێژنێکی
میسری لە کاتی خۆی دای بە دایکم.
جادووگەرێک بوو، بگرە، دەیتوانی
دەروونی خەڵکی بخوێنێتەوە.
بە دایکمی گوت؛
تا،
ئەم دەستەسڕەی، پێ بێت ئێسکی
سووک دەبێ و باوکم، بۆی شەیدا دەبێ.
بەڵام گەر هات و
ونی بکات یان بیدات بە کەسێ،
ئێسکی قورس دەبێ و زوو لەبەر چاوی
باوکم دەکەوێ.
دوای ئەوە گیانی
بەداوی دڵداری نوێدا دەگەڕێ. ٣,٤,٦٠
کاتی مردنی، کە دایمێ گوتی؛
کەی بەختت، بۆتی
نووسی و ژنێکی نایابی دایتێ؛
ئەمەی بدەرێ. منیش ئەوەم کرد.
دەبێت هێژا بێ وەک گلێنەی چاو،
ئازیز بێت لای تۆ و باش بیپارێزی.
گەر ونی بکەیت، یاخود بە دیاری
بیدەیت بە یەکێک، ئا ئەوە دەبێت،
بە وێرانییەک، وێرانییەکی
تر هەڵناکەوێت، هەندە گران بێت.

دێزدێمۆنا:

شتی وا ده‌بێت؟

ئۆتێللۆ:

راستییه‌که‌ی ده‌ڵێم؛
له گشت داوێکدا له داوه‌کانی[١]،
ته‌لیسمێک هه‌یه. "سیبیل"ێک چنی[٢]
پیر بوو ته‌مه‌نی، دووسه‌د ساڵێک بوو،
نیوه بێهۆش که‌وت، کاتی چنینی،
ئا له‌و کاته‌دا
سرووشی خۆیی له‌گه‌ڵدا چنی[٣].
له یه‌زدانه‌وه پیرۆز کرابوون ٣,٤,٧٠
ئه‌و کرمانه‌ی که‌،
بۆ ئه‌و، ئاوریشمی خاویان ده‌رێسی.
گشت ده‌زوویه‌کی
له ناو "مۆمیا"دا ره‌نگین کراوه[٤]،
ئه‌وه‌ی پسپۆڕی زانا، له دڵی[٥]

---

١. داو؛ تاو، تاوی په‌ت، ده‌زوو.

٢. سیبیل؛ به‌پێی ئه‌فسانه‌ی یۆنانی، پیرێژنێکه دوارۆژ ده‌بینێت و ده‌زانێت له داهاتوودا چی روو ده‌دات.

٣. سرووش؛ وه‌حی.

٤. ره‌نگه‌کان، له‌ناو مۆمیادا گیراونه‌ته‌وه. مۆمیا دوو واته‌ی هه‌یه؛ ١- مرۆڤی مۆمیاکراو. ٢- ئه‌و "شلکه"یه‌ی (سائله‌ی) که له له‌شی مردوو ده‌رده‌چێت له کاتی مۆمیاکردنیدا.
جاران هه‌ندێک له ده‌وڵه‌مه‌نده‌کان، که ده‌مردن له‌شه‌کانیان مۆمیا ده‌کردن، بۆ ئه‌وه‌ی نه‌رزێت (وه‌کو فیرعه‌ونه‌کانی میسر). ئینجا پێش ئه‌وه‌ی ده‌رمان و مۆم و شتی وای لێ بده‌ن، ناو سکیان ده‌رده‌هێنا و دایانده‌نا که هه‌ندێک له "شلکه"ه‌کانی له‌شی مردووه‌که دڵۆپ به‌دڵۆپ ده‌ربچێت. به‌و شلکه‌یان ده‌گوت "مۆمیا". ئینجا، تا کاتی شێکسپیر ئه‌وه‌یان بۆ ده‌رمانگرتنه‌وه و جادووگه‌ری به‌کار ده‌هێنا. یه‌کێک له‌وانه‌ی که باوه‌ڕیان به‌و جۆره ده‌رمانانه هه‌بووه، پزیشکێکی زۆر به‌ناوبانگی سویسری بوو ناوی پاراسێلسه‌س (Paracelsus 1493-1541) بوو.

٥. پسپۆڕ؛ وه‌ستای زانا.

کچی کەنیشکە[١]،

دڵۆپ بە دڵۆپ پاڵیوتوویەتی[٢].

دێزدێمۆنا:

تۆ بە راستیتە؟

ئۆتێللۆ:

بەبێ هیچ گومان، وایە وەک دەڵێم.

لەبەر ئەوە باش ئاگاداری بە.

دێزدێمۆنا:

گەر وابێت خۆزگە من قەت نەمدەدی.

ئۆتێللۆ:

ها! ئاخر بۆچی؟

دێزدێمۆنا:

بۆ چی ئەوەندە خێرا و بە دڕی،

دەدوێیت لەگەڵم؟

ئۆتێللۆ:

ونت کردووە؟ دزراوە لێت؟

یان فڕێت داوە؟ ئاخر پێم بڵێ.

دێزدێمۆنا: (روو دەکاتە ئاسمان)

خوایە بەزەییت پێما بێتەوە.

ئۆتێللۆ:

ها، تۆ چی دەڵێیت؟

دێزدێمۆنا:

نا، ون نەبووە.

---

١. کەنیشکە؛ ئەو کچەی هێشتا پێوەندیی سێکسیی لەگەڵ پیاودا نەکردووە.

٢. هەندێک لە جادووگەرەکانی ئەوسا دەیانگوت، ئەگەر مۆمیای دڵی کچی کەنیشکە، لە شتێکدا بەکار بهێنرێت و ئەو شتە بە دیاری بدرێت بە ژنێک، ئیتر مێردەکەی هەمیشە بۆی شەیدا دەبێت و قەت حەز لە ژنێکی تر ناکات. لەبەر ئەوە مۆمیای دڵی کچی کەنیشکە، ئەوساکە، شتێکی هەر زۆر بەنرخ بووە، کەم ژن دەستی کەوتووە.

بەڵام چی دەبێت، گەر ونیش بووبێت؟

ئۆتێللۆ:

چۆن، چۆن چی دەبێت؟

دێزدێمۆنا:

ئاخر پێم گوتی، کە ون نەبووە.

ئۆتێللۆ:

دە برۆ بیهێنە، با من ببینم.

دێزدێمۆنا:

بۆت دەهێنم، ئا، بەڵام ئێستا نا.
ئەمە فێڵێکە، لە منی دەکەی،
هەر لەبەرئەوەی،
داخوازییەکەی من فەرامۆش بکەی.
تکات لێ دەکەم، کاسسیۆ ببینە.

ئۆتێللۆ:

دەستەسڕەکەم، برۆ بۆ بێنە.
من گومانێکم، لە دڵدا هەیە.

دێزدێمۆنا:

دەی ئاخر، دە دەی،
لەو باشتر کەسێک نادۆزیتەوە[١].

ئۆتێللۆ:

دەستەسڕەکە!

دێزدێمۆنا:

تکات لێ دەکەم،
لەبارەی کاسسیۆوە، بدوێ لەگەڵم.

ئۆتێللۆ:

دەستەسڕەکە!

---

١. دێزدێمۆنا، وا دەزانێت ئۆتێللۆ گومانی بەوە هەیە کە کاسسیۆ زۆر بە کەڵکی ئەو ئیشە نەیەت.

دێزدێمۆنا:

ئەم پیاوە هەموو هیوای ژیانی[1]

خۆی هەڵچنیوە ڕاست لەسەر بنجی

خۆشەویستی تۆ.

زۆر جار مەترسی، ٣,٤,٩٠

دابەش کردووە لەگەڵ......

ئۆتێللۆ:

دەستەسڕەکە!

دێزدێمۆنا:

بە ئیمانم تۆ، بە هەڵە چوویت.

ئۆتێللۆ:

دە وسبە، وسبە، بۆ خاتری خوا! (بە تووڕەیییەوە دەچێتە دەرەوە)

ئەمیلیا:

بۆت دەرناکەوێت،

کە ڕەشک ئەم پیاوەی وا لێ کردووە؟

دێزدێمۆنا:

قەت شتی ئاوام، لێ نەبینیوە!

ئەم دەستەسڕە، بێگومان، دەبێت

جۆرە سحرێکی لە ناودا هەبێت.

زۆر پێم ناخۆشە کە لێم ون بووە.

ئەمیلیا:

ساڵ و دوو ساڵی ناوێت تاکو پیاو،

دەبینیت چۆنە.

هەموویان، ورگن. ورگن بە تەنیا.

---

١. ئەم پیاوە؛ مەبەستی لە " کاسسیۆ"یە.

ئێمەش، بۆ ئەوان، خواردنی تەنیا[1]؛
کە برسی دەبن، هەڵمان دەلووشن.
هەتاکو دڵیان تەواو تێکەڵ دێت،
ئەنجاکە هەڵمان دەهێننەوە. (ئیاگۆ و کاسسیۆ دێن)
ئەوەتا کاسسیۆ و مێردەکەم هاتن.

ئیاگۆ:

ڕێگەی تر نییە؛
ئەو دەبێت بۆتی ڕاست بکاتەوە[2]. (دێزدێمۆنا دەبینێت)
تۆ هەر سەیربکە، چ بەختیارێکیت،
دەی یەکسەر بڕۆ،
بە پاڕانەوە، بێزاری بکە،

دێزدێمۆنا:

ها، " کاسسیۆ"ی هێژا،
چ هەواڵێکت ئایا پێ هەیە؟

کاسسیۆ:

هەر داخوازییەکەی پێشوومە، خاتوون.
تکات لێ دەکەم،
بە ناوەندیاری باشی تۆ بەڵکو
دەرگایەکم بۆ
بکرێتەوە
وە خۆشەویستی ئەو کەسەی ڕێزی،
پڕ بەدڵ دەگرم،
بگەڕێتەوە بۆم وەک جارانی.
زیاتر نامەوێت من چاوەڕوان بم.

---

١. پیاوەکان، تەنیا هەر ورگن، هیچ شتێکی تریان لەگەڵدا نییە. ئێمەش، ژنەکان، بۆ ئەوان تەنیا هەر خواردنین و هیچ شتێکی تر نین.
٢. ئەو؛ دێزدێمۆنا.

ئەگەر ئەوەندە زل بێت تاوانم،
کە نە خزمەت و خزمەتکردنی ٣,٤,١١٠
باشی جارانم،
نە پەشیمانی ئێستاکە و دڵی
پەژارەدارم،
نە بیرکردنەوەم لەوەی کە هەردەم
لە ئایندەدا، ژیر و دانابم،
ئەوم لەگەڵدا ئاشتبکاتەوە،
باشتر دەبێت بۆم، ئەوە بزانم[١]؛
بۆ ئەوەی بەرگی رازیبوونێکی
ناچار و ناشاد، بکەمە بەرم و
لەم ژیانەدا،
بە رێگەیەکی تری خەباتدا
هەنگاوەکانی خۆم هەڵبهێنم.
وە هیوادار بم ئەستێرەی بەختم،
ئاگادارم بێت.
دێزدێمۆنا:
ئاخ،
" کاسسیۆ"ی خانەدان،
زۆر بە داخەوە، داخوازییەکانی
من لەگەڵ باری
دەروونی ئێستای مێردەکەی مندا
هەندێک ناسازن.
میرانەکەی من، هیچ لە میرانی

١. سوودی بۆم دەبێت، ئەگەر بزانم کە تاوانەکەم ئەوەندە گەورەیە، کە بە هیچ جۆرێک ئۆتێللۆ، لەگەڵمدا ئاشت نابێتەوە؛ چونکە ئەوساکە من، بیر لە کارێکی تر دەکەمەوە.

جارانم ناچێ؛
ئەم دەناسییەوە ئەگەر شێوازی
وەکو مەزاژی ئاوا تێک چووایە.
بێن بە فریادم، دەی هەرچی پەری و
فریشتەی پیرۆز، لە دنیا هەیە.
لەبارەی تۆ من، هەرچی دەزانم
باشە بۆت، گوتم.
بۆ دەربڕینی وتەی ئازادم،
لەناو سنووری مەودای تووڕەیی
دڕیدا وەستام.
دەبێت تۆ نەختێک ئارامت هەبێت.
ئەوەی کە بە من دەکرێت دەیکەم،
زیاتریش دەکەم
لەوەی بۆ خۆمی دەوێرم بکەم.
ئیتر تۆ بەوە دەبێت رازی بی.

ئیاگۆ:

چییە سەروەری
من، تووڕە بووە؟

ئەمیلیا:

هەر تۆزێک دەبێت، کە لێرە دەرچوو.
بێگومان گەلێک، تووڕە و شێواو بوو.

ئیاگۆ:

ئەو و تووڕە بێت!
دیومە، گوللەی تۆپ، سەربازەکانی
هەڵداوە بەرەو ئاسمان بۆ هەوا،
وە براکەیشی، هەر وەکو شەیتان،
هەر راست لە تەنیشت

خۆیەوە، لێی فڕاند؛ ئەو و تووڕە بێت؟[1]
گەر تووڕە بووبێت، دەبێت شتێکی
هەر گەلێک گەورە، تووڕەی کردبێت.
دەچم بیبینم. ئەگەر بە ڕاستی
تووڕە بێت، دەبێت
هۆیەکی گەلێک گرینگی هەبێت.
دێزدێمۆنا:
دە بڕۆ توخوا، تکات لێ دەکەم. (ئیاگۆ، دەڕوات)
بێگومان دەبێت شتێک پێوەندی
بە خیانەتی ئەم دەوڵەتەوە
هەبێت لە ڤێنێس، یاخود لێرەدا،
هەر لە ناو قوبروس، ئاشکرا بووبێت.
ئەوە، مێشکی
ڕوونی بەم جۆرە تاریک کردبێت.
لە کاتی واشدا، مرۆڤ سروشتی
وایە کە لەسەر وتە یان شتی
هەر گەلێک پچووک،
شاتەشات بکات[2].
بەڵام مێشک و گشت هۆش و بیری
لای گەورەکانە[3]
ئیتر سروشتی مرۆڤ ئاوایە؛ ٣,٤,١٤٠
گەر پەنجەیەکی ئازاری هەبێت
هەموو ئەندامە ساغەکانیشی،

١. گوللەی تۆپەکە براکەی لێ فڕاند.
٢. شاتەشات؛ بۆڵەبۆڵ.
٣. گەورەکان؛ کێشە گەورەکان.

زۆر هەستیار دەبێت[١].
لە بیرمان نەچێت کە پیاو، خواوەند نییە؛
ناتوانێت هەردەم، نەرم و ناسک بێت
لەگەڵ ئێمەدا، وەکو لە ڕۆژی
ژن هێنانیدا.
ئاخ، من ئەمیلیا، وەک سەربازێکی
ساکار، ڕێگەم دا
بە سۆزی دڵم، تاوانباری بکا
بە دڵڕەقێتی.
ئێستا هەست دەکەم
کە من گەواهی درۆم لە دژی[٢]
ئەو داوە و کە ئەو،
بە ڕاستی غەدری زۆر لێ کراوە.

ئەمیلیا:

لە خوا دەخوازم، کە کاروباری
تەنیا دەوڵەت بێت،
وەکو تۆ بیری لێ دەکەیتەوە.
شتی تر نەبێت، ٣,٤,١٥٠
وەک ڕەشک یان غیرەت،
بە خەیاڵی خاوی، هەڵی چنیبێت
ئای کە سوێدارم!

دێزدێمۆنا:

من قەت هۆیەکی وام نەداوەتێ[٣].

---

١. هەستیار؛ حەساس. زوو و زۆر هەست بە ئازار دەکات.

٢. گەواهیی درۆ؛ شەهادەتی درۆ.

٣. من هیچ شتێکی ئاوام نەکرووە کە ئەو وا بزانێت من یەکێکی ترم خۆش دەوێت و ئەوە ببێت بەهۆی ئەوەی کە ئەو ڕەشکی پێ بەرێت یان هەست بە غیرەت بکات.

ئەمیلیا:

بەڵام دەروونی پیاوی غیرەتگر،

هۆی پێویست نییە؛

غیرەت نایگرێت

ئەو، لەبەر هۆیەک.

دەیگرێت چونکە خۆی غیرەتگرە.

ئەژدەهایەکە، خۆی لەخۆیەوە

پەیدا دەبێت و دەچێتە ناو دڵ.

دێزدێمۆنا:

لەو ئەژدەهایە، خوایە تۆ دڵی

ئۆتێللۆی مێردی من بپارێزە.

ئەمیلیا:

خاتوونە، ئامین.

دێزدێمۆنا:

ئەوا من دەچم بیدۆزمەوە. (روو دەکاتە کاسسیۆ)

کاسسیۆ، لێرەدا، هاتوچوو بکە.

گەر دەرفەتێکی

گونجاو هەڵکەوت بۆم

لەبارەی تۆ من، دەدوێم لەگەڵی

پڕ بە توانای خۆم،

هەوڵ دەدەم بەڵکو جێبەجێی بکەم.

کاسسیۆ:

خاتوونە، گەلێک سوپاست دەکەم. (دێزدێمۆنا و ئەمیلیا دەڕۆن)

بیانکۆ:

ها، کاسسیۆ چۆنی، چۆنی دۆستەکەم.

کاسسیۆ:

ئەوە چۆنە تۆ، لەماڵەوە نیت.

چی دەکەیت لێرە، "بیانکا"ی دولبەرم.
بەو خوایە ئێستا، یاری شیرینم،
من بەتەما بووم
بێم بۆماڵەوە بۆ لات، بتبینم.
بیانکۆ:
منیش ئەوەتا بە ڕێگەوە بووم،
کاسسیۆ، دەهاتم بۆ نیشتەجێی تۆ.
بۆ حەفتەیەک چی،
دوور لە ماڵەوە، تۆی ڕاگرتووە؟
حەوت ڕۆژ و حەوت شەو؟
سەدو شەست سەئات و
هەشت سەئاتی تر؟
ئەو سەئاتانەی کە یار لێتەوە
دوورە هەشت کەڕەت
درێژترە لە سەئاتی ڕاستی.
بژاردنێکی زۆر ماندووکەرە[١].
کاسسیۆ:
بیانکۆ، ببوورە. ٣, ٤, ١٧٠
گشت ئەم ماوەیە،
بیر و خەیاڵی تاڵ و گرانم،
وەکو سرب گیانم دەپەستنەوە[٢].
بەڵام،
هەر کە دەمێکی باش و گونجاوم،
بیانکۆ، شیرینم، بۆ هەڵکەوت یەکسەر،

١. ئەو کات ژماردنە، مرۆڤ زۆر ماندوو دەکات.
٢. سرب؛ قورقوشم.

من، مافی ئەمەت بۆ دەکەمەوە. (دەستەسڕەکەی دێزدێمۆنای دەداتێ)
یەکێک وەک ئەوە، بۆ من بچنە.

بیانکۆ:

ئاە، کاسسیۆ، ئەرێ
ئەمەت لە کوێ بوو؟
ئەمە ئاماژەی خۆشەویستییە،
یاری نوێ دەیدات بە خۆشەویستی.
ئەوەی کە خۆتت لێ شاردمەوە و
ئازاری دڵی منت دەدا پێی
ئێستا دەزانم، چی بوو هۆیەکەی.
گەیشتینە ئەمە؟ باشە، زۆر باشە.

کاسسیۆ:

ژنەکە بڕۆ، مێشکت هەبێ.
تۆ هەڵهێنانی خەیاڵی پیست
هەڵبدەرەوە بۆ دانەکانی
ئەو شەیتانە کە ئەوەی پێ گوتی[1] .
ئێستاکە غیرەت کەوتووەتە دڵت؛
تۆ وا دەزانی
کە یارێکی تر بۆ یادگاری
داوێتی بە من.
نا، نا، بیانکۆ، قەت وا نەزانی.

بیانکۆ:

باشە هی کێیە؟

کاسسیۆ:

خۆشم نازانم.

---

١. بیانکێشە بە دانەکانی ئەو شەیتانەدا، ئەوەی ئەو قسانەی پێ گوتی.

له ژووری خۆمدا من دۆزیمەوه.
حەزم کردووه له نەخشەکانی.
پێش ئەوەی یەکێک داوای بکاتەوه،
به لای زۆرەوه، هەر ئاواش دەبێت،
بۆم کۆپی بکه. ده برۆ بیکه و
بۆ تاوێک تۆ واز له من بهێنه.
بیانکۆ:
وازت لێ بهێنم؟ لەبەر چی، بۆچی؟
کاسسیۆ:
من چاوەڕوانی ژەنەڕاڵەکەم،
وه زۆر به باشی نازانم و من،
ئارەزوو ناکەم
ئەو لەگەڵ ژندا لێره بمبینێت.
بیانکۆ:
ئاخر لەبەر چی، تکات لێ دەکەم؟
کاسسیۆ:
لەبەر ئەوه نا، که تۆم خۆش ناوێت.
بیانکۆ:
بەڵام،
٣,٤,١٩٠ هەر لەبەرئەوەی منت خۆش ناوێت.
تکات لێ دەکەم،
وەره لەگەڵما بگەڕێین نەختێک.
وه پێشم بڵێ؛
بەم نزیکانه، دەتبینم شەوێک؟
کاسسیۆ:
هەر چەند هەنگاوێک لەگەڵتدا دەڕۆم.

چونکە لێرەدا، چاوەڕوان دەکەم.

بەڵام من زوو دێم

بۆ لات بتبینم.

بیانکۆ:

باشە، زۆر باشە.

پێویستە فێری ژیانی وابم. (دەڕۆن)

# پەردەی چوارەم

## دیمەنی ١, ٤

لە بەردەمی قەڵاکەدا، لە قوبروس، ئۆتێللۆ و ئیاگۆ دەردەکەون

ئیاگۆ:

تۆ وا دەزانی؟

ئۆتێللۆ:

بەڵێ، ئیاگۆ، من وا دەزانم؟

ئیاگۆ:

چی تێدا هەیە،
گەر هات و ماچی یەکتری بکەن؟

ئۆتێللۆ:

ئاخر ئەو ماچە،
لەناو سنووری یاسادا نییە.

ئیاگۆ:

ئەی گەر بە رووتی لەناو جێگادا
لەگەڵ دۆستێکی خۆیدا رابوێرێت
بۆ ساتێک یاخود زیاتریش لەوە و
هیچ مەبەستێکی خراپیان نەبێت؟

ئۆتێللۆ:

ئیاگۆ، لەناو
جێگا و بە رووتی و هیچ مەبەستێکی
خراپیان نەبێت؟ ئەوە رواڵەت
کردنە لە بەرچاوی شەیتاندا[١].

---

١. رواڵەتکردن بۆ کەسێکی تر، ئەوەیە کە خۆت بەجۆرێک بنوێنیت کە ئەو کەسە وا بزانێت کە تۆ چاکەی لەگەڵدا دەکەیت، بەڵام لە راستیدا، خراپەی لەگەڵدا دەکەیت. بەڵام رواڵەتکردن بۆ شەیتان بە عەکسەوە؛ دەبێت خۆت وا بنوێنیت کە خراپە دەکەیت، بۆ ئەوەی شەیتان پێی خۆش بێت.

ئەوانەی کاری ئاوا دەکەن و
مەبەستی بەدیان نییە لە دڵدا
شەیتان هەوڵ دەدا
مەبەستی باشیان لەڕێ دەربکا.
وا لە " گەردوون"یش
دەکەن تێبینی رەوشتیان بکا[١].

ئیاگۆ:

کەوابێت ئەگەر، هیچی وا نەکەن،
ئەو کردەوەیە، "بەزە"یەکی زۆر[٢]
وردە، هیچ نییە.
بەڵام گەر هات و من دەستەسڕێک،
بدەم بە ژنەکەم ......

ئۆتێللۆ:

ئەوە، یەعنی چی؟

ئیاگۆ:

گەورەم، ئیتر چی،
ئەو دەستەسڕە، هینی خۆیەتی.
کە هینی خۆی بێت،
من وابزانم، دەتوانێت بیدات
بەو پیاوەی کە خۆی ئارەزوو دەکات.

ئۆتێللۆ:

گەر وابێت ئابڕووش، هینی خۆیەتی.
ژن لەسەریەتی کە بیپارێزێت.
ئایا قەت دەشێت بیدات بە خەڵکی؟

---

١. تەنانەت "گەردوون"یش باوەڕ ناکات کە مەبەستێکی بەدیان نەبێت. لەبەر ئەوە تێبینییان دەکات.
٢. ئەو کردەوەیە؛ ئەوەی کە بە رووتی پێکەوە لە جێگەدا رادەبوێرن. بەزە؛ گوناح.

ئیاگۆ:

ئابڕوو شتێکی
نادیاره و به چاو، قەت نابینرێت.
زۆر جار ئەوەی که
بۆت دەردەکەوێت زۆر ئابڕووداره،
ئابڕوودار نییه.
بەڵام له بارەی دەستەسڕەکه....

ئۆتێللۆ:

ده به گەردوون من، زۆر به شادمانی
ئەو دەستەسڕەم له بیر دەچووەوه!
به ناوهێنانی، تۆ دیسانەوه ٤,١,٢٠
خستەوه بیرم.
بەسەر "یاد"مەوه دەنیشێتەوه،
هەر وەکو سیسارک، بەسەر ماڵێکی
درم تێبەربوو[١].

ئیاگۆ:

ئا، بەڵام ئەوه، چی تێدا هەیه؟

ئۆتێللۆ:

نا، کردەوەی وام، من بەدڵ نییه.

ئیاگۆ:

باشه دەڵێیت چی ئەگەر پێت بڵێم،
دیومه بەدکاریی دژت کردووه.
یان گوێم لێ بووه، وەک گشت ناکەسێک،

---

١. درم؛ ئەو جۆره نەخۆشییەی که زوو بڵاو دەبێتەوه و خەڵکی دەکوژێت. وەکو کۆلێرا یاخۆ تاعوون. که سیسارک بەسەر ماڵی ئاوادا دەنیشێتەوه، واته چاوەڕوان دەکات خەڵکی ماڵەکه بمرن و بێت بیانخوات. ئینجا ئەگەر سیسارک لەسەر ماڵێک بنیشێتەوه واته ئەو ماڵه نەخۆشیی درمی تێ بەربووه. ئیتر کەس نزیکیان نابێتەوه.

دوای ئەوەی لاسی بانوو یارێکی
خۆی پێ دەدرێ و ئەوەی دەیەوێت،
دەستگیری دەبێت،
ناتوانێت زاری خۆی بگرێ و ئەوە
لەبەر چاوی خەڵک نەگێڕێتەوە؛
دەیگێڕێتەوە و هەمیشە بەوە،
خۆی هەڵدەکێشێت.

ئۆتێللۆ:
جۆرە شتێکی ئاوای گوتووە؟

ئیاگۆ:
بەڵێ سەروەرم، ئا، گوتوویەتی.
بەڵام گومانت، نەبێت لەوەی کە
گەر لێی بپرسی نکوڵی دەکا.

ئۆتێللۆ:
ئەو، چی گوتووە؟

ئیاگۆ:
بەخوا، گوتوویەتی، گوایە کردوویەتی.
ئیتر نازانم من بەتەواوی
ئەو، چی کردووە.

ئۆتێللۆ:
چی؟ چی؟

ئیاگۆ:
کە پاڵ کەوتووە[١].

---

١. ئیاگۆ، بە ئینگلیزییەکەی، وشەی (لای Lie) بەکار دەهێنێت. ئەم وشەیە بە ئینگلیزی دوو واتای هەیە؛

١- پاڵ کەوتووە ٢- درۆی کردووە. لەبەر ئەوە (Lie on her) دوو واتای هەیە ١- بەسەریدا پاڵ کەوتووە ٢- درۆی لەسەر کردووە. ئۆتێللۆ، چونکە "دێزدێمۆنا"ی زۆر خۆش دەوێت، حەز دەکات ئیاگۆ، مەبەستی لە دووەمیان بێت.

ئۆتێللۆ:

چۆن؟ لەگەڵیدا؟

ئیاگۆ:

چۆن پێت خۆشە، وا؛
گەر بەسەریدا، یان لەگەڵیدا.

ئۆتێللۆ:

گەر لەگەڵیدا؟ یان بەسەریدا؟
گەر بەسەریدا، واتە لەبارەی
درۆی کردووە.
بەڵام گەر بڵێت؛ لەگەڵیدا، ئاخ،
ئاخ، خوایە خوایە، چ "بەزە"یەکی
دزێو و گەورە و پیسی کردووە[١].
دەستەسڕەکە،
ئەمجا دانپیانان بە بەزەکانی.
لەبەر ئەو ئەرکەی کە کێشاوێتی
ئەم پیاوە دەبێت هەڵبواسرێت[٢].
بەو کردەوەیە،
٤, ١, ٤٠ ئەندامەکانم، گشتیان دەلەرزن.
مرۆڤ قەت سۆزی، ئاوا ناکوڵێت
ئەگەر هۆیەکی
راستی و زۆر گران، نەیورووژێنێت.
نا، وتە نییە[٣]
ئەوەی من ئاوا هەڵدەتەکێنێت.
تفوو، سەد تفوو
گوێچکە و لووت و لێو!

---

١. بەزە؛ گوناح. دزێو؛ زۆر ناشیرین، نەفرەت لێکراو.
٢. لەسەر ئەو درۆیەی کردوویەتی، ئەم پیاوە (کاسسیۆ) دەبێت هەڵبواسرێت.
٣. وتە نییە، شتێکی راستە؛ تەنیا وتە نییە.

قەت ئەوە دەشێت؟[1]

دەستەسڕەکە و دانی پیابنێت!

ئاخ ناکەس، ناکەس. (ئۆتێللۆ، لە تووڕەییدا دەبوورێتەوە)

ئیاگۆ: (لەبەر خۆیەوە)

دەی بەردەوام بە! دەرمانەکانم

کاری تێ دەکەن. ئاخر بەم جۆرە،

پیاوی خانزادەی ریژگاو راو دەکەین.

هەر ئاواش ژنی

باشی داوێنپاک، تاوانبار دەکەین. (روو دەکاتە ئۆتێللۆ)

ئەوە چی رووی دا ئەرێ سەروەرم؟

ئۆتێللۆ، بەگم[2]! (لەو کاتەدا کاسسیۆ دێت)

بەخێر بێیت کاسسیۆ.

کاسسیۆ:

ئەوە چییە، چی؟ شتێک رووی داوە؟

ئیاگۆ:

ئا، سەروەرەکەم، پەرکەم خستوویەتی[3].

فێی لێ هاتووە، دووەم جاریەتی؛

دوێنێش فێیەکی ئە ئاوا گرتی.

کاسسیۆ:

تۆ دەوروبەری " لاجانگ"ەکانی،

بفریکێنە[4].

---

١. ئۆتێللۆ، ئەوەندە تووڕەیە قسەکانی پێوەندییان بەیەکترییەوە نییە. وا دیارە وێنای ئەوە دەکات کە چۆن کاسسیۆ گوێچکە و لووت و لێوەکانی دێزدیمۆنای ماچ کردووە.

٢. ئیاگۆ، هەست بەوە دەکات کە بەسەر ئۆتێللۆدا، خۆی زاڵ کردووە؛ خۆی، لەو بەگەورەتر دەزانێت لە کاتی بوورانەوەیدا. لەبەر ئەوە هەر بەناوی "ئۆتێللۆ" بانگی دەکات. دەوێرێت وا بکات چونکە ئۆتێللۆ بووراوەتەوە.

٣. پەرکەم؛ فێی، فێ لێهاتن. ئیاگۆ، درۆ دەکات؛ ئۆتێللۆ، نە ئێستا نە قەت فێی لێ هاتووە.

٤. بفریکێنە؛ بشێلە.

ئیاگۆ:

نا، ئەوە نابێت.
بە بێهۆشییەکەی پێویستە رێگە
بدرێت تاکو خۆی بە هێمنی،
نەختە بە نەختە، کۆتایی پێ دێت.
ئەگەر وا نەبێت؛ کەف لە دەمیەوە
دەردەچێ و بار و
دۆخی مێشکی
وەکو هی شێتی دڕندەی لێ دێت.
ئەوەتانێ وا دەجوولێتەوە،
دەتوانیت توخوا، ئاوا بۆ تاوێک
دوورکەویتەوە.
ئەو یەکسەر ئێستا، چاک دەبێتەوە.
کەی رۆیشت، دەمەوێت[1]
بدوێم لەگەڵتا لەبارەی شتێک،
شتێکی گرینگ. (کاسسیۆ دەڕوات)
٤،١،٦٠ ژەنەڕاڵ چۆنی؟ هیچ ئازارێکی
سەرت نەداوە؟

ئۆتێللۆ:

پێم پێ دەکەنی؟

ئیاگۆ:

پێت پێ دەکەنم؟ نا، نا، بە گەردوون.
خۆزگە دەتتوانی، وەک پیاو تۆ تامی
ئەو چارەنووسە تاڵەت بچێژی.

ئۆتێللۆ:

پیاوی شاخ لێڕواو، گیانەوەرێکی

---

١. کەی ئۆتێللۆ، رۆیشت.

درِندە و هارە[1].

ئیاگۆ:

خۆ ئەگەر وابێت هەموو شارێکی
گەورە پڕپڕە
لە گیانەوەر و ئەژدەهای ماڵی[2].

ئۆتێللۆ:

دانی پیا هێنا؟[3]

ئیاگۆ:

پیاو بە و وەکو پیاو، سەروەرم، دەبێت
تۆ خۆت بنوێنی. لە بیرت نەچێت؛
هەموو پیاوێکی ژندار، هەڵوێستی
وەک هی تۆ وایە.
ملیۆنەها کەس، کە ئێستا زیندوون،
شەو بە شەو لە ناو
نوێنێکی تری نایاسا دەنوون.
دەشوێرن هەزار سوێندت بۆ بخۆن؛
هەر خۆیان ئەوە، دەتوانن بکەن[4].
هێشتاکە باری تۆ ئاسانترە[5].
ئەوە لەعنەتە، لە دۆزەخەوە،

---

١. پیاوی شاخ لێ ڕواو؛ ئەو پیاوەی ژنەکەی خیانەتی لێ دەکات.

٢. ئەژدەها، گیانەوەرێکی ئەفسانەییی درِە، ماڵی ناکرێت. ئیاگۆ، مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ لە شارە گەورەکاندا، زۆرجار ژنی شووکردوو، پێوەندیی سێکسیی لەگەڵ پیاوانی تردا پەیدا دەکات و مێردەکانیان نابن بە گیانەوەری درِندە. ماڵی دەمێننەوە.

٣. دانی بەوەدا هێنا کە لەگەڵ "دێزدێمۆنا"دا سێکسیی کردووە.

٤. وا دەزانن هەر خۆیان مافیان هەیە لەگەڵ ژنی خەڵکیدا بنوون و کەس لەگەڵ ژنی خۆیاندا نابێت بنوێت. ئیاگۆ، ئاوا بەو جۆرە دەدوێت، بۆ ئەوەی ئۆتێللۆ وا بزانێت، کە بەو جۆرە هەوڵ دەدات پەیەکانی (ئەعسابەکانی) سارد بکاتەوە. بەڵام خۆی، ئیاگۆ، دەزانێت کە بەو جۆرە ئۆتێللۆ باشتر بڕوای پێ دەکات و تووڕەتر دەبێت.

٥. بار؛ بارودۆخ. چونکە تۆ ڕاستییەکەی دەزانیت، ئاسانترە بۆت چەشکردنی.

وە "دزێو"ترین[١]
تیزپێکردنی شەیتانە ئەگەر[٢]
ماچی ژنێکی گەرمی سۆزانی
لە لانەیەکدا،
بکەیت و هەردەم تۆ وابزانی
پاکە داوێنی[٣].
نا، من راستییەکەی، دەبێت بزانم؛
کەی بەتەواوی لاوازیی خۆمم،
زانی ئەوساکە، ئەویش دەناسم[٤].

ئۆتێللۆ:

ئای، کە تۆ دانای؛ ئەوە گومانی
ئیتر تیا نییە[٥].

ئیاگۆ:

خۆت لادە لێرە، بۆ تاکە تاوێک.
لەناو سنووری ئارامدا تۆ خۆت
رابگرە و تەنیا سەیر بکە و گوێ بگرە.
ئێستا پێش تۆزێک کە بە پەژارە،
"فێ"ت لێ هاتبوو- ئەوە بەڕاستی
سۆزێکە هەرگیز لە پیاو ناگونجێت-

١. دزێو؛ ئێسک گران.

٢. تیزپێکردن؛ گاڵتەپێکردن.

٣. دێزدێمـۆنا، ئۆتێللۆی زۆر خـۆش دەوێت و هـەمـیـشـە، لەنـاو جـێگـەدا، زۆر گـەرم و بەئاڵۆشـە لەگەڵیدا. ئەم چەند رستەیە وا لە ئۆتێللۆ دەکەن کە بڕوای بە دێزدێمۆنا نەمێنێت.

٤. ویستی پیاو (ئیرادەی پیاو) هـەمیشـە بەرامـبەر جوانیی ژن، لاوازە؛ زوو حـەز لە ژنی جوان دەکات. ئۆتێللۆ خـۆیشی لاوازە؛ زۆرجار پێوەندیی سێکسیی لەگەڵ ژنانـدا هەبووە. وە ئیاگۆ، لەو باوەڕەدایە کە لەو جۆرە پێوەندییەی لەگەڵ "ئەمیلیا"ی ژنیدا هەبووە.

٥. لێرەدا، زۆر روون نییـە. ئایا لە چیـدا گـومـان نـییـە؛ لەوەی کـە ئیـاگـۆ دانایە؟ یان لەوەی کـە دێزدێمۆنا سۆزانییە؟.

کاسسیۆ بۆ ئێرە هات و من پێم گوت؛
٤,١,٨٠ بڕوا و نەوەستێ و بیرم کردەوە
لە هۆیەکی باش بۆ وروژاندنت؛
پێشیم گوت کە زوو بگەڕێتەوە،
بۆ ئێرە تاکو بدوێت لەگەڵم.
ئەویش بەڵێنی دامێ بێتەوە.
ئیتر تۆ ئێستا، لە قوژبنێکدا،
بڕۆ بێ دەنگ خۆت بشارەرەوە،
ئینجا تێبینی جۆری خەنینی
گاڵتەپێکەری سووککەری بکە.
سەیربکەی دەبینی
گشت قوژبنێکی رووی "هێما"یەکی
ریسواکردنی خەڵک تێیدا دەژی.
من وای لێ دەکەم کە چیرۆکەکە
هەمووی سەرلەنوێ، بگێڕێتەوە؛
چۆن و لەکوێدا، وە هەروەها، کەی
چەند رۆژ و جارێک، لەگەڵ ژنەکەی
تۆدا جووت دەبێت.
پێت دەڵێم؛ سەیری ئاماژەکانی
ئا ئەو دیمەنەی بکە کە دەدوێت.
دەی بۆ خاتری
مەریەم، هێمن بی و ئارامت هەبێت.
ئەگینا دەڵێم
کە تۆ سەرتاپا، کین و ئاژری و[1]
هەر هیچ پیاوەتی لە تۆدا نییە.

١. ئاژر؛ رق.

ئۆتێللۆ:

ئیاگۆ، ئەرێ گوێ لە من دەگری؟
ئێستا دەمبینی، ئارامگرێکی
زۆر زۆرزان دەبم.
بەڵام دەمەوێت گوێ لەمەش بگری؛
ئارامگرێکی گەلێک خوێناوی.

ئیاگۆ:

ئەوە، شتێکی نامۆ نییە لام.
بەڵام خۆت بگرە، ها دەنگ، دەرنەکەی
ئیتر برۆ دەی. (ئۆتێللۆ دەڕوات خۆی دەشارێتەوە)
ئێستا لە کاسسیۆ دەبێت لەبارەی
"بیانکا"ی دۆستی نەختێک بپرسم.
ئەو سۆزانییە، بە فرۆشتنی
لەشی نان و بەرگ بۆ خۆی دەکڕێت.
بوونەوەرێکە، ئا ئەو "کاسسیۆ"یەی
هەندە خۆش دەوێت، بۆی شەیدا دەبێت.
دەردی سۆزانی
ئەوەیە گەلێک دەخەڵەتێنێت،
هەتاکو یەکێک، دەیخەڵەتێنێت.
هەرچەند کە باسی ئەو دەکرێت ئەم،[1]
خۆی پێ ناگیرێت؛
خەنین هەناسەی تەواو دەبڕێت. (کاسسیۆ دێت)
ئەوا کاسسیۆ دێت.
ئێستا ئۆتێللۆ، بە پێکەنینی
ئەو، هەر شێت دەبێت.
ئا ئەو غیرەتە کێوییەی دڵی[2]،

١. ئەو؛ بیانکا. ئەم؛ کاسیۆ.

٢. غیرەتی کێوی؛ غیرەتی کێوی (ناشارستانی) ئۆتێللۆ.

گشت خەنینێکی
یان گاڵتەیەکی بێ مەبەستی، ئەم
کاسسیۆ هەژارە،
یەکسەر بە هەڵە، تەفسیری دەکا.
ها، یاریدەدەر، تۆ چۆنی ئێستا؟
کاسسیۆ:
لە هەمووی بەدتر ئەوەیە کە تۆ،
بەو نازناوەوە بانگی من دەکەی.
ئا ئەوەی کە من، لە کیسم چووە و
لەکیسچوونەکەی منی کوشتووە.
ئیاگۆ:
تۆ، دیزدیمۆنا، باش بەکاربێنی،
کارت باش دەبێت. ئەگەر بیانکا،
ناوەندیاری وای پێ بکرایە،
داخوازییەکەت زوو جێبەجێ دەبوو.
کاسسیۆ:
داخی گرانم بۆ ئەو داماوە[1]!
ئۆتێللۆ: (لە قوژبنێکەوە سەیر دەکات)
٤,١,١١٠ تۆ سەیری بکە چۆن، پێ دەکەنێت.
ئیاگۆ:
قەت نەمبیستووە
ژنێک پیاوێکی هەندە خۆش بوێت.
کاسسیۆ: (بە پێکەنینەوە)
داخی گرانم، دە بە ئیمانم،
من وابزانم،

١. مەبەستی لە "بانکیا"یە. بەڵام، ئۆتێللۆ وا دەزانێت کە مەبەستی لە "دیزدیمۆنا"یە.

ئا ئەو کلۆڵە، منی خۆش دەوێت.

ئۆتێللۆ: (لەبەر خۆیەوە)

نکووڵی ناکا و پێی پێ دەکەنێت[1].

ئیاگۆ:

گوێت لێم بوو، کاسسیۆ؟

ئۆتێللۆ :(لەبەر خۆیەوە)

بێزاری دەکات تاکو سەرلەنوێ

چیرۆکەکەی بۆ بگێڕێتەوە.

ئافەرین دەدەی،

دەی بەردەوام بە.

ئیاگۆ:

بە خەڵکی دەڵێت کە تۆ دەیهێنی.

ئایا نیازی کاری وات هەیە؟

کاسسیۆ: (پێ دەکەنێت)

ها، ها، ها!

ئۆتێللۆ: (لەبەر خۆیەوە)

ها، تۆ، رۆمانی،

ئەرێ ئاهەنگی زاڵبوونت دەگری؟[2]

کاسسیۆ:

من، ئەو بهێنم؟ ئەوە دەڵێیت چی؟

٤,١,١٢٠ من و سۆزانی بکەم بە ژنم.

---

١. کاسسیۆ، بە بیانکا پێ دەکەنێت. بەڵام ئۆتێللۆ، وا دەزانێت کە بە دێزدێمۆنا پێ دەکەنێت.

٢. لای رۆمانییەکان، نەریت وابووە، ئەگەر سوپایەکیان لە جەنگدا بە سەرکەوتوویی بگەڕایەتەوە، لەسەر جادەکانی "رۆما"دا ئاهەنگی زاڵبوونیان بۆ سەرۆک سوپاکە دەگرت و مەدالیەیان دەدایە. ئۆتێللۆ، پێی ناخۆشە کە کاسسیۆ پێ دەکەنێت، لەبەر ئەوە لە دڵی خۆیدا لێی دەپرسێت؛ چییە، خۆت گیف کردووە وەکو سەرۆک سوپایەکی رۆمانی، ئایا ئاهەنگی سەرکەوتن بۆ خۆت دەگریت؟.

تکات لێ دەکەم، هیچ نەبێت نەختێک
پێویستە ڕێزی مێشکم بگری.
ها، ها، ها!
ئۆتێللۆ: (لەبەر خۆیەوە)
دەی با ئاوا بێت، دەی با ئاوا بێت؛
ئەوەی زاڵ دەبێت، ئەو پێبکەنێت.
ئیاگۆ:
دە بە ئیمانم، دەمگۆ بڵاوە[1]،
کە تۆ، دەیهێنی.
کاسسیۆ:
تکات لێ دەکەم ڕاستییەکەی بڵێیت.
ئیاگۆ:
ڕاستییەکەی نەڵێم، ناکەس بم دەبێت.
ئۆتێللۆ : (لەبەر خۆیەوە)[2]
تا ئەو ڕادەیە ڕیسوا بکرێم؟
باشە، زۆر باشە.
کاسسیۆ:
مەیموونەکە، خۆی دەنگوباسی وا،
لەلای ئەم و ئەو دەگێڕێتەوە.
خۆشەویستییەکەی،
ئاوای لێ دەکات کە بیر لە شتی
وا بکاتەوە و بڕوای پێ بکات.
من قەت بەڵێنی وام نەداوەتێ.
ئۆتێللۆ: (لەبەر خۆیەوە)

١. دەمگۆ؛ ئاوازە.
٢. ئۆتێللۆ، وا دەزانێت کە لەباری دێزدێمۆنا دەدوێن. بۆیە وا تووڕە دەبێت.

ئەوا ئیاگۆ،
ئاماژە بۆ من دەكات و ئێستا
گشت چیرۆكەكە دەگێڕێتەوە.
كاسسیۆ:
لێرە بوو ئێستا.
بچم بۆ هەرچ كوێ، دێت دوام دەكەوێ.
ئەو رۆژە خۆم و "ڤێنێس"ییەكی
هاوڕێم وەستابووین لەلای كەناری
دەریا دەماندواند. بەخوا، سەیردەكەم
بووكەشووشەكە[1]،
هات و، بەم دەستەم[2]، (دەست دەكاتە ملی ئیاگۆ)
وا دەستەكانی گیركرد لە ملم.
ئۆتێللۆ: (لەبەر خۆیەوە)
وتی ئاخ، كاسسیۆ، كاسسیۆی ئازیزم[3].
وایە وا بووە هەر وەكو دەیڵێت.
بە نواندنی[4]،
چۆن رووی داوە وا دەیگێڕێتەوە.
كاسسیۆ:
خۆی بەسەر مندا،
دەدا و دەگریا و خۆی هەڵدەواسی؛
ئاوا بەم جۆرە، (باوەش بە ئیاگۆدا دەكات و دەیگوشێت)
رایدەكێشام و منی دەگوشی.

١. بە بیانكا دەڵێت بووكەشووشە، چونكە زۆر سووراو و سپیاو دەكات و ژنێكی سووكەڵەیە.
٢. سوێند بەدەستی خۆی دەخوات. یان گرەوی لەسەر دەكات.
٣. ئەم دێرە و سێ دێرەكەی ژێری، ئۆتێللۆ، بەخەیاڵی خۆی وێنایان دەكات (تەسەوریان دەكات). وە هەموو كاتەكە ئۆتێللۆ وا دەزانێت كاسسیۆ باسی دێزدێمۆنا دەكات، نەك بیانكا.
٤. بە نواندنی؛ بە تەمسیلكردنی (ئەوەی كە كاسسیۆ دەستی كردە ملی ئیاگۆ).

ها، ها، ها!

ئۆتێللۆ: (لەبەر خۆیەوە)

ئێستاکە ئەوە دەگێڕێتەوە. ٤,١,١٤٠

چۆنی راکێشا بۆ نوێنەکەی من.

ئاخ، ئەو لووتەی تۆ، من باش دەبینم

بەڵام ئەو سەگەی،

کە بۆی هەڵدەدەم، جارێ نابینم.[1]

کاسسیۆ:

دەبێت کۆتایی بەو پێوەندییەی

هەمە لەگەڵی، ئیتر بهێنم.

ئیاگۆ:

تۆ بە راستیتە!

سەیرکە ئەوەتا، بەرەو ئێرە دێت. (بیانکا دێت)

کاسسیۆ:

لە فسفۆس زیاتر هیچ نییە، بەڵام[2]،

بە عەتر بۆنی خۆی خۆش کردووە. (روو دەکاتە بیانکا)

نازانم بۆچی وا دوام دەکەوێت!

بیانکا:

دەبا شەیتان و خانمی ژنی،

دوای تۆ بکەون!

چی بوو مەبەستت بەو دەستەسڕەی

کە ئێستا داتمێ؟

چەند ریژگاوێکی باش بووم ئەوساکەی

---

١. کە دەڵێت "لووت" مەبەستی لە کێرە. ئۆتێللۆ، بڕیاری دا، بیبڕێت و هەڵی بدات بۆ سەگ.

٢. فسفۆس؛ جۆرە بوونەوەرێکە لە دەڵەک دەچێت. بەڵام هەمیشە بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێوە دەردەچێت.

که لێم وەرگرتی،
چنینەکانیت بۆ کۆپی بکەم.
قەت دەشێت بڕوا بە چیرۆکێکی ٤,١,١٥٠
وا نامۆ بکەم؛ کە تۆ، لە ژووری
نوستنەکەتدا دۆزیوەتەوە و
ئاگادار نەبی کێ لەوێ بۆتی
بەجێ هێشتووە؟
ئەمە ئاماژەی خۆشەویستییە.
ئەسپەدارینە–
کەت، هەر کەسێک بێت[1]،
ئەو، بە تۆی داوە. ها، بیدەرەوە.
من، بۆت ناچنم.

کاسسیۆ:
ئای، ئای، بیانکا،
شیرین، دەڵێیت چی؟

ئۆتێللۆ: (لەبەر خۆیەوە)
ئەو دەستەسڕە، بە گەردوون دەبێت
ئەوەکەی من بێت.

بیانکا:
بۆ شێوکردن گەر تۆ ویستت، وەرە
ئەگەر نەهاتی، بۆ جارێکی تر،
وەرە کەی من خۆم، بەشوێنما ناردی[2]. (بە تووڕەیییەوە دەڕوات)

١. ئەسپەدارینە؛ دارێکە سەرێکی رەسمی سەری ئەسپێکی پێوەیە، منداڵان وەکو ئەسپ سواری دەبن. بیانکا، بەو ژنەی ئەو دەستەسڕەی داوە بە کاسسیۆ، دەڵێت (ئەسپەدارینە). مەبەستی ئەوەیە بڵێت ئەو ژنە سۆزانییە؛ هەموو پیاوێک سواری دەبێت.
٢. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ من ئیتر بانگت ناکەم.

ئیاگۆ:

کوڕە دوای بکەوە! کوڕە دوای بکەوە!

کاسسیۆ:

ئا، بە ئیمانم، دەبێت دوای بکەوم.
ئەگینا بەخوا بە قیژەقیژی
گشت گەڕەکەکە، کۆدەکاتەوە.

ئیاگۆ:

شێو لەوێ دەکەیت؟

کاسسیۆ:

ئا، بە ئیمانم، من وا بەتەمام.

ئیاگۆ:

دە برۆ، دوایی بەڵکو بتبینم.
چونکە بە راستی ئارەزوو دەکەم،
بدوێم لەگەڵت.

کاسسیۆ:

دە وەرە توخوا، تکات لێ دەکەم.

ئیاگۆ:

دە برۆ، برۆ. دە مەدوێ ئیتر. (کاسسیۆ دەڕوات)

ئۆتێللۆ: (لە قوژبنەکەی خۆی دێتە دەرەوە)

ها، ئیاگۆ چۆن، چۆن من بیکوژم؟

ئیاگۆ:

دیت چۆن بە کاری ناڕەوا و بەدی
خۆی پێ دەکەنی؟

ئۆتێللۆ:

ئاخ، ئیاگۆ، ئاخ.

ئیاگۆ:

دەستەسڕەکەت ئەرێ تۆ بینی؟

ئۆتێللۆ:

ئەوەکەی من بوو؟

ئیاگۆ:

بەم دەستەم، بەڵێ،
ئەوەکەی تۆ بوو. بینیشت ئەرێ،
کاسسیۆ، چەند رێزی
ئەو کەرەی ژنی جەنابت دەگرێ؛
ئەو دایە و "ئەم"یش، دای بە سۆزانی[1].

ئۆتێللۆ:

خۆزگە کوشتنی، بە دەست منەوە،
نۆ ساڵ دەکێشا.
ئای کە ژنێکی سەخی و نایاب و
دیمە شیرینە[2]!

ئیاگۆ:

تۆ دەبێت ئەوەت لەبیرچێتەوە.

ئۆتێللۆ:

ئا، دابرزێ و تۆوی نەمێنێت
وە هەر ئەم شەویش، بە لەعنەت دەبێت؛
نا، نا، ئەو ناژی.
دڵم، ئەوەندە وشک و رەق بووە؛
پێیدا بکێشم
ئازاری دەستم دەدا و دەئێشێت.
ئاخ، هەموو دنیا، بوونەوەرێکی ٤,١,١٨٠
لەو شیرینتری لە ناودا نییە!

١. ئەو؛ دێزدێمۆنا. ئەم؛ کاسسیۆ.

٢. مەبەستی لە "دێزدێمۆنا"یە.

گەر پاڵ بکەوێت لەتەنیشت "شا"یەک،
بۆی هەیە فەرمان دەربکات و ئەو،
بە پەرۆشەوە، بیهێنێتە دی.

ئیاگۆ:

کردەوەی ئاوا، قەت لە تۆ ناشێت.

ئۆتێللۆ:

هەڵبواسرێت! من تەنیا باسی[1]
ئەو دەکەم، چۆنە؛
چەند ورد و جوانە دەرزی و دروومانی،
سازی ناسک چەند
دڵ و دەروونی دەورووژێنێت.
ئاخ، بە گۆرانی نەرمی بەسۆزی،
دڕی لە جەرگی هەرە دڕترین
ورچ، بە ئاسانی دەکاتە دەرێ.
چەند مێشکێکی روون و زیرەکی
هەیە ئەو ژنە و
ئای کە بەرینە مەودای خەیاڵی.

ئیاگۆ:

ئەم سیفەتانە، کردەوەکانی
زۆر " کرێت"تر و خراپتر دەکا[2]

ئۆتێللۆ:

بە هەزاران جار[3].
وە بەتایبەتی بۆ رەوشتێکی ٤,١,١٩٠
ئەوەندە نەرم و نیان و ناسک.

١. هەڵبواسرێت؛ لەعنەتی لێ بێت.
٢. کرێت؛ ناشیرین. واتە کەوابێت مرۆڤێکی دووڕوو و مونافیقە.
٣. بە هەزاران جار خراپتری دەکات.

ئیاگۆ:

بەڵێ، زۆر نەرمە[1].

ئۆتێللۆ:

ئیتر گومانم، لەوەدا، نییە.

بەڵام ئیاگۆ، داخی گرانم،

گەلێک سوێدارم!

ئیاگۆ، من بۆی هەر پەرێشانم!

ئیاگۆ:

ئەگەر سەرەڕای ڕەوشتی بەدی

هەندە شەیدای بۆی،

ڕێگەی بدەرێ

لەسەر ئەو کارەی خۆی بەردەوام بێ.

چونکە ئەگەر تۆ، خۆت گوێی نەدەیتێ،

کەس گوێی ناداتێ.

ئۆتێللۆ:

لەتلەتی دەکەم! ئابڕووی پیس کردووم!

ئیاگۆ:

کردەوەیەکی نزم و نەگریسە.

ئۆتێللۆ:

لەگەڵ ئەوەی کە یاریدەدەرمە!

ئیاگۆ:

جا "نەگریس"تریش. ٤,١,٢٠٠

ئۆتێللۆ:

بۆ ئەمشەو، ژەهرم،

ئیاگۆ، بڕۆ بۆ پەیدا بکە.

---

١. ئیاگۆ، مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ چونکە ڕەوشتی نەرمە، بەئاسانی دوای پیاو دەکەوێت.

هیچ وتوویژم نابێت لەگەڵی؛
نەوەک جوانێتی و لەشی نایابی،
بڕیارەکانم، خاوبکەنەوە.
ئیاگۆ، ئەمشەو، ئەمشەو بیهێنە.

ئیاگۆ:
نا، بە ژەهر نا،
لە نوێنەکەیدا، تۆ بیخنکێنە.
تاکو ئەو نوێنەی، کە تێیدا دەنوێت،
گلاوکراوە.

ئۆتێللۆ:
باشە، زۆر باشە
دادپەروەریی تۆم، پێ خۆشە، باشە!

ئیاگۆ:
لەبارەی کاسسیۆ،
ڕێگەم بدەرێ خۆم چارەسەری
ئەو دەردە بکەم.
لە پێش نیوەشەو، تۆ هەواڵێکی
تازە دەبیستی.

ئۆتێللۆ:
باشە، زۆر باشە. (دەنگی بلوێر دێت)
ئەو بلوێرە، ئایا، لێ دەدات؟ (لودۆڤیکۆ و دێزدێمۆنا دەردەکەون)

ئیاگۆ:
من گرەو دەکەم، لە "ڤێنێس"ەوە، ٤,١,٢١٠
کەسێک هاتووە.
"لودۆڤیکۆ"یە
دیارە نوێنەری دیوک خۆیەتی؛

سەیرکە، ئەوەتا
دێزدێمۆنا خۆی، لەگەڵیدایە.
لودۆڤیکۆ:
ئەی ژەنەڕاڵی
هێژا، دەک خودا، ئاگادارت بێت!
ئۆتێللۆ:
گەورەم، بەخێربێیت.
لودۆڤیکۆ:
دیوک و هەموو خانەدانێکی
ڤێنێس، سڵاوی گەرمیان دەنێرن. (نامەیەک دەدات بە ئۆتێللۆ)
(ئۆتێللۆ، نامەکە ماچ دەکات. ئینجا دەیکاتەوە و دەیخوێنێتەوە)[1]
ئۆتێللۆ:
ماچی داخواز و فەرمانەکانیان،
من هەردەم دەکەم.
دێزدێمۆنا:
ها، "لودۆڤیکۆ"ی بەڕێز، ئامۆزا،
چ هەواڵێکی تازەت پێ هەیە؟
ئیاگۆ:
سنیۆر، پێم خۆشە لێرە بتبینم.
زۆر بەخێرهاتی، گەورەم، بۆ قوبروس.
لودۆڤیکۆ:
سوپاست دەکەم. ها، کاسسیۆ، چۆنە؟
ئیاگۆ:
زیندووە، گەورەم.

١. بە ماچکردنی نامەکە، دڵسۆزیی خۆی بۆ دیوک دەنوێنێت.

دێزدێمۆنا:

بەخوا ئامۆزا، گەلێک ناکۆکی
کەوتووەتە بەینی ئەو و مێردەکەم.
بەڵام تۆ ئەوە، چاک دەکەیتەوە.

ئۆتێللۆ:

دڵنیای لەوە؟

دێزدێمۆنا:

گەورەم، چیت فەرمووو؟

ئۆتێللۆ: (دەخوێنێتەوە)

ئەمە، ها نەکەی نەیهێنیتەدی
چونکە ئەوسا تۆ.....

لودۆڤیکۆ: (روو دەکاتە دێزدێمۆنا)

لەگەڵ تۆی نەبوو.
بە نامەکەوە جارێ خەریکە.
چییە، جیاوازی کەوتووەتە بەینی
ئۆتێللۆ و کاسسیۆوە؟

دێزدێمۆنا:

جیاوازییەکی هەر گەلێک ناخۆش.
خۆزگە دەمتوانی، من شتێک بکەم،
ئاشتیان بکەمەوە. لەبەر خاتری
ئەو ئەڤینەی کە بۆ کاسسیۆم هەیە.

ئۆتێللۆ:

ئاگر و گۆگرد[١]!

دێزدێمۆنا:

سەروەرم، چیت گوت؟

---

١. گۆگرد؛ کبریت. ئاگر و گۆگرد؛ واتە بە جەهەننەم. جۆرە دەربڕینێکە کاتی ناڕەزایی بەکار دەهێنرێت. ئەوەی لە نامەکەدا نووسراوە، بە دڵی ئۆتێللۆ نییە.

ئۆتێللۆ:

مێشکت هەیە؟ ٤،١،٢٣٠

دێزدێمۆنا:

چییە، توورەیە؟

لودۆڤیکۆ:

ئەمن، لام وایە، ئا ئەو نامەیە،

توورەی کردووە.

لەبەرئەوەی کە،

وەکو بزانم، ئەمری پێ دەکەن

خۆی بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە و

فەرمانڕەواییی ناوچەکەش بدات

یەکسەر بە " کاسسیۆ"ی

یاریدەدەری.

دێزدێمۆنا:

بڕوام پێ بکەن، زۆرم پێ خۆشە.

ئۆتێللۆ:

تۆ بە راستیتە.

دێزدێمۆنا:

سەروەرم، چیت گوت؟

ئۆتێللۆ:

پێم خۆشە کە تۆ، شێتی دەنوێنی.

دێزدێمۆنا:

ئۆتێللۆ، بۆچی، ئاخر شیرینم؟

ئۆتێللۆ:

ئەتۆ شەیتانی! (زللەیەکی لێ دەدات)

دێزدێمۆنا:

ئەمن شایانی ئا ئەمە نەبووم.

لودۆڤیکۆ:

سەروەرم ئەمە، لە گشت "ڤێنێس"دا

یەکێک نادۆزی بڕوای پێ بکا.

گەر سوێندیش بخۆم

کە من بە چاوی خۆم ئەمەم بینی.

ئەمە شتێکی نامۆ و گرینگە.

پێویستە ئاشتی زوو بکەیتەوە؛

ئەوەتا دەگری.

ئۆتێللۆ:

ئاخ، شەیتان، شەیتان!

بە فرمێسکی ژن، ئەم زەمینەمان

گەر ئاوس دەبوو، ئەژدەهایەکی[1]

لەدایک دەبوو.

دەی لە بەرچاوم نەمێنیتەوە.

دێزدێمۆنا:

نامێنمەوە، با زیاتر لەوە،

من تووڕەت نەکەم. (دەڕوات)

لودۆڤیکۆ:

ئای، ئای، بە راستی

ژنێکی ژیر و زۆر گوێڕایەڵە.

تکا لە پایەی مەزنت دەکەم

بانگی بکە با، بگەڕێتەوە.

ئۆتێللۆ:

خانم!

---

١. ئاوسبوون؛ سکپڕبوون.

دێزدێمۆنا:

بەڵێ سەروەرم؟

ئۆتێللۆ:

ئەوەتا، گەورەم، تۆ چیت لێی دەوێت؟

لودۆڤیکۆ:

کێ؟ سەروەرم، من؟

ئۆتێللۆ:

ئا، تۆ لێت خواستم
که وای لێ بکەم بگەڕێتەوە[١].
گەورەم، دەتوانێت
بگەڕێتەوە و
هەمدیسانەوە بگەڕێتەوە و
هەر بەردەوام بێت[٢].
دەشتوانێت بگری، سەروەرم، بگری.
گوێڕایەڵیشە وەکو دەفەرمووی، ٤,١,٢٥٠
زۆر گوێڕایەڵە. (روو دەکاتەوە دێزدێمۆنا)
دەی بەردەوامبە؛ فرمێسک بڕێژە.
لەبارەی ئەمە،
سەروەرم ئەمە، سۆز نواندنە[٣]
نواندنێکی باش و بێگەردە.
ئەوا فەرمانم من بۆ هاتووە

---

١. لێرەدا شێکسپیر بەئینگلیزی وشەی (Turn) بە دوو واتە بەکار دەهێنێت. ١- بگەڕێرەوە ٢- پشتی خۆتم تێ بکە. ئینجا بەزمانی بازاڕی کە دەڵێن پشتی خۆتم تێ بکە، لەوانەیە واتەیەکی سێکسیی ناشیرینی لەدواوە هەبێت.

٢. واتە ناشیرینییەکەی ئەم رستەیە ئەمەیە؛ گەورەم دەتوانێت پشتی خۆیت بداتێ و هەمدیسانەوە بتداتێ و هەر بەردەوام بێت.

٣. ئەمە؛ ئەم گریانە.

که بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە. (روو دەکاتە لودۆڤیکۆ)
ئیتر تۆ بڕۆ، من لەدوای تۆزێک
یەکێک دەنێرم
بەشوێنتا، بۆ لام بگەڕێیتەوە.
سەروەرم، ئەمن،
ئەو فەرمانە زوو دەهێنمەدی و
یەکسەر بۆ ڤێنێس دەگەڕێمەوە. (روو دەکاتەوە دێزدێمۆنا)
دەی بڕۆ ونبە، (دێزدێمۆنا دەڕوات)
لێرەدا کاسسیۆ، جێگەی من دەگرێت.
ئەمشەویش، گەورەم، تکات لێ دەکەم
که شێوکردنت لەگەڵ مندا بێت.
بۆ قوبروس، گەورەم،
گەلێک بەخێر بێیت. (لودۆڤیکۆ دەڕوات)
ئاخ، مەیموون و بزن[1].

لودۆڤیکۆ:

ئەمەیە ئا ئەو "موور"ەی کە سینێت[2]،
هەموو بە گشتی، دەڵێن پیاوێکی
تەواوە و هەرگیز و هیچ کەموکورتی
تێدا نابینی؟
ئەمەیە ئەوەی، گوایە سروشتی،
سۆزی دەروونی رایناوەشێنێت؟
ئەوەی رەوشتی پاک و پتەوی
نە تیری قەدەر، نە بەختەوەری،
دەیڕووشێنێت یان، کاری تێ دەکات؟

---

١. ئۆتێللۆ، وتەکانی ئیاگۆی هاتەوە بیر. سەیری پەڕاوێزی ٣،٣،٤٠٠ بکە.
٢. سینێت؛ ئەنجوومەنی پیرەکانی ڤێنێس. ئەوانەی حوکمی وڵاتەکە دەکەن.

ئیاگۆ:

زۆر گۆڕراوە.

لودۆڤیکۆ:

ئەرێ مێشکی لە جێی خۆیەتی،

هیچ تێک نەچووە؟

ئیاگۆ:

خۆی چۆنە، وایە. من هەناسەدان

ناتوانم بدەم

بە رای خۆم، بڵێم؛ پێویستە وا بێت.

ئەگەر وا نەبێت، وەک چۆن پێویستە،

دە رەببی گەردوون، ئاوای لێ بکات.

لودۆڤیکۆ:

ئاخر قەت دەشێت لە ژنی بدات!

ئیاگۆ:

ئا، بە ئیمانم، کردەوەیەکی

گەلێک جوان نەبوو.

لە خوا دەخوازم کە ئەو زللەیە،

کردەوە هەرە ناڕەواکەی بێت.

لودۆڤیکۆ:

خۆی، هەر ئاوایە؟

یاخود نامەکە، بەو جۆرە کاری ٤،١،٢٧٠

کردە سەر خوێنی و

یەکەم جاری بوو هەڵەی وا بکا.

ئیاگۆ:

زۆر بەداخەوە، زۆر بەداخەوە!

نادڵسۆزییە لە لایەنمەوە،

ئەگەر ئەوانەی
دیومە و دەیزانم، بگێڕمەوە.
تۆ، خۆت دەیبینی و بەوە ڕەوشتی
چۆنە بەو جۆرە،
بۆت بە تەواوی، ڕوون دەبێتەوە.
بەو جۆرە گەلێک لە وتەکانی
خۆم دەپارێزم.
تۆ هەر تێبینی بکە بە باشی،
خۆنواندنی، چۆنە دەیبینی.

لودۆڤیکۆ:

پێم ناخۆشە کە
ئەمن ئەوەندە خەڵەتابووم پێی. (دەڕۆن)

## دیمەنی ٢, ٤

ئۆتێللۆ و ئەمیلیا دەردەکەون

ئۆتێللۆ:

کەوابێت ئەتۆ، هیچیت نەدیوە؟

ئەمیلیا:

نە دیومە و نە قەت

گومانێکی وام من لێ کردووە.

ئۆتێللۆ:

با، با، تۆ کاسسیۆ و

ئەوت پێکەوە هیچ نەبێت دیوە.

ئەمیلیا:

بەڵام ئەوەی دیم، هیچی وا نەبوو؛

من گوێم لە هەموو وتەکانیان بوو.

ئۆتێللۆ:

ئایا بە گوێچکەی یەکتریدا هیچ

نەیان چرپاند؟

ئەمیلیا:

نەخێر، سەروەرم.

ئۆتێللۆ:

ئەی نەیاننارد‌ی بە هیچ لایەکدا،

بۆ ئەوەی لەسەر ڕێیان نەوەستی؟

ئەمیلیا:

نا، بە هیچ جۆرێک.

ئۆتێللۆ:

بۆ ئەوەی بچی باوەشێنەکەی،
دەستکێشەکانی،
رووپۆشەکەی یان شتێکی تری،
تۆ بۆ بهێنی؟

ئەمیلیا:

نەخێر، سەروەرم. نا، بەهیچ جۆرێک.

ئۆتێللۆ:

ئەمە شتێکی نامۆیە گەلێک. ٤,٢,١٠

ئەمیلیا:

گەورەم، دەوێرم لەسەر ژیانی
خۆم گرەو بکەم؛ کە ئەو ژنێکی
هەر گەلێک داوێنپاک و بێ گەردە.
گەر بە جۆرێکی
دیکە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە،
ئەو بیرە دەبێت دەرکەیت لە سەری
خۆت بە تەواوی.
ئەگینا دڵت، پێی دەخەڵەتێت.
ئەگەر داماوێک
ئەمەی خستووەتە سەرتەوە، رەببی
هەر وەکو ماری بەهەشت نەفرەتی
گەردوون بەشی بێت[١]؛
سەروەرم، چونکە،
ئەگەر داوێنی ئەو بژوین نەبێت،

---

١. کاتی خۆی کە مار لە بەهەشتدا ئادەمی هەڵخەڵەتاند، خوا ئادەم و حەوای لە بەهەشت دەرکرد و نەفرەتی لە مار گرد. نەفرەتەکەی گەردوون ئەوە بوو کە هەموو ژیانی لەسەر سکی خۆی بخشێنێت و گڵ خۆراکی بێت.

لەم جیهانەدا، پیاو نییە شاد بێت؛
داوێنپاکترین
ژن، لەگەڵ ئەمدا بەراورد بکرێت،
نەگریس دەردەچێت.

ئۆتێللۆ:

دە برۆ بانگی بکە بۆ ئێرە. (ئەمیلیا دەڕوات)
ئەوەی کە دەیڵێت، رەوانە و دەبێت
بەو جۆرە بدوێت[1]؛
ئەو تەرەسەی کە وەکو ئەو نەدوێت[2]،
دەبێت هەر گەلێک سادە و ساکار بێت.
زیرەکە گەلێک[3]؛
دەزانێت شت چۆن بشارێتەوە.
کۆگایەکە بۆ
نهێنی کاری ریا و ناکەسی،
دەرابەکانی کلیل دراون.
لەگەڵ ئەوەشدا، لەسەر ئەژنۆی خۆی،
دەوەستێ و نوێژ بۆ یەزدان دەکات.
دیومە کە دەیکات. (دێزدێمۆنا و ئەمیلیا دەردەکەون)

دێزدێمۆنا:

بفەرموو، گەورەم؟

ئۆتێللۆ:

تکات لێ دەکەم، نزیک بەرەوە
لێم، جووجەڵەکەم[4].

---

١. ئۆتێللۆ، بڕوا بە ئەمیلیا ناکات. وا دەزانێت بەرگری لە دێزدێمۆنا دەکات و کردەوە ناڕەواکانی دەشارێتەوە.

٢. تەرەس؛ گەواد.

٣. مەبەستی لە دێزدێمۆنایە.

٤. جووجەڵەکەم؛ ئازیزەکەم.

دێزدێمۆنا:

چیت دەوێت، گەورەم؟

ئۆتێللۆ:

دەمەوێت سەیری

چاوەکانی تۆ، بکەم بە وردی.

سەیری من بکە.

دێزدێمۆنا:

ئا ئەمە بیر و

خەیاڵێکی زۆر سەیر و سامناکە!

ئۆتێللۆ: (روو دەکاتە ئەمیلیا)

ئیتر، خاتوونە، تۆ کاروباری

زاوزێ بۆ ئێمە بەجێ بهێڵە.

برۆ دەرەوە و

دەرگاکە لەدوای خۆت توند دابخە[1]؛

ئەگەر یەکێک هات، ئاگادارم بکە؛

بکۆکە یاخود، تەنیا بڵێ (حم)

دەی

بۆ پیشەسازی[2]،

بۆ پیشەسازی خۆت یەکسەر برۆ. (ئەمیلیا دەڕوات)

دێزدێمۆنا:

ئەوەتا لەسەر ئەژنۆکانم من،

وەستاوم و لێت، دەپاڕێمەوە؛

مەبەستت چییە بەوەی کە دەیڵێی؛

---

١. ئۆتێللۆ، بە جۆرێک لەگەڵ "ئەمیلیا"دا دەدوێت، وەکو دێزدێمۆنا سۆزانی بێت و ئەو گەوادەکەی بێت.

٢. ئۆتێللۆ، کە دەڵێت پیشەسازی، مەبەستی لە تەرەسی (گەوادی)یە.

به وشەکانی تۆ من تێدەگەم
که له من تووڕەی
بەڵام یەک وشەی، من لێ تێناگەم.

ئۆتێللۆ:

پێم بڵێ تۆ کێیت؟

دێزدێمۆنا:

سەروەرم، ئەمن، هاوسەرەکەتم.
وه هاوسەرێکی ڕاست و دڵسۆزتم.

ئۆتێللۆ:

ده وەره سوێندم بۆ بخۆ که وایت!
بەوه، نەفرەتی گەردوون شایانی
گیانی خۆت بکه[١].
نەوەک له یەکێک لەوانەی ئاسمان
بچیت و شەیتان[٢]،
نەوێرێت توخنی گیانت بکەوێت[٣]،
ئەوساکه دووباد، به نەفرەت دەبی[٤].
سوێندم بۆ بخۆ که داوێنپاکی.

---

١. بەو سوێند خواردنەت، لەبەرئەوەی که تۆ سوێند به درۆ دەخۆیت، گیانت شایانی نەفرەتی خوا دەبێت.

٢. ئەوانەی ئاسمان؛ ئەوانەی که له ئاسماندا دەژین، یان "پەری"ن یان "شەیتان"ن.

٣. مرۆڤ، که به نەفرەت دەبێت، واته لەدوای مردنی، دەچێت بۆ جەهەننەم و شەیتان بەو کاره هەڵدەستێت؛ دەیگرێت و دەیبات بۆ جەهەننەم. ئینجا شەیتان هەر ئەو مرۆڤانه دەبات که خۆی له ژیاندا بەدکاری پێ کردوون؛ قەت توخنی شەیتان و پەری ناکەوێت. ئینجا لێرەدا مەبەستی ئۆتێللۆ، زۆر روون نییه؛ ئایا مەبەستی ئەوەیه بڵێت؛ تۆ ئەوەنده جوانیت له پەری دەچیت، یاخود ئەوەنده دەروون پیس و نەگریسیت، له شەیتان دەچیت.

٤. دووباد؛ دووقات. ئەوساکه له باتیی جارێک، دووجار به نەفرەت دەبیت؛ یەکێکی لەسەر ئەوەی که خیانەت له من دەکەیت و یەکێکی لەسەر ئەوەی که به درۆ سوێند دەخۆیت.

دێزدێمۆنا:

خوا ئاگاداری هەموو شتێکە؛
دەزانێت راستگۆم.

ئۆتێللۆ:

خوا ئاگاداری هەموو شتێکە؛
دەزانێت کە چەند
ئەتۆ دەستبڕ و خائین و پیسی.

دێزدێمۆنا:

ئاخر دەستی کێ؟ یاخود لەگەڵ کێ؟
بۆ من خائنم؟

ئۆتێللۆ:

ئاخ، دێزدێمۆنا، ئیتر بەسێتی، (پاڵی پێوە دەنێت)
بڕۆرە دەرێ.

دێزدێمۆنا:

داخی داخانم، ئای کە رۆژێکی
سەخت و گرانم، خوایە، تووش بوە.
تۆ بۆچی دەگریت، ئاخر سەروەرم؟
پێم بڵێ؛ من هۆی فرمێسکەکانتم؟
گەر وادەزانی
ئەوەی کە ئێستا تۆ بانگکراوی
بگەڕێتەوە، دەستی باوکمی[١]
لە دواوە هەیە،
تۆ ئەوە بەسەر مندا مەهێنە؛
گەر ئەو دوژمنی
تۆ بێت، ئۆتێللۆ، دوژمنی منە.

---

١. بگەڕێتەوە؛ ئیشەکەی خۆی لە قوبروس، بەجێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ ڤێنێس.

ئۆتێللۆ:

مەگەر مەبەستی گەردوون ئەوە بێت
بەم ئازاردانەم،
تاقی ئارامی من بکاتەوە[1]
وە لەبەر ئەوە،
ئەم هەموو دەرد و شەرمەزارییە،
بەسەر ئەم سەرە رووت و قووتەمدا
دەبارێنێت و
لە کلۆڵیدا، تا لێوەکانم،
من دەخووسێنێت.[2]
خۆم و ئەوپەڕی ئاواتەکانم،
دەداتە دەستی بەندەگی و دیلی،
ئاخ، ئاخ،
هێشتا دەتوانم لە قوژبنێکی
قووڵی دەروونم، دڵۆپێک ئارام
بدۆزمەوە.
بەڵام، ئاخ، بمکات بە پەیکەرێکی
هەتاهەتایی بۆ تەوزەی زەمان[3]
پەنجەی بێجوولەی خۆی بە هێواشی
بەرز بکاتەوە و تێمی ببڕێت[4]،

١. وەکو چۆن گەردوون ئازاری حەزرەتی "ئەیووب"ی دەدا بۆ ئەوەی رادەی ئارامیی تاقی بکاتەوە.

٢. وەکو چۆن جل، پێش ئەوەی بشۆرێت لەناو ئاودا دەخووسێنرێت. گەردوون، ئۆتێللۆ لەناو کلۆڵیدا دەخووسێنێت.

٣. تەوزە؛ تەوس، گاڵتە پێکردن، ریسواکردن، ئیستهزاء.

٤. پەنجەی تەوزەی زەمان؛ دەستی سەئاتی زەمان. دەستی سەئاتی زەمان، کە ئاماژەی تۆ دەکات، چونکە زۆر هێواش یاخود هەر ناجووڵێتەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر ئاماژەی تۆ دەکات و تەزەت پێ دەکات (گاڵتەت پێ دەکات).

جا بەچاوێکی سووکەوە سەیری
دیمەم بکات و پێم پێبکەنێت.
بەرگەی ئەوەشم، بەڵێ بە باشی،
گەلێک بە باشی، من پێ دەگیرێت.
بەڵام ئەوێی کە
بووە بە شوێنی ژیانی دڵم[1]
ئەوێی کە تێیدا
دەبێت ژیانی خۆم بەسەربەرم
یان تێیدا بمرم،
ئەو سەرچاوەیەی تەوژمی خوێنم، ٤,٢,٦٠
تەنیا لێیەوە
هەڵدەقووڵێت یان وشک دەبێتەوە،
ئا ئاوا ببێت بە "ئەستێرکە"یەک[2]
بۆقی گەڕ تێیدا
جووتبێ و زاوزێی لەناودا بکا!
ئارام، ئەی پەریی[3]
گەنج و ناسک و "لێو"ان پەمەیی،
دیمەت، با رەنگی، زەرد هەڵبگەڕێت،
بە سەیرکردنی ئا ئەمەی ئێرە؛ (ئاماژەی دێزدێمۆنا دەکات)
ستەمکارێکی جەهەننەمییە.

دێزدێمۆنا:

ئومێدم وایە، گەورەی بەڕێزم،

١. مەبەستی لە "دێزدێمۆنا"یە.
٢. ئەستێرکە؛ ئەستێرک، ئەستێڵ، گۆم، زەلکاو.
٣. ئارام، سفەتێکی جوانە. لێرەدا بەرجەستە کراوە بە پەرییەکی گەنجی لێوئاڵ. ئۆتێللۆ، لەگەڵ ئارامیی خۆیدا دەدوێت و پێی دەڵێت ئەگەر بزانی ئەم "دێزدێمۆنا"یە چی کردووە، ئیتر جوانیت نامێنێت و رەنگت زەرد هەڵدەگەڕێت.

بە داوێنپاکم دابنێت و وا
بیر لە هاوسەری خۆت بکەیتەوە.
ئۆتێللۆ:
ئا، بەڵێ، وەکو مێشوولەی هاوین،
لە قەسابخانە
زاوزێ دەکات و پەروەردە دەبێ[١].
"بژار"ی سیا[٢]
ئەوەی ئەوەندە جوانە دیمەنی،
ئەوەندەش بۆنی ناسک و شیرینە؛
ئەندامانی هەست، دەهێننە ژان[٣]،
خۆزگە قەت رۆژێک نەدەهاتیتە
ئەم دنیایەوە.
دێزدێمۆنا:
داخی گرانم،
چ بەزەیەکم ئاخر کردووە
بێ ئەوەی هەستم من پێ کردبێت؟
ئۆتێللۆ: (بە هەردوو دەستەکانی رووی دێزدێمۆنا دەگرێت و سەیری دەکات)
ئا ئەم کاغەزە جوانە کە بەرگی ٤,٢,٧٠
کتێبێکی هەر گەلێک کەیلانە،
دانراوە تا ناوی سۆزانی
تیا بنووسرێت[٤].

---

١. لێرەدا، مەبەستی ئۆتێللۆ، زۆر روون نییە. جگە لەوەی کە بە دێزدێمۆنا بڵێت؛ تۆش، وەکو مێشوولەی هاوین، نەگریسیت.
٢. بژاری سیا؛ گژوگیای ڕەش. مەبەستی لە "دێزدێمۆنا"یە.
٣. بە دێزدێمۆنا دەڵێت؛ تۆ ئەوەندە، زیاد لە ئاسا، جوان و بۆنخۆشیت ئازار بە ئەندامەکانی هەستم دەگەیێنیت.
٤. رووی تۆ، بەرگی کتێبێکە، کتێبێکە ناوی "سۆزانی"یە بەڵام لەسەری نەنووسراوە.

چ بەزەیەکت ئاخر کردووە؟
چ بەزەیەکت؟ ئاخ، سۆزانی گشتی!
ڕوومەتەکانی خۆم دەبێت بکەم
بە کوورە و تێیدا،
شەرم و شوورەیی خۆم بسووتێنم
تاکو بتوانم تەنیا هەر ناوی
ئەوەی کردووتە، لە دەم دەربێنم[1].
تۆ چیت کردووە؟ ئەوەی کردووتە؛
گەردوون لووتی خۆی دەگرێت لە بۆنی و
مانگ چاوەکانی خۆی لێ دادەخا[2].
هەوای سەرسەری، ئەوەی کە تووشی
هەرچ کەسێک ببێ، دەبێت ماچێکی
بکات و خۆشی ماچی بداتێ،
لەگەڵ ئەوەشدا،
لە ئەشکەوتەکەی خۆیدا بە ماتی
لەسەر زەمیندا دەمێنێتەوە،
بۆ ئەوەی باسی ئەوە نەبیستێت[3].
دێزدێمۆنا:
بە گەردوون هەڵە لە دژم دەکەیت.
ئۆتێللۆ:
ئەی سۆزانی نیت؟

١. ناتوانم ناوی ئەو کارەی تۆ کردووتە بهێنم، چونکە ئەوە، ئەوەندە ڕوومەتەکانم سوور هەڵدەگەڕێنن وەکو کوورەیان لێ دێت بۆ سووتاندنی شەرم و شوورەییی خۆم.
٢. مانگ، هێمای داوێنپاکییە، ڕووی نایەت سەیری ئەو کردەوەیەی تۆ بکات.
٣. هەرچەندە، هەوا، سەرسەرییەکی بەڕەڵا و بێ شەرمە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی کردەوەکانی تۆ نەبینێت و نەبیستێت تۆ چیت کردووە، لە ئەشکەوتەکەی خۆیدا، خۆی دەشارێتەوە و گوێ لە هیچ ناگرێت.

دێزدێمۆنا:

ئاخر من فەلەم؛ کاری وا ناکەم[1].

من دەبێت هەردەم، لەش و گیانی خۆم

بۆ میرانەکەی خۆم بپارێزم،

هەرگیز نەیەڵم، دەستی ناپاک و

نایاسای کەسی تری بەرکەوێت.

لەبەرئەوەی وام،

سەروەرم، نابم قەت بە سۆزانی.

ئۆتێللۆ:

چۆن؟

تۆ، سۆزانی نیت؟

دێزدێمۆنا:

نا، من گەردنم، ئازادە و هەردەم

ئازاد دەمێنێت.

ئۆتێللۆ:

شتی وا دەبێت؟

دێزدێمۆنا: (روو دەکاتە ئاسمان)

ئای، خودای گەورە، لێمان ببوورە!

ئۆتێللۆ: (بە چاوێکی سووکەوە سەیری دەکات)

گەر وابێت دەبێت

لێبووردن لە تۆ، ئەمن بخوازم.

من وام دەزانی ئەو سۆزانییە

ڤێنێس"ییەیت کە

شووی بە ئۆتێللۆ دەڵێن کردووە. (دەنگی خۆی بەرز دەکاتەوە)

جێی پیشە و کاری

---

١. فەلە؛ مەسیحی.

تۆ، خاتوونەکەم، ڕاست بەرانبەری
جێی پیشە و کاری پوترس خۆیەتی[1]؛
تۆ دەرگاوانی دەرگای دۆزەخی[2]. (ئەمیلیا دەردەکەوێت)
وەرە، ئا، وەرە. لێبوورینەوە. ها،
ئەوە پارەکەت، ها، وەری بگرە[3].
تکات لێ دەکەم، ئەم وتووێژە،
لەژێر کلیلدا،
بهێڵەرەوە و دەمت ڕابگرە. (ئۆتێللۆ دەڕوات)

ئەمیلیا:

داخی گرانم،
ئەم پیاوە لە چی بیر دەکاتەوە،
خاتوونە، چۆنی؟
چۆنی خاتوونە دڵناسکەکەم؟

دێزدێمۆنا:

من، بە ئیمانم، زۆر حەپەساوم،
هەر نیوە مردووم.

ئەمیلیا:

خانمی باشم، چییەتی میرانم؟

دێزدێمۆنا:

گوتت کێ چییەتی؟

ئەمیلیا:

خاتوون، میرانم.

---

١. پوترس؛ "پوترسی پیرۆز Saint Peter"؛ بەپێی ئاینی "فەلە"کان، لە ڕۆژی هەڵسانەوە (قیامەت)دا، پوترسی پیرۆز دەبێت بە دەرگاوانی دەرگای بەهەشت؛ ئەوەی جێی بەهەشت بێت، ڕێگەی دەداتێ بچێتە ژوورەوە.

٢. دەرگای جەهەننەم، بەرانبەر دەرگای بەهەشتە و شەیتان (ئیبلیس) دەرگاوانەکەیەتی.

٣. ئۆتێللۆ، بە جۆرێک دەدوێت، وەکو دێزدێمۆنا سۆزانی بێت و ئەمیلیا تەرەسەکەی (گەوادەکەی) بێت. لەبەر ئەوە پێی دەڵێت، " لێ بووینەوە، ها پارەکەت وەربگرە."

دێزدێمۆنا:

میرانت، کێیە؟

ئەمیلیا:

خاتوونە، ئەوەی میرانی تۆیە. ٤,٢,١٠٠

دێزدێمۆنا:

ئاخ، من، داخەکەم، میرانم نییە.
ئەمیلیا، مەدوێ توخوا لەگەڵم،
ناتوانم بگریم،
بەڵام ئەوەتا، گەرووم دەگوشێت.
وەڵامم نییە، جگە لەوانەی[١]،
فرمێسکەکانم، دایان دەپۆشێت.
تکات لێ دەکەم،
چەرچەفەکانی شەوی هاوسەریم
لەسەر نوێنەکەم ئەمشەو رابخە.
لەبیرت نەچێت[٢].
مێردەکەی خۆشت بانگ بکە با بێت
بۆ لام بۆ ئێرە.

ئەمیلیا:

ئا، بەڕاستی ئەو، زۆر گۆڕراوە! (دەڕوات)

دێزدێمۆنا: (بە تەوسەوە)[٣]

---

١. مرۆڤ، کە لەژێر تەوژمێکی زۆر بەرزی ترس و پەژارەدا دەبێت، ناتوانێت بگری، هەرچەندە گریان ئەو تەوژمە کەم دەکاتەوە. ئێستا، دێزدێمۆنا لە بارێکی ئاوادایە؛ بەبێ گریان، ناتوانێت بدوێت. کە دەگریش، فرمێسک وەڵامەکانی دادەپۆشێت.

٢. لەمەدا دێزدێمۆنا، دوو مەبەستی هەیە:

١- بۆ ئەوەی بەو چەرچەفانە ئەو ئەڤینە بەتینەی ئەوسایان، بهێنێتەوە بیر ئۆتێللۆ و پێی بڵێت کە هەر وەکو جاران، مێردەکەی خۆی خۆش دەوێت.

٢- نەریتێکی کۆن هەبووە؛ ئەگەر ژن ناپاک دەربچێت، مێردەکەی دەیکوشت و چەرچەفی شەوی هاوسەرییەکەی دەکرا بە کفن بۆی.

٣. تەوس؛ تەوزە، ئیستهزاء.

بەڵێ، شایانمە؛
شایانمە ئاوا لەگەڵما بدوێت.
خوایە دەبێت چیم ئاخر کردبێت
تاکو کەمترین
ناو، بنووسێنێت بە پچووکترین
بەزەی منەوە[١]. (ئەمیلیا و ئیاگۆ دەردەکەون)

ئیاگۆ:
ئارەزوو لە چی دەکەیت خاتوونە؟
خۆ شوکر باشی؟

دێزدێمۆنا:
بەخوا، بڵێم چی.
ئەوەی منداڵی ساوا فێر دەکات
بە شێوازێکی
ئاسان و نەرم، لەسەرخۆ هەوڵی
خۆی لەگەڵ دەدات.
ئەویش دەیتوانی
بەجۆرێکی وا، سەرزەنشتم کات.
چونکە بەڕاستی من هەرگیز فێری
مامەڵەی سەختی ئاوا نەبووەوم.

ئیاگۆ:
چییە، خاتوونە، شتێک قەوماوە؟

ئەمیلیا:
ئیاگۆ، داخی گەورە و گرانم،

---

١. کەمترین ناو؛ مەستی لە سۆزانییە. بەزە؛ گوناح، هەڵە. دێزدێمۆنا، هیچ خراپەیەکی نەکردووە و نازانێت بۆچی مێردەکەی بە سۆزانی ناوی دەبات. ئەگەر بەزەیەکیشی کردبێت، دەبێت ئەوەندە پچووک بێت کە هەستی پێ نەکردبێت و ئێستاش نەزانێت چییە.

به شێوازێکی ئاوا، میرانم،
ناوی سۆزانی لێ نا و به جۆرێک
وتەی ئاژر و پیس و کرێتی[1]
هاوێشته سەری، که هیچ دڵێکی
ڕاست نییه ئەوەی، پێ بچێژرێت.
دێزدێمۆنا:
ئایا، قەت ناوی ئاوا له من دێت؟
ئیاگۆ:
ئایا چ ناوێک، خانمه جوانەکەم؟
دێزدێمۆنا:
ئەو ناوەی لێی نام، میرانەکەی من،
ئەوەی که زاری ئەو دەری بڕی[2].
ئەمیلیا:
پێی گوت سۆزانی. کۆڵانییەکی
تاکو سەرخۆشیش، به بانوویاری[3] ٤,٢,١٢٠
خۆی ئەوه ناڵێت.
ئیاگۆ:
بۆچی ئاوای کرد؟
دێزدێمۆنا:
بۆچی؟ نازانم.
بەڵام دەزانم که لەو جۆره نیم.
ئیاگۆ:
ده مەگری، مەگری.
ئای که ڕۆژێکی پەست و ناخۆشه!

١. ئاژر؛ ڕق. کرێت؛ ناشیرین.
٢. ئەو؛ ئەمیلیا. دێزدێمۆنا خۆی، ڕووی نایەت بڵێت "سۆزانی".
٣. بانوویار؛ عەشیقه.

ئەمیلیا:

چەند خانەدانی باش بۆ خواستنی
هاتن هیچیانی، نەویست و وازی
هێنا؛ لە باوکی، لە نیشتمانی،
لە دۆستەکانی،
هەر لەبەرئەوەی کە ئەم پێی بلێت؛
برۆ سۆزانی؟
دە توخوا، ئەوە، پیاو ناگریێنێت؟

دێزدێمۆنا:

بەدبەختی خۆمە!

ئیاگۆ:

دەک خوا بیگرێت! ئاخر لەبەر چی[1]
ئەو بیر لە شتی وا دەکاتەوە.

دێزدێمۆنا:

هەر خوا دەزانێت.

ئەمیلیا:

هەڵبواسرێم، گەر ناکەسێکی
خودا لێگرتووی
زۆر بێ ویژدانی کۆیلە و درۆزن[2]،
تەنیا بۆ ئەوەی کارێکی باشی
بۆ دابین کرێت[3]،
درۆ و دەلەسەی هەڵنەچنیبێت
دژی ئەم ژنە.
گەر وا دەرنەچوو هەڵمبواسن.

---

١. خوا ئۆتێللۆ بگرێت.

٢. گرەو لەسەر ژیانی خۆم دەکەم؛ هەڵبواسرێم ئەگەر وا دەرنەچوو.

٣. تەنیا بۆ ئەوەی ئیشێکی باشی دەست بکەوێت.

ئیاگۆ:

قەت ناشێت پیاوی ئاوا بەد هەبێت.

دێزدێمۆنا:

گەردوون، گەر پیاوی ئاوا بەد هەبێت،
تۆ، لێی ببوورە.

ئەمیلیا:

قوڵفەی گوریسی سێدارە رەببی
چارەنووسی بێ و ئێسقانەکانی،
"ئاردوو"ی ئاگری توونی دۆزەخ بێت[1]!
بۆ بە سۆزانی ناوی لێ دەنێت؟
کێ لە گەڵیدا
رادەبوێرێت و کەی و لە کوێدا؟
بێگومان دەبێت یەکێکی گەلێک
ناکەس و گەندە و پیس و نارەسەن،
ئەم "موورە"ی ئاوا خەڵەتاندبێت.
گەردوون، ئاشکرای
بکە؛ رووی رەش بێت.
وە تازیانەیەک بدەرە دەستی
گشت مرۆڤێکی شەریف، بۆ ئەوەی
ئا ئەو ناکەسە بداتە بەری و
بەڕووت و قووتی لەبەر چاوانی
هەموو کەسێکدا،
راوی بنێت بەسەر رووی سەرزەمیندا،
هەر لە ئەم بەری
دنیاوە تاکو دیوی ئەوبەری.

١. ئاردوو؛ سووتەمەنی.

ئیاگۆ:

ئاخر با دەنگت لێرە دەرنەچێت[١]

ئەمیلیا:

با گوێیان لێ بێت، گوێشیان نادەمێ!
کەودەنێکی وا، ئەوسا مێشکی
تۆی ئاوەژوو کرد؛ ئاوای لێ کردی
گومانت هەبێت کە من پێوەندی
نارەوام هەبێت لەگەڵ ئۆتێللۆ.

ئیاگۆ:

دە بڕۆ، بڕۆ. خۆ تۆ هەر شێتی.

دێزدێمۆنا:

ئاخ، "ئیاگۆ"ی باش،
من چی بکەم دەبێ، تاکو سەرلەنوێ
میرانەکەی خۆم، منی خۆش بوێ؟
دۆستە باشەکەم، بڕۆ پێی بڵێ؛
کە بە رووناکی ئا ئەو ئاسمانە،
سوێندی بۆ دەخۆم؛
نازانم بۆچی لێم تووڕە بووە. ٤,٢,١٥٠
لێرەدا لەسەر ئەژنۆکانی خۆم،
دەوەستم دەڵێم؛ نە بە کردەوە[٢]،
نە بە خەیاڵم، جارێک لە دژی
خۆشەویستی ئەو، بەزەم کردووە.
نە چاوەکانم، نە گوێچکەکانم

١. بێگومان، ئیاگۆ، حەز ناکات کەس گوێی لە وتەکانی بێت؛ نەوەکو ئۆتێللۆ گوێی لێ بێت یان بیگاتێت.

٢. ئەگەر لەسەر ئەژنۆ بوەستێت؛ واتە سوێند دەخوات.

نە هەستێکی تر لە هەستەکانم،
بە جۆرێکی تر، لەزەتیان دیوە[1]
یاخود ئەگەر من، ئێستا و گشت کاتێک؛
لە رابوردوودا و لە داهاتوودا،
هەرچەندە خۆی لێم، هەڵدەتەکێنێت[2]،
هەمیشە ئەوم، خۆش نەویستبێت،
رەببی من سرەوت، ئیتر نەبینم[3].
دڵرەقی گەلێگ دەتوانێت بکات؛
بەڵام دڵرەقی ئەو لەگەڵ مندا،
ژیان و بوونی من کاوڵ دەکات.
بێ ئەوەی ئاستێک،
ئەڤینی دڵم لەکەدار بکات. ٤,٢,١٦٠
زۆر بە گرانی ئەمن دەبینم
وشەی "سۆزانی"، دەرکەم لە دەمم؛
هەر بە وتنی، تێکەڵ دێت دڵم؛
هەرگیز ناتوانم، ئەو کارە بکەم؛
ئەوەی ئەو ناوە دەدات بە خانم[4]،
گەر زیو و زێڕی هەموو دنیاشم،
ئێستا بدەنێ.

ئیاگۆ:

تکات لێ دەکەم هێمن بەرەوە؛
تەنیا ئەوەیە، کە لە بارێکی
توورەییدایە، بە هۆی هەواڵی

---

١. بە جۆرێکی تر؛ بەبێ ئەو.
٢. وەکو چۆن مرۆڤ، تۆز لە جلی خۆی هەڵدەتەکێنێت.
٣. سرەوت؛ حەسانەوە.
٤. سۆزانێتی.

دەوڵەت و کار و باری رامیاری.
بە تۆ، گەرمایی خوێنی کوڵاوی
سارد دەکاتەوە.

دێزدێمۆنا:

گەر هەر ئەوەبێ و هۆی تری نەبێت ..

ئیاگۆ:

من، ئا ئەوەت بۆ، مسۆگەر دەکەم.
گوێ بگرە ئەوا
بلوێر خەڵکەکە بۆ شێو بانگ دەکا،
پەیامبەرەکانی ڤێنێس، ئێستاکە
گشت چاوەڕوانی ژەمی ئێوارەن.
دە برۆ ژوورەوە. بەڵام، ها، مەگری؛ ٤,٢,١٧٠
هەمووی بە باشی، دەبڕێتەوە. (دێزدێمۆنا و ئەمیلیا دەڕۆن.رۆدێریگۆ دێت)
ها، رۆدێریگۆ؟

رۆدێریگۆ:

بۆم دەردەکەوێت
کە راست و رەوا نیت لەگەڵ مندا.

ئیاگۆ:

لە چیدا، وەک چی؟

رۆدێریگۆ:

تۆ هەموو رۆژێک،
هەر دەبێت هۆیەک بدۆزیتەوە.
بۆم دەردەکەوێت،
کە تۆ ئیاگۆ، رێگەم لێ دەگریت
لە باتیی ئەوەی
ئاواتەکانم، نزیک کەیتەوە.

من ئیتر ئەوەم،
هەر بە هیچ جۆرێک، پێ ناچێژرێت؛
ناشتوانم ئەوەی،
بە هۆی کەودەنیی خۆمەوە چەشتم[١]،
وا بە ئاسانی لە بیر بچێتەوە.

ئیاگۆ:
رۆدێریگۆ تۆ، گوێ لە من دەگری؟ ٤,٢,١٨٠

رۆدێریگۆ:
دە بەخوا، گەلێک من گوێم لێ گرتی.
کردەوەکانی تۆ و وتەکانت،
هیچ لەیەکتری، ئیاگۆ، ناچن.

ئیاگۆ:
گەلێک نارەوا تۆ تاوانباریی
من ئاوا دەکەیت.

رۆدێریگۆ:
جگە لە راستی من هیچم نەگوت.
ئەوەتا نابووت بووم و وێران بووم.
ئەو گەوهەرانەی تۆ لێت وەرگرتم
تاکو بیاندەی بە دێزدێمۆنا،
هەر نیوەی ئەوە، "سۆفیلکەژن"ی[٢]
لە رێگەی رەوا، یەکسەر لادەدا.
ئەتۆ پێت گوتم، ئەو لێی وەرگرتی و
تێشت گەیاندم؛
لەم زووانەدا ئاواتەکانم،

١. کەودەن؛ ریژگاو، بێ مێشک. کەودەنی؛ ریژگاوی، بێ مێشکی.
٢. سۆفیلکەژن؛ راهیبە.

گشتیان دێنە دی.
بەڵام، ئەوەتا، من هیچم نەدی.

ئیاگۆ:

باشە، زۆر باشە، مەڕۆ لەسەری. ٤,٢,١٩٠

ڕۆدێریگۆ:

باشە، زۆر باشە، ناڕۆم لەسەری؟
نە زۆر باشە نە،
کابرا، دەتوانم نەڕۆم لەسەری.
من وابزانم ئەمە شتێکی
گەندەیە و منت، هەڵخەڵەتاندووە.

ئیاگۆ:

باشە، زۆر باشە.

ڕۆدێریگۆ:

ئاخر پێت دەڵێم کە زۆر باش نییە.
بۆ دێزدێمۆنا،
من کێشەکەی خۆم ئاشکرا دەکەم.
گەوهەرەکانم، گەر بداتەوە[١]،
واز لە ئاواتە ناڕەواکانی
خۆم دەهێنم و لێبووردنێکی
زۆر دڵسۆزانەی من لێ دەخوازم.
گەر نەمداتەوە،
گومانت نەبێت؛ ئەوسا دەزانم،
چۆن تۆڵەی ئەمەت لێ دەکەمەوە.

---

١. ئیاگۆ، هەموو جارێک پارە و ئاڵتوون و گەوهەری لە ڕۆدێریگۆ وەردەگرت و پێی دەگوت، بەناوی تۆوە دەیاندەم بە دێزدێمۆنا. بێگومان، ڕۆدێریگۆی هەڵدەخەڵەتاند؛ هەموو ئەوانەی دەبرد بۆ خۆی.

ئیاگۆ:

وتەن و دەیڵێیت.

ڕۆدێریگۆ:

خۆ ڕاستە وتەن، بەڵام یەک وتەم
ئێستا لە زاری خۆم دەرنەبڕی،
جگە لەوانەی
کە زۆر بەڕاستی مەبەستی منن.

ئیاگۆ:

باشە، بەڕاستی،
ئێستا دەبینم سووریت لەسەری.
ڕام، بەرامبەری تۆ لەم ئاستەوە
بەرزتر بۆوە. دەی ڕۆدێریگۆ،
دەستتم بدەرێ.
زۆر بە ڕەوایی و حەق تۆ لە دژی
من ئێستا دەدوێیت.
لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بزانی
لە کاروباری تۆدا هەمیشە،
ڕاست و دڵسۆز بووم

ڕۆردێریگۆ:

ئەوە، نابینم.

ئیاگۆ:

من دان بەوەدا ، بەڵێ دەهێنم؛
هیچ ئاماژەیەک
دیارنییە تاکو ئەتۆ بیبینی.
گومانکردنی
تۆ بەتەواوی لە جێی خۆیەتی؛

بێ بیرکردنەوە و زیرەکی نییە.
ئاخ، ڕۆدێریگۆ، ئەگەر بەڕاستی
ئەوەت لەناودا وا بەتین هەیە،
کە من ئێستاکە، لە هەموو کاتێک
زۆرتر هۆیەکی مەزنم هەیە
کە وابزانم، لەناوتدا هەیە–
ئەمن مەبەستم لە ئازایەتی و
لە دلاوەری و لە جوامێرییە–
ئەمشەو پێویستە پیشانیان بدەیت.
ئەگەر سبەی شەو لە دێزدێمۆنا،
لەزەت وەرنەگری[1]،
من لە ژیانی ئەم جیهانەدا
زوو بێبەش بکە،
بە تاوانباری ناپاکی و یەکسەر[2]
ئەتۆ "ئازین"ێک ئافراندن بکە[3]
بۆ کوشتنی من.

رۆدێریگۆ

باشە، دروستە؟ لەناو سنووری
دانایی و مەودای " کردەنی"دایە؟[4]

ئیاگۆ

ئەنجوومەنێکی تایبەت، سەروەرم،
لە "ڤێنێس"ەوە،
بەو مەبەستەوە، گەورەم، هاتووە؛

١. لەزەت وەرنەگریت؛ لەزەت لە لەشی دێزدێمۆنا، وەرنەگریت.
٢. تۆ، من بە ناپاک تاوانبار بکە و بەو بیانووەوە، من لە ژیانی ئەم جیهانەدا بێبەش بکە.
٣. ئازین؛ ناوەندیاری، وەسیلە. ئافراندن؛ خەڵقکردن، دروستکردن.
٤. کردەنی؛ عەمەلی (practical)، شتێکی خەیاڵی نییە؛ دەکرێت، دەهێنرێتە دی.

ئۆتێللۆ، بەرێ و کاسسیۆ جێی بگرێ.

ڕۆدێریگۆ

جا ئەوە ڕاستە؟ ئەگەر ئاوابێت، ٤,٢,٢٢٠

ئۆتێللۆ، لەگەڵ "دێزدێمۆنا"دا

دیسان بۆ ڤێنێس، دەگەڕێتەوە.

ئیاگۆ:

نا، نا، وا نییە

لێرەوە دەچێت بۆ مۆریتانیا

وە "دێزدێمۆنا"ی "جوان"یش لەگەڵ خۆی

بۆ ئەوێ دەبات.

مەگەر قەدەرێک،

لێرەدا جارێ بیهێڵێتەوە.

وە لابردنی کاسسیۆ بە جۆرێک،

لە هەموو شتێک زیاتر بڕیاری

ئا ئەوە دەدات[١].

ڕۆدێریگۆ:

مەبەستت چییە، لە "لابردنی"؟

ئیاگۆ:

وای لێ بکرێت کە پێی نەکرێت

جێگەی ئەو بگرێت–

مێشکی سەری بپژێنرێت[٢].

ڕۆدێریگۆ:

جا تۆ دەتەوێت من ئەوە بکەم؟

---

١. ئەگەر کاسسیۆ لاببرێت (بکوژرێت) و کەس نەبێت جێگەی بگرێت، ئەوسا بەناچاری دەمێنێتەوە.

٢. ڕۆدێریگۆ، کابرایەکی بێ مێشکە. دیسانەوە ئیاگۆ بۆ مەبەستی خۆی بەکاری دەهێنێت؛ کاسسیۆی پێ دەکوژێت بۆ ئەوەی بەڵکو جێگەکەی بدرێت بەخۆی.

رۆدێریگۆ:

ئا، گەر دەوێریت ٤,٢,٢٣٠
شتێکی ئاوا بۆ بەرژەوەندیت
بهێنیتە دی،
کە بۆ تۆ چاک بێ و مافی خۆتیشی
پێ دەستگیر بکەیت.
ئەم ئێوارەیە، لەگەڵ ژنێکی
سۆزانیدا ئەو، دەچێت شێو بکات[١].
منیش لەوێدا دەبم لەگەڵی[٢].
هێشتا لەبارەی
بەختەوەرییە ڕێزهێنەرەکەی
خۆی، بێ ئاگایە[٣].
گەر تێبینی بکەیت لە کاتی
لەوێ دەرچوونی–
بۆتی ڕێک دەخەم، ئاوا لە بەینی
دوانزە و یەکدا بێت–
ئیتر دەتوانی، بە ئارەزووی خۆت،
هەڵبکوتیتە سەر لەش و گیانی.
خۆشم لەوێدا، نزیکت دەبم؛
بۆ یاریدەدان. ئیتر لە بەینی
خۆماندا هەردووک، دەیدەین بە خاکدا.
سەیری من مەکە بە سەرسووڕماوی.
وەرە لەگەڵم، پێت دەڵێم بۆچی،

---

١. ئەو؛ کاسسیۆ.
٢. لەوێ؛ لە جێگەی نانخواردن (ڕێستۆران).
٣. کاسسیۆ هێشتا نازانێت کە پایە بڵند کراوە و جێگەی ئۆتێللۆ دراوە بە ئەو.

پێویستە بمرێت. ئەوساکە بیری
لێ دەکەیتەوە و بۆت دەردەکەوێت
کە تۆ ناچاری مەرگی بخوازی.
ئێستاکە کاتی شێوکردنە و شەو، ٤,٢,٢٤٠
ئەوەتا دادێت. دەی ئامادەبە.

رۆدێریگۆ:

دەبێت هۆیەکی باشم بدەیتێ[١].

ئیاگۆ:

دەتدەمێ و تۆ خۆت، پێی رازی دەبی. (دەڕۆن)

---

١. بۆ کوشتنی کاسسیۆ، دەبێت هۆیەکی باشم بدەیتێ.

## دیمەنی ٣, ٤

ئۆتێللۆ و لودۆڤیکۆ و دێزدێمۆنا و ئەمیلیا و چەند نۆکەرێک دەردەکەون

لودۆڤیکۆ:

گەورەم، من گەلێک تکات لێ دەکەم

ئیتر بەسە تۆ، خۆت ماندوو مەکە.

ئۆتێللۆ:

نا، پێچەوانە؛ رۆیشتن باشە بۆم.

لودۆڤیکۆ:

شەوباش، خاتوونە. بە ملکەچییەوە،

سوپاست دەکەم.

دێزدێمۆنا:

پڕ بەدڵ هەردەم ئەمن پێشوازی

جەنابت دەکەم.

ئۆتێللۆ:

ها، بڕۆین گەورەم؟ ئا، دێزدێمۆنا!

دێزدێمۆنا:

ها، میرانەکەم؟

ئۆتێللۆ:

ئێستا راستەوخۆ بڕۆ بۆ جێگا.

من هەر ئێستاکە، دەگەڕێمەوە.

هەموو بەردەستە و نۆکەرەکانی

خۆت ئیزن بدە با بڕۆنەوە.

هەرچیم پێ گوتی،

وتە بە وتە، بیهێنەرە دی.

دێزدێمۆنا:

باشە، سەروەرم. (ئۆتێللۆ و لودۆڤیکۆ و نۆکەرەکان دەڕۆن)

ئەمیلیا:

ها، چۆنە "بار"ی تۆ لەگەڵیدا.

ناسکتر دیارە لە جاری پێشووی[١].

دێزدێمۆنا:

ئێستاکە گوتی؛ یەکسەر بۆ ئێرە، ٤,٣,١٠

دەگەڕێتەوە.

لە منیشی خواست؛ بچم بۆ جێگا و

ئیزنی تۆ بدەم کە بڕۆیتەوە[٢].

ئەمیلیا:

من، بڕۆمەوە؟

دێزدێمۆنا:

ئەوەی لێ خواستم. لەبەر ئەوە دەی

ئەمیلیای دۆستم،

کراسی شەوی خۆمم بدەرێ و

ئەسپەردەی خوابی.

دەی، ئێمە نابێت دڵی بشکێنین.

ئەمیلیا:

خۆزگە قەت رۆژێک ئەوت نەدەدی.

دێزدێمۆنا:

نا، من قەت ناڵێم؛ خۆزگە نەمدەدی؛

چونکە ئەڤینی

---

١. ئۆتێللۆ، نەرم و ناسکترە لە جاری پێشووی.

٢. بڕۆیتەوە ماڵێ.

من، تا پەسەندی
سەرسەختی و دیمەی گرژ و زمانی
بڕندەی دەکات
تۆ دوگمەکانیم بۆ بکەرەوە[١]
هەر وەک تەلیسمێک، لەدوایانەوە[٢]
هەبێت و دڵی من رابکێشێت.

ئەمیلیا:

بەو چەرچەفانەی، کە تۆ لێت خواستم، ٤,٣,٢٠
من نوێنەکەتم، ئەمڕۆ داپۆشی.

دێزدێمۆنا:

هەمووی، بەڕاستی، هەر وەکو یەکە.
مرۆڤ، جاربەجار، ئاخ، بیر لە شتی
چەند هیچ و پووچ و سەیر دەکاتەوە.
گەر، لەپێش تۆدا، من هات و مردم
با چەرچەفێکم
لەو چەرچەفانە ببێت بە کفنم.

ئەمیلیا:

دە وسبە، وسبە، وتەی وا مەڵێ.

دێزدێمۆنا:

کاتی خۆی دایکم، کارەکەرێکی
کیژۆڵەی هەبوو "بەربەری" ناو بوو[٣].
شەیدای پیاوێک بوو
گەلێک دڕندە و بێوەفا دەرچوو؛
ئا ئەو کیژۆڵە جوانەی بەجێ هێشت.

---

١. دوگمەکانی؛ دوگمەکانی کراسەکەم.

٢. لە دوای سەرسەختی و رووگرژی و زمانە تیژە (بڕندە)کەی.

٣. وادیارە نەتەوەکەی بەربەری بووە. بەربەر، نەتەوەیەکە لە باکوری ئەفریقیا دەژین.

گۆرانییەکی
هەبوو لە بارەی داری شۆڕەبی[١]
گۆرانییەکی دێرین بوو بەڵام[٢]،
پەژارەی دڵی پێ دەردەبڕی.
کاتی مردنی، ئەوەی دەبێژی[٣].
ئەو گۆرانییە ئەمشەو لە سەری
من، هەر دەرناچێت.
بەڕاستی بەزۆر خۆم پێ دەگیرێت؛
ئێستاکە سەری خۆم بە لایەکدا[٤] ٤,٣,٣٠
خواربکەمەوە و وەکو بەربەری؛
دەست بە گوتنی ئەو گۆرانییە،
ئێستاکە بکەم.
دەی خێرا بکە، تکات لێ دەکەم.

ئەمیلیا:

دەتەوێت رۆبی شەوت بۆ بێنم؟

دێزدێمۆنا:

نا. دوگمەکانی
توخوا ئا ئێرەم، بۆ بکەرەوە.
لام وایە ئا ئەم "لودۆڤیکۆ"یە
پیاوێکی قۆزە.

ئەمیلیا:

گەلێک ناسک و رووخۆش و قۆزە.

---

١. درەختی شۆڕەبی، پێوەندیی بەخەفەت و گریانەوە هەیە. گوایە ئەوەندە گریاوە و پرچەکانی خۆی رنیوەتەوە، بۆیە پرچەکانی ئاوا بەرەو خوارەوە شۆڕ بوونەتەوە.

٢. دێرین؛ کۆن.

٣. ئەو گۆرانییەی دەگوت کاتی مردنی.

٤. عاشق کە یاری خۆی لەکیس دەچێت و بەزەییی بە خۆیدا دێتەوە و گۆرانیی غەمگین دەبێژێت، نەریت وابووە کە دەیبێژێت، سەری بەلایەکدا خوار بکاتەوە.

دێزدێمۆنا:

زمان شیرینە.

ئەمیلیا:

ژنێک دەناسم لە ڤێنێس دەژی،
ئەو، ئامادەیە بە پێ خاوسی
تاکو فەلەستین بچێت بۆ ئەوەی
تەنیا هەر دەستێک،
ئاوا، لە لێوی ژێرەوەی بدات.

دێزدێمۆنا: (گۆرانی دەڵێت)

لای درەختێکی "سیکامۆر"ەوە[1]
ئەو بوونەوەرە لاوازە دانیشت.
هەناسەی ساردی هەر دەردەکرد و
بەگریانەوە بەستە و گۆرانی
بەسەر شۆڕەبی سوێداردا دەگوت؛
دەستەکانی خۆی
دانابوو لەسەر نیشتەجێی دڵی[2]،
سەری دانابووە
سەر ئەژنۆکانی و گۆرانی دەگوت؛
یارم، شۆڕەبی، توخوا شۆڕەبی، ٤,٣,٤٠
گۆرانییەکی خۆتم فێربکە[3]
لە تەنیشتییەوە جۆگەلەیەکی
ئاوی روون هەبوو، لە خوڕەخوڕی،
دەنگی ناڵێن و شیوەن دەردەچوو.

---

١. سیکامۆر؛ درەختێکە لە درەختی هەنجیر دەچێت.
٢. نیشتەجێی دڵی؛ سنگی شۆڕەبی.
٣. شۆڕەبی، هەموو ژیانی گۆرانیی غەمگین دەڵێت و دەگری و پرچەکانی خۆی دەڕنێتەوە. ئەمیش بەتەمایە، وەک ئەو، هەموو ژیانی بۆ ئەڤینی دڵی کوژراوی بگری و بلاوێنێتەوە.

یارم، شۆڕەبی، توخوا شۆڕەبی
گۆرانییەکی خۆتم فێربکە.
بەستەی دەگوت و دڵۆپەکانی
فرمێسکی سوێری، وەکو مرواری
بەردەبوونەوە لە چاوەکانی و
بەر بەردەکانی
بەر پێی دەکەوتن؛ ڕەقەکانیانی
نەرم دەکردەوە[١]. (گۆرانییەکەی دەبڕێ و ڕوو دەکاتە ئەمیلیا)
لەوێ دایانبنێ[٢]. (دیسانەوە گۆرانی دەڵێت)
توخوا شۆڕەبی، گۆرانی بڵێ. (ڕوو دەکاتەوە ئەمیلیا)
تکات لێ دەکەم، بڕۆ، دەستبەجێ.
ئێستا دێتەوە[٣].
شۆڕەبییەکان، با گشت یەکێکتان
گۆرانی بڵێت؛
چەپکێک لە شووڵک و گەڵای شۆڕەبی
سەوز، با گوڵبەندی دەوری سەرم بێت.
توخوا هیچ کەسێک لۆمەی ئەو نەکات؛
تا ڕواندنی چاوە تووڕەکەی
ئەوم خۆش دەوێت. (گۆرانییەکەی دەپچڕێنێت و ڕوو دەکاتە ئەمیلیا)
گوێ بگرە یەکێک لە دەرگە دەدات
ئەمیلیا:
ڕەشەباکەیە.
دێزدێمۆنا: (گۆرانی دەڵێت)
ئەمن بە یاری

١. بەردەکان، بەزەییان پێیدا دەهاتەوە و نەرم دەبوونەوە. وەکو چۆن دڵی ڕەق، نەرم دەبێتەوە.
٢. مەبەستی لە پارچەیەکە لە جلەکانی.
٣. ئێستا، ئۆتێللۆ، دێتەوە.

خۆم گوت؛ یارەکەم، یارێکی قەڵبی!
دەزانی چی گوت؟
توخوا شۆڕەبی، یارم، شۆڕەبی،
گۆرانی بڵێ؛
ئەگەر دوای ژنی تر من بکەوم،
لەگەڵ پیاوێکی تر رادەبوێری. (روو دەکاتەوە ئەمیلیا)
دەی ئیتر برۆ. شەوباش دەی برۆ.
من چاوەکانم دەخورێن ئەمرۆ.
ئایا ئا ئەوە،
ئاماژەیەکی بەیوومە دەڵێت؛
گریان دەبینی؟

ئەمیلیا:
نە ئەوە دەڵێت، نە شتێکی تر.

دێزدێمۆنا:
من وام بیستووە.
ئاخ، لەم پیاوانە. ئاخ، لەم پیاوانە[١].
ئەمیلیا، توخوا، راستییەکەی بڵێ،
ژنی وا بووە، تاکو بەو جۆرە،
ناپاکی لەگەڵ مێردی خۆی بکات؟

ئەمیلیا:
لەو جۆرە ژنە، بێگومان، زۆرە.

دێزدێمۆنا:
بە هەموو دنیا، ٤،٣،٦٠
کارێکی ئاوا، ئایا تۆ دەکەیت؟

١. پیاو دڵی پیسە؛ زوو گومان لە پاکێتیی ژنی خۆی دەکات.

ئەمیلیا:

بۆ نا! تۆ نایکەیت؟

دێزدێمۆنا:

ئا بەم هەتاوەی گەردوون، من نایکەم.

ئەمیلیا:

ئا بەم هەتاوەی گەردوون، خاتوونە،
خۆ منیش نایکەم[1].
کاتێک بتوانم، ئاواش بە باشی،
لە تاریکیدا، هەمان کار بکەم.

دێزدێمۆنا:

بە هەموو دنیا،
کارێکی ئاوا، ئایا تۆ دەکەیت؟

ئەمیلیا:

دنیا، هەر گەلێک، گەلێک مەزنە.
نرخێکی زل و گەورە و مەزنە،
بۆ کردەیەکی ئەوەندە گچکە.

دێزدێمۆنا:

ئەمن بەڕاستی، لەو باوەڕەدام؛
ئەو کارە ناکەیت.

ئەمیلیا:

ئەمن بەڕاستی لەو باوەڕەدام؛
دوای ئەوەی دەیکەم،
هەر بەتەواوی نکووڵی دەکەم.
نا، من بە ئیمان، کاری وا ناکەم،

---

١. دێزدێمۆنا، سوێند بە هەتاو دەخوات، کە قەت خیانەت لە مێردەکەی ناکات. ئەمیلیا، بۆ گاڵتە، بە جۆرێک وەڵامی دەداتەوە وەکو گوتوویێتی؛ لەبەر هەتاودا من کاری ئاوا ناکەم.

به مستیلەیەک، یان چەند پارچەیەک
قوماشی کەتان.
نە بە کڵاو و کەوا و ژێرکراس
بۆئەوەی خۆمی تێدا بنوێنم.
بە هەموو جیهان!
کێ لە مێردەکەی شاخێک ناڕوێنێت[1]
بۆ ئەوەی بیکات بە شاهی جیهان.
سەرکەشی ئاوا، دەکەم بێگومان،
گەر "جەهەننەم"یش چاوەڕوانم بێت.

دێزدێمۆنا:

بڕوام پێ بکە، بە هەموو جیهان،
کارێکی ئاوا ناڕەوا ناکەم.

ئەمیلیا:

ئاخر بۆ نایکەیت؟ ئەو کارەی دەیکەیت،
لە جیهاندایە. ئا ئەو جیهانەی
کە بە ئەرکی خۆت، بوویت بە خاوەنی[2].
"ناڕەوایی" یش بێت لەناو جیهانی
خۆتدایە. کە تۆ،
زۆر باش دەتوانی چاکی بکەیتەوە.

دێزدێمۆنا:

قەت باوەڕ ناکەم ژنی وا هەبێت.

ئەمیلیا:

بەڵێ، دەرزەنێک

---

١. ئەو پیاوەی ژنەکەی خیانەتی لێ بکات، پێیان دەگوت بزن؛ واتە شاخی لێ ڕواوە. لێرەدا دەپرسێت؛ کێ لە مێردەکەی خۆی خیانەت ناکات ئەگەر بەو کارە ببێت بە خاوەنی هەموو جیهان. چونکە بەو جۆرە، مێردەکەی دەکات بە "شا"ی هەموو جیهان.
٢. ئەرکەکەی ئەوە بووە کە خیانەتی لە مێردەکەی خۆی کردووە.

سەرەڕای ئەوە، خاتوونە، گەلێک؛
پڕ ئەو جیهانەی،
کە بە ئەرکی خۆت بوویت بە خاوەنی.
بەڵام، لام وایە، کە ژن دەکەوێت،
هەڵەکە، هەڵەی مێردەکانیانە؛
ئەرکی مێردێتی خۆیان، بە باشی
ناهێننە دی؛ گەنجینەکانی
ئێمە رۆدەکەن لەناو باوەشی
ژنی بێگانە[1].
یاخود ئەوەندە رژد و دڵ پیسن،
ئازادی ئێمە، پەت و بەند دەکەن،
یان لێمان دەدەن. یان بە مەبەستی
ریسواکردنمان، لە پارە و سامان،
بێ بەشمان دەکەن.
ئاخر لەبەر چی؟ خۆ ئێمەش زاتمان
هەیە و دەتوانین–
هەرچەندە ئێمە نەرم و ناسکین–
تۆڵەی خۆمانیان لێ بکەینەوە.
دە با مێردەکان، ئەوە بزانن ٤,٣,٩٠
کە ژنەکانیان، هەر وەکو خۆیان؛
شت دەبینن و بۆنی شت دەکەن.
وە هەست بە تامی ترشی و شیرینی
وەک ئەوان دەکەن.
ئایا چی دەکەن
کە ئەوان ئێمە دەگۆڕنەوە

---

١. پیاو، گەنجینەی لەزەتە بۆ ژنەکەی خۆی. ئەگەر خیانەتی لێ بکات، واتە گەنجینەی لەزەتی ژنەکەی رۆ دەکاتە باوەشی ژنێکی بێگانە.

به ژنانی تر؟
لەزەت دەبینن؟ وابزانم، ئا.
یان سۆزی دڵیان، ئەو کردەوەیە
پەروەردە دەکا؟ بەڵێ ئەوەش، ئا.
یاخود لاوازی
هەڵەی ئاوایان، خاتوون، پێ دەکا؟
بەوەش دەڵێم، ئا.
باشە، ئەی ئێمە، بۆ سۆزمان نییە؟
یاخود ئارەزوو
ناکەین و لەزەت نابینین لەوە؟
یان لاوازیمان لە گیاندا نییە؟
گەر وابێت دە با، لەگەڵ ئێمەدا،
دادپەروەربن و ڕێزمان بزانن.
ئەگینا ئەوان دەبێت بزانن؛
کردەوە و کاری ناڕەوای خۆیان
هەمیشە فێری کردەوە و کاری ٤,٣,١٠٠
ئاوامان دەکا.

دیزدێمۆنا:
شەوباش، دە شەوباش. خوایە نەهێڵی
لاسایی کاری بەد بکەمەوە.
با لێیانەوە، هەمیشە فێری[1]
کاری ڕەوان بم. (دەڕۆن)

---

١. لێیانەوە؛ لە کاری بەدەوە.

# پەردەی پێنجەم

## دیمەنی ١ ,٥

### ئیاگۆ و ڕۆدێریگۆ دەردەکەون

وەکو دیمان، ئیاگۆ، پێی دەکرێت لاس بە ڕۆدێریگۆ بدات کە بچێت کاسسیۆ بکوژێت. ئێستا هەرچ کامێکیان بکوژرێت بۆ ئیاگۆ باشە؛ ڕۆدێریگۆ بکوژێت، باشییەکەی ئەوەیە کە ئیتر کەس داوای ئەو دیارییانەی لێ ناکاتەوە، ئەوانەی کە بە ناوی "دێزدێمۆنا"وە وەری دەگرتن و دەیبردن بۆ خۆی. ئەگەر کاسسیۆ بکوژێت، باشییەکەی ئەوەیە کە بەڵکو ئیشەکەی ئەو بۆ خۆی بمێنێتەوە. ئەگەر هەردووکیان بکوژرێن، ئەوە، بێگومان، زۆر باشتر دەبێت بۆی.

ڕۆدێریگۆ، کە دەچێت بۆ کوشتنی کاسسیۆ، خۆی دەکوژرێت. بەڵام پێش ئەوەی بمرێت فریا دەکەوێت پیلانەکانی ئیاگۆ ئاشکرا بکات.

ئیاگۆ:

لێرەدا، لەدوای ئەم کۆڵەکەیە،
بوەستە، ئێستا ئەو بۆ ئێرە دێت.
تۆ شمشێرەکەشت،
بەدەست خۆتەوە بگرە بە ڕووتی،
با ئامادەبێت.
هەرچەند دەتوانی، قووڵ لێی گیربکە.
دەی خێرا بکە و لە هیچ نەترسی؛
لاتەوە دەبم.
ئەمە، بڕیاری یان کامەرانی، یان
بەتەواوی کاوڵکردنی ژیانمان دەدات.
بەم جۆرە بیری
لێ بکەرەوە و سووربە لەسەری.

رۆدێریگۆ:
لەلامەوە بە، نەوەک کارەکە
دەرچێت لەدەستم.
ئیاگۆ:
لاتەوە دەبم. دەی بە ئازایی
لێرەدا خۆتی بۆ مەڵاس بدە. (ئیاگۆ دەڕوات)
رۆدێریگۆ:
ئەم کردەوەیەم، زۆر بەدڵ نییە.
بەڵام هۆیەکی باشی داومەتێ و
تاکە یەک پیاوی تەنیا تیا دەچێت[1]
دەی شمشێرەکەم، وەرە لەگەڵم؛
پێویستە بمرێت.
ئیاگۆ: (لەبەر خۆیەوە)
دوومەڵەکەیم، وا کراندووە[2]
گەیاندوومەتە گۆشتە زیندووەکەی؛
تووڕەم کردووە.
ئێستا ئەگەر ئەم، کاسسیۆ بکوژێت،
یان ئەو بیکوژێت،
یان مەرگ، پێکەوە هەردووکیان بەرێت،
بە هەر جۆرێک بێت، لە سوودی منە؛
گەر رۆدێریگۆ، نەمرێت و بژی،
هەموو ئاڵتوون و گەوهەرەکانی
خۆی دەوێتەوە.
ئەوەی دەیدامێ تا لە زمانی

١. تەنیا هەر یەک پیاو دەکوژرێت؛ ئەوە نرخێکی زۆر نییە.
٢. دوومەڵەکەی رۆدێریگۆ، ئەوەیە کە حەز لە دێزدێمۆنا دەکات و دەستی ناکەوێت.

نەرمی ئەوەوە
بە دێزدێمۆنای بدەم بە دیاری.
نابێت ئا ئەوە بهێڵم ببێت.
خۆ ئەگەر کاسسیۆ، بمێنێتەوە؛
لەسەر "پاشوێنە"ی[1]
سروشتی نەرم و ڕەوشتی جوانی[2]،
کرێتیی گیانی من دەردەکەوێت[3].
سەرەڕای ئەوە، "موور" لەوانەیە،
گشت وتەکانی منی پێ بڵێت.
ئەوسا مەترسی ڕێ لە ژیانی
سەربەستیم دەگرێت.
نا، دەبێت بمرێت. دەی با ئاوا بێت.
گوێم لە پێیەتی، بەرەو ئێرە دێت. (کاسسیۆ دەردەکەوێت)

ڕۆدێریگۆ:

ئەوە، من ڕەوتی دەناسمەوە؛ (هێرش دەباتە سەری)
ناکەس، تۆ دەمریت.

کاسسیۆ:

ئەو دەستوەشاندنەت، چا خۆ بەڕاستی
دەیکوشتم ئەگەر زرێپۆشەکەم
باشتر نەبوایە
لەوەی خەیاڵی تۆ وێنای دەکرد.
دەبا بزانم، ئەوەی تۆ، چۆنە[4]. (شیرێکی لێ دەدات)

---

١. پاشوێنە؛ شاشە، یاخود ئەو پەردەیەی کە ڕەسمگر، دایدەنێت لەدوای ئەو کەسەی کە ڕەسمی دەگرێت.

٢. سروشتی نەرم و ڕەوشتی جوانی کاسسیۆ.

٣. کرێتی؛ ناشیرینی.

٤. وێنای دەکرد؛ تەسەوری دەکرد. ئەوەی تۆ؛ زرێپۆشەکەی تۆ.

رۆدێریگۆ:

ئای، خۆ کوشتمی.

(ئیاگۆ، لە پشتەوە، شیرێک لە قاچی کاسسیۆ دەدات و لە تاریکییەکەدا خۆی ون دەکات)

کاسسیۆ:

داخی گرانم، ماوەی ژیانم،
من، بە شەلێتی دەمێنمەوە. (هاوار دەکات)
خەڵکینە، پیاوکوژ هاتووەتە سەرم،
بێن بە فریادم. (دەکەوێت)

ئۆتێللۆ:

دەنگی کاسسیۆ دێت؛
ئەوا، ئیاگۆ،
بەڵێنەکەی خۆی دەهێنێتەدی[1].

رۆدێریگۆ:

ئای کە پیاوێکی بەد و ناکەسم[2].

ئۆتێللۆ:

هەر بە تەواوی، ئاوایت وەک دەڵێیت.

کاسسیۆ:

بێن بە فریادم، بێن بە فریادم! ٥,١,٣٠
نەختێک رووناکی! نەشتەرگەر بێنن!

ئۆتێللۆ:

ئەوە، خۆیەتی[3].
"ئیاگۆ"ی ئازا، چەند دادپەروەری!

---

١. ئیاگۆ، بەڵێنی دابوو بە ئۆتێللۆ، کە کاسسیۆ بکوژێت. سەیری دێری ٤,١,٢٠٧ بکە.

٢. رۆدێریگۆ، پەشیمان بووەتەوە لەوەی کە بە هاندانی ئیاگۆ، هێرشی بردە سەر کاسسیۆ. لەبەر ئەوە بە خۆی دەڵێت ناکەس. ئۆتێللۆ کە گوێی لێ دەبێت، وا دەزانێت ئەوە دەنگی "کاسسیۆ"یە.

٣. ئەوە، "کاسسیۆ"یە.

گیانی ناسکی تۆ رادەپەڕێت
گەر تاوانباری لە دژ دۆستێکی
تۆدا بکرێت.
لە تۆوە فێری پیاوەتی دەبم.
ئەوا، شیرینم،[1]
خۆشەویستەکەت، مەرگی خۆی بینی[2].
وە چارەنووسە ناپیرۆزەکەت،
رادەکات بۆ لات، خێرا بیبینی.
ئەوەتا هاتم، هاتم سۆزانی.
ئەو تەلیسمەی کە، پێی چاوەکانی
تۆ، ئاوا دڵی شەیدا دەکردم،
لەکەدار بووە.
ئەو نوێنەی تێیدا دەنوویت بە زبڵی
ئاڵۆشەکانی تۆ گلاو بووە.
لەم زووانەشدا،
بەخوێنی لەشی بەئاڵۆشاوی تۆ،
بەڵەکی دەبێت[3]. (دەڕوات. لودۆڤیکۆ و گراتیانۆ دەردەکەون)

کاسسیۆ:
ئەرێ لێرەدا، نییە ئێشکگرێک؟
یان کەس بێرەدا، نییە تێپەڕبێت؟
پیاوکوژێک ئێستا، ویستی بمکوژێت.
فریام بکەون.

گراتیانۆ:
بەدبەختییەکی

---

١. شیرینم؛ مەبەستی لە "دیزدیمۆنا"یە. لێرەدا، بە تەوسەوە دەڵێت "شیرینم".
٢. خۆشەویستەکەت؛ مەبەستی لە "کاسسیۆ"یە.
٣. بەڵەکی؛ پەڵەپەلاوی.

سامناک لەوێدا دەبێت روویدابێت؛
ئەمە هاواری پەرێشانییە.
کاسسیۆ:
یاریدەدانێ، یاریدەدانێ!
لودۆڤیکۆ:
گوێی خۆتی بەرێ! ٥,١,٤٠
کاسسیۆ:
دەک هەر داوەشێیت ناکەسی داماو.
لودۆڤیکۆ:
من گوێم لە نالەی
دوو، یان سێ کەسە.
شەوێکی تەمومژ و تاریکە.
دەترسم "چەش"بن ئەم هاوارانە؛[1]
با نەختێک بیری
لێ بکەینەوە و هەر خۆمان نەچین،
بەبێ یارمەتی کەسانی دیکە.
رۆدێریگۆ:
وادیارە نایەت کەس بە فریادم؛
خوێن دەدەڵێنم، هەتاکو دەمرم[2].
لودۆڤیکۆ:
وسبە، گوێ بگرە! (ئیاگۆ بە فانۆسێکەوە دەردەکەوێت)
گراتیانۆ:
ئەوا یەکێک دێت، بە " کراس"ەوە و[3]

١. چەش؛ ئەو خواردنەی کە دەکرێت بە قولاپی ماسی گرتنەوە. یاخود لەناو تەڵەدا دادەنرێت.
٢. دەلاندن؛ لێچوون. خوێن دەدەڵێنم؛ خوێنم لێوە دەردەچێت.
٣. کراس؛ کراسی شەو. ئیاگۆ بە کراسی شەوەوە دێت. بۆ ئەوەی وا دەربکەوێت کە تازە لە نوێن هاتووەتە دەرێ.

بە فانۆسێک و چەکەکانییەوە.

ئیاگۆ:

کێ لەوێدایە؟ کێیە هاواری

دێ و دەقیژێنێت،

کە پیاوکوژ، گوایە، هاتووەتە سەری؟

لودۆڤیکۆ:

ئێمە نازانین.

ئیاگۆ:

بۆ ئێوە گوێتان لە هاوار نەبوو؟

کاسسیۆ:

لەڕێی خوا یەکێک فریام بکەوێت!

ئیاگۆ:

چییە، چی بووە؟

گراتیانۆ:

ئەرێ دەنگی لە

یاریدەدەری ئۆتێللۆ ناچێت؟

لودۆڤیکۆ:

ئەوە، خۆیەتی.

ئای کە پیاوێکی ئازا و جوامێرە.

ئیاگۆ:

ئەری ئەتۆ کێیت،

بە ئازارەوە، وا هاوار دەکەیت؟

کاسسیۆ:

ها، ئیاگۆ، تۆیت؟ چەند ناکەسێکی

نەگریس لێرەدا، هەر بەتەواوی

پەکیان خستم ئاخ، یارمەتیم بدە.

ئیاگۆ:

ئاخ، یاریدەدەری

ئازا، وەی لە من، سەد وەی.

چ جەردەیەکی ناکەس بوو ئەوەی

ئاوای لێ کردی؟

کاسسیۆ:

ئەمن لام وایە، یەکێکیان هێشتا،

هەر لێرەدایە؛ رای نەکردووە.

ئیاگۆ:

ئاخ، خائینی ناکەس[١]! (لودۆڤیکۆ و گراتیانۆ دەبینێتەوە)

ئێوە ئایا کێن.

وەرن دەستێکمان توخوا بدەنێ.

رۆدێریگۆ:

بۆ ئێرەش توخوا،

دە با یەکێک بێت، فریام بکەوێت! ٥,١,٦٠

کاسسیۆ:

ئەوە، یەکێکە لە پیاوکوژەکان.

ئیاگۆ:

ئاخ، کوێلەی پیاوکوژ!

ئای کە ناکەسی! (لە تاریکییەکەدا کێردێکی پێدا دەکات)

رۆدێریگۆ:

دەک خوا بتگرێت، سەگی بێ ویژدان!

ئیاگۆ، نامەرد!

ئیاگۆ:

لە تاریکیدا هاتیت بیکوژی؟

١. مەبەستی لە پیاکوژەکەیە.

ئەرێ لەکوێدان،
لەکوێدان دزە خوێناوییەکان؟
ئای کە شارێکی مات و بێ دەنگە!
هاوار یارمەتی،
پیاوکوژ هاتووەتە سەرمان، یارمەتی! روو دەکاتە لودۆڤیکۆ و گراتیانۆ)
ئایا ئێوە کێن؟ دوژمنن؟ دۆستن؟

لودۆڤیکۆ:

کەی ئێمەت بینی، نرخمان دەزانی.

ئیاگۆ:

جەنابت سنیۆر "لودۆڤیکۆ"یە

لودۆڤیکۆ:

گەورەم، خۆیەتی.

ئیاگۆ:

من لێبوردنتان، گەورەم، دەخوازم.
ئەمە "کاسسیۆ"یە.
ناکەسێک ئێستا بریندارى کرد.

گراتیانۆ:

کاسسیۆ! ٥,١,٧٠

ئیاگۆ:

برای خۆم، چۆنی؟

کاسسیۆ:

دیارە لاقێکم، هەر دووکەرت بووە.

ئیاگۆ:

خوانەکات، رەببی!
خانەدانەکان، کەمێک رووناکی. (چرایەکی بۆ دەهێنن. سەیری برینەکەی دەکات)

به کراسەکەم دەیپێچمەوە. (بیانکا دێت)

بیانکا:

چییە، مەسەلە، ئایا چی بووە؟

کێ بوو ئەوەی کە هاواری دەکرد؟

ئیاگۆ:

کێ بوو ئەوەی کە هاواری دەکرد؟[1]

بیانکا:

کاسسیۆ، گیانەکەم، ئاخ، شیرینەکەم!

ئاخ، کاسسیۆ، کاسسیۆ!

ئیاگۆ:

ئاخ، هەی سۆزانی ریسوا و ناسراو! (روو دەکاتەوە کاسسیۆ)

کاسسیۆ، نازانی، کێ بوو ئەو کەسەی

وا برینداری کردیت و رای کرد؟

کاسسیۆ:

نا، من نازانم.

گراتیانۆ:

ئای کە سوێدارم،

کە لە بارێکی وادا دەتبینم.

خۆ من بە شوێنتدا دەگەڕام ئێستا،

دەمویست بتبینم.

ئیاگۆ:

بەندەخوێنێکم توخوا بدەنێ

(قاچی کاسسیۆی پێ دەبەستێتەوە بۆئەوەی خوێنەکەی بوەستێنێت)

ئاخ، گەر کورسییەک لێرە هەبوایە،

تا بە ئاسانی هەڵمان گرتایە.

---

١. بە جۆرێک پرسیارەکەی ئەو، دووبارە دەکاتەوە، وەکو بڵێت؛ بۆچی نازانی؟.

بیانکا:

ئای، بوورایەوە. ئاخ، کاسسیۆ، کاسسیۆ.

ئیاگۆ:

خانەدانەکان، لەم سۆزانییە،
من گومان دەکەم
لەم رووداوەدا دەستێکی هەبێت.
کوڕی باش، کاسسیۆ، هەر بۆ ئاستەمێک
ئارامت هەبێت.
توخوا، رووناکی.
(تێبینینی رۆدێریگۆ دەکات و خۆی وا دەنوێنێت کە زۆر سەری سووڕماوە
کە ئەمە "رۆدێریگۆ"یە)
ئایا ئەم رووە، دەناسینەوە؟
داخی گرانم، دۆستەکەی منە؟
هاو نیشتمانە ئازیزەکەمە؟
"رۆدێریگۆ"یە؟
نا، نا، قەت ناشێت.
بەڵام، بێ گومان، ئەوە، خۆیەتی!
ئاخ گەردوون، گەردوون،
چۆن! رۆدێریگۆ!

گراتیانۆ:

کابرای "ڤێنێس"ی؟

ئیاگۆ:

بەڵێ، ئەوەیان. بۆچی دەتناسی؟

گراتیانۆ:

ئەمن دەمناسی؟ ئا، ئا، دەمناسی[1]

---

١. گراتیانۆ، مامی "دێزدێمۆنا"یە. ئاگادارە لەوەی کە رۆدێریگۆ حەزی لە برازاکەی دەکرد و دەیویست بیهێنێت. لەبەر ئەوە دەیناسێت.

ئیاگۆ:

بەگ، گراتیانۆ،
تکات لێ دەکەم لە من ببووری،
ڕووداوی ئاوا پیس و خوێناوی،
ناچاری کردم کە فەرامۆشی
جەنابت بکەم.

گراتیانۆ:

من بە بینینی ئێوە شادمانم.

ئیاگۆ:

ها، کاسسیۆ چۆنی؟
ئاخ، دە کورسییەک، کورسییەک بێنن!

گراتیانۆ: (تێبینی تەرمەکەی ڕۆدێریگۆ دەکات)

ڕۆدێریگۆ!

ئیاگۆ:

ئا، بەڵێ ئەوە. ئەوە خۆیەتی. (کورسییەک دەهێنن)
کورسییەکەت هێنا؟ باشە ئافەرین.
با چەند پیاوێکی باش بێن لایبەرن.
ئەوا من دەچم، نەشتەرگەرەکەی
ژەنەراڵەکەی خۆمی بۆ دێنم. (ڕوو دەکاتە بیانکا)
بەڵام تۆ خانم، خۆت ماندوو مەکە. (ڕوو دەکاتە کاسسیۆ)
ئەو پیاوەی لەوێ کەوتووە، کاسسیۆ،
دۆستێکی من بوو.
لە ناو ئێوەدا، ناکۆکی هەبوو؟

کاسسیۆ:

نا، ناکۆکی چی! هەر ناشی ناسم.

ئیاگۆ (ڕوو دەکاتە بیانکا)

خاتوونە، ئەرێ زەرد هەڵگەڕاوی؟ (روو دەکاتە نۆکەرەکان)
بیبەنە ژووری.
(کاسیۆ، دەبەنە ژوورەوە و تەرمەکەی رۆدێریگۆ، لەوێ هەڵدەگرن. روو دەکاتە لودۆڤیکۆ و گراتیانۆ)
توخوا بوەستن، خانەدانەکان (روو دەکاتەوە بیانکا)
خاتوونە، ئەرێ زەرد هەڵگەڕاوی؟ (روو دەکاتەوە لودۆڤیکۆ وگراتیانۆ)
ئایا، هەست دەکەن
بەو ترسەی لەناو "روانین"ی ئا ئەم
خانمەدایە؟ (بە هەڕەشەوە بە بیانکا دەڵێت)
گەر وا سەیر بکەیت،
زۆرت پێ ناچێت تا پێمان دەڵێیت[1]. (روو دەکاتەوە لودۆڤیکا و گراتیانۆ)
باش سەیری بکەن.
خانەدانەکان، ئایا دەبینن؟[2]
گەر هات و زمان، پەکی بکەوێت، ٥,١,١١٠
تاوان، خۆی دەدوێت[3]. (ئەمیلیا دەردەکەوێت)
ئەمیلیا:
ئاخ، چی رووی داوە؟
دە مێردەکەم، تۆ، تۆ بە من بڵێ،
دە چی لێرەدا، ئاخر رووی داوە؟
ئیاگۆ:
لێرەدا لەناو تاریکییەکەدا،
رۆدێریگۆ و چەند نەفەرێکی تر،

١. ئیاگۆ، بۆ ئەوەی گومان لە خۆی دوور بخاتەوە، دەیەوێت بەسەر "بیانکا"یدا بهێنێت. گوایە بیانکا بە جۆری سەیرکردنەکەیدا دیارە کە تاوانبارە.
٢. ئایا، بە دیمە و روانینیدا دیار نییە کە تاوانبارە؟.
٣. تاوان، خۆی پێمان دەڵێت کێ تاوانبارە. تاوانەکە بە چاوی "بیانکا"وە دیارە و پێمان دەڵێت کە بیانکا تاوانبارە.

هەڵیانکوتایە سەر کاسسیۆ و یەکسەر
هەموو رایانکرد.
هەر زۆر کەمێکی مابوو بیکوژن.
رۆدێریگۆ خۆی، لەوێدایە، مرد.

ئەمیلیا:

داخی گرانم بۆ تۆ، پیاوی باش[1]!
ئاخ، کاسسیۆ، کاسسیۆ داخی گرانم.

ئیاگۆ:

ئەمە، ئەنجامی قەحبەچێتییە[2].
ئەمیلیا، برۆ تکات لێ دەکەم،
بزانە کاسسیۆ،
لە کوێدا ئەمشەو شێوی کردووە. (روو دەکاتە بیانکا)
تۆ بۆچی گیانت، سەرجەم دەلەرزێت؟

بیانکا:

ئەو هات بۆ ماڵی ئێمە شێوی کرد.
هۆی لەرزینی من ئا ئەوە نییە[3]

ئیاگۆ:

ئەها، لە ماڵی تۆدا شێوی کرد! ٥,١,١٢٠
تۆ، تاوانباری ئەم کارە دەکەم.
وەرە لەگەڵم.

ئەمیلیا:

ئاخ، ئاخ، سۆزانی، رەببی رووڕەشبی!

---

١. مەبەستی لە "رۆدێریگۆ"یە. ئەمیلیا هەردووکیان دەناسێت و هەردووکیان بە پیاوی باش دادەنێت.

٢. مەبەستی ئەوەیە بڵێت، بیانکا قەحبەیە و ئەو ئەم تەڵەیەی بۆ ناوەتەوە.

٣. بیانکا، کچێکی ساکاری هەژارە؛ بەم رووداوە زۆر ورووژاوە. لەبەر ئەوەیە دەلەرزێت.

بیانکا:

هیچ سۆزانی نیم؛ هەر وەکو ئێوە،
ئەوانەی نرخم ئاوا دەشکێنن،
گەردن ئازادم، پاکە ژیانم.

ئەمیلیا:

وەکو من؟ تفوو،
سەد تفوو رەببی ئەتۆ رووڕەشبی!

ئیاگۆ:

دەی خانەدانە بەڕێزەکانم،
توخوا با بچین سەرێکی کاسسیۆی
هەژارمان بدەین، تاکو بزانین
برینەکانی تیمار کراون! (روو دەکاتەوە بیانکا)
خاتوونە دەبێت،
شتێکی ترمان ئەتۆ پێ بڵێیت.
ئەمیلیا، رابکە تۆ بۆ کۆشکەکە و
بۆ سەروەرەکەی من و ژنەکەی،
ئەوەی رووی داوە، بگێڕەرەوە.
پێشمان دەکەویت؟ (لەبەر خۆیەوە)
ئەمشەو، ئێستاکە، ئا ئەو کاتەیە،
کە من بڵند و سەرکەوتوو دەکات،
یان بە تەواوی، کڵۆڵم دەکات.

## دیمەنی ٢, ٥

ئۆتێللۆ فانۆسێکی بەدەستەوەیە و دێزدێمۆنا لە نوێنەکەی خۆیدا پاڵ کەوتووە

بە پێی داخــوازیی ئۆتێللۆ، دێزدێمــۆنا دەچێت بۆ جـێگا و چاوەڕوانـی دەکــات. نەیدەزانـی کـە مـێـردەکـەی بڕیاری داوە بیکوژێت. پێش ئـەوەی ئۆتێللۆ بگەڕێتـەوە خەوی لێ دەکەوێت.

ئێـسـتـا، ئۆتێللۆ بەبێ هیـچ گومـان بـڕوای تەواوی کـردووە بە وتەکـانی ئیـاگۆ و دێزدێمـۆنا بـە خـائن و تاوانبـار دادەنێت. ئیـتـر هـەرچەند زیاتر ئەو تاوانانە نکووڵ بکات ئەوەندە زۆرتر ئۆتێللۆ تووڕە دەکات.

ئۆتێللۆ:

گیانەکەم، ئەوە،
هۆیەکەیەتی[١].
تەنیا هەر ئەوە، هۆیەکەیەتی.
ئاخ، ئەستێرەکان، پاکە جوانەکان،
دەبا من توخوا ناوی لێ نەنێم[٢].
هەر تەنیا دەڵێم؛
ئەوە، هەر ئەوە، هۆیەکەیەتی.
من خوێن لە لەشی هیچ ناپرژێنم.

١. کە دەڵێت گیانەکەم، مەبەستی لە گیانی خۆیەتی. ئەوە؛ ئەو کارە ئابڕووبەرەی کە دێزدێمۆنا کردوویەتی (ئۆتێللۆ، بڕوای بە وتەکانی ئیاگۆ کردووە). ئۆتێللۆ، دێزدێمۆنای هەر زۆر خۆش دەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بڕیاری داوە بیکوژێت. لەبەر ئەوە نا، کە تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە، نا. دەیکوژێت بۆ ئەوەی داد بپارێزێت. ئۆتێللۆ، پیاوێکی دادپەروەرە و بەرگری لە داد دەکات، لەلای ئەو، پاراستنی داد، کردەوەیەکی پیرۆزە. دەزانێت گیانی خۆی، چەند بەوە ئازار دەچێژێت. لێرەدا، وەکو لێبووردن لە گیانی خۆی بخوازێت و بڵێت؛ من ناچارم ئەو کارە بکەم.
٢. ئۆتێللۆ، رووی نایەت ناوی ئەو تاوانە بهێنێت، ئەوەی کە وا دەزانێت دێزدێمۆنا کردوویەتی.

نە ئەو پێستەی ئەو،
من دەڕووشێنم،
ئەوەی کە ڕەنگی، لە بەفری سپی،
سپی و جوانترە،
وە لە مەڕمەڕی پەیکەر سافترە.
بەڵام، پێویستە،
ئاخر پێویستە بمرێت ئەگینا،
ناپاکی لەگەڵ پیاوی تر دەکا. (سەیری چراکەی دەستی دەکات)
ئا ئەم چرایە، ئەمن لە پێشا،
دەکوژێنمەوە.
ئینجا چراکە[1]. (سەیری گڕی چراکەی دەستی دەکات)
گڕەکە، گەر تۆ بکوژێنمەوە،
ئینجا پەشیمان هات و بوومەوە، ٥,١,١٠
دەتوانم دیسان، داتبگیرسێنمەوە. (سەیری دێزدێمۆنا دەکات)
بەڵام، ئاخ ئاخ، تۆ، هەی نایابترین،
بوونەوەری خوا، لەسەر ڕووی زەمین،
نازانم لەکوێ ئاخر ئاگری
پرۆمیتیەس، من بدۆزمەوە[2]
تاکو سەرلەنوێ،
داتبگیرسێنێتەوە.

---

١. چراکە؛ مەبەستی لە "دێزدێمۆنا"یە. ئۆتێللۆ، دێزدێمۆنای ئەوەندە خۆش دەوێت؛ بە ڕووناکیی ژیانی خۆی دادەنێت.

٢. پرۆمیتیەس (Prometheus)؛ بەپێی ئەفسانەی گریکی، نیوە خواوەندێکە؛ دایکی خواوەندە و باوکی مرۆڤە. ئەم ئاگری لە خواوەندەکان دزی و دای بە مرۆڤ. لەسەر ئەوە زیۆس، گەورەی خواوەندەکان، سزای دەدات؛ دەیبەستێتەوە، بە شاخێکەوە و هەموو بەیانییەک هەڵۆیەکی بۆ دەنێرێت جگەری بخوات. ئینجا شەو، جگەرێکی تازەی بۆ دروست دەکات.
مەبەستی ئەوەیە بڵێت ئەگەر دێزدێمۆنا بکوژێتەوە، هەر مەگەر ئاگری خواوەند، جارێکی تر دایبگیرسێنێتەوە.

ئاخ، گەر گوڵەکەم
لە دارەکەی خۆی من دەکەمەوە،
ئیتر ناتوانم، ئەو زینووی بهێڵمەوە.
دە با من ئێستا،
پێش ئەوەی بیکەمەوە،
بۆنی بکەم. (ماچی دەکات)
ئای کە خۆشە بۆنەکەی؛
بگرە لەتوانایەتی
تا بە "داد"یش لاس بدات،
شمشێری دەستی خۆی بۆ بشکێنێت[1]
ئاخ، دە ماچێکی ترم بدەرێ و
یەکێکی تریش.
ئینجا سەرلەنوێ، دووبارەی بکە.[2]
گەر لەداوی مەرگت،
تۆ وەکو ئێستات، بمێنیتەوە.
ئێستا دەمکوشتیت،
لە دواییشدا بەردەوام،
شەو و رۆژم دەمپەرستیت.
ماچێکی ترم توخوا بدەرێ،
ئەمەشیان با، دواهەمین بێت. (دوو ماچی دەکات)
هەرگیز رۆژێک، رووی نەداوە
شتێک هەندە، کوشندە بێت،
ئەوەندەش تامی، خۆش و شیرین بێت. ٥,٢,٢٠
من بۆت دەگریم و گەلێک

١. داد. کە سزای خەڵکی دەدات، شمشێرەکەی خۆی بەکار دەهێنێت. دێزدێمۆنا، ئەوەندە جوانە، داد دڵی نایەت سزای بدات. جا بۆ ئەوە سزای نەدات، شیرەکەی خۆی دەشکێنێت.
٢. دیسانەوە، ماچێکم بدەرێ.

فرمێسکی تاڵی بێ ڕەحمت
لە چاوەکانی خۆم دەبرژێنم.
ئەم خەفەتە، سزادانی گەردوونییە؛
سزای یار و خۆشەویستی
خۆی دەدات.[1] (دێزدێمۆنا دەجووڵێتەوە)
وا خەبەری دەبێتەوە.

دێزدێمۆنا:
کێ لەوێدایە؟ ئۆتێللۆ،
ئەرێ تۆیت؟

ئۆتێللۆ:
ئا، دێزدێمۆنا، منم.

دێزدێمۆنا:
دێیت بۆ جێگا، سەروەرم؟

ئۆتێللۆ:
دێزدێمۆنا، پێم بڵێ؛
ئەمشەو نوێژت کردووە؟

دێزدێمۆنا:
بەڵێ، بۆچی سەروەرم؟

ئۆتێللۆ:
دێزدێمۆنا، گەر لە پاکی
دەروون و بژوینی گیانت،
هیچ گومانێکت هەیە،
بێ وچاندان، دەست پێبکە
بە نوێژ و نزاکانت.

---

١. ئۆتێللۆ، لای وایە کە گەردوون، چونکە دادپەروەرە، هەرچەندە دێزدێمۆنای زۆر خۆش دەوێت، بەڵام سزای دەدات و فەرمانی بۆ دەرکردووە کە ئەم کارە پەست و گرانەی بۆ بهێنێتە دی.

دێزدێمۆنا:

داخی داخانم، ئەریٚ سەروەرم،

مەبەستت چییە؟

ئۆتێللۆ:

دەی دەی، دەستبەجیٚ،

ئێستاکە بیکە.

ئەوا لێرەدا، من دێم و دەچم. ٥,٢,٣٠

ئاخر نامەوێت، شیرین، بتکوژم

گەر گیانت پاک و ئامادە نەبێت. (روو دەکاتە ئاسمان)

گەردوون، قەت کاری

ئاوام پیٚ نەکەیت[١]! (روو دەکاتەوە دێزدێمۆنا)

چونکە نامەوێت گیانت بکوژم[٢].

دێزدێمۆنا:

ئەریٚ تۆ باسی پیاو کوشتن دەکەیت؟

ئۆتێللۆ:

ئا، بەڵیٚ، دەیکەم.

دێزدێمۆنا: (روو دەکاتە ئاسمان)

کەوابێت گەردوون،

نەختێک بەزەییت پێمدا بێتەوە!

ئۆتێللۆ:

ئامین، سەد ئامین، پڕ بەدڵ دەیڵێم.

دێزدێمۆنا:

ئەگەر بەڕاستی ئەوە دەخوازی،

---

١. خوایە، نەهێڵی دێزدێمۆنا بکوژم پێش ئەوەی گەردنی خۆی لە بەزەکانی (گوناحەکانی) ئازاد بکات.

٢. چونکە نامەوێت گیانت رەوانە بکەم بۆ جەهەننەم. مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ من تۆم خۆش دەوێت؛ نامەوێت خوا سزات بدات لەسەر ئەو تاوانانەی کە تۆ لە دژی من کردووتە.

من هیوادارم کە تۆ، نەمکوژی.

ئۆتێللۆ:

خۆزگە دەمتوانی.

دێزدێمۆنا:

ئاخ، چەند دەترسم؛
کە چاوەکانت لە گۆڕەپانی
خۆیاندا ئاوا دەخولێنەوە،
ستەمکار دەبی.
بەڵام نازانم بۆچی بترسم،
گەر بەزەیەکم من نەکردبێت.
لەگەڵ ئەوەشدا،
سام ، من دادەگرێت.

ئۆتێللۆ:

لە بەزەکانت، بیر دەکەیتەوە؟

دێزدێمۆنا

ئەگەر بەڕاستی من بەزەم هەبێت،
ئەوەیە کە تۆم، گەلێک خۆش دەوێت. ٥,٢,٤٠

ئۆتێللۆ:

وە لە پێناوی ئەوەدا مەرگی
خۆت وا دەبینی.

دێزدێمۆنا:

ئای، کە مەرگێکی ناسروشتییە،
گەر خۆشەویستی، هۆی بڕیاری بێت[1].
بۆ گاز لە لێوی ژێرەوەت دەگری؟
دیارە سۆزێکی گەلێک خوێناوی

---

١. لێرەدا، مەرگ، بەرجەستە دەکات. وەکو مەرگ، خۆی بڕیار بدات کێ و لەسەر چی بکوژێت.

گشت لەش و گیانی
تۆ دەلەرزێنێت.
ئەمە ئاماژەی شتێکی گەلێک
پەست و بەیوومە.
بەڵام، ئاخ، خۆزگە،
ئەمن نێچیری ئەوە نەدەبووم.

ئۆتێللۆ:
بێ دەنگبە ئیتر نەجووڵێیتەوە.

دێزدێمۆنا:
وا دەبم وەک تۆ، لە من دەخوازی.
بەڵام پێم ناڵێیت ئاخر لەبەر چی.

ئۆتێللۆ:
ئەو دەستەسڕە، ئەوەی دام بە تۆ،
لە لای من گەلێک نرخی گران بوو
کەچی تۆ چوویت و
دات بەو، بە کاسسیۆ.

دێزدێمۆنا:
نا، بە ژیانم، من نەمداوەتێ.
بنێرە بە شوێن پیاوەکەدا بێ؛
خۆت لێی بپرسە.

ئۆتێللۆ:
گیانی شیرینم، ئاگاداربە تۆ، ٥،٢،٥٠
لە سوێند خواردنی ئاوا بە درۆ.
تۆ لەسەر نوێنی مەرگتدایت ئێستا.

دێزدێمۆنا:
بەڵام نامەوێت من جارێ بمرم.

ئۆتێللۆ:

نا، نا، هەر ئێستا.

لەبەر ئەوە، دەی، زۆر بە سەربەستی[1]

بە بەزەکانی خۆتدا دان بنێ.

چونکە ئەگەر تۆ، هەر بەزەیەکت،

بە سوێند خواردنێک نکووڵی بکەیت

بەوە ناتوانیت

ئەوانەی تێتدا ئێستاکە دەژین

لابەریت یاخود بیانخنکێنیت.

پێویستە بمریت[2].

دێزدێمۆنا:

کەوابێت یەزدان رەحمم پێ بکات.

ئۆتێللۆ:

من دەڵێم، ئامین.

دێزدێمۆنا:

دەک بە تۆش بکات[3].

ئەوەتی من هەم، تاکە یەک هەڵەم،

لە دژ تۆ، گەورەم، قەت نەکردووە.

وە قەتیش "کاسسیۆ"م خۆش نەویستووە.

جگە لەو جۆرە خۆشەویستییە

گشتییەی یەزدان، لێمان دەخوازێت.

هەرگیز قەت رۆژێک،

---

١. بە سەربەستی؛ هیچ مەشارەرەوە، بەبێ هیچ سنوور و پەرژین. بە ئازادی باسی هەموو بەزەکانی خۆت بکە و دانیان پێدا بنێ و لە خوا بخوازە کە لێت ببوورێت.

٢. وەکو چۆن ژن ناتوانێت بە سوێند خواردن نکووڵیی ئەو منداڵە بکات کە لەناو سکیدا دەژی.

٣. ئەوەی کە ئۆتێللۆ بەتەمایە بیکات، تاوانێکی گەورەیە. لەسەر ئەوە خوا سزای دەدات. دێزدێمۆنا، هەر لە ئێستاوە گەردنی ئازاد دەکات.

"هێما"یەکی وام، من نەداوەتێ.

ئۆتێللۆ:

ئاخر، بە گەردوون،

دەستەسڕەکەم، بە دەستییەوە دی.

ئەم سوێند خواردنەت،

ژنەکە، دڵی من دەکات بە بەرد.

واشم لێ دەکات،

ئەوەی بڕیارم لێ داوە بیکەم،

ناوی لێ بنێم،

لە باتیی لەخۆبوردن و قوربان،

کوشتن و تاوان.

دەستەسڕەکەم، بە دەسییەوە دی.

دێزدێمۆنا:

ئەگەر وابێت ئەو،

دۆزیویەتییەوە؛

قەت نەمداوەتێ.

بنێرە بە شوێن پیاوەکەدا بێ

بۆ ئێرە، تا خۆی دانی پیابنێ.

ئۆتێللۆ:

دانی پیا هێنا.[١]

دێزدێمۆنا:

بە چیدا، گەورەم؟

ئۆتێللۆ:

کە تۆی، بەو جۆرە، بەکارهێناوە.

---

١. مەبەستی لەو قسانەیە کە کاسسیۆ لەبارەی بانکیاوە دەیکرد و ئۆتێللۆ وای دەزانی لەبارەی دێزدێمۆناوەیە.

دێزدێمۆنا:

چۆن؟

بەشێوەیەکی وا، نایاسایی؟[1]

ئۆتێللۆ:

ئا. ٥,٢,٧٠

دێزدێمۆنا:

ناشێت و ناشێت، قەت ئەوە ناڵێت[2].

ئۆتێللۆ:

نا، ئیتر نایڵێت؛ بە هەمیشەیی

زمان و زاری ئەو وەستاندران.

"ئیاگۆ"ی بەڕێز، فەرمانەکەمی

هێناوەتەدی.

دێزدێمۆنا:

ئاخ، ترسی دڵم، ئێستا پێی گوتم؛

چییە، مردووە؟

ئۆتێللۆ:

ئەگەر ئەوەندەی موو بە لەشییەوە

هەیە، ئەوەندەش گیانی هەبوایە،

تۆڵە گەورەکەی من هەموویانی

یەک بە یەک دەکوشت.

دێزدێمۆنا:

وەی لە من، سەد وەی.

ئەو خیانەتی لێ کراوە و من،

ئاوا کڵۆڵ بووم.

ئۆتێللۆ:

بەرۆکم بەردە، لاچۆ سۆزانی.

---

١. نایاسایی؛ ناشەرعی.

٢. دێزدێمۆنا، دەزانێت کە کاسسیۆ، پیاوێکی بە ئابڕوو و بەڕێزە؛ وتەی وا ناڵێت.

لەبەر چاوانی مندا بۆی دەگری؟[١]

دێزدێمۆنا:

ئاخ، نەفیم بکە، گەورەم مەمکوژە.

ئۆتێللۆ:

بەسە سۆزانی، دەی پاڵ بکەوە!

دێزدێمۆنا:

سبەی بمکوژە، با ئەمشەو بژیم.

ئۆتێللۆ:

نا، ئەگەر جووڵە .....

دێزدێمۆنا:

هەر نیو سەئاتێک.

ئۆتێللۆ:

کە دەست پێ کرا، قەت دواناخرێت.

دێزدێمۆنا:

هەر بۆ ماوەیەک، نوێژێک بکەم.

ئۆتێللۆ: (دەست دەکات بە خنکاندنی)

تازە، درەنگە.

دێزدێمۆنا:

ئاخ، خوایە، خوایە،

خوایە گەورەکەم.

ئەمیلیا:

گەورەم، گەورەکەم!

تۆ گوێ بگرە لێم، هاتووم پێت بڵێم.

ئۆتێللۆ: (لە ژوورەوە هاوار دەکات)

ئەم دەنگە چییە؟ ئایا نەمردووی؟

---

١. بۆ کاسسیۆ دەگریت؟.

چۆن، بە تەواوی، هێشتا نەمردووی؟
من ستەمکاری دەکەم، دەزانم،
بەڵام بەرەحمم؛
نایەڵم تۆ زۆر ئازار بچێژی.
دە دەی زوو بمرە.
ئەمیلیا: (لە ژوورەوە)
ئاخر سەروەرم، گوێ لە من بگرە.
ئۆتێللۆ:
ئای، کێ لەوێیە؟
ئەمیلیا:
گەورەی بەڕێزم،
وتەم پێ هەیە، هاتووم پێت بڵێم.
ئۆتێللۆ:
ئا، "ئەمیلیا"یە، ئێستا، ئێستا، هەر ئێستا. (سەیری دێزدێمۆنا دەکات)
تەواو، مردووە.
دیارە هاتووە، هەواڵی مەرگی
" کاسسیۆ"م پێ بڵێت.
بەرزبوو دەنگەکەی! ها، جووڵەی نەما؟[1]
وەک گۆڕ، بێ دەنگە.
بێتە ژوورەوە؟ ئایا کارێکی
رەوان و باشە؟[2] (سەیری دێزدێمۆنا دەکاتەوە)
لام وایە دیسان دەجووڵێتەوە.
نا، نا.
لە هەموو شتێک باشترە چی بکەم؟

١. دەنگی ئەمیلیا.
٢. ئۆتێللۆ، لەبەر خۆیەوە دەدوێت و لە خۆی دەپرسێت؛ ئایا کارێکی باشە ئەگەر بهێڵم ئەمیلیا بێتە ژوورەوە؟.

گەر بێتە ژوورێ،
بێگومان لەگەڵ ژنەکەم دەدوێ.
لەگەڵ ژنەکەم؟ لەگەڵ ژنەکەم؟
ئاخر ژنی چی؟ من ژنم نییە. (سەیری دێزدێمۆنا دەکاتەوە)
خوایە من ئەمەم پێ هەڵناگیرێت.
چەند سەئاتێکی پەست و گرانە!
لام وایە ئێستا،
رۆژ و مانگ هەردووک، دەبێت بگیرێن.
زەمینی تۆقاو بەوەی کە بینی،
بە سەرسووڕماوی،
ئاوا پان دەمی خۆی بکاتەوە.

ئەمیلیا:

دەپاڕێمەوە، لە تۆ، سەروەرم،
ئاخر دەمەوێت بدوێت لەگەڵم.
بەگی بەڕێزم!

ئۆتێللۆ:

تۆم بە تەواوی، لەبیر چووبووەوە.
وەرە ژوورەوە، فەرموو، ئەمیلیا.
بوەستە تاوێک.
(سەیری دێزدێمۆنا دەکاتەوە و لەبەر خۆیەوە دەڵێت)
با پەردەکانی دابدەمەوە.[١] (دەرگاکەی لێ دەکاتەوە)
ئەوە تۆ، لە کوێیت؟ (ئەمیلیا دێتە ژوورەوە)
ها، چی قەوماوە؟

ئەمیلیا:

بەگی بەڕێزم، ئا لەو ناوەدا،

١. پەردەی چوارپایەکەی دێزدێمۆنا (کوللەی نوێنەکەی).

پیاوکوشتنێکی کرێت رووی داوە.

ئۆتێللۆ:

ئەمە، کەی، ئێستا؟

ئەمیلیا:

بەڵێ، هەر ئێستا.

ئۆتێللۆ:

مانگە، هۆیەکەی؛
چونکە لە سورگەی خۆی دەرپەڕیوە.
لە زەمین هەندێک نزیک بووەتەوە.
بەوە مێشکی پیاو شڵەژاوە.

ئەمیلیا:

سەروەرم، کاسسیۆ،
"ڤێنێس"ییەکی گەنجی کوشتووە.
رۆدێریگۆ"یە، گەورەم، ناوەکەی.

ئۆتێللۆ:

لەگەڵ " کاسسیۆ"دا، چۆن "رۆدێریگۆ"ش؟
ئەویش کوژراوە؟

ئەمیلیا:

کاسسیۆ، زیندووە. نەکوژراوە.

ئۆتێللۆ:

تۆ دەڵێیت کاسسیۆ، نەکوژراوە؟
پیاوکوژ، گەر وابێت،
بەجارێک سەری زۆر لێ شێواوە.
وە تامی تۆڵەی خۆش و شیرینی،
تاڵ تاڵ کردووە.

دێزدێمۆنا:

ئای، کە بە ناحەق من، ئاوا کوژرام!

ئەمیلیا:

وەی لە من، خوایە، ئەوە دەنگی کێیە؟

ئۆتێللۆ:

کامە؟ کام دەنگە؟

ئەمیلیا:

داخی داخانم، خۆ ئەوە دەنگی ٥,٢,١٢٠

خاتوونەکەمە! (پەردەی کوللەکە لادەبات)

یاریدەدەرێ، یاریدەدەرێ!

ئاخ، خاتوونەکەم، سەرلەنوێ، بدوێ!

ئاخ، دێزدێمۆنا،

ئاخ، ئاخ، خاتوونە زۆر شیرینەکەم،

دە توخوا بدوێ!

دێزدێمۆنا:

کوژرام، دەمرم بێ تاوانباری.

ئەمیلیا:

ئای خوایە، خوایە، ئەمە کێ کردی؟

دێزدێمۆنا:

کەس نەیکرد، من خۆم.

ئەسپەردەی خوابی.

بە میرانەکەی من توخوا بڵێ؛

تەنیا هەر ئەوم

من خۆش دەویست و هەردەم خۆش دەوێ.

ماڵتان ئاوابێ.

ئۆتێللۆ:

ئاخر کێ کوشتی؟

ئەمیلیا:

داخی گرانم، ئاخ کێ دەزانێ؟

ئۆتێللۆ:

خۆ تۆ گوێت لێی بوو،
گوتی خۆم، خۆم کوشت؛
واتە من نەبووم.

ئەمیلیا:

ئەو وای پێ گوتم،
تەنیا راستییەکەی، دەڵێم، سەروەرم.

ئۆتێللۆ:

وەک درۆزنێک،
بۆ ناو ئاگری دۆزەخ گەشتی کرد.
من بووم ئەوەم کرد.

ئەمیلیا:

ئەمە، ئەو دەکات بە پەری راستی[1].
بەڵام تۆ دەکات،
بە شەیتانێکی رەشی بێ وەفا.

ئۆتێللۆ:

ئابڕووی نەمابوو، هەر وەک سۆزانی
چۆنە، ئاوا بوو.

ئەمیلیا:

ئاخ، ئاخ، لە دژی ئەو درۆ دەکەی.
ئەتۆ ئیبلیسی.

ئۆتێللۆ:

وەکو ئاو وابوو، گیانی نەگریسی[2]

---

١. ئەمە؛ ئەوەی کە تۆی تاوانبار نەکرد و ویستی بتپارێزێت.

٢. ئاو، کە لەژێر بەرد و زیخدا دەجووڵێتەوە و کەس نایبینێت.

کەس، نەیدەبینی.

ئەمیلیا:

تۆش وەکو ئاگر، خێرا و سەرچڵی

ئەگەر ئاوا زوو

تۆ بڕیار بدەی کە سۆزانییە.

وەک پەری بەهەشت، راستگۆ بوو زاری.

ئۆتێللۆ:

لەگەڵ " کاسسیۆ"دا، ئاخر جووت دەبوو.

گەر بڕوا ناکەی، تۆ لە مێردەکەی

خۆت، پرسیار بکە.

بە دادپەروەری ئەگەر بڕیاری

ئەو کارە سەختەم، ئەمن نەدابێت،

قووڵترین توونی ئاگری دۆزەخ،

بە هەمیشەیی، نیشتەجێم دەبێت.

مێردەکەت، هەموو ئەوە دەزانێت. ٥,٢,١٤٠

ئەمیلیا:

مێردی من؟

ئۆتێللۆ:

بەڵێ، مێردی تۆ.

ئەمیلیا:

کە پەیماننامەی شووکردنەکەی

بە تۆ، دەشکێنێت؟

ئۆتێللۆ:

ئا،

لەگەڵ کاسسیۆدا.

ئاخ، لەگەڵ مندا، گەر ئەو پاک بوایە،

خوا، جیهانێکی تری وەک ئەمە،
لە گەوهەری رووت، دروست کردایە،
بە دێزدێمۆنا، نەمدەگۆڕییەوە.
ئەمیلیا:
مێردی من؟
ئۆتێللۆ:
بەڵێ، مێردەکەت.
ئەو یەکەم کەس بوو ئەوەم پێ بڵێت.
وەک گشت پیاوێکی بە ئابڕوو گەلێک
بە کاروباری گەندەڵ پەست دەبێت.
ئەمیلیا:
مێردی من؟
ئۆتێللۆ:
ژنەکە، بۆچی،
تۆ هەمان پرسیار دووبارە دەکەی؟
گوتم، مێردەکەت.
ئەمیلیا: (روو دەکاتە تەرمەکەی دێزدێمۆنا)
خاتوونەکەی من، ئاخ، ناکەسێتی،
گاڵتە بە هەستی دڵداری دەکات. (روو دەکاتەوە ئۆتێللۆ)
مێردی من گوتی
کە خیانەتت، ئەو لەگەڵ دەکات؟
ئۆتێللۆ:
ئا، ئەو، ژنەکە، چەند جار پێم گوتی!
ئەرێ لە وتە تۆ هیچ تێدەگەیت؟
دۆستە باشەکەم، مێردی بەنرخت،
ئەو بەئابڕووە، ئیاگۆ، گوتی.

ئەمیلیا:

گەر وای گوتبێت،
ڕەببی ئەو گیانە بەدخوازەی، ڕۆژی
لەتکە نۆکێکی لێ دابڕزێت.
درۆی کردووە، سەرتاپا، درۆ.
مێردی ناکەس و نەگریس و بەدی
خۆی، زۆر خۆش دەویست.

ئۆتێللۆ: (دەست دەبات بۆ شمشێرەکەی)

ها،
ئەوە دەڵێیت چی!

ئەمیلیا:

هەرچیت لە دەست دێت، بیکە ناترسم.
ئەم کردەوەیەی کە تۆ کردووتە،
زۆر لائقترە بە گەردوون، لەوەی
تۆ، لایقی بیت[١].

ئۆتێللۆ:

وسبە، بێ دەنگبە، بۆ تۆ باشترە.

ئەمیلیا:

تۆ دەسەلاتت، نییە تا نیوەی
ئەوەی ئامادەم بیچێژم لە تۆ.
ئاخ، گێلی گەلحۆ!
نەگریسی نەفام!
ئەوەی کردووتە..... (ئۆتێللۆ، شمشێرەکەی بۆ بەرز دەکاتەوە)

---

١. تۆ، کارێکی زۆر ناشیرینت کردووە، کە بە هیچ جۆرێک لائقی گەردوون نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کارەت زیاتر لائقی گەردوونە، لەوەی کە تۆ، لائقی "دێزدێمۆنا" بیت؛ دڕندەیەکی وەکو تۆ، لائقی ئەو فریشتەیە نییە.

شمشێرەکەی تۆ، من ناترسێنێت؛
لای هەموو کەسێک، ئاشکرات دەکەم.
ئەگەر بیست جاریش، ئێستا بمکوژی،
لە باتیی جارێک. (هاوار دەکات)
یاریدەدەرێک، یاریدەدەرێک.
موور، خاتوونەکەی منی کوشتووە.
کوشتن؛ پیاوکوشتن، لێرە رووی داوە،
خەڵکینە وەرن. (مۆنتانۆ و گراتیانۆ و ئیاگۆ دێن)

مۆنتانۆ:

چییە، چی بووە؟ شتێک قەوماوە؟

ئەمیلیا:

ئیاگۆ، هاتیت؟ ئاخ، باش بوو هاتیت.
ئافەرین، خەڵکی
پیاو دەکوژن و تاوانەکانی
خۆیان بە ملی،
تۆدا، ئەوەتا دێن هەڵدەواسن.

گراتیانۆ:

دە چی، رووی داوە؟

ئەمیلیا:

دەی ئەگەر پیاویت،
تۆ بەم ناکەسە، بڵێ درۆکەی.
ئەو دەڵێت گوایە تۆ پێت گوتووە،
کە هاوسەرەکەی
گزی و ناپاکی لەگەڵ کردووە.
دەزانم کە تۆ، پێت نەگوتووە؛
چونکە قەت ناشێت، هەندە ناکەس بیت!
دە بدوێ ئاخر، دڵم دەتەقێ.

ئیاگۆ:

تەنیا هەر ئەوەم، من پێ گوتووە،
وە هیچ زۆرتر نا، لەوەی لە پاشا،
بۆی دەرکەوت راستە.

ئەمیلیا:

بەڵام پێم بڵێ؛ قەت پێت گوتووە،
کە هاوسەرەکەی،
گزی و ناپاکی لەگەڵ کردووە؟

ئیاگۆ:

ئا، پێم گوتووە.

ئەمیلیا:

درۆت کردووە. ئاخ درۆیەکی
گەلێک دزێو و خودا لێگرتوو[1]. ٥,٢,١٨٠
لەگەڵ " کاسسیۆ"دا؟
ئەرێ گوتووتە لەگەڵ " کاسیۆ"دا؟

ئیاگۆ:

لەگەڵ " کاسسیۆ"دا!
دەی خاتوونەکە، زمانت بگرە.

ئەمیلیا:

زمانم ناگرم، دەمەوێت بدوێم.
ئاخ، خاتوونەکەی
من، وا لێرەدا، بە کوژراوی،
لەسەر نوێنەکەی خۆیدا کەوتووە.

هەموویان:

خوا نەکات، رەببی!

---

١. دزێو؛ نەفرەت لێکراو، زۆر ئێسک گران.

ئەمیلیا:

راپۆرتەکانی تۆ بوون هۆیەکەی.

گراتیانۆ:

چەند هەواڵێکی پەست و نامۆیە!

مۆنتانۆ:

کردەوەیەکی زۆر دڕندەیە.

ئەمیلیا:

ناکەسییەکی گەلێک دزێوە. (دێتەوە بیری کە دەستەسڕەکەی دا بە مێردەکەی)

دە با بیرێکی لێ بکەمەوە.

ئاخ من بۆنێکی ئەوەی لێ دەکەم[١]

ئای، ناکەسێتی! گەر وا دەربچێت،

لە داخدا، شەرتبێت، من خۆم بکوژم.

ئاخ، ناکەسێتی!

ئیاگۆ:

چیتە، تۆ شێت بوویت؟

ئەمرت پێ دەکەم بڕۆیتە ماڵێ.

ئەمیلیا:

خانەدانەکان، بەڕێزەکانم،

ڕێگام بدەنێ، با وتەکانم،

من، تەواو بکەم.

کردەوەیەکی رەوا و تەواوە

من گوێ لە ئەمری مێردەکەم بگرم،

بەڵام، ئێستا نا.

ئاخ، لەوە ناچێت، ئیاگۆ، ئیتر،

---

١. بۆنی دەستەسڕەکە، لەم تاوانبارییەوە دێت.

من بۆ ماڵەوە، بگەڕێمەوە.

ئۆتێللۆ: (خەریکە بە وتەکانی ئەمیلیا بڕوا بکات)

ئـــاخ، ئـــــــاخ، ئاخ. (دەکەوێت بەسەر نوێنەکەدا)

ئەمیلیا:

دە بەسەر دەمتدا، بکەوە و بگری،

چونکە، داخەکەم، تۆ تاوانباری

کوشتنی هەرە

بێتاوانترین،

وە شیرینترین ژنی جیهانی.

ئۆتێللۆ: (هەڵدەستێتەوە)

ئاخر ناپاکی لەگەڵ دەکردم. (ڕوو دەکاتە گراتیانۆ، مامی دێزدێمۆنا)

مامە، من کەمێک ئێوە دەناسم. ٥,٢,٢٠٠

کچی براکەت،

لە نوێنەکەیدا، لەوێ کەوتووە.

ئەم دەستانەی من، هەناسەدانی

پێش تۆزێک بڕی. من ئاگادارم،

چ کردەیەکی پەست و سامناکم،

خوایە، کردووە.

گراتیانۆ: (ڕوو دەکاتە تەرمەکەی دێزدێمۆنا)

ئاخ، "دێزدێمۆنا"ی هەژار، گیانەکەم.

پێم خۆشە، کە تۆ باوکت مردووە؛

شووکردنەکەی تۆ بوو هۆی مەرگی.

پەژارەی پەتی،[1]

پەتی ژیانی، سەرانسەر بڕی.

گەر زیندوو بوایە، ئاخ، ئەم دیمەنە،

---

١. پەژارەی پەتی؛ پەژارەی ڕووت.

مێشکی تێک دەدا و هەزار لەعنەتی
دەنارد بۆ بەخت و پەری هەڵکەوتی[1].
بەوە دۆزەخی هەتاهەتایی
مسۆگەر دەکرد.

ئۆتێللۆ:

شتێکی گەلێک سوێدارە، بەڵام،
ئیاگۆ، دەزانێت، لەگەڵ " کاسسیۆ"دا
زۆر جار هەڵساون
بە کاروباری هەر زۆر ئابڕووبەر.
کاسسیۆ، خۆی دانی بەوەدا هێنا.
ئەمیش ئاگری ئارەزووی سێکسی،
بۆ دادەمرکان و هێمای دڵداری
خۆیی دابوویە؛ بە دەستییەوە دیم.
دەستەسڕێکی زۆر "ناوازە"یە[2]؛
کاتی خۆم باوکم، دایبوو بە دایکم.

ئەمیلیا:

ئای خوایە، خوایە!

ئیاگۆ:

وسبە، ها، وسبە! دەنگت دەرنەچێت!

ئەمیلیا:

دەنگم دەرنەچێت؟
دەردەچێت دەنگم. چۆنیش دەردەچێت؛
بە تەوژمێکی

---

١. بەخت؛ خودای بەختیاری.
پەری هەڵکەوت؛ فریشتەی هەڵکەوت؛ هەموو کەسێک، فریشتەی هەڵکەوتی خۆی هەیە، کاتی تەنگانە، دێت بە فریادی.
٢. ناوازە؛ زۆر دەگمەن و نایاب و سەراسا.

هەندە ئازاد و بەتین و بەگوڕ،
وەکو زریانی بەفراوی باکور،
دەتان لەرزێنێت.
ئینجا با هەموو؛ گەردوون و پیاو و
شەیتان و سەرجەم،
هەموو بەجارێک،
ریسوام بکەن و تفم لێ بکەن،
دەمم ناگرم و قسەی خۆم دەکەم.

ئیاگۆ:

دانا بەرەوە؛ بڕۆرە ماڵێ.

ئەمیلیا:

ناڕۆم و ناڕۆم. (ئیاگۆ، بە شمشێرەوە هێرش دەباتە سەری)

گراتیانۆ:

شمشێر، لە ئافرەت بەرز دەکەیتەوە؟
دەک هەر داوەشێیت!

ئەمیلیا:

ئاخ، "موور"ی گەڵحۆ،
ئەو دەستەسڕەی تۆ باسی دەکەی،
من بووم، بە رێککەوت، کە دۆزیمەوە.
بەڵام داخەکەم، دام بە مێردەکەم؛
چونکە دەمێک بوو،
بە شێوازێکی زیاد لە ئاسایی
دەپاڕایەوە و لێمی دەخوازی
ئەو شتە وردەی من بۆ بدزم.

ئیاگۆ:

قەحبەی بێناموس!

ئەمیلیا: (روو دەکاتە ئیاگۆ)

ئەو، دای بە کاسسیۆ؟[1]

نا، نا، داخەکەم،

من دۆزیمەوە و دام بە مێردەکەم.

ئیاگۆ:

ناکەسی نەگریس، تۆ درۆ دەکەیت.

ئەمیلیا:

ئا بەو گەردوونە، من درۆ ناکەم.

من درۆ ناکەم ، خانەدانەکان. (روو دەکاتە ئۆتێللۆ)

ئاخ،

پیاوکوژی کەودەن[2]،

توخوا گێلێکی ئاوا ژنێکی

هەندە ناسک و باشی بۆ چییە؟

ئۆتێللۆ: (لە کۆتاییدا، تێدەگات کە ئیاگۆ، هەڵی خەڵەتاندووە)

ئاخ، لە ئاسماندا،

برووسکە نییە، جگە لەوانەی،

کە لەگەڵ گرمەی هەوردا دەردەچن؟[3] (روو دەکاتە ئیاگۆ)

ناکەسی ریسوا!

(هەڵدەکوتێتە سەر ئیاگۆ بیکوژێت. مۆنتانۆ، دەیگرێت و شمشێرەکەی لێ دەسەنێت. ئیاگۆ، پێش ئەوەی رابکات شمشێرێک دەکات بە ئەمیلیای ژنیدا)

مۆنتانۆ:

ئای، ژنەکە کەوت.

هاوسەرەکەی خۆی، ئەوەتانێ کوشت.

---

١. ئەو، مەبەستی لە دێزدێمۆنایە.

٢. کەودەن؛ گەلحۆ، گێل.

٣. لە ئاسماندا، برووسکەیەک دەست ناکەوێت کە بینێرێت و ئیاگۆی پێ بکوژێت.

ئەمیلیا:

ئاخ، پاڵم بخەن،

توخوا، لە تەنیشت خاتوونەکەی خۆم.

گراتیانۆ:

خۆی رایکرد، بەڵام، هاوسەرەکەی مرد.

مۆنتانۆ:

هەر ناکەسێکی ریسوای تەواوە[١]. (روو دەکاتە ئێشکگرەکانی بەردەرگاکە)

ها، ئەو شمشێرە، ئەوەی لە "موور"م،

من ئێستاکە سەند. ئێشکگرەکان، ها،

نەهێڵن دەربچێت[٢]،

ئەگەر پێویست بوو،

بیکوژن بەڵام، نەیەڵن دەرچێت ٥,٢,٢٤٠

دوای ئەو ناکەسە پیسە دەکەوم؛

چەند بەندەیەکی پیس و ریسوایە.

(مۆنتانۆ و گراتیانۆ دەڕۆن. ئۆتێللو، هەر خۆی، لەگەڵ "ئەمیلیا"ی بریندار و تەرمەکەی "دێزدێمۆنا"دا دەمێنێتەوە)

ئۆتێللۆ:

منیش ئازا نیم[٣]؛

گشت لاوازێکی ریسوا دەتوانێت

چەک و شمێشرم لە دەست بسەندێت؛

پیاوێک کە ئابڕووی،

چوو، ئیتر ناوی باشی بۆ چییە؟

با هیچیم نەبێت.

ئەمیلیا: (روو دەکاتە دێزدێمۆنا)

---

١. مەبەستی لە "ئیاگۆ"یە.

٢. مەبەستی لە "ئۆتێللۆ"یە.

٣. منیش ترسنۆکێکم وەکو ئیاگۆ. پیاو ئەگەر مەبەستێکی باشی نەبێت خەباتی بۆ بکات، ئازا نابێت. ئۆتێللۆ تەواو بووە، هیچی نەماوە لەم دنیایەدا خەباتی بۆ بکات.

توخوا پێشبینی چی دەکرد خاتوون،
گۆرانییەکەی تۆ؟
گوێی خۆتم بەرێ، ها، گوێت لە منە؟[١]
ئەوا خاتوونم، وەکو "قوو" دەمرم[٢]؛
لە نێوان ساز و بەستە وتنم. (گۆرانییەکەی دێزدێمۆنا دەڵێت)
شۆڕەبی، توخوا،
توخوا شۆڕەبی.....
ئاخ، موور، تۆ دەبێت ئەوە بزانی
کە دێزدێمۆنا، پاک بوو داوێنی.
ئەی "موور"ی دڵڕەق، خۆشی دەویستی. (هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت)
شادمانبە گیانم، راستی دەبێژم؛
ئەوەی دەروونم، دەیویست زمانم،
کاتی مردنم، دەری دەبڕی[٣].
ئەوا من مردم ..... (دەمرێت)

ئۆتێللۆ:

خۆ من شیرێکی ترم لێرەدا، ٥,٢,٢٥٠
ئا لەم ژوورەدا، کاتی خۆی هەبوو.
ئیسپانییەک بوو،
بە ئاوی کانی سارد ئاو درابوو[٤].

---

١. بەپێی بیروبڕوای کۆن، کە مرۆڤ دەمرێت، گیانی زوو لێی دوور ناکەوێتەوە؛ بۆ ماوەیەک لایەوە دەمێنێتەوە.

٢. بەپێی بیروباوەڕی کۆن، "قوو swan" قەت گۆرانی ناڵێت (قەت ناخوێنێت) جگە لە کاتی مردنی.

٣. ئەمیلیا بە گیانی خۆی دەڵێت؛ کەیفت بێت، چونکە بێ تاوان تۆ لە لەشی من دەردەچیت؛ هەرچی دەروونم ئەمری پێ دەکردم، من کردم. لەبەر ئەوە تۆ ترست نەبێت؛ دەچیت بۆ بەهەشت.

٤. شیری ئیسپانی، ئەوساکە، بە باشترین شیر دادەنرا. شیر، لە پۆلای زۆر باش دروست دەکرێت. لە دوای دروستکردنی، بۆ ئەوەی پۆلاکەی بەهێزتر بکرێت، ئاوی دەدەن؛ واتە گەرمی دەکەن و لەناو ئاودا ساردی دەکەنەوە.

ئا، ئەوەتانێ.
مامە، من دەبێت بۆ لات دەربچم.
گراتیانۆ:
گەر هەوڵ بدەیت،
ها، زیانێکی گران دەکێشی؛
لەبەرئەوەی تۆ چەکت پێ نییە،
سەرکەشییەکی بێ ئومێدییە.
ئۆتێللۆ:
کەوابێت وەرە ژوورەوە و لێرە،
ئەمن ببینە و بدوێ لەگەڵم.
با ناچار نەبم،
هێرش ببەمە سەرت بە رووتی[1]. (گراتیانۆ دێت)
گراتیانۆ:
چییە مەسەلە؟
ئۆتێللۆ:
سەیر بکە چەکێکی ئاوام پێ هەیە،
هەتاکو ئێستا،
رۆژێک سەربازێک،
لەمە باشتری هەڵنەگرتووە.
رۆژی وام دیوە، کە بە ئەم دەستە ٥،٢،٢٦٠
پچکۆلە و ئا ئەم شیرە باشەوە،
رێی خۆم بڕیوە، بە نێوان کۆسپی
ئاوادا، بیست جار گرانتر لەمە.
بەڵام ئاخ، ئێستا،
بۆ خۆهەڵکێشانی پووت، چارەنووسی

---

١. بەڕووتی؛ بەبێ چەک.

ئێمە دەگۆڕێت؟
نا، نا، نایگۆڕێت[١].
لە من مەترسە،
بە چەکیشەوە ئەگەر بمبینی؛
چونکە من، تەواو، ئا لەم ئاستەدا،
گەیشتمە کۆتاییی گەشتکردنەکەم،
وە دواهەمترین نیشانەی سەر رووی
دەریا، بۆ چوونی کەشتییەکانم[٢]
ها، لە ترساندا، بۆ دواوە دەچیت؟
نا، پێویست ناکات، لە من بترسیت؛
تۆ هەر قامیشێک بنێ بە سنگی
"ئۆتێللۆ"وە، ئەو،
تەسلیمت دەبێت[٣].
ئۆتێللۆ ئیتر، روو بکاتە کوێوە؟ (روو دەکاتە دێزدێمۆنا)
چۆن ئێستاکە تۆ دێیتە بەر چاوم؟ ٥,٢,٢٧٠
ئاخ، کچی بەدبەخت!
زەرد هەڵگەڕاوی و پەڕیوە رەنگت،
وەک ئەو کراسە رەنگ لێڵەی بەرت.
رۆژی دادوەری،
کە لە دادگای خوا، ئێمە یەکتری
دەبینینەوە،

---

١. خۆهەڵکێشان، لە جەنگدا، جارجار، دوژمن دەترسێنێت و لەوانەیە، ئەنجامی جەنگەکە بگۆڕێت. بەڵام لەم باری ئێستادا ئەو سوودەی نابێت. لەبەر ئەوە من خۆم هەڵناکێشم، تەنیا راستییەکەی دەڵێم.

٢. بۆ ئەوەی کەشتیوان لە دەریادا رێگای خۆی بزانێت، نیشانەیان بۆ دادەنا بەسەر رووی دەریاکەوە و ئەویش بەرەو ئەو نیشانە کەشتییەکەی دەبرد.

٣. پیاو، ئەگەر ئامانجێکی نەبێت خەباتی بۆ بکات، ئازایەتیی نامێنێت.

ئەم سەیرکردنەت، لە ئاسمانەوە،
گیانم هەڵدەدات.
جا شەیتانەکان،
دەیگرنەوە و زوو دەیفڕێنن[1](دەست لە دێزدێمۆنا دەدات)
ساردیت، سارد ساردیت،
ئاخ، خانمەکەم، وەک داوێنتیت[2].
ئای، خوالێگرتوو، دەک بە لەعنەت بیت[3]
دەی شەیتانەکان،
دەی بە تازیانە و تازیانەکاری[4]،
لە خاوەنداری
ئا ئەم دیمەنە، گەردوونییەوە،
هەڵمبدەنە دۆزەخ بسووتێم
لەناو فۆسفۆری
کوڵاو و گڕی ئاگری شلدا.
ئاخ، دێزدێمۆنا، ئاخ، دێزدێمۆنا،
ئەرێ تۆ مردوویت؟
(لودۆڤیکۆ و مۆنتانۆ و کاسسیۆ، هەڵگیراوە لە کورسییەکدا، لەگەڵ چەند ئەفسەرێکدا و ئیاگۆ، دێنە ژوورەوە)
لودۆڤیکۆ:
کوانێ ئەو پیاوەی، کە هەڵەشەیی،
بوو بە هۆی شین و دوارۆژی رەشی؟
ئۆتێللۆ:
ئەوەی کە کاتی خۆی ئۆتێللۆ بوو،

١. دەیفڕێنن و دەیبەن بۆ جەهەننەم.
٢. مەبەستی ئەوەیە بڵێت داوێنت وەکو بەفر (بەفری سارد) پاک و سپییە.
٣. مەبەستی لە خۆیەتی.
٤. تازیانە؛ قەمچی.

ئەمەتا، منم.

لودۆڤیکۆ:

کوا، ئەژدەهاکە؟ دەی ئەو ناکەسە ٥,٢,٢٨٠

بهێننە بەردەمم.

ئۆتێللۆ: (سەیری پێیەکانی ئیاگۆ دەکات)

چاو دەبڕمە خوارەوەی قاچی

بزانم راستە سمی دووفاقە،

وەکو چۆن خەڵکی،

لە ئەفسانەدا، لەبارەی دەدوێن[١]. (شیرێکی لێ دەدات، برینداری دەکات)

نا، من ناتوانم، شەیتان بکوژم.

لودۆڤیکۆ:

دەی شمشێرەکەی زوو لێ بسێنن.

(ئەفسەرەکان شیرەکەی لێ دەسەنن)

ئیاگۆ:

خوێنم لێ دەچێت، بەڵام نەیکوشتم.

ئۆتێللۆ:

ئەوە، سوێدارم ناکا و دەخوازم

کە بە زیندوویی بمێنیتەوە.

بە پێی هەستی من،

مردن لە کاتی وادا، شیرینە.

لودۆڤیکۆ:

ئاخ، ئۆتێللۆ، ئاخ، ئاخر تۆ ئەوی،

ئەوەی لە کاتی خۆتدا، پیاوێکی

هەندە جوامێر و بەزات باش بووی،

چۆن لە دواییدا کەوتیتە داوی

---

١. لە ئەفسانەکاندا کە باسی شەیتان دەکرێت؛ دەڵێن گوایە لە باتیی پێ، سمی دووفاقی هەیە.

پیلانگێڕانی ریسوا و ناپیاوی؟
ئاخر، ئێستا چی، پێویستە بە تۆ
بڵێم، ئۆتێللۆ؟
ئۆتێللۆ:
چی دەڵێن، بڵێن.
ئەگەر دەتوانن، بڵێن پیاوکوژ بوو.
بەڵام پیاوێکی بێ ئابڕوو نەبوو.
چونکە قەت پیاوم من نەکوشتووە
بۆ ساردکردنەوەی خوێنی کوڵاوم.
کردوومە، تاکو
ئابڕوو و ناوی خۆم من بپارێزم.
لودۆڤیکۆ: (ئاماژەی ئیاگۆ دەکات)
ئا ئەم داماوە، ئێستاکە دانی[1]
هێنا بە بەشێک
لە کردە دڕە ناکەسییەکانی؛
ئەرێ کوشتنی کاسسیۆ، پیلانی
هەردووک ئێوە بوو؟
ئۆتێللۆ:
بەڵێ، ئاوابوو.
کاسسیۆ:
ئای ژەنەڕاڵی ئازیز و هێژام،
هۆیەکی ئاوام، قەت نەدابوویتێ.
ئۆتێللۆ:
بڕوات پێ دەکەم.
وە لێبووردنت من لێ دەخوازم.

١. مەبەستی لە "ئیاگۆ"یە.

تکات لێ دەکەم
لەم نیوە دێوە، بپرسە بۆچی[1]
گیان و دەروونی
منی بەم جۆرە خستە داوەوە؟
ئیاگۆ:
هیچ شتێک لە من ئیتر مەپرسە. ٥,٢,٣٠٠
ئەوەی دەیزانیت، دەیزانیت، بەسە.
ئا لەم ئاستەوە، دەم ناکەمەوە و
وە یەک وتەی تر، لە من نابیستن.
لودۆڤیکۆ:
چۆن، بۆ نوێژ و نزاکردنیش؟
گراتیانۆ:
ئەشکەنجە، دەمی تۆ دەکاتەوە.
ئۆتێللۆ:
ئا، شایانێتی.
لودۆڤیکۆ:
گەورەم، پێویستە گشت رووداوەکە
تۆ باش بزانی.
چونکە، لام وایە، تۆ بەتەواوی
هێشتا نایزانی.
ها، ئەو نامەیە، کە لە گیرفانی
"رۆدێریگۆ"دا، دۆزیمانەوە.
ئەمەش یەکێکی
تر، تێیدا دەڵێت؛ کوشتنی کاسسیۆ،
رۆدێریگۆ خۆی دەیهێنێتەدی.

١. نیوە دێو؛ نیوە شەیتان؛ بە لەش مرۆڤە، بەڵام بە دەروون، شەیتانە. مەبەستی لە "ئیاگۆ"یە.

ئۆتێللۆ: (دەیخوێنێتەوە)

ئای، ناکەس، ناکەس.

لودۆڤیکۆ:

هانێ، ئا ئەوەش، نامەیەکی تر.
هەر لە گیرفانی،
ئەم کابرایەدا، دۆزرایەوە.
زۆر لەوە دەچێت،
کە رۆدێریگۆ، بەتەما بووە،
بۆ ئا ئەم دێوە زۆڵەی بنێرێت.
بەڵام، ئیاگۆ، ئا لەو ئاستەدا
دیارە و هاتووە و داخوازییەکانی
قبووڵ کردووە.

ئۆتێللۆ:

ئاخ، هەی ناکەسی زۆڵی وێرانکەر.
پێم بڵێ کاسسیۆ،
ئەو دەستەسرەی هی ژنەکەم بوو،
چۆن گەیشتە لای تۆ؟

کاسسیۆ:

لە ژوورەکەمدا من دۆزیمەوە.
ها، هەر ئێستاکە، دانی بەوەدا
نا، کە خۆی لەوێ بەجێی هێشتبوو،
بۆ مەبەستێکی تایبەت، دەروونی
ئارەزووی دەکرد.

ئۆتێللۆ:

ئای، کەودەن، کەودەن![١]

---

١. کەودەن؛ گێل، گەلحۆ. ئۆتێللۆ، مەبەستی لە خۆیەتی.

کاسسیۆ:

سەرەڕای ئەوە، لە نامەکەیدا،
ڕۆدێریگۆ زۆر
لۆمەی ئیاگۆ دەکات و دەڵێت؛
ئەو خەڵەتاندی، بێت تووڕەم بکا
لە ناوەڕاستی ئێشکگرتنمدا؛
ئەوەی بوو بە هۆی دەرکردنەکەم.
ها، هەر ئێستاکەش،
پێش ئەوەی بمرێت[1]،
گوتی ئیاگۆ، کێردی پیا کردم.
هەر ئەویش فیری کردم بتکوژم.

لودۆڤیکۆ:

ئەم ژوورە دەبێت بەجێ بهێڵیت،
لەگەڵماندا بێیت.
سەرۆکایەتی و گشت دەسەڵاتی
فەرمانڕەوایی،
لە جەنابی تۆ، سەندراوەتەوە.
کاسسیۆ، کراوە بە فەرمانڕەوای
گشت ناوچەی قوبروس.
لەبارەی ئا ئەم، ناکەسەشەوە،
هێشتاکە بیری لێ دەکەینەوە؛
چ ئەشکەنجەیەک زۆرتر ئازاری[2]
پێ دەگەیێنێ و بۆ ماوەیەکی
سەخت و درێژتر، دەیهێڵێتەوە،

---

١. مەبەستی لە ڕۆدێریگۆیە.
٢. ئەشکەنجە؛ ئامێری ئازار پێگەیاندن.

ئەو ئەشکەنجەیە، بەشی ئەو دەبێت.
تۆش دەخرێیتە بەندیخانەوە،
تاکو ئەو کاتەی،
سروشتی ئا ئەو تاوانبارییەی
تۆ، بۆ ڤێنێس و
کاربەدەستانی، روون دەبێتەوە.
دەی ئیتر بڕۆین.

ئۆتێللۆ:

بوەستن، توخوا،
بۆ یەک دوو وتە، پێش ئەوەی بڕۆین.
من زۆر خزمەتی وڵات و گەلم
کردووە و هەموو، ئەوە دەزانن.
لەو نامانەی کە ئێوە دەینووسن
لەبارەی ئا ئەم رووداوە پەستە،
زۆر تکا دەکەم من چۆن دەناسن،
ئاوا لەبارەی ئەمن بنووسن؛
نە هیچ لەسەری من بکەنەوە،
نە درۆ بکەن لە دژ رەوشتم.
ئەوسا لەبارەی یەکێک دەنووسن، ٥,٢,٣٤٠
گەلێک عاشق بوو
بەڵام نە ژیر بوو نە نەختێک دانا.
رەشکن نەبوو، نا، کە بە ئاسانی
رەشک بە کەس بەرێت.
بەڵام کەوتە ناو داوێکی واوە
کە غیرەت، دڵ و دەروون و مەژیی[١]

١. مەژی؛ مێشک.

سەرجەم، داگیر کرد.
لە بارەی یەکێک، بە دەستەکانی
خۆی بە ئاسانی
وەک هیندییەکی، زۆر نەدیوبدی،[١]
مروارییەکی هەندە بەنرخی
فڕێ دا، هەموو
خێڵ و تیرەکەی خۆیی دەهانی.
لە بارەی یەکێک، چاوی شکاوی،
هەرچەندە فێری گریان نەبووە،
فرمێسکی ئاوای لێوە دەبارێت،
وەکو درەختی عەرەب کە جەوی
مۆڕ"ی دەرمانی لێوە دەبارێت[٢].
ئەمەش بنووسن؛ کە من جارێکیان
کە لە حەڵەب بووم، لەوێدا تووشی
تورکێکی پیسی مێزەربەسەر بووم.
"ڤێنێس"ییەکی دابووە بەر چەپۆک.
"ڤێنێسیا"ی بەوە، ئاخ، ریسوا دەکرد.
یەکسەر ئەو سەگە،
خەتەنەکراوەم، لە بینەوە گرت،
شمشێرەکەمم ئاوا لێ گیرکرد. (شمشێرەکە دەکات بە سنگی خۆیدا)

لودۆڤیکۆ:

ئای، ئەنجامێکی چەند خوێناوییە!

گراتیانۆ:

ئەوەی دەیبینم،
زمان، ناتوانێت بیگێڕێتەوە؛

١. هیندی؛ لێرەدا مەبەستی لە هیندییە سوورەکانە؛ مرواری، لای ئەوان، شتێکی بێ نرخە.
٢. مۆڕ (Myrrh)؛ جەوی جۆرە دارێکە لە وڵاتی عەرەبەکاندا زۆرە. جەوییەکی بۆنخۆشە، زۆرجار بۆ دەرمان دروستکردن بەکار دەهێنرێت.

هەر حەپەساوم،
ئۆتێللۆ: (روو دەکاتە دێزدێمۆنا)
من ماچم کردی،
پێش ئەوەی، ئاخ، بتکوژم.
هیچ رێیەکی
پاک و مەردانەی ترم،
بۆ نەمابۆوە جگە
لەوەی خوێنم بپرژێنم.
ئینجا بەسەر
ماچکردنی تۆوە بمرم[1].
(دەکەوێت بەسەر نوێنەکەی دێزدێمۆنادا. ماچێکی دەکات و دەمرێت)
کاسسیۆ:
لەوە دەترسام، بەڵام،
وام دەزانی،
کە ئەو چەکی پێ نییە.
چونکە دڵی، باش دەناسم؛
چەند جوامێر و گەورەیە.
لودۆڤیکۆ (روو دەکاتە ئیاگۆ)
سەگی سپارتا، ئاخ، ستەمکاری[2]
تۆ زۆر بەدتر و زیان بەخشترە،
لە دەریای توورە و دەردی برسێتی.

---

١. لەو کاتەی کە ماچی دەکەم، بمرم.
هەرچەندە دێزدێمۆنای بە تاوانبار دەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا زۆری خۆش دەویست؛ پێش ئەوەی دەست بکات بە خنکاندنی، ماچی کرد. بەڵام ئێستا دەزانێت کە چەند دێزدێمۆنا ژنێکی راستگۆ و ناسک و داوێنپاک بوو. زۆر ئارەزوو دەکات ماچی بکات و لێبووردنی لێ بخوازێت. بەڵام چۆن ئەوە بکات پێش ئەوەی تۆڵەی کوشتنەکەی ئەو، لە خۆی بسەنێتەوە. لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێت کە ماچی بکات، بڕیار دەدات خۆی بکوژێت و لە کاتی ماچکردنی ئەودا بمرێت.
٢. سەگی ناوچەی سپارتا، بەناوبانگ بووە بە درێتی.

(ئاماژەی نوێنەکەی دێزدێمۆنا دەکات)
سەیرکە پەژارەی
چۆنت لەوێدا دروست کردووە!
دیمەنی ئاوا، تیشکی ژەهراوی
دەکاتە چاوی گشت پیاوێکەوە؛
دایان بپۆشن.
گراتیانۆ تۆ، خۆت ئاگاداری
ماڵەکەی موور و موڵکەکانی بە؛
بە میراتگری ئەو، دادەنرێیت.[١] (روو دەکاتە کاسسیۆ)
فەرمانڕەوا، تۆ
سزای ئەم دێوە نەگریسە بدە؛
کەی و لە کوێدا، تۆ خۆت بڕیاری
ئازار پێدان و مەرگەکەی بدە.
خۆم، وا راستەوخۆ، بۆ ڤێنێس دەچم.
بە دڵێکی زۆر، زۆر گرانەوە
باسی ئەم کارە پەست و گرانە،
وەکو چۆن رووی دا،
بەو جۆرە بۆیان دەیگێڕمەوە. (دەڕۆن)

١. ئۆتێللۆ، هیچ خزمێکی خۆی نییە. ئێستا گراتیانۆ، نزیکترین خزمێتی؛ چونکە مامی ژنەکەیەتی.

پێڕست

وتەی وەرگێڕ ..... 5
لەبارەی شێکسپیرەوە ..... 7
چیرۆکی ئۆتێللۆ زۆر بەکورتی ..... 14
پەردەی یەکـەم ..... 21
پــەردەی دووەم ..... 87
پەردەی سێیەم ..... 157
پەردەی چـوارەم ..... 239
پەردەی پێنجەم ..... 309